عەلی رەبیعی

# بژی گەندەڵی

کۆمەڵناسی سیاسی گەندەڵی لەدەوڵەتانی جیهانی سێهەمدا

وەرگێڕانی: ڕەفعەت مورادی

## پێشەکی وەرگێر

زۆرجار مرۆڤ بەیەکەمین نیگاو یەکەمین ووشە عەشق یان نفرەتێکی لادروست دەبێ، هەر چەند کە بۆ نووسین یان خوێندنەوەی دەقێك، لای نووسەرو خوێنەر لەوانەیە ناوەرۆكو واتای بەرهەم مەبەست بێت، بەڵام دڵنیام کە سەردێری جوان، واتای جوان دەبەخشێت، بۆیە کاتێك کە بۆ وەرگرتنی کتێبێك لەمەکتەبی بیروهوشیاری بە خزمەت نووسەرو دۆستی خۆشەویست کاك بابەکر دڕەیی گەیشتم، بەئاماژەی ئەو بەرێزە کتێبی "زندە باد فساد" (بژی گەندەڵی) کە لەسەر مێزەکەی دانرا بوو، سەرنجی راکێشام. هەڵبەت مشتومڕی رۆژانە سەبارەت بەگەندەڵی لەنێو توێژی رۆشنبیرو لەشەقامی کوردیدا تەوەرێك بوو کە زۆر جار پرسیارگەلێکی زۆری لەمێشکمدا دەوروژاند، لەوانە:

بۆچی گەندەڵی بەو شێوە سەری هەڵداوە؟ سەرچاوەکانی گەندەڵی چینو ستراتژی بەرنگار بوونەوە لەگەڵ ئەم نەهامەتیە چییەو چی بکرێت بۆ ئەوەی ئەم دیاردەیە نەمێنێت؟ ئەرکی ئێمەی رۆشنبیر لەبەرانبەر ئەم دیاردە مەترسیدارە چییەو تاوانەکەی لەئەستۆی کێیە؟

## بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا پێویستە بزانین کە گەندەڵی چییە.؟

بەپێی ئەو پێناسانەی کە بۆ گەندەڵی کراون، گەندەڵی شتێك نییە جگە لەسوود وەرگرتنی خراپ لەسامانو دەسەڵاتی گشتی بۆ بەرژەوەندی شەخسیو





تاکەکەس. ئەم پێناسە هەموو لایەنەکانی ژیان واتە لایەنی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتیو دادوەریو هتد. دەگرێتەوەو دەبێتە هۆی پێکهێنانی سیستمێکی چینایەتیو نابەرانبەرو بەفیرۆدانی سامانو سەرچاوە گشتییەکانو بەربەستێك لەرێی پەرەسەندنی کۆمەڵگاو پێشکەوتندا، بەڵام بۆچی بەشێوەیەکی بەرچاو لەکۆمەڵگای کوردیدا سەری هەڵداوە؟! ئەمە پرسێکەو چەندین وڵامی فرە ڕەهەند هەڵدەگرێت کە دەکرێ لەتەوەرێکی تایبەتدا شرۆڤە بکرێت. من بۆ خۆم لەم پێشەکییەدا دەڵێم سەرەرای ناکارا بوونو شیاو نەبوونی هەندێك لەبەڕێوەبەرانو بەرپرسانی حزبیو حکوومی، بەداخێکی زۆرەوە دیاردەی گەندەڵیو بەرتیل لەکۆمەڵگای کوردیدا، دیاردەیەکی نامۆ نییە، بەڵکو پەیوەستە بەسیستەمو پێکهاتەی سیاسیو کۆمەڵایەتی ئێمەی کورد هێشتا لەژێر کاریگەری عەشیرەت خوازی، خزمایەتیو دەربەگایەتی دەرباز نەبووینە، ئەو کەلتوورە ناپەسەندە کە لەسەردەمی سیستەمی فیودالیو دەرەبەگایەتی باو بووەو ئیستاش نیشانەکانی لەرەگو ریشەی تاکی کوردا بەدیدەکرێن، من پێم وایە ئەوە تەنیا بەرپرسانو کاربەدەستانی حکوومی نین کە دەبنە هۆی گەندەڵیو دیاردەی بەرتیل، بەڵکو هەموو چینو توێژەکانی ئەو کۆمەڵگایە بەجۆرێك خولقێنەری گەندەڵیو دیاردەی بەرتیلن: رۆشنبیر قەلەمەکەی بۆ بەرژەوەندی تایبەتو مادی وەگەڕ دەخات. تەنانەت لەچاپو پەخشی بەرهەمو وتار و کتێبدا جۆرێك خودیو غەیری خودی (واتە جیاوازی) دەبینرێت، فرۆشیارانی کاڵاو خزمەتگوزاری لەبازاردا منو تۆیی دەکەن، مامۆستایان بەدوو چاو تەماشای خوێندکار دەکەن، وەستاو کرێکارو شوفێرو هتد. هەموان لەخۆگرێ ئەو کەلتوورەن کە ئەمرۆ بەکەلتووری گەندەڵی ناوی دەرکردووە. هەر بۆیە هەنگاوی یەکەم چاکسازیو ریفورمی هەمەلایەنەیە پاشان

دەبێ هۆکارو سەرچاوەکانی گەندەڵی بدۆزینەوەو چارەسەریان بکەین ئەمڕۆ گەندەڵی لەرووی کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابووری کاریگەرییەکی نیگاتیڤانەی هەیە لەسەر ڕەورەوەی پێشکەوتنو تەنانەت برواو متمانەی کۆمەڵانی خەڵکی لەئاست بەرپرسانو دەزگا حکوومیەکان تووشی شكو گومان کردووە، بۆیە بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونی چەندین ساڵەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانو تێگەیشتنی خۆم لەچەمکی گەندەڵی، وەك ئەرکی رۆشنبیریو هاولاتیبوون، لەهەمانکاتدا وەك رەخنەو تێبینی سەرەتا شێوازو هۆکارەکانی گەندەڵی دەست نیشان دەکەمو پاشان بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەم دیاردە قیزەونە ستراتژو رێگاچارەی پێویستو شیاو پێشنیار دەکەم هیوادارم هەم خوێنەرو هەم کاربەدەستانی حکوومی بە مەسئوولییەتو بەسینگێکی فراوانەوە بەگژ ئەو دیاردەیە بچنەوەو لەهەموو پێشنیارو رەخنەیەك سوود وەرگرن:

## ١ ) هۆکارەکانی گەندەڵی :

- میراتی کەلتووری کۆنو دواکەوتووو گەشەنەکردنی ئاستی رۆشنبیریو هۆشیاری کۆمەڵگا،
- نەبوونی داموو دەزگای چاودێریکردنی فەرمانبەران لەوەزارەتو دامەزراوە دەوڵەتییەکاندا،
- نەبوونی شەفافییەت لەیاساو بریارەکاندا،
- سەربەخۆ نەبوونو کاریگەر نەبوونی دەزگای دادوەری بۆ سزادانو لێی پێچینەوە لەتاوانی گەندەڵی،
- کۆنترۆڵ نەکردنی بازارو کەرتە بازرگانییەکان،
- لەئارا نەبوونی راگەیاندنو میدیای هوشیارو چالاك،



بـگەندەڵیـڕۆ

- جیاوازی بەرچاو لەمووچەو مەعاشی فەرمانبەرانو بەرپرسانی دەوڵەتی،
- دانانی کەسانی نەشیاو لەشوێنی شیاودا،

## ٢ ) شێوازەکانی گەندەڵی،

- پەیرەونەکردنی مەرجە یاساییو تەکنیکیکانو ئاسانکاریو کەمکردنەوەی نرخەکان بۆ بەرپرسانی دەوڵەتی لەبەرانبەر بەرتیل وەرگرتندا،
- بەرتیل خۆریو پێشنیاری بەرتیلو دیاری،
- بەکاربردنی دەسەلات، تەوزیرو ساختەکاریو سەرپێچی لەیاسا کارپێکراوەکان،
- واستەکردنی هەندێ دەست رۆیشتووی حکوومەت،
- خزمایەتیکردنو باندبازی،
- سەر راست نەبوون لەجێبەجێ کردنی کاری فەرمانبەریەتی دڵسۆزانە،
- مۆنۆپۆلکردنی پێگەی گشتی بەمەبەستی قورخکردنی خاوەنداریێتی کۆمپانیای گەورەی خزمەتگوزاری،
- دزینو بەفیڕۆ دانی سامانی گشتی،

## ٣ ) رێگا چارەکانی دیاردەی گەندەڵی :

- فەراهەم کردنی شەفافییەت لەهەموو بوارەکاندا.
- فراوانترکردنو گەشەدان بەکەشی دیموکراتیێكو ئازادکردنی رۆژنامەو میدیاکان لەئاشکرا کردنو قاودانی گەندەڵی.
- دەرکردنی بڕیارو یاسای کاریگەر بۆ بەرەو ڕوو بوون لەگەڵ دیاردەکانی گەندەڵی.
- دامەزراندنی دەزگای چاودێری فرە رەهەند لەپسپۆرانو شارەزایانو دەزگا جۆر بەجۆرەکان.

ـ دامەزراندنو دانانی کەسانی شیاو لەشوێنی شیاودا.

ـ دامەزراندنی سیستمی بانکی پێشکەوتوو.

ـ کەم کردنەوەی جیاوازی مووچەی کارمەندانی دەوڵەتو بەرزکردنەوەی مووچەی فەرمانبەران بەشێوەیەك کە ناچار نەبن بۆ پێداویستیەکانیان پەنا بۆ بەرتیل بەرن.

ـ ئەنجامدانی کێبەرکێ لەکەمکردنەوەی نهێنیو زیادکردنی بەئاشکرا لەژێر چاوەدێرنی لایەنەکان..

ـ چاودێری بەسەر باجو گومرگ.

ـ تێکدانی گروپو تەکەتولەکانی مەترسیدار لەدەزگا حکومییەکاندا.

ـ دامەزراندنی دەزگایەکی سەربەخۆ جیا لەدەزگا چاودێرەکانی دەوڵەت.

ـ نوێکردنەوەی کارگێریو سوو وەرگرتنی لەبەرێوەبەرانی پسپۆرو دەسپاك.

**ڕەفعەت محەمەد مورادی**

# بژی گەندەڵی

## کۆمەڵناسی سیاسیی گەندەڵی لەدەوڵەتەکانی جیهانی سێهەمدا

هەموو شتێك فرۆشییە، لەولاتی ئێمەدا دەتوانی هەموو شتێك بکڕێ، لەم مامەڵە ناڕەوایانەدا، تۆزقاڵی دەسەڵاتی حکوومەتی کەرەستەیەکی گرانبەهایە بۆ مامەڵە کردنو کڕینو فرۆش کە بەهۆی ئەوەوە دەتوانی بەشێوەی نایاسایی پارەو شتومەکی تر بەدەست بهێنی مۆبۆتۆ، سەرۆك کۆماری زائیر.

### "پێش وتار"

گەندەڵی ئاسانکاری نییە لە ڕەوتی گەشەکردندا، گەندەڵی بەردەوام یەکێکە لەو بابەتانەیەی کە بۆتە هۆی ناکۆکی لەنێوان دەسەڵاتدارانی دەوڵەتو نەتەوەکانی سەردەم لەگەڵ کۆمەلانی خەڵك لە هەموو شوێنێکدا. بەجۆرێك کە بەدرێژایی مێژوو ئەگەر سەرهەڵدانی جەماوەر لەکۆمەڵگاکاندا لێی بکۆڵرێتەوە، بەدڵنیاییەوە بەڵگەی بوونی گەندەڵیو نارەزایەتی کە ئاکامی ئەو دیاردەیە بەرچاو دەکەوێت. لەم رووەوە هەندێ لەکۆمەڵناسان، گەندەڵی حکوومەتەکان بەهۆکاری جێگۆڕکێو ئاڵوگۆڕی دەسەلاتەکان دەزانن.

لەدەوڵەت - نەتەوەکانی نوێدا، لەگەڵ بلاوبونەوەو گەشەسەندنی دیموکراسیو رۆلی بیروڕای گشتیو دیموکراسیەت لەشەرعیەت بەخشینو دەسەلات دان بەدەوڵەتەکان، کێشەی گەندەڵی لەشێوەی سەرهەڵدانو نارەزایەتی ناو بەناوی خەڵك گوێزراوەتەوە بۆ چاودێریو دادوەرایی رۆژانە سەبارەت بەو مەسەلە گرنگە، هەنوکە خەبات دژی گەندەڵی لەسەرووی ئەو دروشمانەیە کە



لەهەڵبژاردنەکاندا دەخرێنە ڕوو بەرزدەکرێنەوەو حزبو لایەنە سیاسییەکانی رەقیب بەو تاکتیکە شکست پێدێنن. تادێر زەمانێك گەندەڵی وەك رێگە چارەیەك بۆ گەشەسەندنو پێشکەوتن تیۆرێزە دەکرا، بەلام ئەمرۆ ئیتر ئەم روانگە نەك تەنیا پەسەند نییە بەڵکو ناشیرینو ناپەسەند بەئەژمار دێت.

هەندێ کەسی تر بۆ ماوەیەکی زۆر گەندەڵی سیاسییان بە نەخۆشییەك دەزانی کەئاماژەیە بۆ قۆناغەکانی خەسار ناسیو گواستنەوە بەر لەهاتنە ئارای دیموکراسییەت. بەپێی ئەم روانگەیە، گەندەلی بەتایبەت لەقۆناغی گواستنەوە (زۆرجار بەخێرایی) لە کۆمەڵگای نەریتیو دواکەوتوودا بۆ سیستەمێکی مۆدێرنە گەشەی دەسەند، سیستەمێك کە تێیدا جیاوازی نێوان بواری دەوڵەتیو تاکەکەسی شەفافتر بووە، بۆیە دیاردەی گەندەڵی پەیوەندیی بە لەبار بوونی کەشی سیاسییەوە هەیە کەئەوەش بەبێ ئامادەبوونی ئەو حیزبە رێکخراوانەیە کەدەتوانن رۆڵی پەیوەندیی لەنێوان هاوولاتیانو دەوڵەتدا ببینن. گەشەسەندنی خێرای شارەکانو کۆچی بەربلاوی لادێکان کەخۆی بۆ خۆی بووتە هۆی هاتنە ئارای هاوولاتی نوێو سەرگەردانو لەگەڵ دەزگای ساردو ئاڵۆزی دیوان سالارییدا بەرەو رووبان دەکاتەوە، پێشکەوتنی خێرای ئامێرەکانی مۆدێرنی بەرهەمهێنان کەهەموو شتێك دەخاتە ژێر دەسەلاتی یاسای بازاڕو دواجار مۆیرنکردنو یەکسانیی خێرای ئەو کەلتوورەیە کەسیستەمو بەها جیاوازو زۆر جار دژ بەیەك تێکەڵ دەکات.

لەراستیدا گەندەڵی لەبەرامبەری ئەم گۆڕانکارییە خێرایە، تەگبیرێکی ((نافەرمییە)) بەمەبەستی رێکخستنی بنەڕەتیو دروستکردنی پێکهاتەی کۆمەلایەتی کە لەژێر زەختی ئابووریو سیاسی لێکترازاوە، لەبەرانبەردا

بەئاسایبوونەوەو نۆرماتیڤ بوونی هێزی بازاڕو دیموکراسییەت! ئەم دیاردە بەرەو نەمان دەچێت.

وا دەردەکەوێ کەدەکرێ پەرەسەندنو بەربڵاوبوونی گەندەڵی تا رادەیەکی زۆر بگەڕێتەوە. بۆ دەرئەنجامی قۆناغی گواستنەوەو دەستپێکردنی بەرنامەکانی گەشەسەندن لەلایەن وڵاتانی دواکەوتووەوە. چونکە سەرەتای نوێ کردنەو دەسپێکی بوژاندنەوەی ئابووری لەبەر ئەوەی کەپێویستی بەسوود وەرگرتن لەسەرمایەی دەرەکیو ناوەکیو پەیوەندیی لەگەڵ کۆمپانیەکانی بیانیو فرە نەتەوەییو وەرگرتنی وامی زۆرو گواستنەوەی بۆ جەستەی نیوە (گیانی) دەزگا دەوڵەتییەکانە. لەلایەکی ترەوە بوونی دەوڵەتە ناوەندگەراو دەسەڵاتخوازەکانو هەروەها نەبوونی ئازادی سیاسیو دەوڵەتانی بەرپرس لەگەڵ ئەو گەندەڵییە یەکدەگرنەوە. بەم جۆرە گەندەڵی دەروازەیەکە کەبتەویو نەتەوەی ئاوەڵا دەبێت.

لەهەندێ تیۆردا کە زۆرتر لەلایەن سیاسەتمەدارانی جیهانی سێهەمەوە دێنە ئاراوە، رووبەرووبوونەوە لەگەڵ گەندەڵێدا بەهۆی کەرەستەی سەرکوتکەرانەوە بە پراکتیکی دەزانن. تاقیکردنەوەکان وا دەردەخەن کە زۆر جار ئەم شێوازانە سەرەتا دەبنە هۆی یەکلایی کردنەوەی سیاسیو پاشان گەندەڵی ئاڵۆزتر دەکەن. چونکە گەشەسەندنی دەزگای سەرکوتکەری دەوڵەت، لەچوارچێوەی ئەو رێکخراوە ناتەواوانەی کەرەستەی پێویستیان بۆ چاودێریکردن بەسەر دەسەڵاتدا نییە، واتای ئەوەیە کە دەرفەتی سوود وەرگرتنی خراپ زیادبکرێت و سەرپێچی و توندو تیژیو دواجار گەندەڵی هانبدرێت. پشتگیری لەسەرکوت وەك چارەسەر شێوازی ئەو سیاسەتمەدارانەیە کە هەوڵدەدەن پشتگیری بەشێك لەدەنگدەران بۆ خۆیان بەدەست بێنن. بەڵام لەراستیدا ئەم تیۆرە بەشێوەیەکی مەترسیدار ئاسان



بیری لێدەکرێتەوە. چونکە بەپێچەوانەی ئەو تێگەیشتنە، دەرفەتی گەندەڵی زیاد دەکات. بەم جۆرە تەنانەت ئەگەر یاساکانی سزادان لەخەبات دژی گەندەڵێدا رۆڵی گرنگیان هەبێت. هەنگاوی یەکەم دەبێ بەڕێوەبردنی چاکسازیی سیاسیو رێکخراوەیی بەمەبەستی بەرەو پێشبردنی باڵانسی دەسەڵاتو ئازادی پتری ئاڵوگۆڕی زانیاریو را دەربڕینو بەشداریکردنی هەرچی زۆرتری هاوڵاتیان لەبەڕێوەبردنو چاودرێری بەسەر کاروباری گشتیدا بێت.[٢]

وڵاتانی پێشکەوتوو بەهۆی سوود وەرگرتن لە نەریتە دێرینەکانی بوروکراتیك و چاودێری مەدەنیو کارابوونی چاودێری لەچارەنووسی دەوڵەتەکاندا، شێوازی کۆنترۆڵی و چاودێری شیاویان دەستەبەرکردووە. سەرەڕای ئەوەش نۆرمە گشتییەکانیش، پشتگیرییان لە ئاست کێشەی گەندەڵی نیشان نەئەداو تەنانەت، وەك بابەتێکی دژ بە بەها کۆمەڵایەتییەکان هەڵی دەسەنگێنن، لە زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێهەمدا گەندەڵیی داراییو سیاسی بەشێوەیەك پێکەوە گرێیان خواردووە، کە تارادەیەك وەك نۆرم ((هەنجار))ی پەسەندکراو، لەو جۆرە سیستەمانە بەکار دەبرێن. بۆ نموونە لەکۆتایی دەیەی ساڵی ١٩٥٠، سەرهەنگ سۆهارتۆکە وەك فەرماندەی ناوچەی جاوەی ناوەندی کاری دەکرد، بەهۆی پەرە پێدانی نەخشەی قاچاخ کە لە رواڵەتدا خەرجی خۆشگوزەرانی سەربازەکانی بەرزکردبوەوە، پلەو پایەی بەرزتری پێدرا.

خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە بەتایبەت لەلایەن ناوەندە مەدەنییە سەربەخۆکان لەجیهانی سێهەمدا پێویستە، چونکە بەبێ ناسینی ئەم دیاردە ئەو رێگاچارانەی کە بۆ رووبەرووبوونەوە لەگەڵ گەندەڵێدا رەچاوکراون هیچ ئاکامێك بەدەست ناهێنن تەنانەت بەبێ خوێندنەوەی بەردەوامو بەکاربردنی رێگاچارەی کاریگەر بەردەوامبوونی ئەو پرۆسەیە، گەشەکردنی وڵاتانی جیهانی

سێهەم تووشی ئاستەنگی جیدی دەکاتەوە. لێکۆڵینەوە و تاوتوێ وڵاتانی جیهانی سێهەم بەتایبەت ئەو وڵاتانەی کە لەو بوارەدا سەرکەوتنیان دەستەبەرکردووە بۆ کۆڕە زانستییەکانو گەڵاڵە داڕێژەرانی دەوڵەتی پێویستە. بەداخەوە ئەدەبی تیۆری لە زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێهەمدا لاواز بووە و ئەم بابەتە کاتێك ئاڵۆز دەبێت کە دەوڵەتەکان گەڵاڵەکردنی ئەو چەمکە بۆ خستنە بەردەمی بیروڕای گشتی لایان مەبەست نەبێت یان بەجۆرێك لەهێنانە بەرباسی ئەو چەمکە بەشێوەیەکی راستو ڕەوا خۆ دەبوێرن.

لەم کتێبەدا هەوڵ دراوە تا پاش چاو خشاندنێکی تیۆری بۆ روانگە جۆراوجۆرەکان، ئەم پێناسانە بخرێنە ڕوو زەینی خوێنەر لەگەڵ تێگەیشتنە جیهانیو زانستییەکان ئاشنا بکرێت. لەبەشەکانی تردا باس لەهۆکارەکانی گەندەڵی لە جیهانی سێهەم کراوە و پەیوەندی گەندەڵی لەگەڵ رەهەندە جۆراوجۆرەکانی تر لەوانە رەهەندی ئیداریی سیاسی، کۆمەڵایەتیو کەلتووری لەو وڵاتانەدا دەخرێتە بەر لێکۆڵینەوە، بەمەبەستی روونکردنەوەی زۆرتری ئەو پرسە، چەندین وڵات بەتایبەت وڵاتانی جیهانی سێهەم کە بەرنامەگەلێکیان بۆ بەگژداچوونەوەنەی گەندەڵی ئیداری و پاراستنی لەو نەخۆشییەدا ئامادەکردووەو، هێناوەتە بەرباسو لێکۆڵینەوەیان لەسەر کردووە.

لەکۆتاییدا وێڕای خستنە ڕووی دەرئەنجامەکان، چەندین رێگە چارەش ئاراستە کراون ئەم نووسینە دەتوانی جیا لەهۆگرانو گەڵاڵە داڕێژران، بۆ خوێندکارانی زانکۆ لەبوارەکانی، بەڕێوبەرایەتی، ئابووری، زانستیی سیاسی، کۆمەڵایەتی سوودیان لێ وەربگیردرێت.

بەبڕوای زۆربەی بیرمەندان، گەندەڵی نەخۆشییەکە کە نکۆڵی لێناکرێتو لە تەواوی وڵاتاندا بوونی هەیەو تایبەت بە وڵات یان ناوچەو گروپێکی ئەتنیکی



تایبەت نییە. گەندەڵی لەسیستەمە، سیاسی دیموکراتیو دیکتاتۆرییەکانو سیستەمە ئابووریو سۆشیالیستیو بۆرژواو فیودالەکاندا دەبینرێتو سەرهەڵدانی گەندەڵی پەیوەندی بەسەردەمی ئەمڕۆوە نییە، بەڵکوو مێژووەکەی هێندەی مێژووی جیهان کۆنە.[3] لەم رووەوە، پێشینیەی گەندەڵی دەگەڕێتەوە بۆ پێشینەی چەمکی دەوڵەت کاتێك کە مۆنتسکیو، فەیلەسوفی فەرەنسەویی، لەسەدەمی هەژدەیەمدا تیۆری جیاکردنەوەی دەسەڵاتی هێنایە بەر باس، مەبەستی ئەو لەو تیۆرە خەبات بوو دژی گەندەڵی. سوود وەرگرتن لەیاسای بنەڕەتی هەمیشە بۆ ئەوە بووە کە بەشداریکردن لەدەسەڵاتدا رێك بخات تا سەبارەت بەچۆنیەتی ئەو شەراکەتە چاودێری بکات و لەبەردەم سوود وەرگرتنی خراپ لەدەسەڵات ببێتە کۆسپ.[4]

هەر بۆیە لەهەر شوێنێك کە دەسەڵات و دارایی کۆدەبێتەوە و دەوڵەتێك لەئارادایە گەندەڵیی سیاسی، ئابووریش بوونی هەیە. بەقەولێك ((دنیای کۆنە سیاسەت، دنیایەکی قەرەباڵغە کە پڕە لەخەڵکی داواکار، پشتگیریکەر، دەرباری، پیلانگێڕو مشەخۆر.[5] "

کێشەی گەندەڵی لەسەردەمی دروستبوونی چەمکی دەوڵەتە تازەکان هەندێ جار بە رادەیەك بۆ هەندێ لەکۆمەڵناسانو لێکۆڵەرانی زانستی سیاسی گرنگ بووە کەئەم دیاردەیەیان بەهۆکاری گۆڕانی بنەڕەتی کۆمەڵایەتی لەهەندێ وڵاتدا زانیوە. ((هەندێ جار خۆبەختکەرانی لێهاتوو وئازا لەبەر گەندەڵی داراییدا دەست دەدەنە خەباتو بەرهەڵستکاری تا ئەم دیاردەیە لەناو بەرن کە ئەمە یەکێك لەهۆکارە بەردەوام و هەندێ جار لە پاڵنەرە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانو شۆڕش بووە، بۆ نموونە: چاکسازی پرۆتستان بەهۆی نارەزایەتی خەڵك دژی سوود وەرگرتنی خراپی قەشە کاتۆلیك لەئایندا سەری هەڵداوە.[6]

لـەمڕۆدا دەتـوانین دەوڵەتـەکان لـەم روانگـەوە، لـەڕووی ئاسـتی گەنـدەڵ بوونیانـەوە، بەدەوڵـەتانی نـەخۆش، نەخۆشـی درێژخایـەن نەخۆشـی سـەختو مەترسـیدار دابـەش بکـەین. ئـەم هەلومەرجـە لـەولاَتانی جیهـانی سـێهەمدا بەڕادەیەك درێژخایەن و دژوارە کە بۆتە خسڵەتێکی هاوبەش ئەو کۆمەڵگایانە.

لەم ولاَتانەدا گەندەڵی وەك بابەتێکی بەربڵاو و باو لەنێو خەڵکدا بەر باسەو تاڕادەیـەکی زۆریـش کێـشەیەکی گـشتگیرو دێرینـە، ئاسـتی دادوەری خـەڵك پێوەرێکە بـۆ رەوا بـوونو نـاڕەوا بـوونی دەسـەلاَتە سیاسییەکانی ئـەو ولاَتانـە. خـەڵکی ولاَتـانی جیهـانی سـێهەم بەشـێوەیەك لەگـەڵ ئـەو مەسـەلەدا تێکـەڵن کەژیانی رۆژانەیان لەوانەیـە بەبـێ ئـەو دیاردەیـە راوەسـتێت واتـە ئـەو ولاَتانـە دەبـێ جۆرێك لەگەندەڵیان هەبێت.

لـە زۆربـەی ولاَتـانی جیهـانی سـێهەمدا، گەنـدەڵی دارایـیو سیاسـی وەك دیاردەیەکی دەرەکی نایەتە ئەژمارو بۆتە دیاردەیەکی نێو خۆیی، واتە دیـاردەی گەندەڵی خۆی خۆی بەهێزدەکات، بەو مـانایە کە بەهۆی باو بوونیەوە رۆژ بە رۆژ پەرەدەسەنێت.

بەم حاڵەش هەندێ لە تیۆر دارێژەران، بۆ بـەردەوامی دەسـەلاَتی دەوڵـەتانی جیهـانی سـێهەم گەنـدەڵی بەپێویـست دەزانـنو تەنانـەت هەندێکێـشیان بەشێوەیەکی توندڕەوانە گەندەڵی بۆ پەرەسەندنی ئەو ولاَتانە بەپێویست دەزانـن. ژیانی کۆمـەلاَیەتیو رۆژانەی زۆربەی خەڵك لەولاَتانی جیهانی سێهەمدا لەگـەڵ ئاکـاری گەنـدەڵیخوازیی دارایـیو بـەرتیلخۆری، واسـیتەکاریو خزمایـەتیو قاچاخکردنی شتومەك تێکەڵ بووە.





لەراسـتیدا گەنـدەڵی وەك نـۆرم (هـەنجار) پەسـەندکراوە، لـەم رووەوە ئەگـەر خەڵك لەولاَتانی جیهانی سێهەمدا بڵێن ((بژی گەنـدەڵی)) ئـەوە وتەیـەکی نـامۆ نییە، چونکە بەبـێ ئەم رەوتە ژیان بەدژواریی بەڕێوە دەچێت.

رووداوەکانی ئەم ساڵانەی دوایی ئاماژە بەوە دەدەن کە گەندەڵی لـە هـەموو شوێنێکدا، تەنانـەت لـە زۆربـەی ولاَتـانی ڕوولەگەشەشـدا بـوونی هەیـە، بـەلاَم دیـاردەی گەنـدەڵی لەهەنـدێ ولاَتـی ڕوو لـە گەشـەدا کەپێکهاتەیـەکی سـستو مەترسیداریان هەیە، چەند بار زیانبارترە، چونکە لەسـەر مـافی خاوەنـدارێتیو یاساو مەیلی سەرمایە گوزاری کاریگەرییەکی رووخێنەری هەیە. دەتوانی بڵێـی کە گەندەڵیی سیستەماتیكو باو، هەڕەشەیە بۆسەر ریفۆرمی سیاسیو ئـابووری ژمارەیەك لەولاَتانی ئەوروپای رۆژهەلاَتو ئەفریقاو ئەمریکای لاتینو ئاسیا.[٧]

لێکۆڵینەوەکان وا دەردەخەن کـە لـەنێو ئـەو ولاَتانـەی ئاسـتی گەنـدەڵییان کەمـەو ئـەو ولاَتانـەنی گەنـدەڵییان زۆرتـرە ئەگـەری پەیوەندییـەکی راسـتەوخۆ لەنێوان گەندەڵیو دواکەوتوویی دابەدیدەکرێت. جیاوازی لەنێو ئەو ولاَتانەی کـە گەندەڵییان تێدا زۆرەو ئەو ولاَتانەی کەئاستی گەندەڵییان کەمترە، بەشـێوەیەکە بەئاشـکرا دەردەکـەوێت، ئـەو ولاَتانـەی گەنـدەڵییان تێـدا زۆرە، پێکهاتـەو بەشەکانی حکوومەتو دەوڵـەت بـەجۆرێك لـەژێر کاریگـەریی گەندەڵیـدان کـە ئاکاری گەندەڵیخوازانە لەو سیـستەمەدا وەك ئاکـارێکی سروشـتی چـاوی لێـی دەکرێتو لەوانەیە ئەو ئاکارە بەشێوەی جۆراوجـۆر لەئاسـتی کۆمـەڵگادا خـۆی نیشانبدات.

## نیشانەکانی گەندەڵی بەشێوەی خوارەوە دێنە ئاراوە:

**١ـ** هەموو کەرتو بەشەکانی دەوڵەت لەبەرانبەر فاکتەرێکی جێبەجێکەری بەهێزو نابەر پرسیار،* گوێڕایەڵنو ناتوانی بۆ بڕیارەکان رەوتێکی لۆژێکیو چاوەڕوانکراو** وێنا بکەی.

**٢ـ** سیستەمی بانکداری، متمانەو سەرمایەیە بۆ دزیو تالانکاری.

**٣ـ** بڕوای گشتیو جەماوەری ئەوەیە کە بۆ بەدەستهێنانو وەرگرتنی جۆرێك لەخزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی، دەبێ ئەو کەسە پارەیەك پتر لەرێژەی دیاریکراوو یاسایی بدات.

**٤ـ** سیستەمێکی نادیموکراتیك یان سیستەمێکی سیاسیی دیموکراتیك بەڵام ناکاراو ناکاریگەر حاکمە.[٨]

**٥ـ** شێوازو سیستەمێك بۆ کۆنترۆڵو چاودێری توندوتیژ بەسەر میدیاو چاپەمەنییەکاندا بەکاردەبرێت. لەکاتێکدا دەکرێ لەو شێوازو سیستەمە وەك ئامێرێك بۆ چاودێر گشتی سوودی لێی وەرگریت.

**٦ـ** بەرزبوونەوەی ئابووری ژمارەی خوارەوە نیشاندەداتو داهاتی سەرانە رەوتێکی باشو خوازراو لەخۆناگرێت.

**٧ـ** ئیستاندارەکانی ئاستی خوێندن لەخوارەوەیە.

**٨ـ** خەرجیە سەربازیو پۆلیسییەکان بەرزو قورسنو لەبەرانبەردا خەرجە کۆمەڵایەتییەکان کەمو سووکن.

*- Non account table

** - Prodic table



**٩ـ** رێژەی قەرزەکان* زۆرتر لەئاستی ئیستاندارەکانی قەرزەو رێژەی قەرزە دەرەکییەکان لەبەرهەمهێنانی ناپوختەی نێو خۆدا لەئاستێکی بەرزدایە.

لەبەرانبەردا ئەگەر ولاتێك گەندەڵی کەمتری لەخۆگرتبێت، ئەم نیشانانەی خوارەوەی لێ بەرجەستە دەبێت.

**١ـ** پێکهاتەی حکوومەتو دەوڵەت لەبنەڕەتدا بەهێزو بەرپرسیارو متمانە پێکراوە.

**٢ـ** تاکەکان بۆ گەیشتن بەئامانجە ئیدارییەکانی خۆیان، بیر لەدەم چەورکردنی کارمەندانی حکوومەتی ناکەنەوە.

**٣ـ** یاسای بنەڕەتی میکانیزمگەلی باوەڕ پێکراو بۆ خۆبواردن لەئاکامە خراپەکانی رەوتە جۆراو جۆرەکانی گەندەڵی پێناسە دەکات.

**٤ـ** دیاردەی گەندەڵی وەك راستییەکی ناخۆشو ناشیرین پەسەندکراوەو بەشێوەی ((تابو)) چاوی لێ ناکرێت، بەم پێیە شێوازی چاودێری شیاو لەروانگەی تیۆریو پراکتیکەوە بۆ بەرەو روو بوونەوە لەگەڵ ئەو دیاردەدا رەچاو دەکرێت.

**٥ـ** لەو شوێنانەی کە نموونەی گەندەڵی دەردەکەوێت، تاوانباران سزا دەدرێنو دەکەونە ژێر چاودێرییەوەو داخوازییەکی گشتی بۆ چاککردنەوەو راستکردنەوەی هەر جۆرە لادانێك دێتە ئاراوە. بەبۆچوونێکی تر سیستەم ((کۆمەڵگا)) خۆی دەبێتە ریفۆرمیستو دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی دروستی کارکردن.[٩]

لێکۆڵینەوەکان لەچەند ولاتدا، پەیوەندی ئاستی ناڕەزایەتی دەوڵەت لەگەڵ گەندەڵی داراییدا دەسەلمێنێت.[١٠]

*- Debat Ratio

لێکۆڵینەوەکانی ساڵی ١٩٩٥ لەتەنزانیادا وا نیشاندەدەن کە گەندەڵیی دارایی پرسی سەرەکی خەڵك بووە. ڕاپرسییەکی تر لەنوێنەرانی پەرلەمانی ئەو وڵاتە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەگەندەڵیی دارایی، بەتایبەت ئەوگەندەڵییەی کە بەهۆی کەسانی بازاڕییەوە بۆ بەدەستهێنانی ڕێکەوتنەکان‌و خۆپاراستن لە لێپرسینەوە بەهۆی کردەوەی تاوانبارانەوە جێبەجێدەکرێت، کێشەیەکی گەورە و مەترسیدارە.

ڕاپرسی لەبازرگان‌و هاووڵاتیانی باشووری ئاسیا، خەرجیەکانی گەندەڵیی دارایی ئاشکرا دەکات. ناوەندی بەڕێوەرایەتیی دەوڵەتی لەبنگلۆری هیندستان، ڕاپۆرتگەلێکی سەبارەت بەلێکۆڵینەوەکانی خۆی بڵاوکردەوە.

ئەم لێکۆڵینەوانە کە لەناوچە هەژار نشینەکانی پێنج شاری، ئەحمەد ئاوای بەنگلۆر ـ کەلکەتە ـ مەدریس ـ و پۆنا بەمەبەستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری گشتی شاری ئامادە کراوە، وا دەردەخات کە بەرتیل پێویستیەکی ئاسایی بۆ سوود وەرگرتن لەخزمەتگوزاری دەوڵەتی بەتایبەت ئاو، کارەبا، تەندروستی، کۆکردنەوەی شەخەڵ‌و گواستنەوەیە.

یەك لەسێی ئەوانەی کە لە بەنگۆر پرسیایان لێکرا بوو وەڵامیان ئەوە بووە کەبۆ سوود وەرگرتن لەخزمەتگوزرایی دەوڵەتی ناچارن بەرتیل بدەن، دەرەنجامی لێکۆڵینەوەکان لەئەحمەد ئاواو مەدیرس (مدرس) بەتەواوەتی وەك دەرەنجامی لێکۆڵینەوەکانی ((بەنگور)) بوون. لەکاتێکدا لەشاری پونا یەك کەس لەو حەڤدە کەسەی کەپرسیاریان لێکرا بوو، لەوەڵامدا وتوویانە کەناچارن بۆ ئەوەی کارەکانیان بەخێرایی جێبەجێ بکرێت بەرتیل بدەن. لەتەواوی ئەو پێنج شارەدا، گەندەڵی دارایی زۆر و توانا‌و مەیلی ئەو ڕێکخراوانەی کە





خزمەتگوزاری گشتی بۆ چارەسەری گیروگرفتی خەڵك پێشکەش دەکەن لاواز بوو.[11]

بەگشتی، ڕێگە چارەی نادروست‌و ڕیسوایی‌و تۆمەت‌و دژە تۆمەتی گەندەڵی لەسیستەم‌و ژیانی سیاسی هێند بەشێوەیەك بووەتە باو کە تێگەیشتنی گشتی لەگەندەڵی بەئاشکرا لەرەهەندە کەلتوورییەکانی گشتیدا ڕەنگی داوەتەوە.

لەڕاپرسییەکانی ئەم دواییەدا، زۆربەی وەڵامدەران لەبەرانبەر بەو ڕاپۆرتانەی کە سەبارەت بەبوونی گەندەڵی لەنێو بوارە سیاسییەکاندا خراونەتە ڕوو سەرنجیان بۆ ئەو بابەتە ڕانەکێشراوە. لەحاڵێکدا تا ڕادەیەکی زۆر بەشێك لەو خەڵکەی پرسیاریان لێکراوە لەو باوەڕەدا بوون کە ((مەرجی مانەوە لەسیاسەتی ئەمڕۆدا گەندەڵ بوونە.))[12]

بوونی گەندەڵی لەسیستەمە ئیداری‌و دەوڵەتییەکاندا، لەهەر شوێنێکدا کە ڕێژەیەك لەدەسەڵات بوونی هەبێت، ڕەنگە گەندەڵی لەو شوێنەدا، ڕاستیەك بێت کەنکۆڵی لێی ناکرێت. لەم ڕووەوە گەندەڵی سیاسی‌و ئابووری لەدەوڵەتەکاندا وەك دیاردەیەك لەکۆنەوە سەرنجڕاکێش بووە.

لە ئەدەبی تیۆری نوێدا سەبارەت بە بابەتگەلێك وەك دەسەڵات، دەوڵەت و ئابووری، چەمکی گەندەڵی تا ڕادەیەك جێی خۆی کردووەتەوە و بووەتە چەمکێکی باو. بەتێپەڕ بوونی زەمان، مۆدیلی گەندەڵیی دارایی لە وڵاتە جۆراو جۆرەکاندا دەگۆڕدرێت. ئەم مەسەلە بەتایبەت لە پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی باشوور و جیهانی سێهەم یان وڵاتانی بەرەو پێشکەوتندا، پتر دەردەکەوێت.

بۆ ناسینی بنەما و دیاردەو سیماو جیاوازیو پانتایی گەندەڵی لەو ولاَتانەدا: دەبێ ڕۆڵی جێبەجێکەرانی نێوخۆی ئەو ولاَتانە، لەوانە: حاکمانو بازرگانان و خاوەن پیشە و فەرمانبەرانی ولاَتێکی لەبنەڕەت گەندەڵداو هەروەها ئەکتەرانی دەرەکی، وەك: کۆمپانیا فرە نەتەوەکانی رۆژئاوا ڕێکخراوە داراییە نێونەتەوەییەکان بەوردی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت.

سەرەڕای ئەوەش بە لەبەر چاوگرتنی هەلومەرجی جیاوازیی ئابووری، مافپەروەری و سیاسی ئەو ولاَتانە، دەبێ شێوازەکانی ریفۆرمیستی تاوتوێ بکرێنو بە لەبەر چاوگرتنی هەلومەرجی تایبەتی ئەو کۆمەڵگایە کە گەندەڵیی دارایی تێیدا سەر هەڵدەدا، ڕێگاچارەی پێویست لەبەر بگیردرێت.

لەناوەڕاستی دەیەی ١٩٨٠ لێکۆڵینەوەی زانستی و بەرنامەڕێژی سەبارەت بە ناوەڕۆکی گەندەڵیی داراییو کاریگەریی شێوازەکانی دژ بەگەندەڵیی دارایی، بەهۆی ئاڵو گۆڕ لە ولاَتانی بەرەو گەشەسەندن و ولاَتانی ڕۆژهەلاَت، لەبنەڕەتەوە وەرچارخانی بەسەرداهاتووە.

ئەمڕۆ ئەو باسانەی کە بۆ پێشگیری لەگەندەڵیی دارایی لەهەلو مەجێکی نوێدا لەگۆڕێدایە. ئێمە لەسەردەمی ریفۆرمی سیاسیو بەڕێوەبردنو سەروبەندی ڕێکخستنی پێکهاتەی کۆمەڵگادا دەژین کە ساموێل هانتینگتۆن بە شەپۆلی سێهەمی خەڵکسالاری ولاَتانی لەحاڵی پەرەسەندنو قۆناخی گواستنەوە ناوی دەبات.

ئەو سەرکەوتنانەی کە بەمەستی کەمکردنەوەی گەندەڵیی دارایی لەکۆتایی دەیەکانی ١٩٩٠ بەدەست هات، دەرەنجامی ئەو پێویستیو پلان و بەرنامە نوێیانەی سیستەمی نێو نەتەوەیە.. ..[١٣]





تێکەڵبوونی دەسەلاَتی سیاسیو گەندەڵیی ماڵی بووەتە هۆی بەربلاَوی چەمکی سیاسی. دەسەلاَتدارانی سیاسی جیهانی سێهەم لەنەبوونی زانیاریو چاودێری مەدەنی و زیان پێنەگەیشتن لەکێبڕکێی سیاسیو بەرپرسیار نەبوون، سوودی خراپ وەردەگرن بەجۆرێك کە چەمکی دەوڵەت لەم ولاَتانەدا لەگەڵ نیشانەکانی گەندەڵیی سیاسیدا دەناسرێتەوە.

هەر بۆیە جێگای تێڕامان نییە کە زۆربەی ئەو توێژەرانەی لەسەر دیاردەی گەندەڵیی سیاسی دەکۆڵینەوە، لەبواری ولاَتانی جیهانی سێهەم و ولاَتانی بەرەو گەشەسەندنو تێپەڕاندنی قوناغێکی تر پسپۆڕن. گەندەڵیی سیاسی لەولاَتانی پێشەسازییدا بەتایبەت دیاردەیەکی سنووردارو لەپەراوێزخراوە و لەراستیدا، پەرەسەندنی گەندەڵیی سیاسی هاوکاتە لەگەڵ نزمبوونی ئاستی دیموکراسییەت و بەپێچەوانەشەوە کەمبوونەوەی گەندەڵیی سیاسی بەرزبوونەوەی ئاستی دیموکراسییەتی لەگەڵدایە.[١٤]

لێکۆڵینەوەکان نیشانیدەدەن کە گەندەڵی لەبوارە جۆراوجۆرەکانی ئیداری، دارایی، سیاسیو گەندەڵی ((بەرپرسانی یەخە سپی))و((مووچە بگیرانی برسی)) لەلایەکەوە دەرەنجامی پەرەنەسەندن و دواکەتن بەئەژمار دێتو لەلایەکی تریشەوە بەربەستێکە بۆ گەیشتن بەکۆمەڵگایەکی تەندروستو پێشکەوتوو.

بەکورتی دیاردەکانی گەندەڵی بەشێوەی خوارەوە لەولاَتانی دواکەوتوودا دەردەکەوێت.

ـ گەندەڵی ئیداریو ئابووری، هەڵسوکەوتی تاوانبارانە وەك کڕینو فرۆشی ماددە بێ هۆشکەرەکانو سڕینەوەی پارە خراپەکاری ئاسان دەکات.

ـ گەندەڵی، دیموکراسییەتو دەسەڵاتی ویستراو لەرێگای گۆڕانی رەوتە فەرمییەکان لاواز دەکات.

ـ گەندەڵی لەهەڵبژاردنو دەزگاکانی یاسادانان، بەرپرسیارێتیو کردەوەی نوێنەرانی خەڵك لەپیلان دارشتندا لاواز دەکات.

ـ گەندەڵی لەدەزگای دادوەری، دەسەڵاتی یاسا هەڵواسراو دەکات.

ـ گەندەڵی لەئیدارە گشتییەکاندا دەبێتە هۆی نا بەرابەری لەدابین کردنی خزمەتگوزاری.

ـ گەندەڵی بەو جۆرەی کەدەبێتە هۆی لەبەر چاو نەگرتنی شێوازە فەرمییەکان بەم جۆرەش توانای رێکخراوەیی دەوڵەت لەناو دەبات.

ـ لەبەر تیشکی گەندەڵی، سەرچاوەکان تووشی لادان دەبنو فەرمانبەران بەبێ رەچاوکردنی تایبەتمەندیو ئاستی کارکردنیان دادەمەزرێن یان پلەو پایەیان بەرز دەکرێتەوە.

ـ گەندەڵیی رەوا بوونی* دەوڵەت دەخاتە بەر پرسیارو بەهاکانی دیموکراتیك لەوانە، متمانەو خۆڕاگری لەکەدار دەکات، گەندەڵی، گەشەی ئابووری لەرێگای دروستکردنی کەندو کۆسپی بەرچاوو ناکاراکردنی بوارە ئابوورییەکان رادەوەستێنێت.

## بەشی یەکەم: روانگە تیۆرییەکان

شێواز گەلی جیاواز لەروانگەی دەروونناسی، کەلتووری، سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووری لەم لێکۆڵینەوەدا دەبینرێن. بەم پێیە لەروانگەی هەندێ کەسەوە، زانستی ئابووری ئامێرێکی بەهێزە بۆ راڤەی گەندەڵی. جیاوازییە

*- Tust





کەلتووری و ئاکارییەکان هەندێ خاڵی وردو ناسك دەخەنە بەردەست، بەڵام شێوازێکی ئابووری بۆ تێگەیشتن لەوەی کە لە چ شوێنێکدا مەیلی گەندەڵی پتر لەشوێنەکانی ترەو زۆرترین کاریگەرییان هەیە، گرنگییەکی بنەڕەتی هەیە.[١٥]

ئەدەبیاتی تیۆری چەمکی گەندەڵی دەر دەخات کە لەگرنگترین لێکۆڵینەوەکانی کۆمەڵناسیو سیاسی پەیوەندیدار بەگەندەڵییەوە، دوو روانگەی سەرەکی لەدەرخستنی هۆکارەکانی هاتنە ئارا و قووڵبوونەوەی گەندەڵی سیاسی خراوەتەڕوو.

روانگەی یەکەم، لەئاستێکی بەربلاو ناسراوە بەتیۆری ئەرکگەرایی بونیادی ((Structural Functionalism)) کە پتر لەهەوڵی راڤەکردنی رۆڵی پێکهاتە گەورەکانی کۆمەڵگا و چۆنیەتی ئەرکەکانی ئەو پێکهاتەیە لەهێنانە ئارای گەندەڵی سیاسییە، روانگەی دووەم لەئاستێکی بچووکداو لەچوارچێوەی تیۆری عەقڵانییەتی تاکەکەسییەوە** خراوەتە بەر باس کە پەیوەستە بەخەسڵەتە ئاکاریو نۆرما تیڤەکانی فەرمانبەرانی حکوومەتیو ناحکوومەتی پەیوەندیدار بەوانەوە.

هەروەها هەندێ لەلێکۆڵەران بۆ روونکردنەوەی چۆنیەتی گەندەڵی پێنج شێوازی تریان بۆ لێکۆڵینەوەی گەندەڵی هێناوەتە بەر باس، هەرچەند ئەو شێوازانەی پێشتر ئاماژەیان پێکرا لەگەڵ ئەم پێنج شێوازەی خوارەوە لەهەندێ خاڵدا چەمکی هاوبەشیان هەیە. ئەم پێنج چەمکە بریتین لە:

١ـ شێوازی، خەرجو سوود.

** individual Rationalism

٢- شێوازی بێ بەش بوونی ڕێژەیی.

٣- شێوازی بەرژەوەندیخوازی.

٤- شێوازی خاوەن کار- غەیری کارگوزار.*

٥- شێوەی پشت گیریکار- پەیڕەو.**

## روانگەی سیاسی

لەروانگەی یەکەمدا، گەندەڵیی سیاسیی پەرەگرتوو، ئاکامی دواکەوتوویی‌و پێشنەکەوتنی سیستەمە سیاسی‌و ئابووریەکانە، کە بواری شیاو بۆ سوود وەرگرتن یان قۆرخ کردنی بەربڵاوی سامانی گشتی بەپێی تێروانینی تاکە کەس یان ئامانجی تایبەتیی گشتی فەراهەم دەکات.

لایەنگرانی روانگەی سیاسی لەم روەوە پێیانوایە کە بنەمای گەندەڵیی بەربڵاو پتر لەوەی کەباسێکی کۆمەڵایەتی‌و ئابووری بێت لەناوەرۆکدا چەمکێکی سیاسییە، چونکە دەسەڵاتی سیاسی لەپشتە و بەهۆی میکانیزمە دیموکراتیکەکانی رکەبەر و چاودێرەوە شیاوی کۆنترۆڵ و کورتکردنەوە نییە.

لەهەر کۆمەڵگایەك کە دەزگا چاودێرەکان و حزبە سیاسی و ڕێکخراوە مەدەنی و پیشەییەکان توانای چاودێری‌و کاریگەری و کورتکردنەوەی سیاسەت‌و بڕیارەکانی ڕێکخراوە حکوومیەکانیان نەبێت‌و لەو کۆمەڵگایەدا دەزگاکانی دادوەری و زانیاری (ئاسایشی) لەژێر کۆنترۆڵی دەسەلاتی داسەپاوی سیاسی بن، بواری قوڵبوونەوە و بەردەوامی گەندەڵیی سیاسی زۆرترە.[١٦]

---

*- Principal - Nonagent

**- Patron - Client



هەروەها ئەم روانگە دروست بوونی سیستەمی ماستاوچێتی و نەبوونی شایستە سالاری‌و خزمایەتی‌و دۆستایەتی‌و داخستنی بواری سیاسی بەهۆکاری سەرهەڵدان‌و بەردەوامبوونی گەندەڵیی سیاسی دەزانێت کە ئەم دیاردەیە خۆی بۆخۆی لەدواکەوتوویی سیستەمی سیاسیدا سەرچاوە دەگرێت.

## روانگەی ئابووری

ئەم روانگەیە هۆکاری گەندەڵیی سیاسی لە پێکهاتەی ئابووریی پێشنەکەوتوودا دەبینێت، کە ئەویش لەلای خۆیەوە ئەو پێشنەکەوتنە دەگەڕێنێتەوە بۆ دەستێوەردانی بێ سنووری دەوڵەت لە ئابووریدا، لەراستیدا ئابووریی دەوڵەتی بەتایبەت ئابووریی تاکە بەرهەم گرنگترین سەرچاوەی گەندەڵی سیاسی بە ئەژمار دێت کەبواری قۆرخکردن‌و دابەش کردنی سەرە روانەی سامانە گشتیەکان یان بەبۆچوونێکی تر ئیمتیاز گەلی تایبەتی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی دەڕەخسێنێت. ئەم دەسەڵاتە تایبەتە یان ئەم ئیمتیازانە بەکۆنتڕۆڵ‌و بەرتەسکردنەوەی کاروباری بازاڕو دیاریکردنی رەوتی بازرگانی دەرەکی‌و بواری چالاکی بۆ بەشێك لەهەوڵە چالاکییە پڕ سوودە ئابوورییەکان فراوانتر دەکات.

قۆناغی گواستنەوە لەئابووری دەوڵەتییەو. بۆ ئابووریی بازاریی ئازاد بەناوی دروستکردنی کەرتی تایبەت یان ئازاد کردنی ئابووری بەبێ ئاسانکاری یاسایی‌و چاودێری کاریگەر، قۆناغێکی تری هاتنە ئارای گەندەڵی سیاسییە، کە نەتەنیا دەبێتە هۆی دروستکردنی بەشی غەیری دەوڵەتی کارا. بەڵکو دەبێتە هۆی بە فیڕودانی سامانی گشتی بەنرخێکی نادروست بە بەشێك لەخزمان‌و نزیکانی حکوومەتی.

ئەزموونەکانی پێشتری وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵات، رووسیا و هەروەها وڵاتانی جیهانی سێهەم دەربڕی راست ییە ناخۆشەکانی قۆناغی گواستنەوە لەئابووریی دەوڵەتیدایە.

## روانگەی عەقڵانییەتی تاکە کەسی

بەڵام لەروانگەی دووەمدا واتە تیۆری عەقڵانییەتی تاکە کەسیدا، گەندەڵیی سیاسی وەك ئاکامی لێکدانەوەی عەقڵانی خەرجو قازانجی فەرمانبەرانی حکوومی بە ئەژمار دێت. لەم مۆدێلەدا، تاکە بڕیار دەرەکان، کەسانێکن کە تێدەکۆشن بەرژەوەندیی خۆیان لەسامان و سەرچاوە دەگمەنەکان بەدەست بێنن بەکورتی لەم روانگەدا، گریمان ئەوەیە کەسیاسەتمدارانو بۆرۆکراتەکان لەهەوڵی دەسەڵاتی سیاسیو داراییدان، بەم پێیە ئەگەر ئامانجی ئەو تاقمە، بەتەنیا دەسەڵاتی سیاسی بێت. رەوتی دروستی، ململانە سیاسییەکان، پرۆسەی بڕیار دانو چاوەدێری سیاسی تووشی کێشەو گرفت دەکاتو سامانو سەرچاوەی سیستەمی سیاسی بەئاراستەی ئامانجەکانی خۆی[١٧] رادەکێشێت.

لێکۆڵەران و تیۆر دارێژەرانی ئابووریی سیاسی بەچەقبەستوویەکی تایبەتو بەگرنگییەوە لەگەندەڵی دەڕوانن. بەگشتی بنەمای بەشی زۆری ئەدەبیاتی ئابووریی سیاسی لەسەر ئەم گریمانەیە کە کارکردی مرۆڤ لەوانە سیاسەتمەداران، دەنگدەران: فەرمانبەرانی دەوڵەتی و بۆرۆکراتەکان، دەسەڵاتی دادوەری، گرووپەکانی گوشار یان کومپانیا فرە نەتەوەییەکان، عەقڵانیو سوودمەندەو لەهەوڵی بەدەستهێنانی ئەو شتەدان کە تیۆریزانان پێدەڵێن ئەو پەڕی داهات و قازانجخوازی.



لەسەر بنەمای مۆدیلی بیتهام،* لەکۆمەڵگایەکی دیموکراتیکدا، بژارەیەکی تر بۆ دەسەڵات، سیاسەتمەداران خۆشحاڵ دەکات. ئەم کارە لەبەرانبەردا دەبێتە هۆی بڕیار دان و داڕشتنی سیاسەت لەلایەن سیاسەتمەدارانەوە کەخۆشحاڵی خەڵکی بەدوادایە، بۆیە هەمووکەسێك خۆشحاڵە بەڵام لەجیهاندا، راستییە سیاسییەکان بەو شێوە بەڕێوە ناچن.

بانگەشەکەران، سەرۆك حزبەکان، میدیاکان، بژارکەران، پشتیوانانی دارایی بەهێزو گەورە، شێوەی جۆراو جۆری گوشاریان لەخۆگرتووە کە لەگەڵ گوشاری سیاسەتمدارانو ئەو باڵانەی کە بە هۆی ململانێی گرووپە قازانجخوازەکان بەئاراستەیەکی جۆراوجۆر راکێشراون، جیاوازی هەیە.

هەروا کە ئاماژەی پێدرا، گەندەڵی لە پێنج روانگەی تیۆرییەوە باسی لێکراوە لەوانە:

## روانگەی خەرج ( تێچوو ) ـ قازانج ( دەسکەوت )

ئەم روانگە پێیوایە کە تاکەکان لەهەر پلەو پایەیەکدا رەوشتی خۆیان تاو توێی کردوو، بەجۆرێك کەئەگەر رێژەی قازانج لەچاو خەرجدا زۆرتر لەیەك بێت، ئەو کارە پراکتیزە دەکەن. لەراستیدا بەرژەوەندیی کارێك دەبێ پتر تێچووی بێت. بەشێوەیەك کە ئەگەر لەسیستەمێکی دەوڵەتیدا، سزادان و سەرکوتکردن لەگەڵ کەسانی گەندەڵ لاواز بێت، تاکەکان رەوشتی گەندەڵئامێز ئەنجامدەدەن. ئەم روانگە لەنێو شێوەی عەقڵانیەتی تاکەکەسیدا شیاوی تاووتوێ کردنە.

* - Botham

## روانگەی بێ بەش بوونی ڕێژەیی

ئەم روانگە بەجۆرێك لەتیۆری ((بێ بەش بوونی ڕێژەیی)) گار* وەرگیراوە.

تاکەکان، ئەو شتەی کە دەیدەن بەسیستەمێکی سیاسیو ئەوەی وەریدەگرن لەو سیستەمەدا، لەگەڵ کەسانی تردا بەراوردی دەکەن. بەشێوەیەك کە ئەگەر هەست بەنەبوونی دادپەروەری بکەن، هەڵدەستن بەکاری گەندەڵئامێز، نا بەرابەری ئابووری بەبێ لێکدانەوەی لۆژیکی، بێ بەشی سیاسیو کۆمەلایەتی، زۆر بوونو گەشەکردنی کەسانی ناشارەزاو سپاندنی سیستەمی خزمایەتیو دۆسایەتیو لەو جۆرە هۆکارانەن، دەبنە هۆی هاتنە ئارای ئەم بێ بەش بوونە ڕێژەییە.

## روانگەی رانت خوازی ( ئیمتیاز خوازی )

ئەم روانگە تا رادەیەك لەشێوازی ئابووریدا تاوتوێ کراوە، ئیمتیاز گەلی تایبەت لەسیستەمە ئابوورییەکاندا، رانت گەلی تایبەت دەخەنە بەردەستی بڕیاردەرانی سیاسیو یاساو ڕێساکان بەهۆی بڕیارە تاکەکەسیەکانەوە، بواری هاتنە ئارای بازاڕی رەش فەراهەم دەکەن، ئەم دیاردانە لەتایبەتمەندییەکانی ئەم روانگەیەن، هەروەها مەودای نێوان قازانجی دەستکەوتوو لەدەرکردنی مۆڵەتو ئەو خەرجییانەی کراون پەیوەندیی ئابووری تووشی گەندەڵی دەکات.

روانگەی خاوەن کار و غەیری کار گوزار

لەدابەش کردنێکی هەڵەو گەندەڵی خۆشکەردا، کاتێك جێبەجێکردنی کارە گەورەکان بەکەسانی تایبەت دەسپێردرێت زۆرجار ئەم کەسانە وەك بەرپرسی کۆنترۆڵ هەڵدەبژێردرێن.

*- Cutr



ئەو فەرمانبەرانەی کە بەناوی بەڕێوەبەری پرۆژە پەسەند کراوەکان دادەنرێن، خۆیان بواری لێکدانەوەی بەرنامەو پرۆژەکانیان لەبەر دەست دایە. فەرمانبەران زۆر جار بەپێچەوانەی ئامانجو مەبەستەکانی خاوەن کار کە سیاسەت داڕێژەرانی دەوڵەتن، بەرژەوەندیی خۆیان رەچاو دەکەن، ئەو بەڵگانەی کە لە شێوازی پێشووتردا ئاماژەیان پێدرا، فەرمانبەرانی دەوڵەت بۆ ئەو جۆرە تێڕوانینە هاندەدەن.

## روانگەی، پشتگیر پەیرەو ( لاینگر )

ئەم روانگەیە لەنێو شێوازی سیاسییدا شیاوی راڤە و روونکردنەوەیەو، پێکهاتەی نەگونجاوی ئابووری، کوتلەبەندی (تەکەتۆل) لەپێکهاتەی سیاسی، (گرنگی دان بەگەنجانی بەردەست) نوچە خوازی لەدانان و دامەزراندنی لایەنگرانو کەسانی نزیك لە شوێنە ئیستراژییەکانی بڕیاردان بە پێشتگیریی پشتیوانانی بەهێز، بوار بۆ گەندەڵی دەرەخسێنێت. پشتیوانان دەتوانن لەنێو دەستەبژێرانی سیاسی یان ئەو سەرمایەدارو دەلالانە بن لەسیستەمی ئیدارەدا دەبینرێن. هەروەها گرووپەکانی گوشار و حزبە دەسەلاتدارەکان دەتوانن رۆڵی پشتگیر بنوێنن.

## پێناسەی گەندەڵی

بۆ گەندەڵی سیاسیو ئابووری پێناسەی جۆراو جۆر خراونەتەڕوو، هەرچەند چەمکی گەندەڵی سیاسیو دارای ئیداری، دەکرێ بەشێوەی جیاواز باسیان لێبکرێت.

توێـژەران، گەنـدەڵی دارایـی وەك پەیوەندییـەكی تایبـەت بەحكوومـەت ـ كۆمـەڵگا، پێناسە دەكەن‌و نێوان ((گەندەڵی سیاسی))* و ((گەندەڵی دارایی))** هـەروەها گەنـدەڵی كـاركردنی*** و گەنـدەڵی ناكـاركردنی**** جیـاوازی دادەنـێن‌و گەنـدەڵی دارایـی وەك میكـانیزمێكی تەشـەنەكردن لەسـەرەوە بـۆ خوارەوە* یـان دابەشـكردنی سـەر لـەنوێ بەئاڕاسـتەی خـوارەوە** پۆلێنبەنـدی دەكەن.[19]

بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی هاوتەریبی گەنـدەڵیی دەسـەڵات لەگـەڵ گەنـدەڵیی داراییـدا، بەشـێوەی پراكتیكـی ئـەم دوو چـەمكە لەیـەك نزیـك بوونەتـەوەو حاڵەتێكی لێك نەبڕاویان پێك هێناوە، سەرەڕای كۆڕو كۆمەڵـە ئاكادمییـەكان، دەوڵـەت‌و كۆمەڵـە نێونەتەوەییـەكان بـۆ گەیـشتن بـە پێناسـە و چـەمكێكی یەكگرتوو، هەوڵی زۆریان خستووەتە گـەڕ، بـانكی جیهـانی، گەنـدەڵی دارایـی وەك سوود وەرگرتنـی خـراپ لـە هێـزی دەسـەڵاتی دەوڵـەت بەمەبەسـتی دابـین كردنی بەرژەوەندیی تاكە كەس پێناسـە كـردووە. هـەروەها كـە لەلایـەن لیژنـەی باڵای ئەنجومەنی پیرانی هیندەوە روونكراوەتەوە گەندەڵی سیاسی هـەموو جـۆرە ((كردەوەی ناشایستەو خۆویستانەی دەسەڵات‌و باڵادەست بـوون لەسـەر بنـەمای

---

*- Politcal

**-Bureaucratic Corruption

***- Functional corruption

****-Disfunctional Corruption

*- upward Extraction

**-Downwand  Redistri bution.





دەسەڵاتی ئیدارەیەكی دەوڵەتی یان پێگەی تایبەتی تاكە كەسی لەبواری گشتی لەخۆ دەگرێت.[20]

لەكۆی ئەو پێناسانەی كە خراونەتە ڕوو دەكرێ ئاماژە بدەین بەو پێناسـانەی خوارەوە.

گەنـدەڵی هەوڵێكـە بـۆ بەدەسـت هێنـانی سـامان‌و دەسـەڵات لـەرێگای نایاساییەوە: قازانجی تاكەكەسی لەبەرانبەر قازانجی گشتی: یان سوود وەرگرتنی خراپ لـە دەسـەڵاتی دەوڵـەتی بـۆ بەرژەوەنـدیی تاكەكـەس‌و رەوشـتێكی دژ بـە نەریتی كۆمەڵایەتییە كە ئیمتیاز و تایبەتمەندییەك لەدەرەوەی ڕێساو یاسـاكان و سـەرە رەوانـەو بەپێـچەوانەی فۆرمـە ئاكـاری‌و یاسـاییەكان دەبەخـشێت‌و دەسەڵاتی چاككردنی بوارەكانی ژیانی خەڵك لاواز دەكات.[21]

فەرهـەنگی وشـە دەرەكییـەكان كـە لەسـاڵی **١٩٨٧** لەیەكیـەتی سـۆفیەت سۆشیالیستی پێشوودا چاپ كراوە، وشەی گەندەڵی بەم شێوە پێناسـە دەكـات: ((پارە پەرسـتیی دزی بەرپرسـە دەوڵەتییـەكان‌و سیاسـەتمەداران‌و فەرمانبـەرانی دەوڵـەت لـەجیهانی كاپیتالیـستیدا))[22] بـەپێی پێناسـەیەكی تـر تـەواوی دەوڵەتەكان، چ خێر خوازو چ سەركۆتكەر، كۆنترۆڵی دابەشكردنی یارمەتی یـان بەرژەوەندیی پر بایەخ‌و جێبەجێكردنی خەرجە قورسەكانیان لەبەر دەستدایە.

دابەش كردنی ئەم دەستكەوت خەرجە گشتییانە لـەژێر كـۆنترۆڵی بەرپرسـە دەوڵەتییـەكان كـە خـاوەنی دەسـەڵاتن‌و ***دەسنیـشانكردنی بەرژەوەندییـەكان لەدەست ئەواندایە. تاكەكان‌و ئـەو ناوەندانـەی كـە خـوازراوی رووبەرووبوونـەوەی شیاو و تایبەتن، لەوانەیە بۆ بەدەست هێنانی ئەو دەسكەوتانە ئامادەبن هەنـدێ

---

***- Authorities

پارەش بدەن، ئەم شێوە پارە بەخشینە (بەرتیل دانە) ئەگەر بەشێوەی نایاسایی بەمەبەستی بەدەستهێنانی بەرژەوەندیی یان دووری کردن لەخەرجێك ئاراستەی کاربەدەستانی دەوڵەت بکرێت دەبنە هۆی گەندەڵی[٢٣].

لەم پێناسانەی کە بۆ گەندەڵی سیاسی کراون، دەتوانی پێکەوە بوونی گەندەڵی دەسەڵاتو گەندەڵی دارایی ببینی. ئەگەر سنووری نێوان دەوڵەتو کۆمەڵگا بەشێوەی ناوەندیی گشی و تایبەت جیا بکەینەوە، لەسەر ناوەندی گشتیو ئەو هەولاّنەی کە گەندەڵی سیاسی و دارایی لەو ناوەندەدا دێنە ئاراوە جەخت دەکرێتەوە.

ئەم نووسینە لەهەوڵی ئەوەدایە کە گەندەڵیی سیاسیو دارایی لەجیهانی سێهەمدا لەناوەندە گشتییەکاندا تاوتوێ و دەشتنیشان بکات گەندەڵیی ئیداری، سیاسیو دارایی لەکەرتی دەوڵەتییدا دەکرێ بەشێوەی دوو ئاستی سیاسیو ئیداری پۆلێن بکەین.

گەندەڵیی سیاسی دەتوانێ بەشێك بێت لەگەندەڵیی ئیداری یان سەربەخۆ بێت، کۆنترۆڵی ئەو جۆرە گەندەڵییە پێویستی بەهێنانەدی شەفافییەت لەیاساکانی هەڵبژاردن و یاسای دژ بەیەکی بەرژەوەندیی نوێنەرانی پەرلەمان هەیە.[٢٤]

بەم پێیە گەندەڵی لەسەر کەرتی دەوڵەتی و جیاوازی نێوان چالاکی کەرتی تایبەتو فەرمیی جەختدەکاتەوە.

((نای)) زۆر جار باس لەپێناسەیەك دەکات کە سەرەتایەکی سوودمەند بەئەژمار دێت. ((گەندەڵی رەوشتێکی لادەرانەیە لەئەرکە فەرمییەکانی رۆڵێکی گشتی لە ئاکامی تێبینیی تاکەکەس وەك: (شەخسی، خزمانی نزیك، کۆڕی تایبەت) و دەسکەوتە پوولیو پیشەییەکانە. یان شێوەی هەڵس و کەوتی



دەسەڵاتداران لەبەکار بردنی دەسەڵات بەپێی تێبینیی شەخسییە.)) بەم دیدو بۆچوونە وەك سەرەتایەك، کەسێك دەتوانێ لەنگەرانی سەرەکی تیۆری دارێژەرانی رانت تێپەڕێتو بەشێوەیەکی باشتر بوارێکی گرنگتر لەپێش بگرێت.[٢٥]

## رووبەری گەندەڵی

لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی دەوڵەت ئەوەمان بۆ دەردەخات کەگەندەڵییەکان بەشێوەی سەرەکی لەدوو ئاستدا روو دەدەن" ئاستی یەکەم، ئەو گەندەڵییە کە بەشێوەی سەرەکی پەیوەندی بە دەسبژێرە سیاسییەکانەوە هەیەو فەرمانبەرانی پلە بەرز و بەرپرسانی گەورەی دەوڵەتەکان دەگرێتەوە. حزبە سیاسییەکان بەرەو رووی ئەم جۆرە گەندەڵییە دەبنەوە و گەمە سیاسییەکان هاوکات لەگەڵ ئەم گەندەڵییەدا دێنە ئاراوە.

بۆچوونی ((گەندەڵی دەسەڵاتدارانی یەخسپی)) دەکرێ لەم ئاستەدا بەکاری بەرین. ئەم جۆرە گەندەڵییە لەکەرتەکانی هاوردە و زیادکردنەوەی ئاشکرا و کەمکردنەوەی نهێنی و کڕینە گەورەکانی ناوخۆیی و دەرەکیو کەرتە پەیوەندیدارەکان بەفرۆشی سەرچاوە کانزاییەکان و پرۆژە گەورەکانی ئاوەدانکردنەوە روو دەدات.

گەندەڵی لەئاستی دووەمدا، لەنێو فەرمانبەرانی ریزی خوارەوەیە کە لەو گەندەڵیی دا، بەرتیل بەشێوەی گشتیو جێبەجێ کردنی کارە نائاساییەکان دێتە ئاراوە، گەندەڵی لەم ئاستەدا، بەشێوەی گشتی لەگەڵ کەرتی تایبەتو کۆمەڵگادا لەپەیوەندیدایە.

## جۆرەکانی گەندەڵی

سەرەڕای ئەو دابەشکردنە جۆر بەجۆرانە، لەوانە گەندەڵی گەورە و بچووك گەندەڵیی پێکهاتەیی یا ئاکاری، لەدابەشکردنێکی تردا گەندەڵی بەشێوەی ڕێکەوت کوتوپڕو بەرنامە بۆ داڕێژراو پۆلین کراوە. دوو نووسەری تر بەناوەکانی مۆرنۆ ئەکامپۆو هێربرت ڤێرلین لەم دوایانەدا، لەلایەن خۆیانەوە، جیاوازییەکی سوود مەندیان لەنێوان گەندەڵی کوتوپڕو گەندەڵی گەلاڵە بۆ کراو ڕەچاو کردوە. گەندەڵی کوتوپڕ وەك ئەنجامدانی تاوانو خەتا لەیاری فوتباڵدایە کە ناوبژیوان بە بەخشینی لێدانی ڕاستەوخۆ سزای بۆ دیاری دەکەن، بەڵام گەندەڵی سیستەماتێك وەك هاندان بەتوندوتیژی لەیاریدایە بەجۆرێك کە دەبێتە هۆی گۆڕانی واتا و ناوەڕۆکی ئەو یارییەو شێوازی دژی یاری دێنێتە ئاراوە. لەروانگەی ئەم دوو نووسەرەدا ئەمە شێواز و ئاستی دوهەمی گەندەڵییە، کە ڕەوتی گەشەسەندنی دەوڵەتەکان تووشی مەترسی دەکات. مۆرنۆ ئەکامپۆ گەندەڵی سیستەماتیك بە ((گەندەڵی بەربڵاو)) ناو دەباتو هێربرت ڤێرلین ئەو گەندەڵییە بە کردەوەیەکی ناشیرینی کۆمەڵایەتی وەك خۆگرتن بەمادە سڕکەرەکانەو. بەراورد دەکات.[26]

ئەم خاڵانەی خوارەوە، گرنگترین حاڵەتەکان دەستنیشاندەکەن کە تێیدا گەندەڵی بەربڵاو دەتوانێ ئەوە دیاری بکات کە چ کەسێك بەرژەوەندیی دەوڵەت دەخاتە ژێر دەستی خۆیەوەو چ کەسێك کار بۆ ئەو بەرژەوەندەییانە دەکات.

دەوڵەت لەوانەیە سەرچاوە و سامانە دەگمەنەکانی ژێر کۆنترۆڵی تاکەکان و کۆمپانیاکانی لەژێر دەستدا بێت، هەروەها خەڵك لەوانەیە بۆ وەدەستهێنانی





ئەم سامانە لەباتی ئەوەی کە لەرێ و شوێنی یاسایی سوود وەرگرن، بەرتیلبدەن. کە ئەم بەرتیلدانە هاوسەنگییەك لەبازاڕدا دروستدەکات.

بەرپرسانی کەرتی گشتی لەوانەیە پاڵنەرێکی ئەوتۆیان بۆ جێبەجێکردنی کارەکانیان بەشێوەیەکی ڕێکوپێك نەبێت کە ڕەنگە هۆکاری ئەو کارە ئەو پێوەرە فەرمییانە بن کە لەپارە و بەرتیلدانە دەگمەن و کەمەکانی ئاستی خوارەوەی چاودێری نێوخۆیی دەزگاکاندا بەدیدەکرێت، ئەوان لەوانەیە دواخستنو بەربەست لەئەنجامدانی کارەکانیان پێك بێنن، بۆیە بەرتیلدان دەتوانێ وەك ئەو یارمەتیانەی کە پاڵنەرن بەکار بێت.

ئەو کەسانەی کە لەهەوڵی بەدواداچوونی یاساین، لەهەوڵی ئەوەدان کە ئەو خەرجییانەی لەلایەن دەوڵەتەوە بەسەریاندا سەپاوە و بەشێوەی باج و خەراجی گومرگی لێیان وەردەگرن بەهۆی دەستێوەردان لە ڕێساکاندا کەمی کەنەوە، بەم جۆرە بەهۆی بەرتیلەوە خەرجەگەورەکان کەم دەکەنەوە.

چالاکییە ئابوورییە نایاساییەکان، زۆرجار سەرچاوەکانی گەندەڵی لە دەوڵەت دەکرن، لەهەندێ حاڵەتی توندو سەرەروانەدا، چالاکییە ئابووریو ناڕەواکان بەرپرسانی تاوانە گەلاڵە بۆ داڕێژراوەکان، لەرێگای گەندەڵیو تۆقاندنەوە، بەسەر هێزی سەربازیو بەشەکانی تری دەوڵەتدا زاڵدەبن، بۆیە بەرتیل ئەو چالاکییانەی کە لەپەیوەندیی لەگەڵ تاوان و جینایەتدا ئەنجامدەدرێن بەرەوا دەزانی، ئەم چەمکانە دەکرێ پێکەوە بەکار ببرێنو هیچ بەربەستێك لەوەدا نییە بۆ نموونە بەرتیل، لەکاتێکدا کە دەبێتە پاڵنەر لەهەمانکاتدا سامانە دەگمەنەکان بۆ خۆی رادەکێ شێت و باج و خەراج لەسەر ئەو سامانو سەرچاوانە لادەبات.[27]

گەندەڵیی دارایی پتر لەو پەیوەندییانەی کەنێوان دەوڵەتو ئابووریدا دێنە ئاراوە سەرچاوە دەگرێتو هەندێجار کە خودی دەوڵەت بەشێك لە چالاکی ئابووری لە خۆگرتبێت، پتر دەردەکەوێت. گەندەڵیی دارایی دەکرێ وەك دیاردەیەکی چەند لایەنە چاوی لێبکرێت. لە کارێکی سادە و ساناوە وەك بەرتیلدان بەفەرمانبەرێکی دەوڵەت تا ناکاراکردنی هەمە لایەنەی سیستەمێکی سیاسی و ئابووری و لەسوودوەرگرتنی خراپی کەسایەتییە سیاسییەکان (دەستە بژێر) و فەرمانبەرانی پلە بەرز، لە دەسەڵاتی خۆیان تا بەرتیل خواردنێکی بچووك پێناسەکەی دەگۆڕێت.

سەرەڕای ئەم دیاردەیە، گەندەڵیی دارایی بەشێوەیەکی باو وەك رەوشتێکی شەخسی بەرژەوەندخوازانە لە لایەن کەسانێکەوە کە نوێنەرایەتی دەوڵەتیان لەئەستۆدایە و خاوەن دەسەڵاتن بۆ مەبەست و بەرژەوەندیی تایبەت بەکار دەبرێتو ریشە دادەکوتێت.

گەندەڵیی دارایی پانتاییەکی بەربڵاو لە چالاکییە ئینسانییەکان لەخۆدەگرێت. تێگەیشتن لەکاریگەریی گەندەڵی دارایی بۆ سەر سیستەمێکی ئابووریی یان سیاسیی یارمەتیدەر بۆ ئەوەی کە پتر لەگەندەڵیو ئەو چالاکیانەی کە لەخۆ دەگرێت تێبگەین. پلەو پایەی دەوڵەتی کاتێك بۆ قازانجی تایبەتو تاکەکەسی سوودی لێوەردەگیردرێت کە بەرپرسێکی دەوڵەتی داوای بەرتیل بکات یان وەریگرێتو یان لایەنی بەرانبەر ناچار بکات، یان دەڵاڵە تایبەتییەکان بۆ خۆ دەرباز کردن لەسیاسەتە دەوڵەتییەکانو بەدەست هێنانی ئیمتیازی رێژەییو قازانج ئەو بەرتیلە پێشنیار بکەن.



**دەتوانین هەندێ لەنموونەکانی گەندەڵی دارایی لە بوارەکانی خوارەوە کورت بکەینەوە.**

ئەو بەرتیلەی کە مادیو شمەکە لە پەیوەندییەکی گەندەڵو نارەوادا دەدرێت یان وەردەگیردرێت. بەرتیل دان یا بەرتیلوەرگرتن لەبنەڕەتدا، سەرپێچیو تاوانە و دەبێ وەك بنەمای گەندەڵیی دارایی ئاماژەی پێی بدرێت.

گرێبەستە دەوڵەتییەکان و بەرتیلدان بەمەبەستی کاریگەریی بەسەر دەوڵەتدا لەدەستنیشانکردنی ئەو کۆمپانیانەی کە کاڵاو خزمەتگوزاری پێشکەشدەکەن یان بۆ گۆڕانی مەرجەکانی گرێبەست هەروەها بەرتیل دان بەمەبەستی ئیمتیازە دەوڵەتییەکان[*] و کاریگەری لەتایبەتمەندکردنی ئەو ئیمتیازانە، لەوانە پارەدان بەکۆمپانیا یان هەندێ کەس، یان بەدەستهێنانی بیمەی بیکاریو خانەنشینیو بەخشینی ئیمتیازی سوود وەرگرتن لەخوێندن، چاودێری تەندروستی یان پاراستنی پشکی کۆمپانیا تایبەتەکان.

ئەو بەرتیلەی کە لەلایەن فەرمانبەری وەرگرتنی باج و بەرێوەبەرییەوە پێشنیار دەکرێت بۆ کەمکردنەوە و باجی خانووبەرەو باجی داهات. بەرتیل بۆ مۆڵەت وەرگرتنو رەزامەندی بەمەبەستی بەدەستهێنانی مافی تایبەت لەوانە بیناسازی، یان سوودوەرگرتن لە سەرچاوەیەکی سروشتی. هەندێجار سیاسەتمەداران و بەرپرسان، لەرووی مەبەستەوە هەندێ سیاسەت و بڕیار دەردەکەن تا بەهۆی دروستکردنی بەربەست و کۆنترۆڵ کردنەوە، لەفرۆشتنی ئیمتیازات سوود وەرگرن. کات و ساتی سوود وەرگرتن لەبەرتیل بۆ خێراتر راپەڕاندنی مۆڵەتی دەوڵەتیو جێبەجێکردنی چالاکییە یاساییەکان وەك تۆمار

[*]- Govern met Benefits

کردنی کۆمپانیا یان مۆڵەت وەرگرتنی بیناسازی یان سوود وەرگرتن لەهەڕەشەو دەسەڵات بۆبە ئەنجامنەگەیاندن یان دواخستنی کارەکان. دەرەنجامە یاساییەکان یان ناچارکردنی دەوڵەت بۆ چاوپۆشیکردن لەچالاکییە نایاساییەکان، وەك کڕین و فرۆشی دەرمان یان مادده سڕکەرەکان. یان لایەنگری لەحزبێك دژ بەحزبێکی تر لەدادگادا.[28]

پۆلێنکردنی گەندەڵی پتر بە لەبەرچاوگرتنی بوارە عەینیەکانییەوە جەختی لەسەر دەکرێتەوەو تاوتوێ دەکرێت. لەسەر ئەم بنەما گەندەڵی بە هەموو جۆرەکانییەوە واتە گەندەڵی دارایی و سیاسی و ماڵی دەناسرێت. هەروەها جۆرێك لەگەندەڵی کە لەکۆمەڵگادا باوە لەقۆناغی بەدەست گرتنی دەسەڵاتدا وەك گەندەڵی حزبیو گەندەڵی لەهەڵبژاردندا ناوی لێ براوە.

**هەندێ لێکۆڵینەوە، لەروانگەیەکی گشتییەوە چەمکی گەندەڵی بەسێ جۆر پۆلێن بەندیدەکەن کەبریتییە لە:**

١- گەندەڵیی سیاسی.

٢- گەندەڵیی بورۆکراتیك.

٣- گەندەڵیی لەهەڵبژاردندا.

١- گەندەڵیی سیاسی: لەبەرزترین ئاستی دەسەڵاتی سیاسیدا دێتە ئاراوە، ئەم گەندەڵییە کاتێك روو دەدات کەسیاسەتمەداران و بڕیاردەرانی سیاسی لە باتی ئامادەکردن و جێبەجێکردنی یاساکان خۆیان گەندەڵن.

٢- گەندەڵی بۆروکراتیك: ئەم گەندەڵییە لەبەشەکانداو لەئیدارە دەوڵەتییەکان یان لەکاتی جێبەجێ کردنی بڕیارەکاندا روو دەدات، ئەم گەندەڵییە دیاردەیەکە کە هاوڵاتیان رۆژانە لەشوێنە گشتیەکاندا لەوانە





نەخۆشخانە، مەکتەب و ئیدارە دەوڵەتییەکانی دەرکردنی مۆڵەت، پۆلیس و، نووسینگەکانی باجو تا دوایی بەرەو رووی دەبنەوە.

٣- گەندەڵی هەڵبژاردن: ئەم گەندەڵییە کڕینی دەنگی خەڵك بەهۆی پارەوە یان بەڵێنی بەخشینی پلەو پایەو یارمەتی تایبەت و ناچار کردن و ترساندنو لەکەدار کردنی ئازادی لەهەڵبژاردنەکاندا لەخۆ دەگرێت. بەرتیلدان بەشێوە دیاری و باجی یاسایی و حەق دەست و یارمەتی نزیکان و نزیك بوونەوەی ئەلا بەختی، یان هەر پەیوەندییەك کەبەدانی پارە یا بەبێ پارە، بەرژەوەندیی گشتی فیدا بکات، وەك گەندەڵی لەبەرچاو دەگیردرێت.

❊ ❊ ❊

بە لەبەر چاوگرتنی ئالۆزیو رووننەبوونی واتایی، لەو هەموو پێناسانەی کە لەبەڵگە و نووسراوە جۆراو جۆرەکاندا بەکاربراوە، بەدەست هێنان و دەستنیشانکردنی پێناسەیەك بۆ ئەم دیاردە دژوارە، وا دەردەکەوێت کە لەبەرچاو گرتنی کەلتوور و مێژووی وڵاتان لەپێناسەکردنی ئەو دیاردەیە کاریگەریی دەبێت، هەروەك لەسەرەوە روونکرایەوە گەندەڵی ئیداری و سیاسی هاوتەریبی یەکنو یەکتر بەهێز دەکەن، گەندەڵیی سیاسی بەهۆی گەندەڵیی ئیدارییەوە بەربڵاو دەبێت و هۆکارە سیاسییەکان لەریزەکانی سەروو لەگروپە سیاسییەکاندا بەهۆی رەوتی گەندەڵی خۆشکەرەوە، گەندەڵیی ئیداری پەرە پێدەدات.

بەم پێیە لەپێشنووسی کۆنفراسیۆنی بەگژدا چوونی گەندەڵی کە لەلایەن کۆمیتەیەکی پێکهاتوو لەنوێنەرانی وڵاتانی جیهان لەساڵی ٢٠٠٣ لە((ڤیەنا)) ئامادەکرا، پاش پەسەندکردن، کەمکەم حکوومەتەکان لەو کونوانسیۆنەدا

خۆیان کرد بەئەندام. خاڵە گرنگەکان لەپێناسەی گەندەڵیدا بەشێوەی خوارەوە خراونەتە ڕوو.

ـ ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە نیشانەی جێبەجێکردنی نا سالمی ئەرکەکان یان سوودوەرگرتنی خراپ لە پلە و پایەکاندان،

ـ لەخۆگرتنی مەبەستێك بۆ گەشتن بەئیمتیازێك.

ـ پێشنیار یان داواکردنی ئیمتیازێك بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ.

ـ لەبەرچاوی گرتنی بەرژەوەندییەك بۆ فەرمانبەرێك یان کەسێکی تر.

بەکورتی، دەکرێ گەندەڵی وەك سوودوەرگرتنی خراپ لە پلە و پایە بە ئاڕاستەی بەرژەوەندیی تایبەت پێناسە بکرێت[٢٩].

واتای گەندەڵی لەبەڵگە نێو نەتەوەیەکاندا

١ـ کونوانسیۆنی ئەمریکایی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵیدا.[٣٠]

ئەم کونوانسیۆنە کە یەکەمین کۆنوانسیۆنی چەند لایەنەی پەیوەندیدار بەروو بەروو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵیدا لەجۆری خۆیدا بەئەژمار دێت. گەندەڵی بەشێوەی خوارەوە پێناسە دەکات.

ئەلف) بریتییە لەداواکردن یا وەرگرتنی هەر جۆرە شتێکی بەهادار یان بەرژەوەندییەك کەخۆی لەدیاری، پێشکەش، بەڵێن یان ئیمتیازێکدا دەبینێتەوە کە لەلایەن فەرمانبەر یان کارمەندێکی دەوڵەت یان هەر کەسێك کە سەرقاڵی جێبەجێکردنی ئەرکی گشتییە بەشێوەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەو خۆ، بۆ خۆی یان هەر کەسو دەزگایەکی تر، لەبەرانبەر بە ئەنجامدانی کارێك یان تەرککردنی کارێك کەپەیوەندیی بە ئەرکە فەرمییو گشتیەکانی یەوە هەیە.

بێ) پێشنیار یان بەخشینی ڕاستەخۆو ناڕاستەخۆی هەر جۆرە شتو مەکێك کە بەهادار بێت یان قازانجێکی لەخۆ گرتبێت. لەوانە: دیاری، پێشکەش، بەڵێن



یان ئیمتیازدان بە فەرمانبەر یان جێبەجێکەری فەرمانە دەوڵەتییەکان یان هەرکەسێك کە جێبەجێکردنی ئەرکی گشتی لەسەرشانە بۆ ئەو کەسە خۆی یان کەسێکی تر یان دەزگایەکی تر، بە مەبەستی هاندانی ئەو کەسە بۆ جێبەجێکردنی کارێك یان تەرکی ئەو کارە لەپاڵ جێبەجێ کردنی ئەرکە فەرمییو گەشتییەکەی.

پێ) سوودوەرگرتنی ناڕەوا یان شاردنەوەی داهاتو قازانجی هەریەك لەو کارە تاوانبارانەی کە ئاماژەیان پێدرا.

سەرەڕای ئەمانە، ((کۆکردنەوەی پارەو سامانی نایاسایی و ناڕەوا)) لەلایەن فەرمانبەران و بەرپرسە دەوڵەتییەکان بەسوود وەرگرتن لەپلە و پایەو دەسەڵاتە گشتیەکەی، وێنەیەکی تری گەندەڵییە.

٢ـ کونونسیۆنی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵی بەرپرسانی وڵاتە ئەوروپایەکان یان بەرپرسانی دەوڵەتەکانی ئەندام لەیەکییەتی ئۆروپادا[٣١] (١٩٩٧).

لەم کونونسیۆنە کە لەڕاستیدا یەکەمین بەڵگەی تێرو تەسەلی وڵاتە ئەوروپایەکان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵیدا، گەندەڵی بەدوو جۆری: ئەکتیڤ** و پاسیڤ* دابەش دەکات.

**- Active Corruption

*-- Pasive Corruption

مەبەست لەگەندەڵی پاسیف یان ناچالاك ئەو گەندەڵییەیە کە لەبڕگەی (ئەلف) ماددەی ٦ی کونونسیۆنی ئەمریکاییدا هاتووە. بەئاراستەیەکی تر هەر جۆرە داخوازییەکی ئیمتیاز یان بەرژەوەندی یان شتومەکی ماددی لەلایەن کارمەند یان فەرمانبەرێکی دەوڵەتی یان ئەو کەسانەی پلەو پایەی دەوڵەتیو گشتیان لەئەستۆدایە بەشێوەی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ لەبەرانبەری ئەنجام دان یان ئەنجام نەدانی کارێك کە لەئاستی ئەرکە فەرمییەکانی ئەو دان گەندەڵی پاسیف یان چالاك پێناسە دەکرێت.*

((گەندەڵی ئەکتیڤ)) دیوێکی تری سکەی گەندەڵییە. مەبەست لەگەندەڵی ئەکتیف هەر جۆرە پێشنیارێکی ئاراستە کراو یان بەڵێن دانی ئیمتیازی ماددی بە بەرپرسێکی دەوڵەتییە، لەبەرانبەر بە بەڵێنی ئەو کەسەد بۆ ئەنجامدان یان ئەنجام نەدانی ئەرکە فەرمییەکانی، گەندەڵیی لەپێناسەدا، ئەو گەندەڵییە دەگرێتەوە کە لەبڕگەی (ب) ماددەی ٦ی کونوانسیۆنی ئەمریکاییدا ئاماژەی پێدراوە. بەکورتی لە((گەندەڵی پاسیفدا)) کارمەند یان فەرمانبەری دەوڵەت یان ئەو کەسەی پلەو پایەی دەوڵەتی هەیە یان لەکەرتی گشتیدا رۆڵی سەرەکی هەیە، دەگرێتەوە هەر چەند ئەم پێناسە بەمانای پاکانەکردن بۆ لایەنی بەرانبەر واتە داواکارو مشتەری نییە، بەڵام لەگەندەڵی ئەکتیڤو چالاکدا ئەوە داواکارو مشتەرییە کە دەسپێشخەرە لەو تاوانەدا.

*- لەراستیدا ئاراستەکردنی داواکارییەکی ئەو تۆ، جیا لەوەی کە ئایا جێبەجێ بووە یان نا، تاوان بەئەژماردێت، قەبووڵ کردن یان وەرگرتنی هەر جۆرە ئیمتیاز یان بەرژەوەندی مادی لەلایەن کارمەند یان فەرمانبەرێکی دەوڵەتیەوە دەچێتە خانەی گەندەڵییەوە.





لەهەڵێنجانی ئەم دوو بەڵگەدا کە ئاماژەیان پێدرا، بۆتان دەردەکەوێت کە گەندەڵی بەشێوە گشتی هەمان بەرتیلدانو بەرتیل وەرگرتنە، ئەم مەسەلە لەسێ بەڵگەی گرنگی ئەوروپایی بۆ رووبەروو بوونەوە لەگەڵ گەندڵیدا ئاماژەی پێدراوە.

٣ـ کونواسیۆنی رووبەروو بوونەوە بۆ بەرتیل دان بە بەرپرسانی گشتی دەرەوە لەبازرگانی نێو نەتەوەییدا.[٣٢]

لەم کونوانسیۆنەدا کە لەبەرواری ٢١ نەوامبەری ساڵی ١٩٩٧ز لەلایەن وڵاتانی ئەندام لە((رێکخراوی هاوکاریو پەرپێدانی ئابووریەوە))* و پێنج وڵاتی (ئەرژانتین، بەرازیل، بولگاریا، چیلیو ئەسلۆڤاکی) کە ئەندام نین پەسەندکرا. تاوانی بەرتیل دان بە بەرپرسە گشتیەکانی دەرەوە بەم جۆرە پێناسە دەکات:

((هەر جۆرە پێشنیارو، بەڵێنێك یان بەخشینی هەر جۆرە ئیمتیازی مادیو غەیرە مادی بەشێوەی راستەو خۆ یان لەرێگای دەلالانەوە بە بەرپرسێکی فەرمیی دەوڵەتی (گشتی) دەرەکی یان لایەنی دووەم بەمەبەستی هاندانی ئەو بەرپرسە بەئەنجام دان یان خۆ بواردن لەجێبەجێ کردنی کارێکی تایبەت بەپێچەوانەی ئەرکە فەرمییەکانی بەمەبەستی بەدەستهێنان یان پاراستنی ئیمتیاز گەلی بازرگانیو جۆرەکانی تری ئیمتیازو بەرژەوەندیی نایاساییو نارەوا لەچالاکییە بازرگانییە نێو نەتەوەیەکاندا)) پێناسەی ئاماژە پێکراو لەم کونوانسیونەدا، دەقاو دەق لەگەڵ واتای گەندەڵی ئەکتیڤ یەك دەگرنەوە. تەنیا وە نەبێت کە لەپێناسەی کونوانسیۆن سەبارەت بەگەندەڵی پاشایی ئەو تاوانە گەیشتووتە نێو پەیوەندی بازرگانییە نێو نەتەوەییەکان.

* - OFCD

٤ـ کونوانسیۆنی مافی مەدەنی سەربارەت بەگەندەڵی[٣٣] لەم کونوانسیۆنەدا کە بەمەبەستی پێك هێنانی کۆ دەنگی پتر لەسیستەمە مافپەروەریەکانی وڵاتانی ئەوروپایی بۆ بەگژا چوونەوەی گەندەڵی ئامادە کراوە گەندەڵی بەم شێوە پێناسە کرا:

داواکاری، پێشنیار، بەخشین یان قەبووڵ کردنی بەرتیل یان هەر ئیمتیازێکی نایاسایی تر بەشێوەی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ کە ببێتە هۆی شێواندنو خراپ ئەنجام دانی کارەکان یان ئەو ئەرکانەی خراونەتە ئەستۆی بەرتیل خۆر یان ئیمتیازو قازانجی نایاسایی بۆ ئەو کەسە هەبێت.

بە گەندەڵی ناوبراوە بەم جۆرە ئامادەکارانی ئەم کونوانسیۆنە بەتێکەڵ کردنی «واتای گەندەڵی پاسیڤو گەندەڵی ئەکتیڤ پێناسەیەکی گشتگیریان خستۆتە روو.

٥ـ کونواسیۆنی مافی سزادان سەبارەت بەگەندەڵی[٣٤] (ئەنجومەنی ئەوروپاـ ساڵی ١٩٩٩).

کونوانسیۆنی مافی سزادان سەبارەت بەگەندەڵی، پۆلێن بەندی ووردتری لەگەندەڵی هێناوەتە ئاراوە، لەم بەڵگەدا، گەندەڵی لەژێر ناوی بەرتیل دانی بەردەوام بە بەرپرسانی فەرمیی ناوخۆیی، بەرتیل دانی بەیناو بەین (پاسیڤ) بەو بەرپرسانە، بەرتیل دان بەئەندامانی کۆمەڵە گشتیە نێو خۆیەکان، و بەرپرسە فەرمییەکانی دەرەکیو ئەندامانی کۆمەڵە گشتیە دەرەکییەکان، بەرتیل دانی ئەکتیڤو بەردەوام بەکەرتی تایبەت، بەرتیل دانی بەیناو بەین یان پاسیڤ لەکەرتی تایبەت. بەرتیل دان بە بەرپرسانی فەرمیی ڕێکخراوە نێو نەتەوەییەکانو ئەندامانی کۆمەڵە پەرلەمانیەکانی نێو نەتەوەیی، بەرتیل دان





بەدادوەرو بەرپرسانی دادگا نێونەتەوەیەکان، سوود وەرگرتن لەدەسەڵاتو تاوانی پەیوەندیدار بەقەبڵاندنو ژمێریاری، پێناسە کراوە.

٦ـ کونوانسیۆنی نێونەتەوەیی بۆ رووبەرروو بوونەوە لەگەڵ تاوانە گەڵاڵە بۆ داڕێژراوەکانی دەرەوەی وڵات[٣٥] لە(پالەرموـ ساڵی ٢٠٠٠).

ئەم کونوانسیۆنە یەکەمینو گرنگترین بەڵگەی چەند لایەنەی نێو نەتەوەییە کەسەرە ڕای بابەتەکانی تر، لەتاوانی گەندەڵی کۆڵیوەتەوە. پێناسەی ئاماژەپێکراو بۆ گەندەڵی لەم بەڵگەدا جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەو پێناسانەی بەڵگە ئەمریکیو ئەوروپایەکان خستوویانەتە روو نابینرێتو لەراستیدا کوێ هەڵبژێری ئەو بەڵگانەیە.

بەپێی برگەی یەکەمی (١) ماددەی هەشتەم (٨) لەو کونوانسیۆنەدا، گەندەڵی بریتییە لە:

أـ بەڵێنی بەخشین، پێشنیاری بەخشینی یان بەخشینی ئیمتیازی نایاسایی بە بەرپرسێکی گشتی (دەوڵەتی) بەشێوەی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ بۆ خۆی یان بۆ کەسێکی ترو دەزگایەکی تر بەمەبەستی هاندانی ئەو بەرپرسە بۆ ئەنجام دان یان خۆلادان لەجێبەجێ کردنی کارێك کە پەیوەندی بەئەرکە فەرمییەکانیەوە بێت.

ب ـ داواکاری یان قبووڵ کردنی ئیمتیازی نایاسایی لەلایەن بەرپرسێکی گشتی (دەوڵەتی) بەشێوەی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ، بۆ خۆی یان کەسێکی ترو دەزگایەکی تر بەمەبەستی ئەنجامدان یاخۆ بواردن لەجێبەجێکردنی کارێك هاوکات لەگەڵ ئەرکە فەرمییەکانی لەباتی ئەو بەرتیل خواردنەدا.

بەم جۆرە لەم کونوانسیۆنەدا واتای گەندەڵی زۆرتر لایەنی بەرتیلدانو بەرتیل وەرگرتن لەخۆ دەگرێت، بەڵام لەوانەیە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لەهەوڵی

ئەودا بێت کەپێناسەیەکی بەربلاوتر لەگەندەڵی بخاتە روو. بەڵگە بۆ ئەم بۆچوونە، ئەو وتوو وێژانەیە کە تائێستا لەماوەی کۆبوونەوەی سەرەتایی‌و کۆبوونەوەیەکی سەرەکی بۆ ئامادەکرنی کونوانسیۆنی تایبەت بۆ بەگژاچوونەوەی گەندەڵی هاتوونەتە ئاراوە.

**٧ـ واتای گەندەڵی لەکونوانسیۆنێك کە بۆ رووبەروو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵیدا لەئارادایە.**

سەرەرای بەرتیلدانی ئەکتیڤو بەرتیل دانی پاسیڤ بە بەرپرسانی فەرمیی نێو خۆیی‌و دەرەکی کە لەتەواوی بەڵگەیەکانی ناوچەیەکانی پێشین‌و هەروەها کونوانسیۆنی پالێرموو وەك نموونەی گەندەڵی خراونەتە ڕوو، کردەوەکانی خوارەوە وەك نموونەکانی تاوانی گەندەڵی لەبەرچاو گیراون کە بریتین لە:

- سوود وەرگرتنی خراپ (یان بازرگانی)[*] دەسەڵات لەلایەن خاوەن پلەو پایە گشتی‌و دەوڵەتییەکان.
- سوود وەرگرتنی خراپ یان پێشێلکردنی سامان‌و دارایی گشتی‌و دەوڵەتی بەهۆی خاوەن پلەو پایە گشتییەکان.
- شاردنەوەی داهاتی دەسکەوتوو لەئاکامی گەندەڵی.
- سوود وەرگرتنی خراپ لەبەر پرسایەتی بەمەبەستی بەرژەوەندیی تایبەت[**].
- پێکهێنانی سەروەت‌و سامانی نایاسایی لەرێگای سوود وەرگرتنی خراپ لەبەر پرسیارێتی‌و پلەو پایەی فەرمی.

---

[*]- Trading in inFluence

[**]-Abuse of  Function.



- سوود وەرگرتن لەزانیاری پۆلێن بەندی کراو یان نهێنی بەمەبەستی بەرژەوەندیی شەخسی.
- گۆڕانی نەخشەو پیلانی کارو سوود وەرگرتنی ناڕەوا لەسامانی گشتی[***].
- بەدەستهێنانی سوودە نایاسایی‌و ناڕەواکان.
- گەندەڵی (بەرتیل دان‌و بەرتیل وەرگرتن) لەکەرتی تایبەت.
- پاکانە بۆ ئەو پارەو داهاتانەی کە ئاکامی گەندەڵییە.
- تاوانەکانی پەیوەست بەقەبڵاندن‌و ژمێریارییەوە.[****]
- دەڵاڵی دەستێوەردان لەلایەن کەسانی نابەر پرسەوە.

## هۆکارەکانی گەندەڵی

سەبارەت بەهۆکارو سەرچاوەکانی گەندەڵی تا ئێستا باسی زۆری لێکراوەو ئەم هۆکارانە لەلایەن لێکۆڵەرانەوە لەژێر ناوی جۆر بەجۆرەوە پۆلێنبەندی کراون، ئەم پۆلێن بەندییە بەشێوەی سەرەکی لەدوو بەشی سەرەکیدا بەڵام لەژێر ناوی جۆراو جۆر ئاماژەی پێکراوە، هۆکاری پێکهاتەیی یان رێکخراوەیی‌و هۆکاری کەلتووری‌و کۆمەڵایەتی، نموونە گەلێکن کەزۆرترین پۆلێن بەندی لەبازنەی ئەم چەمکانەوە هاتووتە ئاراوە.

بەشێوەی گشتی، هۆکاری بنچینەیی هاتنە ئارای گەندەڵی‌و پەرەسەندنی گەندەڵی ئیداری پەیوەستن بەم خاڵانەی خوارەوە.

- دەسەڵاتی بەربلاوی دەوڵەت کە دەرفەتی بەرچاو بۆ هاتنە ئارای گەندەڵی ئیداری‌و ئابووری پێك دێنێت.

---

[***]- Account offences

[****]- Account offences

ـ لێپرسینەوەی لاوازکە لەخەرجی کەم دەکاتەوە پاڵنەرە لاوەکییەکانی کاربەدەستانی کەرتی دەوڵەتی دەبێتە هۆی ئەوە کە بەرژەوەندیی شەخسیو تایبەتمەندکردنی خزمەتگوزاریەکان جێگای خزمەتگوزاری گشتی بگرێتەوە.

گەندەڵی لەشوێنێکدا دێتە ئاراوە کە فەرمانبەرانی دەوڵەت لەدەسەڵاتی بەربلاوو واژوی زێرین سوود وەرگرن، هەرچەند جۆری ئەو چالاکیانەی کەفەرمانبەرانی دەوڵەتی لەژێر کۆنترۆڵو چاودێرییانەوە بێت زۆرتر بن بواری هاتنە ئارای گەندەڵی پتر دەبێت.

ڕێژەو بواری لێپرسینەوەی دارایی، پەیوەندییەکی ڕاستەو خۆی لەگەڵ گەندەڵیدا هەیە بەجۆرێك کە هەر چەندە، ئەگەری لێکۆڵینەوەو لێپرسینەوەو سزادان کەمتر بێت مەترسی هاتنە ئارای گەندەڵی پترە. پاڵنەرە لاوەکییەکان کە ئاکامی سیستەمی مووچەی نەگونجاون تێڕوانینی کارمەندانی دەوڵەت بۆ ئاستی مووچەیان لەچاو کەرتی تایبەتدا. دێنە ئاراوە. هەرچەندە مووچەو پاداشت لەبەرانبەر کارکردو دڵنیا بوون لەپیشەو پێشە گەرایی لەخزمەتگوزاری گشتیدا کەمتر بێت، ویستی فەرمانبەرانی دەوڵەتی بۆ خزمەتگوزاری بەخۆیان لەباتی خزمەتگوزاری بەخەڵك پتر دەبێت.

لەروانگەی ڕێکخراوییەوە، ڕێگا چارەکانی رووبە روو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵیدا پتر پەیوەستن بەدیاریکردنی پانتایی دەسەڵاتی دەوڵەتەوە بەهۆی کەم کردنەوەی رۆڵی دەوڵەت لەچالاکییە ئابووریەکانو باش کردنی سیستەمی قەبلاندنو ژمێریاری لەرێگای بەهێز کردنی شەفافییەتو چاودێریو سزادانو دروست کردنی پاڵنەرەکان لەرێگای پلان دانانی دووبارە لەسیستەمی دامەزراندن بۆ خزمەتگوزاری گشتی کورت دەبێتەوە.





**هۆکارەکانی کۆمەڵایەتی گەندەڵیش پتر لەم بوارانەدا خۆیان دەبێتەوە.**

- پەیڕەویی کردن لەپەیوەندییە شەخسیو خزمایەتییەکان لەباتی ڕەچاوکردنو پابەند بوون بەمەرجە ئوبژکتیڤەکان (عەینییەکان)
- ڕەوا بوونی دەوڵەت لەئاستیکی نزمدا.
- بالادەست بوونی حزبێك یان توێژێکی تایبەت لەدەست بژێرەکان بۆ ڕەوتی سیاسیو ئابووری.
- تێڕوانینە گشتییەکان لەبەرانبەر ڕەوتە فەرمییو سیاسییەکان، کاریگەری دەخاتە سەر ئاستی گەندەڵی، چەند هۆکارێك لەئارادان کەبوار بۆ کۆمەڵە یان کۆمەڵگاکان لەبار دەکات تا لەئاستی مەرجە فەرمییەکاندا چاو بنوقێنن.

لەبەشێکی زۆری کەلتوورەکان بەشێوەیەکی دیارو بەرچاو سەبارەت بەهەژاری یان ململانییەکان پشت بەوەفاداریو پەیوەندی شەخسیو خزمایەتی، نەژادی یان ئایینی، تەنانەت ناوەرۆکی ئابووریو کۆمەڵایەتی، پابەند بوون بەمەجە عەینییەکان (ئوبژکتیڤەکان) لاواز دەکات. لەراستیدا سیستەمەکانی سەر پەرشتی، هێمای کەرەستەی هاوبەشو باوی دابین کردنی ئیمتیاز لەرێگای تایبەتدان تا لەرێگای فەرمییەوە.

لەبوارەکانی تردا ڕەوا بوونی دەوڵەت لەئاستێکی نزمدا، بەهۆی دەسەڵاتخوازیو ناکاراییو وەك یەك نەبوونی کەلتوور یان ناچار بوون بەقەبووڵ کردنی، قەبووڵ کردنی مەرجە فەرمییەکان دژوار دەکات.

هەروەها بالادەست بوونی حزبێکی سیاسیو بێگانە زانینو دەرکردنی گروپە لاوەکیو پەخشو بڵاوەکان، بوار بۆ کارکردن لەدەرەوەی مەرجە فەرمییەکانی چەوساوانو دەرکراوان، فەراهەم دەکات.

ئەم تێبینیانە باس لەوە دەکەن کەزیاد بوونی زانیاری گشتی سەبارەت بەخەرجە زۆرەکانی گەندەڵی ئیداریو ئابووری بۆ پەرەپێدانی ئابووریو سیاسی ولات هەروەها ویستی گشتی خەڵك بۆ چاکسازی لەو بوارەدا پێویستە، بەجۆرێك کە بەوەرگرتنی یارمەتی لەهاوولاتیانو دەست بژێران، رووبەروو بوونە لەگەڵ گەندەڵی ئیداریو ئابووری لەسەرووی بەرنامە سیاسییەکاندا دادەنرێت.[٣٦]

## بەشی دووەم: گەندەڵی لەجیهانی سێهەم

لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسانە ناسیاسی سەبارەت بەدیاردەی گەندەڵی لەئاستی نێونەتەوەیی یان لەژمارەیەك ولاتی وێکچوو وەك ولاتانی جیهانی سێهەم تا ئێستا بەشێوەی گشتیو تێروتەسەل ئەنجام نەدراوە. رێکخراوی نێو نەتەوەیی کە لەم بوارەدا لێکۆڵینەوە دەکات بەهۆی جیاوازی جۆر بەجۆر لەنێوان ولاتاندا، بە لەبەر چاوگرتنی پێکهاتەو کەلتووری ئەو ولاتانە لەرووی ناچارییەوە تەنیا هەندێ پێوەری رەچاو کردووەو بەم پێیەش ئەم پێوەرە دیاریکراوانە بوونەتە هۆی کێشەو مشتو مڕ. کێشەی گەیشتن بەپێناسەیەکی هاوبەش بۆ گەندەڵی لەوانە: گەندەڵی ئیداری، سیاسی دارایی بەرجەستە ترین لایەنی ئەم جیاوازیانەیە. هەرچەند کە لەجیهانی پێکەوە بەسراو و گرێدراودا تا رادەیەك تەواوی بابەتە کۆمەلاتیو سیاسییەکان دەربڕی ئەو کێشەو گرفتە ناسراوو هەست پێکراوانەیە کەخراونەتە پەراوێزەوە. لەگەندەڵی سیاسیدا ئەم کێشە لاوەکییانە، بەشێوەیەکی تایبەت بەرینو بەربلاو لەئارادان بەهۆی ئەوەوە گەندەڵی سیاسی زۆرجار بەشێوەی دۆستانەو بەهۆی پەیوەندی نزیك پێکەوە گرێدراون، وە بەردەوام لەگەڵ کۆمپانیاو نووسینگە گەورەکانی بازرگانیدا،



رەواییو دروستی بەرچاوی هێناوەتە ئاراوە، ئەم پێناسە بۆ گەندەڵی سیاسی، هەندێ جار لەنێو پێناسەکانی تردا، بەتێگەیشتنێکی باشترو بەکورتی ((هەڵخڵەتاندنو دزین)) پێناسە دەکرێت.

بەئاراستەیەکی تر لەئاستی جیهاندا، بەهۆی دابڕانو نەبوونی پەیوەندی لەسیستەمی نێو نەتەوەییدا کە هەڵقولاوی نەتەوە سەروەری (دەوڵەت)و کێشەی دادوەری، وەك یەك نەبوونو نەگونجانو فرە دەنگی لەنێو رێکخراوە نێونەتەوەییەکاندا، دەربڕی بنەمای تیۆریو پێناسەی گەندەڵی لەشێوازە جیاوازکانو بوارەکانی تردا بووەتە هۆی ئەوە تا گەندەڵیی سیاسی تەنیا لەنێو ولاتێکدا شیاوی هەڵسەنگاندنو راڤەی راستو رەوا بێت.

سەرەڕای ئەوە پەیوەندی لەنێو ئەوەی کە گەندەڵییە، ئەوەش کە گەندەڵی نییە جیا ناکرێتەوەو دەست نیشان ناکرێت لەو شوێنەی کە گەندەڵی سەر هەڵئەدات زۆرجار مەحاڵە کەشێوازی سیاسی ئەو دیاردەیە لەشێوازەکانی تری جیابکەینەوەو بەروونیو ئاشکرا نیشانی بدەین.[٣٧]

بەم پێیەش، ولاتانی جیهانی سێهەم، تاتیبەتمەندی هاوبەشیان هەیە کە بە لەبەرچاوگرتنی لێکۆڵینەوە جیاوازو تایبەتیەکان لەئاستی دەوڵەتەکاندا دەکرێ ئاماژە بدەین بەهۆکارو کۆسپی هاوبەش لەنێو ئەم ولاتانەدا لێکۆڵینەوەو خوێندنەوە لەسەر ولاتانی جیهانی سێهەمدا، بوونی پەیوەندی راستەوخۆ لەنێوان ئاستە جۆر بەجۆرەکانی گەندەڵی دەردەخات، بەجۆرێك کە دەبنە هۆی گەشەسەندنی یەکتر. لەم بوارەدا ((هانتینگ تۆن)) دەڵێت: زۆربەی سیستەمە سیاسییەکان لەئاستی خوارەوەی ئیداریو دەسەلاتی سیاسیدا رووبەڕووی تەشەنە کردنی بەر بلاوی گەندەڵی دەبنەوە. بەم جۆرە رەوتی گەندەڵی لەئاستی خوارەوە بۆ ئاستەکانی سەرووتر، لەوانەیە بەپێی سیستەمی ولات، وەك خۆی

بمێنێتەوە یان کەم‌و زیاد بکات. بۆیە لەتەواوی بوارەکاندا، ڕێژەی گەندەڵی (واتە ڕێژەی نێونجی شتومەک‌و خزمەتگوزاری شەخسی کە لەئالوگۆڕێکی گەندەڵدا مامەڵە دەکرێت) وەك کەسێك کە پلەی سیاسی دەبڕێت لەوانەیە زیاد بکات.

ئەو لێکۆڵینەوە بەربلاوانەی کە سەبارەت بە بەرزو نزم بوونی ئاستی گەندەڵی ئەنجام دراون، نیشاندەری زەرەروو زیانی زۆر بەهۆی هەڵکشان‌و داکشانی گەندەڵی لەرووی پەرەسەندن‌و پێشکەوتنی ولاتدایە.

سەربارەت بەگەندەڵی خوار یان جۆری دووەم کەباس لەوە دەکات بەرتیل خۆری لەئاستی خوارەوە پارەیەکی زۆر کەم لەمامەڵەیەکدا لەخۆ دەگریت، سەلماندنی ئەم بانگەشە دژوارە بەڵام بە باشی دەکرێ بیسەلمێنی کە سەرەرای کەم بوونی مامەڵەی گەندەڵی خۆشکەر، بەهۆی بەربلاوی ئەم دیاردەوە، کارکردی گشتی سیستەمی یاسایی‌و ئیداری تووشی لێکترازان‌و پاشا گەردانی دەبێت.

بۆیە ناتوانی بلێی کە گەندەڵی لەم ئاستەدا لاوازترین کاریگەری دەبێت. کاتێك گەندەڵی تەواوی سیستەم لەخۆ بگرێت، نەتەنیا لەرێگای گەندەڵی بچووك لەئاستی خوارەوە، رێ لەدابینکردنی خزمەتگوزاری گشتی دەگیردرێت. بەڵکو ئەمە دەبێتە هۆی هەلپەرستی گەندەڵی زۆر لەئاستی سەرەوە.

جیاوازی گەندەڵی لەدوو جیهاندا (ولاتانی پێشکەوتوو دواکەوتوو)

سەرەرای گشتگیر بوونی دیاردەی گەندەڵی لەنێو دەوڵەتە جۆراو جۆرەکاندا لەوانە دەوڵەتە پێشکەوتوو دوا کەوتووەکاندا، گەندەڵی سیاسی‌و ئابووری لەولاتانی دوا کەوتوودا جیاواز ترە، ئەگەر گەندەڵی لەهەندێ ولاتدا وەك کەمو کورییەکی ئیداری بە ئەژمار دێت، لەولاتانی جیهانی سێهەمدا، گەندەڵی سیاسی‌و دارایی وەك یەکێك لەتایبەتمەندیەکانی دەوڵەت پێناسە دەکرێت.





رانت خوازی یان بەکورتی گەندەڵی بەردەوام لایەنێکی ناسراو لەکارکردنی دەوڵەتەکانی جیهانی سێهەمە، بۆ نموونە هەندێ لەدەوڵەتەکان بەهۆی ئەو ئیمتیازانەی کە بەزۆر دابین‌و بکاریان دەبەن، کەرتی تایبەت لەو چالاکییە سوودمەندانە بەرەو رانت خوازی‌و گەندەڵی بێ ئاکام بۆ کۆمەڵگا ناچار دەکەن‌و ناتوانن پێویستیە گشتییەکان پێشکەش بکەن شکی تێدا نییە کەهەموو دەوڵەتەکان لەقۆناغێك تووشی تاوانێکی ئەوتۆ دەبن.[٣٨] بەڵام دانانی راستییە تاقیکراوەکانی جیهانی سێهەم لەناوەندی گرنگ پێداندا، پێشاندەدات کە ئەمە رەوتێکی بەردەوامەو دەبێتە هۆی خێراتر بوونی خولی پووچەڵی گەندەڵی.

یەکێك لەو جیاوازییانە کەروون‌و ئاشکرایە، جیاوازییە لەپەرەسەندنی‌و بەربلاوی و کۆبوونی، پتری گەندەڵی لەئاستە جۆراو جۆرەکاندا. لێکۆڵینەوەکان پیشاندەدەن کە:

ـ لەولاتانی پێشەیی‌و دەوڵەمەندا، گەندەڵی پتر لەئاستی سەرووی دەسەڵاتدا، بەدیدەکرێت، لەکاتێکدا وا دەردەکەوێت کە لەولاتە پێشکەوتووەکاندا گەندەڵی تەواوی ئاستی ژیانی ئابووری‌و کۆمەلایەتی لەخۆ دەگرێت.

ـ لەولاتانی پێشنەکەوتوودا، کە دەسەلاتداران‌و حاکمانی ئەو ولاتانە بنەماڵەیی‌و خێڵەکین، وەك ولاتانی خاوەن نەوتی عەرەبی‌و هەندێ لەدەوڵەتە ئەفریقاییەکان، کە دەسەلاتیان لەدەستدایە، ئەم هەلو مەرجە سەبارەت بەو دەوڵەتانەی کەسیستەمی سەربازییان هەیەو تاقە حزبێکی دەسەلاتدار فەرمانڕەواییان دەکات بەراژەیەکی کەمتر بەرچاو دەکەوێت. لێکۆڵینەوەکان نیشاندەدەن کە لەم جۆرە دەوڵەتانەدا گەندەڵی لەئاستی خوارەوە بەشێوەیەکی

توندو تیژبەرەو رووی بوونەتەوە هەر بۆیە گەندەڵی جۆری دووەم لەو ولاَتانەدا کەمتر بەرچاو دەکەوێت.

جیاوازییەکی تر، ئەوەیە کە لەولاَتانی جیهانی سێهەمدا، روانگەیەکی ئاسایی ئەندێشانە بۆ گەندەڵی لەنێو فەرمانبەرانی دیوان سالاریداو تەنانەت کەلتووری گشتیدا لەئارادایە. ئەم حاڵەتە بۆتە هۆی رواندنەوەی ترسو دوو دڵی لەنێو کارمەنداندا و بەئاراستەیەکی تر خولی گەندەڵی توندترو فەراوانتر دەکات. لەبەرانبەردا لەنێو ولاَتانی جیهانی یەکەمدا، هەستیاری مەدەنی بەرادەیەکی زۆر لەئارادایە.

یاساکان، شێوازەکان، تێگەیشتنەکانو سیستەمە نۆرمییەکانو سیستەمی چاودێریو کونترۆڵو هەروەها سیستەمی سزادان سەبارەت بەگەندەڵی لەولاَتانی جیهانی یەکەمدا ئاشکرایەو هیچ بەربەستێك لەو بوارەدا نابینرێت ئەمە لەکاتێکدایە کە لەولاَتانی جیهانی سێهەمدا هەموو شتێك لەبازنەی شكو دوو دڵیدایە. ژیان لەپەراوێزی ئاسایشو لەناوچەی خۆڵەمێشیدا بەشێك لەژیانی بیرمەندانی سیاسیو دیوانسالارانی گرنگی ئیداری لەولاَتانی جیهانی سێهەمدایە، ئەم هەلومەرجە کەشو هەوای باش بۆ نهێنی کارانی گەندەڵی پێك دێنێت.

جیاوازییەکی تر دەگەرێتەوە بۆ پەیوەندی لەنێو ئاستە جۆراو جۆرەکانی گەندەڵیو خەسڵەتی ((گواستنەوەو بلاَوکردنەوە لەدەوڵەتانی جیهانی سێهەمدا)).

لەدەوڵەتانی جیهانی یەکەمدا گەندەڵی پتر لەچالاکی ئابووری حزبە گەورەکانو دەستە بژێرە سیاسییەکانو رۆڵی لەئاستی خوارەوەش کارتلەکانی (کۆمپانیا فرە نەتەوەییەکانی) جێی کردووەتەوە. لەئاستی خوارەوەش





بەرپرسانی دەوڵەتی بەجیاو بەشێوەی نهێنی ئەگەری کردەوەی گەندەڵئامێزیان لێی بەدیدەکرێت، بەلاَم پەیوەندییەکی ئاشکرای پێناسەکراو گشتگیر، لەم ئاستەدا بەرچاو ناکەوێت. کەچی لەولاَتانی جیهانی سێهەمدا بەئاسانی دەتوانی زەنجیرە پەیوەندییەکی سیستماتیكو دیاریکراو لەنێوان ئاستە جۆراو جۆرەکانی گەندەڵیدا ببینی.

گەندەڵی بەئاسانی لەسەرەوە بۆ خوارەوەو پێچەوانەشەوە دەگوازرێتەوە، هەروەها بەشێوەی هاوتەریب بلاَو دەبێتەوە لەم دوایانەدا بەشێك لەنووسراوەکانی لیکۆڵەرانی جیهانی یەکەم لەسەر تەشەنەسەندن و بلاَوبوونەوەی گەندەڵی لەجیهانی سێهەمداو لەرێگای کومپانیا فرە نەتەوەیەکاندا یان لەرێگای کومپانیا هەناردەکانی جیهانی یەکەم، ئاماژەیان داوە. داخوازی پورسانت لەرێگای کڕیارانی ولاَتانی جیهانی سێهەم، هەروەها وەرگرتنی پشك لەهەمبەر بەخشینی پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە بەکەسایەتییە سیاسییەکانو کۆمپانیا گەورەکانی رۆژئاوا، بەشێك لەرەوتی گەندەڵییان کەپەیوەندە بەهەردوو بەشەکانی جیهانەوە واتە جیهانی یەکەمو دووەم هەیە پێك هێناوە.[٣٩]

## پێوەرە جیهانییەکانو جیهانی سێهەم

رێکخراوی نێونەتەوەیی شەفافییەت*، بەمەبەستی بەرەو روو بەروو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵیدا دامەزرا[٤٠] ئەم رێکخراوە هەر دووساڵ جارێك کۆنفرانسێك لەژێر ناوی کۆنفرانسی نێونەتەوەیی رووبەروو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵیدا**

*- Trans parency ln Ternational.(Tl)

**- Cpl, corruption, perceptions index

دەبەستێت یەکەمین کۆنفراس لەساڵی ١٩٨١ بەشداری ٣٠ نوێنەر لەوڵاتانی جۆراو جۆری جیهان لەوڵاتی چیکدا بەڕێوە چوو بۆ یەکەم جار لەساڵی ١٩٩٥ دیاردەکانی گەندەڵی بڵاوکردەوە. ئەم ڕێکخراوە، دیاردەی گەندەڵی وەك دیاردەکانی تری ئابووری دەست نیشان کردو ناساندی، ((دیاردەی گەندەڵی)) ئاستی گەندەڵی لەسفرەوە تا ١٠ نیشاندەدات. بەم پێیە سفر زۆرترین گەندەڵیو ١٠ کەمترین گەندەڵی دەردەخات. وەك نموونە لەساڵی ٢٠٠١ز، فەنلاند بەرێژەی ٩/٩ کەمترین ئاستی گەندەڵیو بەنگلادیش بەرێژەی ٤/ـ زۆرترین گەندەڵییان لەنێو وڵاتانی جۆراو جۆری جیهاندا لەخوگرتووە.

بەپێی ئەو راپۆرتانەی کە بانکی جیهانی بڵاوی کردۆتەوە، لەساڵی ١٩٩٠ز تاوەکو ئێستا ئەو کتێبو وتارە جۆراو جۆرانەی کە بە ٤٤ زمانی زیندووی جیهان لەبواری گەندەڵیداو لەئاستی جیهانیدا بەچاپ گەشیتوون ٥٠٪ لەسەدیان ئنگلیزی، ١٣٪ فەرەنساویی، ١١٪ ئیسپانیایی، ٥٪ چینیو ١٧٪ تریان بەزمانەکانی تری جیهان چاپ کراون ئەمڕۆکە پتر لە١٤ ناوەندی جۆر بەجۆر لەئاستی نێونەتەوەییدا دەستیان داوەتە کۆکردنەوەی زانیاری هەمە چەشن لەبواری پێوانەکردن و دیاریکردنی رادەی گەندەڵیی دارایيو لەو بوارەدا سەرقاڵن. رێژەی گەندەڵی دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی پێکهێنەری گەندەڵی.

بەم مەبەستە رێکخراوی نێونەتەوەیی شەفافییەت لەساڵی ١٩٩٩ بەڵکۆڵینەوەیەك لەسەر ١٩ وڵات، دیاردەیەکی تری بەناوی ((دیاردەی بەرتیل دەران))* خستۆتە ڕوو. دیاردەی بەرتیلدەران بەپێچەوانەی دیاردەی گەندەڵی، لایەنی داواکاری بەرتیلو گەندەڵی هەڵدەسەنگێنێو ئاستی ئەو گەندەڵییە

---

*- BPI, Bribe payers index



دیاری دەکات. بەرای هەندێ لەئابووریناسان، لەتەواوی وڵاتەکاندا گەندەڵی بوونی هەیە، بەڵام رادەی گەندەڵی لەنێو وڵاتەکاندا جیاوازی هەیە، رێژەی ژمارەیی ئەم دیاردەیە بەگشتی رادەو ئاستی گەندەڵی بەرجەستە دەکات.

رادەی گەندەڵی بۆ وڵاتەکان وەك نەخۆشی ژێر پەنجە پێناسە کراوە کەدواکەوتن بۆ کۆنترۆڵ کردنو بەرگریکردن لەو دیاردەیە دەبێتە هۆی ئەوە کە وەك دیارەدەیەکی سیستەماتیك لەتەواوی رەهەندەکانی کۆمەڵگادا تەشەنە بکات کە دواجار رووبەروو بوونەوە لەگەڵ ئەو دیاردەدا ئاسان نییە. لەساڵی ١٩٩٩ سێ وڵاتی سوید، کەنەداو سەنگاپور بەرێژەی ٤/٩ـ ٢/٩ـ ١/٩ لەنێوان ٢١ وڵاتدا پاکترین وڵاتو رووسیا بەرێژەی ٤/٢ لەنێوان ٢١ وڵات گەندەڵترین وڵات بوون، لەساڵی ٢٠٠٠ز سێ وڵاتی. سەنگاپوور سویدو کەنەدا جاریکی تر لەنێو ئەو وڵاتانەدا پلەی یەکەم تا سێهەمیان وەك پاکترین وڵات لەو رێزبەندییەدا بەدەست هێنا. رووسیاش وەك جاری پێشوو بەرێژەی ٣/٢ وەك گەندەڵترین وڵات ئاماژەی پێدراوە. لەلایەکی ترەوە ئاستی بەرتیل دەران لەساڵەکانی ١٩٩٩ـ ٢٠٠٢ ئەوە نیشان دەدات کە وڵاتانی سوید، ئوسترالیا، کەنەدا، سویسراو نەمسا پاکترین وڵات بوونو زۆرترین گەندەڵیش لەرووسیە دایە.

سەبارەت بەلێکۆڵینەوە لەسەر گەندەڵیو پێوەرە پەیوەندیدارەکانی ئەو دیاردەیەو رێزبەندی وڵاتەکان بەهۆی رێکخراوی نێونەتەوەیی شەفافییەتەوە، لەنێوان ٣٣ وڵاتی جیهاندا، وڵاتانی، فەنلەند، ئیسلەند، دانیمارك، زلاندی نوێ، سەنگاپوورو سوید لەرێزی ئەو وڵاتانەدا بوون کە گەندەڵی تێدا بەدی نەکراوە کەچی وڵاتانی میانمار، پاراگوا، هاییتی، نەیجەریا، بەنگەلادیش، گەندەڵترین وڵات لەروانگەی بەرتیل دانو دزی بەئەژمار دێن.

ڕێکخراوی نێونەتەوەیی شەفافییەت لەدوایین راپۆرتی خۆی کە لەحەوتەمی ئەکتۆبەری ساڵی ٢٠٠٣ (شانزەی ڕەزبەری ١٣٨٣) کۆچی بڵاوی کردەوە وڵاتی ئێرانی لەرووی گەندەڵی ئابوورییەوە لەریزی ٨٧ داناوە کە ئەم پلە لەنێو ١٣٣ وڵاتدا رەچاو کراوە.*

پیتەر ئاگین، سەرپەرشتیاری ڕێکخراوی نێونەتەوەیی شەفافییەت لەپەیوەندی لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەم راپۆرتە، دەڵێت. ڕێژەی ئەم دوایانەی گەندەڵی ئاماژە بەو خاڵە دەدات کە گەندەڵی ئابووری لەوڵاتانی دەوڵەمەندا وەك ئەو وڵاتانەی کە لەهەژاریو دواکەوتویدا دەژین لەئاستیکی بەرزدا بەرچاو دەکەوێت. بەم بۆنەوە وڵاتانی پێشکەوتوو دەبێ نووسینگە نێونەتەوەییەکان ناچار بکەن تا بۆ ڕێگیری لەبەرتیل دان پەیماننامە نێونەتەوەیەکان رەچاو بکەنو بازرگانانیش پابەند بن بە بەڵینی تەواوی خۆیان بۆ ئەو پەیماننامە نێونەتەوەیە کە وڵاتانی ئەندام لەرێکخراوی هاوکاری ئابووریو پەرەسەندن پەسەندی کردووە. لەهەمانکاتدا پیتەر ئاگین دەڵێت، «دەرەجەو خاڵی ٩٠٪ لەوڵاتانی بەرەو پێشکەوتن لەپێوەری گەندەڵیی نێونەتەوەیی شەفافییەتدا لەژێر دەرەجەی پێنجدا بووە، ڕێژەی ١٠ بۆ پاکترین وڵات و ڕێژەی سفر بۆ گەندەڵترین وڵات لەبەرچاو گیراوە.

بەپێی قسەکانی پیتەر ئاگین، دەوڵەتانی وڵاتانی پێشکەوتوو دەبێ بۆ بەرەو روو لەگەڵ گەندەڵیدا بەرنامەیەکی هەمە لایەنەو دیاریکراو گەڵاڵە بکەن، بەڵام ئەوان بۆ وڵامدانەوە بەستراتیژی میللی دژ بەگەندەڵی پێویستیان بەیارمەتی خێراوپراکتیك هەیە. بۆ ئەوەی ئەم ڕێگا چارەو ستراتژیە بگاتە

*ـ رگ ـ پاشکۆی ١



ئامانج ئاگین دەڵێ کە هەر جۆرە پاڵپشتێك دەبێ بەهاوکاریو پشتگیری نێونەتەوەیی ئەنجام بدرێت. وڵاتانی یارمەتیدەرو ڕێکخراوە داراییە نێونەتەوەیەکان دەبێ یارمەتی ماڵیو دارایی خۆیان کە دەبێتە هۆی گەندەڵی لەوڵاتەکاندا راگرنو ناوی ئەو نووسینگانەی کە بەرتیل دەدەنو دەبنە هۆی گەندەڵی لەسەرتا سەر جیهاندا بڵاو بکەنەوە.

سەرپەرشتی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی شەفافییەت روونیکردەوە کە لەرێگای لێکۆڵینەوە لەنێو ١٣٣ وڵاتدا، ٧٠٪ لەسەدی ئەو وڵاتانەی کە دەرەجەی گەندەڵییان کەمتر لەپێنجە، گەندەڵی لەنێو سیاسەتمەدارانو بەر پرسەکانیاندا سەری هەڵداوەو ٥٠٪ لەسەدی وڵاتانی بەرەو پێشکەوتن کەرێژەی گەندەڵییان کەمتر لە(٣)یە لەئاستێکی بەرزدا تووشی گەندەڵین.

لارنیس گەرافت، سەرپەرشتی بەشی ئینگلترا لەرێکخراوی نێونەتەوەیی شەفافییەتدا لەپەیوەندی لەگەڵ دیاردە تازەکانی گەندەڵی دەڵێت: ئەمە دیاردانە ئەوەمان پێدەڵێن کە گەندەڵی تەنیا لەوڵاتانی هەژاردا گەشەی نەسەندووە بەڵکو لەوڵاتانی ئەورووپا، لەوانە: یۆنانو ئیتالیاو وڵاتانی خاوەن سەرچاوەی نەوت وەك نەیجەریا، ئەنگۆلاو ئازەربایجان، ئەندونزیا، قەزاقەستان، لیبیا، وینزوئیلاو عیراق بەتوندی جێگای مەترسییە.

بەپێی وتەکانی «گەرافت» بۆ گۆڕانی ئەم هەلومەرجە بەجۆرێك کە کەسانی ئاسایی بتوانن لەسامانی نەوتی وڵاتەکەیاندا بەشدار بن. ئەم ڕێکخراوە لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومییەکان لەتەواوی نووسینگە نێونەتەوەیە نەوتییەکان داوای کردووە کە رێژەی پارەدان بەدەوڵەتەکانو کۆمپانیا دەوڵەتییە نەوتییەکان بڵاو بکەنەوە، ئەم کارە دەبێتە هۆی ئەوە کەهاووڵاتیانو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و، وڵاتانێك وەك نەیجریا، ئانگۆلا، عیراق،

ئەندونزیا، کەزاغسان بتوانن وێنەیەکی روونو ئاشکرایان لەداهاتەکانی دەوڵەت هەبێت.

لەم رووەوە ئەوان دەتوانن لەدەوڵەتانی خۆیان پارە وەرگرن تا لەو شوێنانەی کە پارەی تەرخانکراوی دەوڵەت بەکار نابرێت لەباتی ئەوەی ون ببێت، و بۆ پرۆژە زۆر تێچوو بێ سوودەکان یان حیسابە نهێنییەکانی سیاسەتمەدارانو بەرپەرسانی گشتی بەکاربرێن، بۆ باشترکردنی سەرچاوە دەگمەنەکان سوودیا لێ وەربگرن.

گەرافت بەتیشك خستن لەسەر ئەم خاڵە کەحزبە سیاسییەکانو دادگاو پۆلیس وەك سێ شوێن کەپێویستیان بەزۆرترین چاکسازی هەیە، دەڵێت ئەم روانگە نیشاندەدات کە لەم شوێنانەدا بێ متمانەیی تەواو پەیوەستە بەحاکمەوە.

گەندەڵی وەك تایبەتمەندییەك لەلایەنەکانی تر جیا ناکرێتەوەو بەشێوەی رەوتێکی شاراوە لەنێو وڵاتانی جیهانی سێهەمدا دێتەئاراوە، رەنگە تێگەیشتنیو سەرۆك کۆماری زییەر (زەعیر) روونترین وتە لەبۆ رۆشنکردنەوەی ئەم حاڵەتە بێت، لێکۆڵینەوە لەسەر ئامارە بڵاو بووەکان لەلایەن رێکخراوی نێونەتەوەیی شەفافییەتەوە دەردەخات کە وڵاتانی جیهانی سێهەم بەدەست گەندەڵییەوە دەناڵن.

لەساڵی ٢٠٠٣ز- فنلەندا بە بەدەست هێنانی نمرەی ٩/٧ سالمترین سیستمی ئیداری لەو بوارەدایەو بەنگلادش بەرێژەی ١/٣ لەئاست ئەو دیاردەوە دوایین پلەی لەنێو ٣٣ وڵاتی جیهاندا بەرکەوتووە. بێجگە چەند وڵاتێکی پێشکەوتوو یان کەمتر پێشکەوتوو کەسەر بەوڵاتانی جیهانی سێهەم نینو بەهۆی فەکتەری مێژوویی، کەلتووری، پێکهاتەییو کۆمەڵایەتی پلەیەکی باشیان لەو





ریزبەندییەدا بەدەست نەهێناوە، هەندێ وڵاتی تر کە تازە سەربەخۆییان بەدەست هێناوەو لەهەلومەرجێکی وەك وڵاتانی جیهانی سێهەم لەروانگەی دیاردەی گەندەڵییەوە دەژین، هەڵسەنگاندنەکان بەشێوەیەکی بەتەواوەتی واتادار نیشاندەدەن کەرێژەی سەلامەتی ئیداری لەنێو وڵاتانی جیهانی سێهەمدا حاڵەتێکی زۆر خراپی هەیە.

سەبارەت بەریزبەندیی رێکخراوی شەفافییەتی نێو نەتەوەیی شروڤەی خوارەوە جێگای سەرنجە.

١- هەرچەند کێشەی گەندەڵی ئیداریو ئابووری، بابەتێکی کۆنە کەسەدان ساڵ پێشخراوەتە بەر لێکۆڵینەوە. بەڵام دەرفەتی کارو پلان دارشتن لەم بارەوە بابەتێکی تازەیە. لەراستیدا گەندەڵیی ئیداریو ئابووری چیتر حەرامکراو نییە کەنەتوانی باسی لەسەر بکەیو بەدانان بەو دیاردەیە وەك هۆکارێك لەگۆڕانکاری دەوڵەت یان سیستەمی سیاسی ناوی بەریت. لەهەلومەرجێکی وادا دامەزراوەو رێکخراوەکان بەمەبەستی راپرسی گشتی پێك دێنو چالاکی دەنوێنن. لەو راپرسیانەدا، لەو کەسانەی کەچاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە داوا دەکرێت کەبیرو ڕاو ئەزموونی خۆیان لەو بوارەدا بخەنە ڕوو.

٢- لەلێکۆڵینەوەی سایتی رێکخراوی غەیری دەوڵەتی شەفافییەتدا، زانیارییەکان ئاماژە بەوە دەدەن کەرێزبەندی وڵاتەکان لەساڵی ١٩٨٠ تاوەکو ئێستا بەپێی پێوەری ئەو رێکخراوە ئەنجام دراوە. لەیەکەم ساڵەکاندا. لێکۆڵینەوە سەبارەت بەنزیکەی ٥٠ وڵات ئەنجام دراوە بەڵام بەزیادبوونی ئەو دیاردەیە لەساڵی ٢٠٠٣دا ئەو لێکۆڵێتەوە ١٣٣ وڵاتی لەخۆگرتووە. لەم رێزبەندییەدا، پێگەی وڵاتەکان لەهەریەك لەو وڵاتانەدا ئاڵو گۆڕی بەسەرداهاتووە بە بۆچوونێکی تر دەرەنجامەکانی ئەو رێزبەندییانە، دەربڕی

گۆڕانکاری خێراو زۆری کەشی هەندێ لەولاتانی بەرەو پێشکەوتن لەو ڕیزبەندییەدایە بەپێی ڕیزبەندی ساڵی ١٩٩٧ز، هێند لەپلەی ٤٥ـ پاکستان ٤٨و رووسیا لەپلەی ٤٩ دایە. لەکاتێکدا لەریزبەندی ساڵی ٢٠٠٣ کۆماری ئیسلامی لەپلەی ٧٩، هێند ٨٣، پاکستان ٩٣و رووسیا ٨٦ی ئەو ڕیزبەندییە دان. ئەم ڕیزبەندییە لەلایەکەوە دەربری گۆڕانکاری لەو ڕیزبەندییە بەهۆی زۆر بوونی ئەو ولاتانەیە کەلێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکرێت لەلایەکی تریشەوە هەلومەرجی خراپتری ئەو ولاتانەیە بە بەراورد لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران لەریزبەندی ساڵی٢٠٠٣دا.

٣ـ لەپاڵ ئەو گۆڕانکارییانەدا، پلەوپایەی هەندێ لەولاتانی پێشکەوتوو وەك ئاڵمانو دانیمارك گۆڕانی ئەو تۆی بەسەر دانەهاتووە سەقامگیربوونی ئەو حاڵەتە لەروانگەیەکەوە دەرەنجامی نیهادینە بوونی چاودێری گشتیەو لەروانگەیەکی ترەوە دەگەرێتەوە بۆ کەم کردنەوەی دەستێوەردانی دەوڵەت لەکاروباری ئابووری لەئاستێکی کەمو لۆژیکیانەدا.

٤ـ بەپێی ئەو زانیاریانەی کە لەخشتەکاندا خراونەتەڕوو، ژمادەی پرسیار نامەکان لەساڵی ٢٠٠٣دا بۆ زۆربەی ولاتەکان سەرووی حەوت وەجبەیە کە ١٤ چواردە بواری لەخۆ گرتووە.

ئاشکرایە کەهەرچەندە راپرسییەکان جۆر بەجۆرو زۆرتر بن. ئاستی هەڵەی دەرەنجامەکان کەمتر دەبێت، بەبۆچوونێکی تر ئەو هەڵسەنگاندنانەی کە لەئاکامی راپرسییەکاندا بەئەنجام دراون واتە ئەو ولامانەی کەسەبارەت بەپرسیارەکان لەلایەن کەسانی جیا جیا دراوەتەوە، جیاوازییەکی زۆریان لەگەڵ یەکتردا هەیە. بەجۆرێك کە مەودای تا نێوەنج زیاد کردووە.[٤١]



٥ـ سەبارەت بەکەمو کوڕییەکانی ئەم راپرسییە ئەم خالانەی خوارەوە دەشی ئاماژەیان پێبدرێت.

١ـ٥ـ دابەشکردنی ژمارەیەك فۆرمی راپرسیو کۆکردنەوەی دەرنجامەکانو راگەیاندنی پلەو پایەی ولاتەکان لەئاست گەندەلیدا بۆ تەواوی ئەو ولاتانەی کە بەشێوەی یەکسانو بەبێ رەچاوکردنی ئاستی کەلتووریو کۆمەلایەتیو ئابووریو ئاستی پەرەسەندنیان دەرنجامێکی گشتگیر دەرناخات. لەحاڵەتی وادا کە لەو دەرەنجامانە بۆ بەراورد سوودیان لێ وەربگیرێت، شكو گومانی بەدواوە دەبێت. رەنگە لەم پەیوەندیەدا بێت کە بەرێوەبەرانی دەزگاکان دەڵێن رێکخراوی نێونەتەوەیی شەفافییەت بەدوای ئەم ئامانجە نییە کەکام ولات لەچاو ولاتێکی تردا گەندەڵی زۆرتری تێدایە. بەڵکو بەدوای ئەوە دایە کە تێگەیشتنی بازرگانانو سیاستمەدارانو خەڵکی ئاسایی هەر ولاتێك سەبارەت بەگەندەڵی خۆیان رابگەیەنێت. بەم پێیە هەوڵدان لەپێناوی باشکردنی کەشو هەوای راگەیاندنی راستو ڕەوا بۆ کارە بەئەنجام گەیشتووەکان دەتوانی کاریگەر بێت.

٢ـ٥ـ لەم ڕیزبەندیەدا لەچاو رادەی دەستێوەردانی دەوڵەتەکان لەئابووری ولاتدا، ئەركو چاوەنوارێ یاساییو داخوازی خەڵك لەدەوڵەتەکانو جیاوازی پێکهاتەییو.. هتد. گرنگی پێی نادرێت. بەئاراستەیەکی تر فرەییو دووبارە بوونی خاڵی هاوبەشی خەڵكو تێکۆشەرانی ئابووری لەگەڵ دەوڵەتدا، لەولاتێك وەك کۆماری ئیسلامی ئیران بە بەراود لەگەڵ ئەو ولاتە بچووکانەی کەداهاتی زۆری نەوتیان هەیە جیاوازە. سەرەرای ئەم کەمو کوڕییە ئاماریانە، لێکۆڵینەوەکان باس لەخراپی هەلومەج لەنێو دەوڵەتانی پێشنەکەتوودا دەکەن clfp[٤٢] لەلێکۆڵینەوەیەك کە سەبارەت بەگەندەڵی لەولاتانی جیهاندا کردوویەتی، دەرەنجامی وێکچووی دەرەنجامەکانی رێکخراوی نێونەتەوەیی

شەفافییەتی خستۆتەڕوو[*]. بەپێی پێوەرەکانی ئەم لێکۆڵینەوە نێوان ١ تا ٩ دەرەجە لەبەر چاوگیراوە، کە بەپێچەوانەی لێکۆڵینەوەی پێشتر، بەدەست هێنانی ڕێژەی بەرز دەربڕی گەندەڵی زۆرترە. ئەم لێکۆڵینە، نیشاندەدات کە وڵاتانی جیهانی سێهەم هەلومەرجێکی بەتەواوەتی خراپیان لەچاو وڵاتانی تردا هەیە.

دیاردەو هۆکاری گەندەڵی لەجیهانی سێهەمدا.

دواکەوتوویی‌و گەندەڵی وەك خولێکی بێ ئاکام، بەردەوام یەکتر بەهێز دەکەن‌و گەندەڵی سیاسی‌و ئابووری دەکەنە بەشێك لەتایبەتمەندییەکانی دەوڵەت.

لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو دەوڵەتانەی کە لەریزی پێشەوەی وڵاتانی تووشبووی گەندەڵیدان‌و دەوڵەتانی جیهانی سێهەم بەگشتی وەك پێویست سەرنجی ئەو دەوڵەتانە بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە رادەکێشێت.

١ـ گەندەڵی ئیداری بۆ گەشەکردنی ئابووری‌و بەهێزکردنی دەوڵەتانی جیهانی سێهەم‌و کۆمەڵگەکایان، ئاکامێکی پێچەوانەی هەیە، لەم ڕووەوە گرتنە بەری رێو شوێنی ڕووبەڕوو بوونەوەو پێشگرتن لەو دیاردەیە، گرنگ‌و پێویست هەڵدەسەنگێنرێت.

٢ـ هۆکارەکانی پێکهاتەی گەندەڵی ئیداری لەتەواوی وڵاتاندا، بەشێوەی سەرەکی لەسەر بنەمای بەربڵاوی قەوارەی دەوڵەت، راندومانی کەم‌و پاڵنەرە لاوازەکانی خزمەتگوزاری فەرمانبەرانی کەرتی دەوڵەتی راوەستاوە.

٣ـ گەندەڵی ئیداری، سەرچاوەی کۆمەڵایەتی‌و کەلتووریشی هەیە کەدەتوانین ئاماژە بدەین بەرادەی باڵادەست بوونی پەیوەندی لەسەر یاسادا، و

---

[*] ـ رك: پاشکۆی ٢





شێوەی پەیوەندیی خەڵك لەگەڵ حکوومەت‌و بیرو باوەڕی بەهادارو یاسایی سەبارەت بەگەندەڵی‌و دیاردەدە هاوشێوەکانی.

٤ـ گەندەڵی ئیداری، دیاردەیەکی حاشا هەڵنەگرو کۆن لەوڵاتانی جۆراو جۆر دایە، هەرچەند هۆکارو سەرچاوەکانی ئەو دیاردەیە بەرجەستە تر بوو‌بێت، گەندەڵی بەر فراوانترو زۆرتر دەبێت. روو بەروو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵیدا لەچەند قۆناغێکی کاتی شیاو بەپێی چۆنیەتی سەرهەڵدانی ئەو دیاردەیە جێبەجێ دەبێت.

تایبەتمەندکردن، ئامادەکردن‌و رەخساندنی بواری ململانی لەرەوتی فەراهەم کردن‌و دابەش کردنی کاڵا و خزمەتگوزاری، ئیمکانیاتی دەوڵەتی، باش کردنی رەوتی لێکۆڵینەوەی دارایی‌و ئاشکرا بوونی زانیارییە پەیوەندییە دارەکان بەیاساو رێساکانەوە، روونکردنەوەی ماڵی‌و دارایی‌و بۆدجە دارشتن، چەك کردنی سیستەمی باج‌و رێگری لەخۆ دزین لەباج، ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ پارە وەلانان، سزا دانی توندی ئەو کەسانەی کەتووشی تاوان‌و زیادکردنی مەترسی گەندەڵی ئیداری دەبن، بەهێزکردنی سیستەمی بەرێوەبەرایەتی دارایی‌و بەرێوەبەریەکانی لێکۆڵەری حەساب‌و چاودێری یاسایی‌و چاودێر گشتی‌و دواجار کەمکردنەوەی دەستێوەردانی دەوڵەت‌و زیادکردنی چاودێری لەوانە دارشتنی ئەو سیاسەتانەی کە دەبێ بەشێوەیەکی هەمە لایەنەو بەهاوکاری دەزگا پەیوەندیدارەکان جێبەجێ بکرێت. گەندەڵی جۆری یەکەم کە لەئاستی بیرمەندانی سیاسیدا، بەکارێکی سروشتی دانراوەو ئەو کەس‌و لایەنانەی کە بەتایبەت لەسیستەمە ناسەقامگیرەکاندا بەشێوەی کودەتا دەسەڵات دەگرنە دەستەوە، خێرا بەدوای سوود وەرگرتن لەدەرفەت‌و رانتە بەدەستهاتووەکانن بۆ مەبەستە شەخسی‌و سیاسییەکانیان.

دەستە واژەی ((من بۆ خۆمم)) لەلایەن ((لین کوان یۆ)) سەرۆك وەزیری سەنگاپورەوە هاتە ئاراوە. ((لێن کوان یۆ)) کە بەهۆی ئەو ئیمتیازە گرنگە تایبەتەوە کە لەمامەڵەی ئەم دوایەی ئا پارتمانە گەورەو بەشکۆکانی تایبەت بە بەرپرسە دەوڵەتییەکانەوە بەدەستی هێنا بوو، ئەو قسەیەی هێنا گۆری ((کوان یۆ)) لەروونکردنەوەی ئەو دەستە واژەدا، دەڵێ: ئەوە گۆرەپانێکی شیاو نییە. بەدڵنیاییەوە لەهەموو سیستەمە سیاسییەکاندا، هەندێ لە توخمی لایەنگرو پشتگیر یکەری بوارە تایبەتەکان وەدی دەکرێن بەتایبەت لەو شوێنانەی کە گەندەڵیو ئیمتیاز (رانت خوازی) ئاشکرا باوەو هەندێ شوێنو حەشارگەی بەرجەستەو دیار لەئارادان.[٤٣]

سیاسەتمەداران لەولاتی جیهانی سێهەمدا، بە لەبەرچاوگرتنی شێوەی بەدەسەلات گەیشتنیان کە زۆرجار ململانێ‌وکیبرکی راست رەوای سیاسی لەخۆ نەگرتووەو پاش گواستنەوەی دەسەلات لەرێگای میراتەوە بەهۆی کردەوەیەکی سەربازی دەستبەر دەبێت. بەجۆرێك خۆیان بەخاوەن داراییەکانی دەوڵەت دەزانن، دەکرێ بلێین، دەوڵەت لەروانگەیەکی بەتەواوەتی جیاواز، کەرەستەیەکە ئابووری بۆ دابین کردنی ئەو پارانەی کەسیاسەتمەداران بەدوایداو بەبێ ئەوەی خۆیان بەرپرسیار بزانن، خەرجی دەکەن. ئەم سیاسەتمەدارانە، بەشێك لەپاشماوەی ئەم پارانە لەنێو لایەنگرانو خزمانی کۆمەلایەتی خۆیان دابەش دەکەنو لەم رووەوە بەنابەر پرسایەتی خۆیان رەوایی دەبەخشن بۆیە سەرنجراکێش نییە کەکەرتی دەوڵەتی ئابووری کەسەردەمێك بۆ چاکسازی دیارەدی ناشیرینی کۆمپانیاکانی سەرمایەداری پێك هاتبوو، کەم کەم بوون بەدەزگایەکی رێگر لەبەردەم پێشکەوتندا. کە گەندەڵی نێوخۆیی، ناکارا بوونو دەسەلاتی نارەوای سیاسەتمەدارانو گەندەڵ کردنی سامانی ولاتانی لێکەوتەوە[٤٤]





لێکۆڵینەوەکان نیشاندەدەن، تایبەتمەندییەکانی جیهانی سێهەم هۆکارێکن بۆ هاتنە ئارای هەندێ لەتایبەتمەندیو گەندەڵیتایبەت بەولاتانی جیهانی سێهەم. چونکە لەنێو ولاتانی دەوڵەمەندو هەژاری جیهانی سێهەمدا هیچ جیاوازییەکی دیار لەرادەی گەندەڵی ئەواندا بەدی ناکرێت. رەنگە ولاتانی دەوڵەمەند تر گەندەڵی زۆرتریان پێوە دیار بێتو لەروانگەی دیموکراسییەتەوە خاوەن سیستەمێکی شیاو نەبن، ئەم گریمانەو بوونی پەیوەندییەکی پێچەوانە لەنێو گەشەسەندنو گەندەڵیدا جەختکردنەوەیە لەسەر ئەو جیاوازیانەی کەنێوان دارایی‌و گەشەسەندن لەئاست رادەی گەندڵییەوە بەرچاو دەکەوێت.

لەسەر تاسەری جیهانی سێهەمدا، ئەو ولاتانەی کەپێویستە دەوڵەمەندبن بەردەوام لەهەژاریو دواکەوتندان، ئەوە لەکاتێکدایە کە سەرچاوەیەکی زۆری کانزایی لەوانە: نەوت، ئەڵماس، زێرو.. لەو ولاتانەدا بوونی هەیە خەڵکی ئەنگۆلا (ئەنگۆلا) نایجەریا، غەزاعستانو ولاتاتی تر لەنێو هەژاریو نەداریدا پەلە قاژە دەکەن، لەکاتێکدا بەرپرسانی گەندەڵی ئەو ولاتانە لەو پەری خۆشیدان. پارەی ئەو ولاتانە کە دەبوا بۆ کەمکردنەوەی فەقیریو پەری پێدانی بواری ئابووری سوودی لێوەربگیردرێت ئەدزرێتو دەچێتە نێو گیرفانی بەرپرسانی گەندەڵی ئەو ولاتانە. کۆمپانیاکانی نەوتیو دەرهێنەری ماددە کانزایەکان رۆڵێکی گرنگ لەولاتانی بەرەو پێشکەوتن دەبینن. بۆ وێنە لەئەنگولا، نەوت ٩٠٪ بودجەی دەوڵەتی کەبری ٣تا ٥ میلیارد لەخۆ دەگرێت لانی کەم ١ ملیارد لەم داهاتە سالانە بزر دەبێتو دەدزرێت. پەیوەندییەکی نریك نێوان دەرهێنانو بەرهەمی سەرچاوە سروشتەکانو سەرکەوتنی رژێمە گەندەڵو زۆر دارەکاندا بەدی دەکرێت، چونکە داهاتێکی مسۆگەر فاکتەرێکە بۆ پاراستنی ئەو رژێمانە، ئەوانە بەبێ ئەوەی پێویستیان بەپشتگیری خەڵك

بێت، هاوولاتیان سەرکوت دەکەن‌و پێویستییە سەرەکییەکانی ئەوان لەوانە: تەندروستی‌و راهێنان‌و.. دەخەنە پشتگوێ.

ئەم کێشە بەتایبەت لەئەفریقادا زۆر بەرچاوە، تا ئەوە رادەیەکە کەبەشی سەرچاوە سروشتیەکان، نزیك بە٧٥٪ی بازرگانی ئەم کیشوەرانە (قارە)لەخۆ دەگرێت.

سیرالیون، چاد، کونگو، کۆماری دیموکراتیکی کۆنگو گینەی ئیستوایی گابۆن، نەیجەریا، و سودان بەگشتی ئەو ولاتانەن کە سەرچاوە سروشتییەکانیان. بەشێکی ئێجگار زۆر لەداهاتە دەولەتەکانیانان پێك دێنێت. لەهەمانکاتدا گەندەڵی لەو ولاتانەدا هاواری لێی هەلساوە، بەگشتی خەلکی ولاتە ئەفریقییەکان کە لەروانگەی سەرچاوەی سروشتیەوە زۆر دەولەمەندن یان سەرچاوەی سروشتیان نییەو نەدارن، هەردوو دەستە لەو ولاتانە لەهەژاری‌و نەداریدا وەك یەکن. بەلام ولاتانی دەولەمەندتر سیستەم‌و حکومەتی خراپتریان هەیە.[٤٥]

وا دەچێ کەئەم تیۆرە، فورمۆلێکی تا رادەیەك کارا بۆ تاوتوێ کردنی گەندەڵی لەنێو ولاتانی جیهانی سێهەمدا، هێناوە ئاراوە. قۆرخ کردن‌و بەرژەوەندیی شەخسی‌و دەسەلاتی شاراوە بەبێ لێپرسینەوەو ئاشکرا کردن دەبێتە هۆی گەندەڵی.

قۆرخکردن چ بەشێوەی دەولەتی بێت چ بەشێوەی شەخسی، بوار بۆ لایەنی پاوانخواز دەرەخسێنێ تا بەئارەزووی خۆی بەهای شمەك‌و خزمەتگوزاری دیاری بکات. بەئاراستەیەکی تر خزمەتگوزاری بەنرخێکی سەرووی نرخی خۆی‌و بەرێژەیەکی کەمتر لەرێژەی ویستراو سروشتی خۆی پێشکەش بکات. دەسەلاتی



نهێنی واتە: هەر فەرمانبەرێك دەتوانی لەبەرانبەر بەخوازە جۆراو جۆرەکان بەئەری‌و نەرێ یان چەندو چۆن، ولام بداتەوە.

بەبێ ئەوەی هیچ دەسەلاتێکی یاسایی بۆ سنووردار کردنی دەسەلاتی ئەو لەئارادا بێت. نەبوونی لێپرسینەوەو شەفافییەت نیشانەی خسلەتی نهێنی بوونە کە دواجار دەبێتە هۆی مامەلەی رەهاو دوور لەچاودێری.[٤٦]

## ناکارا بوونی سیستەماتیکی ولاتانی جیهانی سێهەم‌و دیاردەی گەندەڵی.

ولاتانی جیهانی سێهەم بەشێوەی سەرەکی لەگەل کێشەی ناکارا بووندا بەرەو رووبوونەتەوە. ناکارا بوون خۆی یەکێك لەهۆکارەکانی پەیوەندی گەندەڵئامێز لەنێو حاکمان‌و دەسەلاتداران دایە، لەم بارەوە لێکۆلینەوەی جۆراو جۆر سەبارەت بە پەیوەندی نێوان ناکارا بوون‌و گەندەڵیداو هەروەها دەولەتانی سەرکوتگەرو بێ مەسئولیەت لەگەل گەندەڵی داراییدا ئەنجام دراون.

لێکۆلینەوەیەك کە سەبارەت بە ١٥٠ بەرپرسی پلە بەرزی دەولەتی‌و نوێنەرانی کۆمەلگای مەدەنی ئەنجامدرا دەریخست کە ئەوان پێیان وایە: گەندەڵی دارایی لەبەشی دەولەتی‌و کێشەوگرفتی بنەرەتی‌و دەزگا دەولەتییەکانی پاسیڤ‌و ناکارا کۆسپی سەرەکی سەر رێگای پێشکەوتن بەئەژمار دێن.

لێکۆلینەوەیەکی تر کە لەلایەن ((کیفەر- ناك)) ئەنجام درا دەریخست کە دامەزراوە مەدنییە لاوازەکان، پەیوەندیەکی زۆریان لەگەل رادەی پەرەسەندنی گەندەڵی دارایدا هەیە.[٤٨]

بوونی مشتومڕی تیۆری نێوان بابەتی ناکارا بوون‌و گەندەڵی، تێگەشتنی جۆراو جۆری هێناوەتە ئاراوە، هەندێ کەس بوونی گەندەڵی لەرەوتی کارامە

کردنی دەوڵەتدا بەدیاردەیەکی حاشاهەڵنەگر دەزانن، هەندێ کەسی تریش پێیان وایە ناکارا بوون‌و گەندەڵی تەواوکەری یەکترن‌و بوونی یەکێکیان بوونی ئەویکە پێویست دەکات واتە ناکارا بوون هەم دەبێتە هۆی ئەوە کە گەندەڵی بێتە ئاراوەو پەرەبسێنێت هەم بەهۆی گەندەڵییەوە خۆشی پەرە بگرێت.

بەشێوەیەك کەپەرەسەندنی گەندەڵی دارایی لەیەك بواردا دەتوانێ ببێتە هۆی بڵاو بوونەوەی ئەو دیاردەیە لەبوارەکانی تردا.

بەڕێوەبەران‌و بەرپرسانی ژێر دەست‌و کەسانی تر، لەبەر ئەوەی بۆ کۆنترۆڵ کردنی کارو باریان بێجگە کردەوەی نایاسایی، ڕێگا چارەیەکی پراکتیکی تر بەدی ناکەن بەو هۆیەوە زۆرجار تووشی گەندەڵی دەبن لەلایەکی ترەوە. ئەگەر گەندەڵی دارایی لەوڵاتێکدا بڵاو ببێتەوەو باڵا دەست بێت. بەرپرسان‌و بەڕێوەبەرانی یاسا بەجۆرێك لاواز دەبن کە جارێکی تر توانای بەڕێوەبردنی کارو بارەکانیان نامێنێت لەئاکامی بەردەوامی ئەم ڕەوتەدا خەڵك بەم گریمانەوە کە بەڕێوەبەرانی لاوازو ناتەوان بۆیان نالوێ کەسانی گەندەڵ بخەنە ژێر چاودێری‌و بەدوا چوونەوە. پاڵنەرێکی زیاتر بۆ کردەوەی نایاسیی بەدەست دێنن، بەم جۆرە پاڵپشتی جێبەجێ‌کردن و کارایی یاساکان کەمتر دەبێتەوە.

هەر کاتێك خەڵك لەم باوەڕەدا بن کە کەسانێك کردەوەی نایاساین زۆر ئەنجام دەدەن‌و ناوەندە یاساییەکان لەبەرانبەردا لاواز بەرەو ڕوویان دەبنەوەو لەڕاستیدا جۆرێك ئاسوودەیی‌و بۆشایی بۆ ئەو تاقمە گەندەڵانە فەراهەمە، لەئاکامدا گەندەڵیی دارایی لەئاستێکی بەربڵاودا پەرە دەسێنێنت.

پێچەوانەی ئەم بۆ چوونەش ڕەوایە، کاتێك خەڵك پێیان وایە کە گەندەڵی دارایی‌و کردەوەی نایاسایی لەکۆمەڵگادا دەگمەنەو هەر بەسەرهەڵدانی ئەو دیاردەیە بە توندی ڕووبەڕووی دەبنەوە. ئەگەر سەرهەڵدانی گەندەڵی دارایی زۆر



کەمتر دەبێتەوە. هەردوو بۆ چوونەکە بەپێی ئەو بەڵگانەی کە لەوڵاتە پێشنەکەوتوو بەرەو پێشکەوتووەکاندا دەرکەوتوون دەربراون، بۆ نموونە هەندێ کەس پێیان وایە کە لەرەوتی ڕووبە ڕوو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵیدا، بەرزکردنەوەی ئاستی بەرپرسیارێتی سیستەمی ئیداری، بواری پێشکەوتن فەراهەم دەکات. مایرۆن واینەر سەبارەت بەسیاسەتەکانی هێند لەساڵی ١٩٦٢ دەنووسێت: چالاکییە ئابوورییەکان بەزۆری پەکیان کەوتبوو. ئایا ئەم ڕەوتە گونجاندنی ئەو چالاکیانە نییە کە لەرێگای بەخشین دەبێتە هۆی ئاڵۆزی‌و کەمتەرخەمی سیستەمی ئیداری.[٤٩]

((هانتینگتۆن)) لەگەڵ ئەم بۆچوونە نەبوو کە لەحاڵەتی گەشەسەندنی بواری ئابووری، خراپترین شت کە لەئارادایە بوونی کۆمەڵگایەکی ساختەو نارەوا هاوکات لەگەڵ چەقبەستوویی توندو دیوانسالاری پیلانگێرە کە لەپاڵ کۆمەڵگای سەخت‌و ئەستەمدا بەچەقبەستوویی توندوتۆڵ دیوانسالاری دەکەوێتە گەر.[٥٠]

کارا بوونی دەوڵەتەکان ناچاریان دەکات ملبدەن بەسەودای سیاسی دارایی لەگەڵ گروپە پاوانخوازو دەسەڵات ڕوشتووەکاندا. بەپێی لێکۆڵینەوەی بە بەڵگەو ورد کە ((هاکۆپیان)) سەبارەت بەدەوڵەتی ((میناس جەرایس)) ئەنجامی داوە، ئەوە دەردەخات کە پەیوەندی کۆن‌و نەریتی بنەماڵە خاوەندارەکان لەگەڵ دەوڵەتدا بەشێوەی پشتگیری سیاسی لەلایەن ئەو بنەماڵانەوە بۆ دەوڵەت لەبەرانبەر ئەو ئیمتیازانەی کە لەدەوڵەت‌و وەریدەگرن، نەتەنیا بەتێپەر بوونی کات لاواز نەبوو بەڵکو بەهێزتریش بوو، هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی ڕۆڵی دەوڵەت پاشماوەی بنەماڵەی ((میناس)) کە لەسەردەمی کۆندا دەسەڵاتیان بەدەستەوە بوو، کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی پۆستە سیاسییەکانی لەئاستی

رێبەرایەتیدا گرتبووە دەست لەبنەروتو سامانی دەوڵەتیش بەزۆری وەك سەرچاوەی سەرەکی دەسەڵاتو سەروەتو سامان سوودیان وەرگرت.

پێویستە بگوترێ کە نێوان ئەم پێکەوە ژیانەو مۆدیلی وەسپ کراو لەلێکۆڵینەوەی ((شیلی)) کە بەهۆی ((زاتیلینو راتکەلیفەوە)) خراوەتە ڕوو یەکێك لەباشترین لێکۆڵینەوە شروڤەکراوەکانە سەبارەت بەبیرمەندانی ئەمریکای لاتین، وێکچوونێکی سەرنجراکێش بەدی دەکرێت لەوڵاتی ((چیلی))دا ئولیگاریش شکستی نەهێناو پەیوەندییەکی پێکەوە ژیانی لەگەڵ دەزگای دەوڵەتدا پێك هێنا.

# بــــڕی گەندەڵـــی

## بەشی دووەم

بەپێی ئـەو لێکۆڵینەوەیـە کەسـەبارەت بەشـیلی خراوەتـە روو. بەرژەوەنـدیی یەکسانی کەرتە پیـشەیی‌و کـشت‌و کاڵییـەکان بـواری بـۆ زیـادکردنی کـۆنترۆڵ لەلایەن دەوڵەتەوە رەخساند.

رۆڵی سیاسـی‌و دیـاری بنەماڵـە خاوەنـدارەکان لەهاتنـە ئـارای ئـەم جۆشـو خرۆشـەی بـەرەی بیرمەنـدان بـووە هـۆی ئـەوە کەهەڵبـژێراوان‌و چـینی بیرمەنـد بەگشتی لەبەرانبەر گۆڕانکاری کەرتی کشتوکاڵ کۆسپ دروست بکەن هەروەها رێگـربن لەچەقبەسـتوویی یـەك لایەنـەی پیـشەیی بـوون بەشـێوەی وڵاتـانی رۆژهەڵاتی ئاسیا.[49]

تێکەڵبوونی ناکارایی‌و گەندەڵی لەوڵاتانی جیهـانی سـێهەم تیـۆرێکی لـێ کەوتەوە کەدواتر، هەندێ لەو دەوڵەتانەی کە لەهەوڵی جێبەجـێکردنی پرۆسـەی پەرەسەندن‌و پێشکەوتن بوون بەناچار دەدەستیان کرد بەجیاکردنـەوەی پیکهاتـە ئیداریـەکان‌و پێکهێنـانی پێکهاتـەو دامـەزراوەی کـۆنترۆڵ کـراو وبـی خـەوش لەپاڵی دامەزراوە کۆنەکاندا.

بۆ نموونە رووداوەکانی بـەرازیل دەربـری ئەوەیـە کـە ناتەوانـی لەهێنانـە دی گۆڕانکاری سیستەمی ئیداری بەگشتی رێبەرانی. سیاسی هاندەدات بۆ دروست کردنـی یەکـەی ئیـداری بـچووك‌و جیـاواز لـەژێر نـاوی ((بەسـتە نەختینـەکانی کـارایی)) کـە نۆرمـە گـشتگیرەکانی لەنێوسیـستەمی دامـەزرانـدنی وڵاتـدا بالادەست دەکردو دەبووە هۆی پێك هێنانی رێبازێکی خزمەت گوزاری گـشتی





بەمەبەسـتی بەرزکردنـەوەی جـۆش‌و خـرۆش گروپـەکان. هـەروەها ((دونێر))و((رامسای)) پێیان وایە تایلەندا لەدوو لق یان دووبـەش پێـك هـاتووە. کە رێکخراوە گەورو ئابووریەکانی وڵات لەڕوانگـەی سیاسـییەوە لەیـەك جیـان، لەوانە وەزارەتی دارایی‌و بانکی ناوەندی‌و ئەو دەزگانە کەئاراستەیەکی سیاسیان هەیە.[50]

دەوڵەتە سەرکوتکەرەکانی وڵاتانی جیهانی سێیەم بەتایبەت ئەو دەوڵەتانـەی کە لەرووی فرۆشی سامان‌و سەرچاوەکاندا هەژارن، تووشی جۆرێـك لەگەنـدەڵین کە بەشـێوەیەکی گـشتی‌و بەشـەفافیەتەوە بەرجەسـتە بـووەو بۆتـە خەسـلەتێکی بەردەوام بۆ ئەو دەوڵەتانە. دەوڵەتی زئێر نموونەیەکە لەو جۆرە دەوڵەتانە.

لەکۆتایی ساڵی ١٩٧٨ لـەپارێزگای (بانـدو نـدوی) وڵاتـی. زئـێر (زەعـیر) فەرمانبـەرێکی بـاجی دەوڵـەتی کـوژرا، لـەوەی کـە نیگـەرانی خـەڵکی زەئـێر سـەبارەت بـە سیـستەمی بـاجی ئـەو وڵاتـە ببـووە هـۆی کوشـت‌و بـڕ ئەوەنـدە سـەرنجڕاکێش نییـە، چـونکە سیـستەمی ئیـداری ئـەو وڵاتـە لەکۆنـەوە بـەدوای سیستەمی باج بووەو هێزی سەربازی وەك ئاشکراترین نوێنەری دەوڵەت، بژێوی خـۆی لـەگیرفانی خـەڵکی ئاسـایی دابـین دەکـات چـونکە بـەهۆی. نادیـارەوە، حکوومـەتی مۆبۆتـۆ هـیچ کاتێـك توانـای ئـەوەی نـەبووە کـە مووچـەی هێـزە سەربازییەکانی بەشێوەیەکی رێك‌و پێـك دابـین بکـات. ژۆزۆف مۆبۆتـو سـسکۆ هەر بەگرتنە دەسـتی دەسـەڵاتی وڵاتـی زەئـێر لەسـاڵی ١٩٦٥ لەگـەڵ دۆسـت‌و لایـەنگرانی دەسـت رۆیـشتوو لەدەزگاکانـدا کەوتـە چـەپاو تـاڵانی گەڵاڵـە بۆداڕێژراوی سـامانی ئـەو وڵاتـە لەوانـە قورقوشـم، ئـەڵماس‌و کـەبالت‌و تـوانی سەروەت‌و سامانێکی زۆر بۆخۆی کۆکاتەوە کەنەتەنیا لەژیانی شکوداری خـۆی لـەوڵاتی زەئـێردا بـەڵکو کۆشـکەکانی لەچـەندین وڵاتـی ئـەوروپاداو حەسـابە

سەرسوڕهێنەرەکانی لەبانکەکانی سویسرا نمەنەیەك بوو بۆئەو تالاّنە. خەڵکی زەئیر لەبەرانبەری ئەو باجەی کە دەیاندا بەدەسەڵاتداران، تەنانەت ئومێدیان بەوە نەمابوو کەدەوڵەت لانی کەم ژێرخانی ئابووری ببوژێنێتەوە، بۆ نموونە پاش ١٥ساڵ فەرمانڕەوایی مۆبۆتۆ، تۆری جادەکانی وڵات لەیەك پچراوەو بەپێی بەراوردێك کە کراوە لەکۆی ١٤٥هەزار کیلۆمەتر تۆڕی جادەکان تەنیا دوازدە هەزار کیلۆمەتر لەوجادانە ماوەتەوە.

لەسەرەتای دەسەڵاتی ٢٥ ساڵەی مۆبۆتۆ، بەرهەمی ناپوختەی. ئەو وڵاتە بەرێژەی ٢٪ کەم بووەو، ئەم وڵاتە کە لەڕووی سەرچاوە سروشتییەکانەوە دەوڵەمەندە، کەم کەم کەوتە ریزی فەقیر ترین وڵاتانی جیهانو خەڵکەکەی توشی نەداریو هەژارییەکی سەرسوڕهێنەر بوون کە نمونەی ئەو ژیانە نالەبارە تەنیا لەسەردەمی ئیستعماری بەلژیکدا وێنا دەکرا.

لەبەختی ڕەشی هاووڵاتیانی پاریزگای ((باندۆ ندوی)) دەوڵەت لەباتی چالاکی دروست کردنی ڕێگەو بان، هەوڵەکانی پتر لەبواری زەبرو زەنگو سەرکوت خستبوە گەڕ، کاردانەوەی دەوڵەت لەبەرانبەر کوژرانی فەرمانبەری وەرگرتنی باج، ناردنی دوو فەوج سەرباز بوو بۆ سەرخەڵکی ئاسایی کە ئەوکارە بووە هۆی کوشتنی ٧٠٠کەس لەخەڵکی ناوچەکە، پاش ماوەیەکی کورت ١٥پیاویان بەتاوانی سەرپەرشتی کردنی ئەو باندەی کە فەرمانبەری باجیان کوشتبوو لەسێ دارە دران.

ناکارا بوونی دەوڵەت بووە هۆی ئەوە کە دەوڵەتانی جیهانی سێهەم خەرجێکی زۆر بەرەو ڕوویان ببێتەوە. ئەم دیاردە دەبێتە هۆی دواکەوتنو وەستان لەجێبەجێکردنی پرۆژەکان لەلایەکی ترەوە پرۆژە ناتەواو درێژ خایەنەکان بوار بۆ دیاردەی گەندەڵی دەرەخسێنین.





بەرزبوونەوەی خەرجی پرۆژەکان دواجار زۆربەی ئەم چالاکییانە بەئاراستەی پرۆژە نائابورییەکان دەبات. پەیمانکارانی پرۆژەکان لەبەرانبەر کارە جێبەجێ نەکراوەکانیانداو کاری ژێر بەژێری لەگەڵ فەرمان بەرانی دەوڵەتدا بەشێك لەڕەوتی گەندەڵی پێك دێنن.

ناکارا بوون لەکڕینو فرۆشدا زۆرجار زیادوکەم کردنەوەکانی پرۆژە خزمەتگوزاریەکان بەرەو ڕووی سودو قاوانج ناکاتەوە لەم سیستەمەدا بژاردنی لایەنی زیادکەروکەم کەر لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی گشتی جێبەجێ ناکرێت بەڵکو ئەوکارە بەهۆی پەیوەندییە ناڕەواکانەوە ئەنجام دەدرێتو کارمەندانی پلەبەرزی دەوڵەت زۆر جار پەشکێك لەو بەرژەوەندییانە بۆ خۆیان ڕەچاو دەکەن.

دەوڵەتە لاوازو ناتەوانەکان بەزۆری دوو جۆر خەرج بەسەر بوارە ئابووریەکاندا دەسەپێنن. یەکەم ئەو خەرجانەی کە بەهۆی لەدەست دانی دەرفەت بۆ هاوئاهەنگیو پەیڕەوی کردن لە یاساگەلی شاراوەو ناجێگیر بەکار دەچێت. دووەم ئەوخەرجانەیە کە بۆ کارە نایاسایەکان سەرف دەبێت، تا یاساکان جێبەجێ نەبنو بەرپرسە دەوڵەتییەکان بۆ ئەنجام دانی کاری نایاسایی هانبدرێن لێرەدا دەبێ چاوەڕوانی ئەوەبین کە ئەوکەسانەی بەرتیلی زۆرتر دەدەنە بەرپرسانی دەوڵەت کێشەیان کەمترە. چونکە لەڕاستیدا ئامانجی ئەوان لەبەرتیل دان خۆدزینەوە لەیاساو ڕێساگەلی دەستو پاگیرە.

لەکاتێکدا ئەگەر دەوڵەت لاوازو ناتەوان بێت بەرتیل دان بەفەرمانبەران دەتوانێ ببێتە هۆی پێشکەوتنو باشتربوونی بوارە شەخسیو تایبەتیەکان هەرچۆنێك بێ دەبێ ئاگامان لەوە بێت کە بەردەوام بوونی گەندەڵی دارایی کارکردی دەوڵەت لەوەی کە هەیە خراپتری دەکات.

بەڵگەکان وا دەردەخەن کە بەرزبوونەوەی داهاتە کوتوپڕەکان لەوڵاتانی جیهانی سێهەم دەرەنجامی ئابووری نەخۆشو لاواز بوونی پێکهاتەی ئەو وڵاتانەیەو بەردەوام ڕەوتی گەندەڵئامێزی لەگەڵدایە. ئەم نموونانە لەوڵاتانی خاوەن نەوتی جیهانی سێهەم بەباشی دەبینرێت.

مەسەلەی گرنگ ئەوەیە کە دەوڵەتە لاوازەکان هەندێ جار لەحاڵەتێکی پارادۆکسدا دەژینو بەرز بوونەوەی سەرچاوە ماڵیو داراییەکان دەبێتە هۆی لەرزۆك بوونی دەسەڵاتی سیاسی ئەو حکومەتانە. کاتێك کە دەوڵەت لاواز دەبێت هیچ پاڵنەرێکی بۆ بەشداریکردن لەپێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی لادروست نابێتو هیچ کەس بیر لەکۆنترۆڵ کردنی کەرەستەکانی دەسەڵات ناکاتەوە.

هەرکاتێك حکومەتێکی لەو چەشنە (بوون بەخاوەنی) سامانو سەرچاوەی گەورەو پێشکەش کراو لەوانە یارمەتیە دەرەکییەکان یان سەرچاوەو سامانە کانزا نوێیەکان ئیدی سەروکەلەی کەسایەتی تازەی سیاسیو هەلپەرست دەردەکەوێت. ئەم کەسایەتیە تازەهەڵکەوتووانە خێرا پشکی خۆیان داوا دەکەن، یان بەهەر شێوەیەك کە بۆیان بلوێ هەوڵدەدەن بەڕێوەبەرایەتیی تەواوی حکومەت بخەنە ژێرچنگی خۆیانەوە. لەهەڵو مەرجێکی ناخۆشی وادا زۆر بوونی ڕێژەی سەروەتو سامانی وڵات ئەبێتە جێ مەترسیو دارایی خەڵکی ئاسایی بەزۆری دادەبەزێت.

لەڕاستیدا، توانای دەوڵەتێك بۆ ڕاکێشانی سامانو یارمەتیە داراییەکانی دەرەکی، دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی توانای سوودوەرگرتنی شەخسی چینی دەسەڵاتدار.



خاڵێکی گرنگی تر کە هەنوکە بەرۆکی زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێهەمی گرتووە،یەکگرتنی گەندەڵیو ناکارایی لەوەدی نەهاتنی داهاتە دەوڵەتیەکانە. لێکۆڵینەوەکان باس لەوەدەکەن کە ناکارابوونی دەوڵەت دەبێتە هۆی نەگەیشتنی داهاتەکانی دەوڵەتو بەشێك لەپەیوەندیە گەندەڵ ئامێزەکان لەوجۆرە دەوڵەتانەدا، خۆدزینەوە لەباجو گومرگە بەچەشنێك کەزۆربەی وڵاتانی بەرەو پێشکەوتن یان لەقۆناغی گواستنەوە، دەوڵەت توانای وەرگرتنی باجو داهاتە گومرگییە دیاریکراوەکانی نییە.

لەو وڵاتانەدا، گەندەڵی فەرمانبەرانی باجو کارمەندانی گومرگ دەبێتە هۆی لەدەست چوونی باجو ئەنجامدانی حساباتی ساختەو ناڕەوا، کە هەموو ئەمانە دواجار کەم بوونو نزم بوونی ڕێژەی داهاتی دەوڵەتی لێدەکەوێتەوە. لەڕەوتێکی ناسالمی ئاوادا کەم بوونەوەی داهات زۆر جار بەرز بوونەوەی نرخی دیاریکراوی باجی لێدەکەوێتەوە کە لەزۆر بواردا خەڵك لەدانی ئەو جۆرە باجە خۆگێل دەکەن.

بە لەبەرچاو گرتنی ئەو لێکۆڵینەوانە کە لەهەندێ وڵاتدا بەئەنجام گەیشتوون دەتوانی ئاستی کەمبوونەوەی داهاتەکان لەئاکامی بوونی گەندەڵیدا ببینی، بۆ وێنە بەرلەوەی هێزی سەربازی لەگامبیاوە (١٩٩٤) دەسەڵات بگرێتە دەستەوە. داهاتی بەردەوامی ئەو وڵاتەکە لەباجی گومرگو باجی داهات وەردەگیرا (٨ تا ٩٪) بەرهەمی ناپوختەی نیوخۆیی بوو. کە ٦ تا ٧ بە رابەری ئەو ڕێژەیە کە دەوڵەت بۆ بواری تەندروستی تەرخانی کردبوو ڕێژەی وەلانانی باج بەتەنیایی (٧٠٪)ی داهاتە دیاریکراوەکان بوو. لەلێکۆڵینەوەیەکدا کە لەساڵی ١٩٩٢ ئەنجامدرا: دەرکەوت کەتەنیا کۆمپانیا

بچووكو ناوەندییەكان ٤٠٪ باجیان لێی وەرگیراوەو زۆرێك لەخەڵك زانیاری دارایی خۆیان نەداوەتە دەستەوە.

هۆكاری سەرهەڵدانی ئەم جۆرە گەندەڵییە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی شێوازو مێتودی روون، هەروەها ئاشكرا نەبوونی نرخی فەرمیی ڕێژەی باج، سەرەڕای ئەوەش، هەركاتێك كارمەندانی دەوڵەت دەسەڵاتێكی بەربڵاویان پێبەخشرابێت، گەندەڵیی دارایی زۆرتر بووە لەئاكامدا لادانی باجو نزمبوونەوەی داهاتی بەدوادایە.

## گەورەیی دەوڵەتو گەندەڵی

یەكەم: گەورەیی دەوڵەت لەچەند روویەكەوە لەسەر گەندەڵی كاریگەری دادەنێت. یەكەم: گەورەیی دەوڵەت دەبێتە هۆی بەربڵاوی پانتایی دەسەڵاتو بەرپرسانی سیاسی لە ئاستێكی بەربڵاودا دەبنە خاوەن دەسەڵات ئەم رەوتە لەهەندێ وڵاتی جیهانی سێهەمدا بەجۆرێكە كە تاڕادەیەك رووبەری دەسەڵاتی كەرتی تایبەت لەگەڵ جۆرێك بەربەستو بواری ناتەواو بەرەوڕوو دەبێتە. بەڵگەكان نیشاندەدەن كە بەربڵاوی ئەركەكانی دەوڵەت بەبێ گومان دوودڵی هاتنە ئارای رانتەكانو ئیمكانیاتی گەندەڵئامێزی جۆراو جۆری لێ ئەكەوێتەوە.

دووەم: ئەم بەربڵاوییە دەبێتە هۆی دروست بوونی پێویستیی ناڕەواو دامەزراندنی كارمەند بۆ بەڕێوە بردنی ئەو ئەركانەی كە خراونەتە ئەستۆی دەوڵەت. بەگرتنەبەری ئەو رەوتانەی كە پێشتر ئاماژەیان پێكرا بەكردەوە فەرمانبەرانی لاواز و ئەو كەسانەی كە پەیوەندییان بە باندەكانی پشتگیریو خزمایەتییەوە هەیە لەدەزگاكانی دەوڵەتیدا دامەزراون. باسكردن سەبارەت



بەكارمەندانی ناكارا و كاریگەرییان بەسەر گەندەڵیدا پێشتر كەوتووەتە بەر لێكۆڵینەوە، بۆیە ئەم رەوتە دەبێتە هۆی زۆر بوونی گەندەڵی.

سێهەم: لەوەتای كە بەرپرسانی دەستەبژێرو بەرجەستە، زۆر جار لەلووتكەی پێكهاتەی سیاسی، ئابووریی دەوڵەتە پێشنەكەوتوەكاندا دانانرێن. گەورەیی دەوڵەت خۆبەخۆ دەبێتە هۆی پێكهێنانی بەڕێوەبەرایەتیو كۆنترۆڵی لاوازی كەرتی دەوڵەتیو دواجار لەئاكامی ئەو رەوتە دا، گەندەڵی دێتە ئاراوە.

تاقیكردنەوەكان نیشان دەدەن كە ئابوورییە چەقبەستووەكان، دەرفەتی زۆر بۆ هەلپەرستی فەراهەم دەكەن. ئەكیڤ بوونی گەندەڵی دارایی لەبەشی دەوڵەتیدا دەكری بەشێوازێكی ساكار بەم جۆرە نیشانبدەیت ((دەرفەتی گەندەڵیی دارایی)) پاشكۆیەك لەرێژەی ئەو ((رانتانەیە)) كە لەژێر دەسەڵاتی بەرپرسانی دەوڵەتیو هەروەها ئەو دەسەڵاتەی كە بەرپرسان لەتەرخانكردنی ئەو رانتانەدا هەیانەو ئەو ئەركەی كە بۆ بڕیار وەرگرتنی پێویست لەئەستۆیاندایە رانتە تایبەتەكان لەئابووری چەقبەستوو (كۆنترۆڵ كراودا) زۆر زۆرن. هەر وا كە باسكرا، گەندەڵی دارایی پێكهێنانی ریساكان وەك پێوستتیەیەك پتر دەردەخات لەو سیستەمە ئابووریانەی كە لەحاڵی تێپەر بووندان، رانتە ئابووریەكان گەلی زۆرن، چونكە ڕێژەی سامانو دارایی دەوڵەتیو شیاوی دابەش كردن زۆر زۆرە، هەروەها زۆربەی بەرپرسە ئیدارییەكان لەئابووری گەشەسەندو لەحاڵی گواستنەوەدا دەسەڵاتی بەربڵاویان هەیە. ئەم دەسەڵاتانە بەهۆی یاساو ڕێسا گەلی لاوازەوە، بەردەوام لەحاڵی گۆڕاندایەو بەشێوەی ناتەواو پەرە دەسێنێت، دواجار ئاستی بەرپرسایەتی لەو هەلومەرجەدا لاواز دەبێت.

گەورەیی دەوڵەت هەلومەرجێك دێنێتە ئاراوە كە بوونی دەوڵەت لەهەموو شوێنێكدا بەدی دەكرێتو خەڵك بەناچاری بۆ بژێوی ژیان بەردەوامو بەشێوەی

جۆراو جۆر لەگەڵ بەرپرسانو کارمەندانی دەربار لەپەیوەندیدان، پێویستیو پەیوەندی خەڵك بەدەوڵەتەوە لەروانگەی نەبوونی تەکنۆلۆژیای مۆدێرن لەسیستەمی ئیداریدا تارادەیەکی زۆر راستەوخۆو روو بەرووە. ئەم کارە هۆکاری سەرەکی دروست بوونی گەندەڵی جۆری دوەم لەولاتانی جیهانی سێهەمدایە. چەند تایبەتمەندییەکی تر دیوانسالاری پێشنەکەوتوودا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی گەندەڵی جۆری یەکەم و دووەم.

تایبەتمەندیی یەکەم: زیاد بوونە یەك لەدوای یەکەکانی بڕیاردان لەکەرتی دەوڵەتی لەباتی کەرتی تایبەتیدایە.

تایبەتمەندی دووەم: کەمکردنەوەی رۆڵی ناوەند لەجێبەجێ کردنی بڕیارەکاندایە کە دەبێتە هۆی زۆر بوونی ناوەندەکانی بڕیاردان. پەرەسەندنی ئەو بەرنامانەی کە لەپێناوی خۆشگوزەرانیدان و زۆر بوونی ئیمتیاز گەلی کەرتی دەوڵەتیو پەرەسەندنی یاساو رێساکان دەتوانی بەهەمان رێژە ببێتە هۆی پەرەسەندن لەگەندەڵی. ئەو کاتە لەگەڵ زیاد بوونی گرێبەستە شەخسیو تایبەتیەکانو خۆ دزینەوەی بەرپرسانی ناوچەیی لەژێر چاودێری دەوڵەتی ناوەندیدا ناوەندییەکی چالاكو لەوەش زیاتر بەر بڵاو لەگەندەڵی بۆ دەوڵەتەکان دێتە ئاراوە.[51]

ئەو بەڕێوەبەرانەی کە لەگەڵ سیستەمی گەندەڵئامێزدا تێکەڵ بوون هیچ کاتێك ئامادە نین پلەو پایەو دەسکەوتەکانیان دابەزینن، بۆیە دەبنە کۆسپێك لەبەرانبەر هەوڵە ریفۆرمخوازانەکانی دەوڵەت، ئەم کارە دەبێتە بەربەستێك لەبەردەم پروسەی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی بەڕێوەبەرانو چاك کردنی بواری ریفۆرمیستی دژ بەگەندەڵی.





## گەندەڵیو کاریگەری یاساو ڕێساکانی دەوڵەت

لاواز بوونی یاسا لەدوو ئاراستەوە کاریگەری دەخاتە سەر رەوتی گەندەڵی. یەکەم: لەرووی لاوازی یاسای گونجاو بۆ رووبە روو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵیدا. بە بۆچوونێك نەبوونی یاسای توکمەو یەکگرتوو دژ بە گەندەڵی هۆکارێکی سەرەکیو کاریگەر لەسەرهەڵدانو پەرەسەندنی گەندەڵیدا پاشان، یاساگەلی ناکارا لەبەشەکانی بازرگانی، دارایی، بانکی، تاپۆو رەهەندەکانی تری ئابووری، دەبنە حەشارگەیەك بۆ کەسانی گەندەڵو هێنانەدی گەندەڵی دارایی هەمیشە ئەم پرسە لەگۆڕێدایە کە ئایا گەندەڵی دارایی ئاکامی رێسا دەستو پێگیرەکانە یان ئەم رێسانە دەرئەنجامی گەندەڵین. هەندێ لەلێکۆڵەرەوان پێیان وایە کە رێسا گەلی دەستو پاگیر لەکەرتی دەوڵەتیدا، ئاکامی سیاسەتێکی گەلاڵە بۆ داڕێژراو لەلایەن دیوانسالاراندایە بۆ زیادکردنی مەیلی ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ بەرتیل بدەن.

بۆ وێنە، ((میردال)) بەپشت بەستن لەسەر زانیاری کۆمیتەی رێگیری کردن لەگەندەڵیی دارایی وڵاتی هیند کە لەساڵی ١٩٤٦ دامەزرا، بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە بەرپرسە گەندەڵەکان بەهۆی درکاندنەوە، لەپراکتیکدا دەبنە هۆی دواکەوتن لەجێبەجێ کردنی ئەرکەکان بەمەبەستی وەرگرتنی بەرتیلی زۆرتر.

لەروانگەی ((ونیتەرز)) ەوە زۆرترین بەرنگاری بەرانبەر بەچاکسازی لەبواری باجو غەرامەی وڵاتی ((ئەندونیزیا))دا بەهۆی خودی بەرپەرسانی باجو غەرامەوە هاتە ئاراوە. چونکە ئەو بەرپرسانە زۆرترین زەرەروزیانیان بەهۆی ئاسایی کردنو گشتگیر کردنی سیستەمی مالیاتەوە، بەر دەکەوت. ((فەلاتەرز))و مەك لێود بەتیشك خستن لەسەر کێشەی ئەندۆنیزیا، پێیان وایە کەفەرمانبەرانی وەرگرتنی باج لەبەرانبەر ئاسان بوونی رێساکانی سیستەمی باج بەسەر

داراییــداو داهــاتو شــێوازی بــاج وەرگــرتن، چــالاکانە لــەدژی ئــەو ڕەوتــە هەڵوێستیان وەرگرت، یاسا گـەلی غـەیری شـەفافو جـۆر بـەجۆر، هـەروەها دژ بەیەكو ناتەبا ڕێگا بۆ کارمەندانی پلە بەرزو نزمو هەلپەرست خۆش دەکـات تـا بەسوود وەرگرتنی خراپ لەو یاسایانە بتـوانن لـەپاڵی ئەوانـدا درێـژە بـەبوونی خۆیـان بـدەن، و دواجـار گەنـدەڵی وەك قەڵایـەکی پتـەو لەپێکهاتـەی دەوڵـەتی وڵاتانی جیهانی سێهەم بمێنێتەوە.

خەســارەتێکی ئاشــکرای ئــەو شــوێنەی کــە گەنــدەڵی تێــدا دەردەکــەوێ، جیاوازییەکـە لـەنێوان یاسـا فـەرمییو نافەرمیـەکانی حکوومـەتی لەکـەرتی دەوڵەتیـدا. هەرچـەند کـە وڵاتـان بەگـشتی پێویـستیان بەئاسـتێکی وەك یـەك لەیاساکانی دژ بەگەندەڵی داراییدا نییە.[٥٢]

یاسا لاوازەکان ڕەوابوونی کردەوەی گەندەڵ ئامێزو ئەگەری سـوود وەرگـرتن لەبەرژەوەندییەکانی نێو سیستەمی دەوڵەتی ئاسان دەکات، بـۆ نموونـە لـەوڵاتی ئەرجەنتینا، ئەو بەرپرسانەی کە پرۆسەی زیادکردنی ئاشکرا بۆ شەخسی کردنی پرۆژەی جـادە سـەرەکیو دوو سـایتەکانیان داڕشـت، دواجـار بەسـوود وەرگـرتن لـەلاوازی یاسـا بـوون بـەخاوەنی ئـەو پرۆژانـە. لـە ڤـەنزوێللا، کۆمپانیایـەکی ڕاوێژکاری ئەمریکایی پیلانی پرۆژەی شەخسی کردنی هێلی هـەوایی دەوڵـەتی داڕشــت، کەچــی پەیوەندییــەکی نزیکــی لەگــەڵ هێڵــی هــەوایی ((ئــەیبریای)) ئیسپانیادا هەبوو دواتر ئەیبریا سەرقاڵی دیاریکردنی بەهاو بایـەخی ئـەو هێڵـە هەواییە بوو. هەرچـەند پێـشتر نەخـشەی بەشـداری لـەزیادکاری بـۆ کڕینـی ئـەو کۆمپانیا لەبەر دەستدا بوو بەڵام دواجار توانی ئەو کۆمپانیا بکرێت.[٥٣]

کاتێك بەهۆی یاسا گەلی لاوازو ناکاراوە تەنانەت دەست بکرێت بـەریفۆرمو چاکسازی ئابووری، نەتەنیا ئەو چاکسازییە بەئەنجام ناگات بەڵکو ڕەوتێکی نوێ





پێـك دێـت کـەخودی ئـەو ڕەوتـە دەبێتـە هۆکارێـك بـۆ هاتنـە ئـارای گەنـدەڵی لەوڵاتانی پێشکەوتوو وپێشنەکەوتوودا. ئەزمـوونی موزامبیـك دەریـدەخات کـە ئەو چاکـسازییە گەڵاڵـە بـۆ داڕێـژراوە بەپێـچەوانەی ویـستی گەڵاڵـە داڕێـژەران گەنـدەڵی دارایـی زۆرتـر کـرد. لـەو چـاوپێکەوتنو گفتووگۆیانـەی کـە لەگـەڵ بەرپرسانی کەرتی تایبەتو نوێنەرانی کۆمپانیاکان لەساڵی ١٩٩٦ ئەنجامـدرا، دەرکـەوت کـە دیـاردەی گەنـدەڵی دارایـی تـەوەرێکی سـەرەکییە کـە لەسـاڵی (١٩٨٦)وە پەرەی سەندووە.

بەپێی ئەو بەڵگانەی کە لەبەر دەستدان، بەرتیل دان کەرەستەیەکە بۆ سوود وەرگرتن لەبەخشینو وەلانانی نایاسایی، کـە لەلایـەن فەرمانبەرانـەوە جێبەجـێ دەکرێـت. لەسـاڵی ١٩٩٥ کـەهیچ چاوپۆشـیو بەخـشینێك لـەئارادا نـەبوو، دەوڵەتی موزامبیك دەیتوانی ٤٩٪ لەداهاتی باجو غەرامە وەرگرێت. بەرپرسـە گومرگییەکان بەبێ فەرمانی کار کردنو شێوەیەکی دیـاریکراو، چاوپۆشـییان دەکرد لەوەرگرتنی باج تالەو ڕێگا و بتوانن نرخـی شمـەك پـتر لـەرادەی ئاسـایی خوی دانبێن بکەنەو نرخێکی زۆرتر بەمەبەستی وەرگرتنی بەرتیل ڕەچاو بکەن.

ڕادەی وەرگرتنی باج کـە بـۆ بەرهـەمی ناپوختـە نیوخـویی لەسـاڵی ١٩٩٣ ٢٠٪ دیاری کرابوو لەساڵی ١٩٩٤ بۆ ٦/ ١٧٪ دابـەزیو هـەروەها گـومرگی هاوردە لە(٥،١)٪وە بۆ ٩/ ٣٪ لەبەرهەمی ناپوختەی نیوخۆیی کـەم کرایـەوە. ((لـۆ)) لەلێکۆڵینەوەیـەکی جیـادا کـە لەسـاڵی ١٩٩٥ ئـەنجام درا، چـەندین پێشبینی تری لەبواری باج وەرگرتنو کەمو کوڕییـەکانی بەخـشینو وەدەرکـردن لەسیستەمی گومرگدا هێناوەتـە ئـاراوە بـۆ وێنـە لـەوڵاتانی مـاڵی، تـەنزانیاو زامبیا ئەو بەراوردانەی کە بۆ ئەگەری وەرگرتنی باج ئەنجام دەدران ٥٠٪ بـوون. دەبێ بزانین کە بـەراورد کـردن لـەنێو وڵاتـانی جـۆراو جـۆردا کـارێکی دژوارە.

بەڵام ئەو خاڵانەی کە ئاماژیان پێدرا نیشانەی ئەوەن کە نەبوونی سیستەمێکی ماڵیاتی بەهێزو ڕێکو پێك کێشەو گرفتی زۆر بۆ دەوڵەتەکانو هاتنە دی ئامانجەکانیان دروست دەکات. بەپێی لێکۆڵینەوەکانی ((پیری چەست))و ((سیتی)) لەساڵی ١٩٩٤ لەوڵاتانی جامائیکا، کینا، و پاکستان، بەو رادەیە کە ڕێژەی شتومەکی بەرکەوتووی بەخشراو لەباج زیاد دەکرێت، ڕێژەی باجی دیاریکراو لەسەر شمەکی ناوی زیاد دەبێت کە زانیاریو بەڵگەی بەردەست دروستی ئەم لێکۆڵینەوە دەسەلمێنن.[٥٤]

گەندەڵیو سیستەمی مووچەو حەقدەست.

حەقدەستو مووچەی کەم لەسیستەمی ئیداری وڵاتانی جیهانی سێهەمدا، یەکێك لەهۆکارەکانی سەرهەڵدانو پەرەسەندنی گەندەڵیی داراییە، کەم بوونی مووچەی فەرمانبەران لەوڵاتانی جیهانی سێهەم هەلومەرجێکی دێنێتە ئاراوە کە لەباشترین حاڵەتدا، کارمەندان، کەرتی دەوڵەتی وەك سەکۆیەك دەزانن بۆ بازدانو گورگرتنی چالاکییەکانی دوا ڕۆژی خۆیان لەکەرتی تایبەتدا.

وەرگرتنی مووچەی کەم لەلایەن فەرمانبەرانەوەو بەراوردی وزەو تواناکانی خۆیان لەگەڵ ئەو کەسانەی لەدەرەوەی سیستەمی دیوانسالاریدان، هۆی سەرەکی گەندەڵیو ئالوودە بوونی کارمەندانی پاكو بێ گەرد بەو دیاردە ناشیرینەیە لەوڵاتی پێشنەکەوتوودا، کارمەندانی دەوڵەت ئەگەر هەست بکەن کە مووچەو پلەوپایەی کۆمەڵایەتییان لەئاست تواناو شایستە بوونیانەوە کەمترە. مەیلی وەرگرتنی بەرتیل لایان دروست دەبێت، بەتایبەت لەکەرتی دەوڵەتیدا کە مووچە و داهاتیان لەئاست کەرتی تایبەتدا زۆر کەمترە.[٥٥]

گۆڤاری ((کۆکمین ئەیلێبۆ))ی ژمارە ٢٥ لەسپتەمبەری ساڵی ١٩٨٩ سەبارەت بەجیاوازیی بەرچاوی مووچەی کارمەندانی کەرتی دەوڵەتیو کەرت



تایبەت دەڵێت: ئاماری وەزارەتی بەڕێوەبەرێتی دەوڵەتی لەکوریادا، جەختدەکاتەوە لەسەر ئەم بابەتەو نیشانیدەدات کە لەساڵی ١٩٨٦ مووچەی کارمەندانی پلە بەرزی دەوڵەت تا ئاستی کەمتر لەنیوەی مووچەی بەڕێوەبەرانی کۆمپانیا گەورەکانی کەرتی تایبەت دابەزیوە.

لێکۆڵینەوەکان نیشانیدەدات کە سەرەڕای نەبوونی مووچەی باشو بایەخی کۆمەڵایەتی تەنیا پاڵنەری سەرەکی بۆ وەرگرتنی ئیشو کاری دەوڵەتی، پاڵنەری دابین بوونی ئاسایشی پیشەییە، ئەم حاڵەتەش بۆ راکێشانی ئەو کەسانە کە توانای پیلان دارشتنو جێبەجێ کردنی پرۆژە گشتیەکانیان بۆ پێکهێنانی گۆڕانکاری هەیەو پاڵنەری پێویست بۆ راکێشانی تاکەکان نییە. پیشەی دەوڵەتی لەباتی ئەوەی کەکارێکی دڵڕفێنەرو یەکگرتوو بێتو ((باشترینو لەبارترین کەس راکێشێت وەك ئەڵتەرناتیڤی دووەم بۆ ئەو کەسانەی لەمەترسی هەڵدێن یان ڕێگایەك بۆ بەدەست هێنانی ئەزموون بەمەبەستی گەیشتن بەکارو پیشە لەکەرتی تایبەت چاوی لێدەکرێت.

ئەو لێکۆڵینەوانەی کە ئەنجام دراون، نیشانیدەدەن کە لەوڵاتانی جیهانی سێهەم هەر کاتێك چاکسازییەك لەسیستەمی ئیداریو سیستەمی مووچەو حەق دەست ئەنجام درابێت، بەشێك لەڕێژەی ئەو گەندەڵییە باوە لەئاستی خوارەوەی ئیداری کەم بووەتەوە هەر بۆیە بەدوادا چوون لەسەر چاککردنی مووچەکان، پەیوەندییەکی راستەخۆی لەگەڵ کەم بوونەوەی ئاستی گەندڵیدا هەیە.

بۆ نموونە لەساڵی ١٩٨٠ دەوڵەتی کینا لەمیتۆدێکی داخراوی نێو خۆیی سوودی وەرگرتووە، تا بتوانی کاروباری داراییو گومرگی خۆی چاك بکات بەر لەوەی کە ئەو وڵاتە چاکسازی بکات، داهاتە ماڵیاتییەکانی ٤،٥٪ لەسەدی

بەرهەمی ناپوختەی نێو خۆیی بوو لەپاڵی ئەوەشدا گەندەڵیی داراییو قاچاخو کاری نایاسایی لەو پەڕی پەرەسەندندا بوو، مووچەی فەرمانبەران لەئاستێکی نزمدا بوو هەست بە بەرپرسایەتیی خەڵك زۆر کەم بوو. لەم کاتەدا دەوڵەتی کینا دەستی کرد بەجێبەجێ کردنی ریفۆرمی ئیداری. پاش جێبەجێ کردنی رەوتی چاکسازی کارمەندانی گەندەڵ لەکار لابران یان خانەنشین کران. حەقدەستو مەرجی کارو مووچەی کارمەندان زیاد کراو لەپاڵی ئەوەشدا سوود وەرگرتن لەو شێوازانەی کە دەبوون بەپاڵنەرو هاندەرو، پاداشتی شیاو بۆ کەسانی کارا لەبەر چاوگیرا. لەقۆناغی دواییدا سەرچاوەکانی داهاتی دەوڵەت ئاشکراو رێژەکەشی دیاریکراو پاداشێك بەرێژەی، ٥/٣٪ لەداهاتە مالیاتییەکانو ٥/٣٪ لەداهاتی گومرگی بۆ سیستەمی نوێ داهاتی وڵات رەچاو کرا.

نێوان ساڵەکانی ١٩٨٤و ١٩٨٨ کۆی داهاتە مالیاتیو گومرگییەکان لە٦/٦٪ وە بۆ ٣/١٢٪ بەرهەمی ناپوختەی نێوخۆیی زیاد کرا. چاکسازییەکانی ئەو وڵاتە دەربڕی گرنگی دان بەتێکەڵ کردنی شێوازی خوازراوی پارە دانو شێوەی دروستی هاندان بۆ کارا کردنی سیستەمی ئەو وڵاتەیە.

هەڵبەتە دەوڵەتی کینا لەجێبەجێ کردنی چاکسازیدا لەگەڵ کێشەو گرفتی زۆر بەروورو بووەوە. هەندێ لەکارمەندانی دەوڵەتی کینا لەبەرانبەر ئەو ئیمتیازە تایبەتانەی کە خرابوونەتە دەستی فەرمانبەرانو کارمەندانی باجو غەرامە نارازی بوونو وەزارەتی داراییش لەکەمبوونەوەی دەسەڵاتو ئیمتیازاتی خۆی گلەییو گازندەی دەکرد، هەرچۆنێك بێت رەوتی چاکسازی بەبێ پشتگیری هەم لایەنەی بەرپرسانی پلە بەرز بەهیچ جۆرێك جێبەجێ نەدەکرا.[٥٦]



نزم بوونی داهاتی سەرانە، ئابووری ناجێگیرو هەڵاوسان، گرانی ناراستو مووچەی کەمی کارمەندان، هەموو ئەمانە لەپاڵ بەرتیل خۆریدا باوترین شێوەی گەندەڵی بۆ وڵاتانی جیهانی سێهەم ئاسایی کردبووەوە، بەگشتی کەم بوونەوەی ئەو بڕە پارەیە کەدەدرا بەخەڵك بووە هۆی زیاد بوونی ئەگەری سەرهەڵدانی گەندەڵی. گۆڤاری ((کۆکمین ئەیلبۆ)) کە هەندێ لێکۆڵینەوەی بەرچاوی لەو بوارەدا بەئەنجام گەیاند بوو. دەریخست کە بەدوای گۆڕانی سیستەمی هاندان لەئیدارە دەوڵەتییەکان خولادانی هێزی ئینسانی کارای بۆ دامەزراندن لەئیدارە دەوڵەتییەکاندا ئاڵو گۆڕی بەسەرهات، نیگەرانی سەبارەت بەسەرهەڵدانی گەندەڵیو کارە نایاساییەکانی تر لەو ئیدارانەدا وەك راستیەك پتر دەرکەوت.

لێکۆڵینەوە لەوڵاتانی پێشنەکوتوودا نیشاندەدات کە ئەگەر چۆنی یەتی کاری دەوڵەتی کەم ببێتەوە لەتوانای دەزگاکانی دەوڵەت بۆ نواندنی ئەو رۆڵەی کە لەئەستۆیانە کەم دەکاتەوە.

دابەزینی کارایی دەوڵەت ئەو تێڕوانینە بەهێز دەکات کە بوونی دەوڵەت پێویست نییەو وەك مشەخۆر وایە، بەم جۆرە بایەخی کۆمەڵایەتی دەوڵەت کەم دەبێتەوەو سەلماندنو راستی سەرمایە گوزاری لەبواری مووچەی کارمەندانی دەوڵەتدا دژوار دەکات، لەئاکامدا رەوتی ناخوازراو و ناخۆشی هەڵوەشان دەکەوێتە گەڕ[٥٧].

دیاردەیەکی تری کەم بوونی حەقدەستو مووچەی کارمەندانی دەوڵەت، راکێشانو دامەزراندنی هێزە لاوازو ناکارامەکانە لەسیستەمی ئیداریدا. ئەم هێزانە خۆبەخۆ جۆرێك لەو رەوتە گەندەڵییە تەواوترو گەندەڵی ژێر ژێرەکی یان

نهێنی بەهێز دەکەن. ئەم هێزانە بەمووچەیەکی کەمەوەو بەهۆی ناکارا بوونیانەوە، بواری گەندەڵی لەسیستەمی دەوڵەتیدا پێك دێنن.

ریج گیهیمو ویدر[*] لەساڵی ۱۹۹۷ بەهۆی لێکۆڵینەوەکانیانەوە بەو ئاکامە گەیشتوون کەئاستی مووچەی کارمەندانی لەکەرتی دەوڵەتیدا تاچ رادەیەك لەگەڵ رێژەی گەندەڵی داراییدا پەیوەندی هەیە. بابەتی سەرەکی ئەوان ئەوەیە کە کەم بوونی مووچەو حەقدەست، بەرپرسانی دەوڵەتی ناچار دەکات کە داهاتی خۆیان بەهۆی وەرگرتنی بەرتیلەوە بەرز بکەنەوە.

لەنموونەیەکی ئاماریدا کە لە ۲۸ وڵات پێکهاتووە، بەم ئەنجام گەیشتن کە مووچەو حەقدەست لەکەرتی دەوڵەتیدا، لەئاست ئەو مووچەو حەقدەستەی کە لەکەرتی تایبەتدا بەدی دەکرێت. کاریگەریەکی زۆر نیگاتیڤی هەیە لەسەر ئاستی گەندەڵی داراییدا.[٥٨] لەم چوارەچێوەدا، نەداری لەوڵاتانی باشوورو بەرەو پێشکەوتندا، بواری شیاوی بۆ گەندەڵی هێناوەتە دی. بەشێکی زۆر کەم لەخەڵك بەشێوەی نایاسایی‌و بەهۆی چالاکییە بێ بەرهەمەکانەوە خێرا دەوڵەمەند دەبن. لەکاتێکدا زۆرینەی خەڵك لەنەداری‌و چارە رەشیدا دەژین.

لەم سەروبەندەدا، کارمەندانی دەوڵەت یەکەم دەستەی قوربانی ئەو هەلومەرجەن، چونکە گرانی ئاستی کڕین‌و دابین کردنی پێویستییەکانیان دادەبەزێنێت‌و خاوەن کارەکەیان کە دەوڵەتە توانای زیادکردنی مووچەی بۆ فەرمانبەرانی نییە.

ئەم کارە تا رادەیەکی زۆر نیشاندەدات کە بۆچی ناوەندی سەرەکی گەندەڵی لەئیدارە دەوڵەتیەکاندایە.[٤٧]

---

[*] - Rijckeghem and weder



گەندەڵی‌و دەزگای دادوەری.

دەزگای دادوەری دەوڵەت لەوڵاتانی جیهانی سێهەمدا بەشێوەی سەرەکی بەشێکین لەرەوتی گەندەڵی سیاسی‌و دارایی‌و وەك بەشێکی تەواوکەر بۆ گەندەڵی لەپاڵ دەزگاکانی بەڕێوەبردندا، رەوتی گەندەڵی ئاڵۆزتر دەکات. دەزگای دادوەری لەدوو رووەوە کاریگەری قووڵ‌و بەردەوامی بەسەر گەندەڵیدا هەیە. ڕوانگەی یەکەم لەرووی چاوپۆشی کردنی ئەو دەزگایەوە بۆ لێکۆڵینەوە سەبارەت بەسەر پێچییەکان کە دەبێتە هۆی بێ باکی‌و درێژە پێدان بەگەندەڵی لەلابوون کەسانی گەندەڵییەوە.

روانگەی دووەم: گەندەڵ بوونی کارمەندانی دەزگای دادوەرییە کە بەهۆی دەستێوەردان لەلێکۆڵینەوە سەبارەت بەخەڵکانی گەندەڵ یان گوێنەدان بەتاوان‌و فایلی گەندەڵی بەشێك لەزنجیرە کارمەندانی گەندەڵ پێك دێنێ.

لەوڵاتانی جیهانی سێهەمدا، سیاسی بوونی کاری دادوەرەکان بەبیانووی گەندەڵییەوە، لەکێشەی رەوتی سیاسی‌و بەربەستێکە لەبەردەم پرۆسەی بەگژاچوونەوەی گەندەڵی. دیاردەی بەرەو روو بوونی لایەنە سیاسییەکان لەوڵاتانی جیهانی سێهەمداو رەکەبەری بۆ وەدەست هێنانی دەسەڵات لەنێو فایلەکانی روو بەروو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵیدا، کارێکی ئاشکرایەو پتر وەك میتوارێك لەو وڵاتانەدا باسی لەسەر دەکرێت.

لێکۆڵینەوەکان وا دەردەخەن کە بوونی سیستەمێکی گەندەڵ بۆ سیستەمە سیاسی‌و گشتییەکان، خەرجی زۆرتر لەخۆ دەگرێت، چونکە ناتوانێ رۆڵی، پارێزەرانەی خۆی لەپێناوی بەهاکانی یاسای بنەڕەتی یان چاودێری بەسەر بەشەکانی تری دەوڵەتدا بەتەواوەتی جێبەجێ بکات. بەسەرنجدان لەم مەسەلە کە ئەرکی پاراستنی یاسای بنەڕەتی‌و کۆنترۆڵی بەشەکانی تری دەوڵەت کە

لەگەڵ داهاتو خەرجکردندا پەیوەندی هەیە لەئەستۆی دەزگای دادوەرییە. بەم جۆرە جێبەجێ کردنی ئەم کارە هاوکاتە لەگەڵ ڕۆڵی گرنگی دەزگاکانی دادوەری کە لەسیستەمە دکتاتۆرییەکانی وڵاتانی پێشنەکەوتوودا بەزۆری بەدی ناکرێت.[٦٠]

هەر جۆرە هەڵسو کەوتێ دەوڵەت بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵیدا بەبێ دەزگایەکی دادوەریی پاکو دروست مەیسەر نابێت. جێبەجێکردنی یاسا گەلی دژ بەگەندەڵی پێویستی بەبوونی دەزگایەکی دادوەری کارا، دووربینو بەرپرسیارە. لەم ساڵانەی دواییدا بانکی جیهانی ئەزموونێکی لەچاکسازی دەزگای دادوەریدا، بەتایبەت لەئەمریکایی لاتینو ئەفریقیادا بەدەست هێناوەو بواری بۆ کاری هاوشێوە لەناوچەکانی تردا فەراهەم کردووە. پشتگیری بانکی جیهانی لەچاکسازی دادوەری، لەسەر سەربەخۆیی دەزگای دادوەری لەوانە: دیاریکردنی پێوەری گونجاو بۆ دانانو لابردنی دادوەرەکان، ڕێژەی مووچە، ڕاهێنانی پراکتیکیو ئاکاری دادوەری، چاکسازی بەڕێوەبردنی ڕەوتی دادوەریو کۆنترۆڵی دادگاکانو، چاکسازی شێوەی بەڕێوەبردنی لێکۆڵینەوە لەدادگادا بەهۆی کەم کردنەوەی پەیوەندی نێوان دادوەر ولایەنێکیشەو گرفتەکانو فەراهەم کردنی دەرفەتی دەست گەیشتنی پتر بۆناو دەزگاکانی دادوەری، لەرێگای دادگا. بچووکەکانەوەو مکانیزمی دۆزینەوەی ڕێگا چارە بۆ لابردنی ناکۆکییەکان، بەئەنجام گەیاندنی یارمەتییە یاساییەکان، فێرکردنی یاساو مەرجەکانی ڕۆشتن بۆ دادگا، چەقی بەستووە، لەزۆربەی وڵاتاندا پێویستە ڕێگا گەلێك بۆ ڕووبە ڕووبوونەوە لەگەڵ گەندەڵی دارایی کارمەندانی دادگا، لەوانە پارێزەری دەزگای دادوەری بێتە ئاراوە.[٦١] وڵاتانی جیهانی سێهەم کەپیلانی ڕووبە ڕوو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵیان خستۆتە نێو بەرنامەی کاری خۆیانەوە، سەرەتا



دەستیان کرد بەرێکخستنەوەی دەزگای دادوەری چالاك کارا بۆ جێبەجێ کردنی پیلانی ڕوو بەڕوو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵیداو لەم ڕێگاوە پاڵپشتێکیان بۆ ئەنجامدانی ئەم کارانە پێك هێنا. ئەگەر دەزگای دادوەری گەندەڵ بێت دابین کردنی بەرێوەبەرایەتییەکی ڕاستگۆو متمانە پێکراو لەدەوڵەتدا دژوارە، گرنگتر لەوەش ئەوەیە کە قوربانیانی دەستی گەندەڵی بەرپرسان شوێنێکیان بۆ سکاڵا کردن لەبەردەمدا نییەو لەبەرانبەردا خەڵکی بێ بڕواو سەرپێچی کەر بەدڵنیا بوون لەوەی کە سزا نادرێن بەرتیل دەدەن. ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەوڵاتانی جیهانی سێهەمدا ئەنجام دراون نیشاندەدەن کە دەزگای دادوەری گەندەڵ، بێ دەسەڵاتو ناسەربەخۆ ئەگەر گەندەڵی لەئاستەکانی سەرەوەی دەوڵەت یان ئەگەری بەشداری کردن لەسەودای فریوکارانە بەشێوەیەکی بەرچاو زیاد دەکات. هەندێ جار بۆ پاراستنی سیستەمە گەندەڵەکان، گروپو تاقمەی جۆراو جۆر لەبواری گەندەڵیدا دروست دەبن. بۆ نموونە لەدەزگای دادوەری ((ڤەنزوێللا))، هەندێ هۆزو عەشیرە تۆری فورمیی بۆ دەستەبەر کردنی هەندێ مەبەستی تایبەت لەدەزگای دادوەریدا پێك دێنن کە دادوەرو کارمەندانی دەزگای دادوەریو پارێزەرانی تایبەتو بەرپرسە سیاسییەکان لەخۆ دەگرێت. لەهەندێ حاڵەتی زیادەرەوانەدا، دەزگایەکی گەندەڵیی دادوەری دەتوانێ بەشێك بێت لەو سیستەمە گەندەڵو بەرتیل خۆرە کە بەسوود وەرگرتن لەسیاسەتی هەڕەشەکردن، و ترساندنی خەڵك بەوەی کە دەدرێنە یاساو لێکۆڵینەوە یان لەسەر دەکرێت، تاکەکانو کۆمپانیا شەخسییەکانو ملکەچی بەرتیل دەکات.

### ئاستی گەندەڵی لەڕەوتی گەشەی سیاسیو دیموکراسیدا

ئایا لەوڵاتانی دیموکراتو خەڵك سالاردا، ئاستی گەندەڵی لەچاو وڵاتانی تردا کەمترە، وڵامدانەوە بەم پرسیارە بابەتی لێکۆڵینەوەیەکی هەمە لایەنانەیە

کە بەشێوەی بەراورد لەنێوان سیستەمە دیموکراتو پێشکەوتووکان لەلایەکەوەو ولاتانی جیهانی سێهەم لەلایەکی ترەوە ئەنجام دراوە ئەم لێکۆڵینەوە دەردەخات کە ڕەوتی گەشەسەندنو چۆنیەتی پێك هاتنی دەوڵەتە نەتەوەیەکانو ڕۆڵی دەزگا سیاسییەکان لەم کۆمەڵگایانەدا فاکتەریکە بۆ ڕادەی پەیوەندی نێوان گەندەڵیو دیموکراسی.

لانی کەم بوونی حەزو ئارەزو خواستی هەڵبژاردنی دووبارە بۆ سیاسەتمەداران، مەیلو تەماعی ئەوان بۆ گەندەڵ کاری سنووردار دەکات داکۆککردن لەئازادیی مەدەنیو ئازادی بەیان کە زۆر جار هاوتەریبن لەگەڵ هەڵبژێری دیموکراتییانە دەبنە هۆی ئەگەری پێك هێنانی دەوڵەتی شەفافو ئازاد. بەپێچەوانەوە حکومەتە نادیموکراتیکەکان بەهۆی ئەوە کە دەسەلاتدارانی ئەو جۆرە سیستەمانە توانای لەباریان هەیە بۆ پێك هێنانی دوڵەتو حکومەتێك کەبالانسو هاوسەنگییەکی کەمتری هەبێت ، لەخۆگریّ پاڵنەرو هۆکاری گەندەڵین.[٦٣]

لەولاتانی جیهانی سێهەمدا، بەهۆی ئەوەوە کە دەسەلاتی سیاسی هەڵقولاوی ڕەوتێکی دیموکراتیك نییە، لەدوو ڕووەوە کاریگەری دادەنێت لەسەر بوونی گەندەڵیو ناتەوانی لەچارەسەرکردنیدا. لەڕوویەکەوە نەبوونی ڕەوتی دیموکراتیكو خەڵك سالاری، هیچ بوارێك بۆ کۆنترۆڵی دەوڵەت لەلایەن دەزگا مەدەنییەکانو حزبو میدیاو چاپەمەنیەکاندا فەراهەم ناکاتو بەهۆی ئەم بۆشاییەوە کە لەنەبوونی چاودێری کردنەوە دێتە ئاراوە، گەندەڵیی سیاسیو داراییی بەئاسانی بۆ هەڵبژێراوانی دەوڵەت دروست دەبێت.





لەلایەکی ترەوە سیاسەتمەدارانو هەڵبژێراوانی ولاتانی جیهانی سێهەم، هەست بەوە دەکەن کە بەشدار بوونیان لەدەسەلاتدا کاتییە، بۆیە ئەم بەشدارییە بەدەرفەتێك دەزانن بۆ بەدەست هێنانی ئیمکانیاتو دەسکەوتی شەخسی.

لێکۆڵینەوەو تاقیکردنەوەکان بەجۆرێك جەخت دەکەنەوە لەسەر بوونی پەیوەندی نێوان گەندەڵیو دیموکراسیدا کە تەنانەت بەشێك لەلێکۆڵینەوەکان بەهەڵسەنگاندنی ئاستی سەلامەتی هەڵبژێراوان، ڕادەی بەشداری خەڵك دەسەلاتو ئاستی دیموکراسیەتیان هێناوەتە بەرباس لەو ڕوانگەوە لەڕاستیدا سلامەتی هەڵبژێراوانی دەوڵەت واتە: (پارێزراو بوون لەبەرانبەری گەندەڵیدا، بەو جۆرەی کە ڕێکخراوی نێونەتەوەیی شەفافییەت پێوانەی کردووە) هۆکارێکی سەرەکییە کە دیموکراسیخوازانی ڕواڵەتی لەدیموکراسیخوازانی ڕاستەقینە جیا دەکاتەوە.[٦٤]

لەولاتانی جیهانی سێهەمدا بەپێی نەریتی هەمیشەیی دەوڵەت هۆگری پەرە پێدان بەدیموکراسییەتو بەرزکردنەوەی ئاستی بەشداری خەڵك نییەو هەندێ جاریش جۆرێك تێکەڵچوونو کۆبوونی دەسەلات لەنێو پانتایی دەسەلاتی دەوڵەت لەگەڵ ڕێکخراوە دیموکراتیکەکاندا پێك دێت. ڕێکخراوە سیاسییەکان بەهۆی ئەوەوە کە بەپارەو دیاری ئیدارە دەکرێن بەجۆرێك کاردەکەن کە ڕەوتی بەشداری تا ئاستێکی نزم کەم بکەنەوە یان ئەوەی کەچالاکی سیاسی بۆ دەرەوەی پێکهاتە سیاسیو فەرمییەکان ڕاکێشن.[٦٥]

ڕەخساندنی کار بڕیارە سیاسییەکانی پەیوەندیدارییە بوارە داراییەکانەوە بەشێوەی سەرەکی لەدەرەوە پێکهاتەی فەرمیی دەوڵەت جێبەجێ دەبێت. بۆ نموونە لەباشووری ڕۆژهەلاتی ئاسیاوە دیوانسالاریو حزبە سیاسییەکان زۆرجار لەژێر کاریگەری تۆڕە نافەرمییەکانی، (پشتگیریکەر ـ لایەنگر)ەوە لەفلیپین،

هێڵەکانی دەسەڵاتی فەرمیی لاوازترن‌و جیایی‌و پچران نێوان هێزو دەسەڵاتدا بەتەواوەتی سەری هەڵداوە. لەم سیستەمەدا بەهۆی پێکهاتەی لاوازەوەو لایەنگرانی دەسەڵات زۆرجار وەك کەسانێك کە لەدەرەوەی دەزگا فەرمییەکانی دەسەڵاتدان ئاماژەیان پێدەدرێت هەروەها لەوانەیە رێو شوێنی کەمتر سەبارەت بەگەندڵی لەحاڵەتێکە بۆ حاڵەتێکی تر رەچاو بکرێت.

هەروەها کە ((رۆز نەئاکێرمەن)) سەبارەت بەوتاری دیوانسالاری ((رێکنەخراو)) روونیکردوەتەوەو ((بازنەی فەرمیی فەرمانەدەیی روون نییەو بەردەوام گۆڕانی بەسەردا دێت‌و پێوەرەکانی بریاردان بەویستی شەخسی دیاری دەکرێن‌و نەناسراون لەحاڵێکدا دیوانسالاری گەندەڵ پێدەچێ دیارەدەی بەرتیلی پێخۆشبێت.

خوازیارانی بەرتیل ناتوانن لەوە دڵنیابن کە بەرپرسانی دەوڵەتی بۆ داکۆکی کردن لەوان دەسەڵاتی پێویستیان هەبێت. شێوازە یاساییە روون نەکراوەکان، رێژەی داواکاری بۆ کارە نایاسایی‌و تایبەتەکان زۆرتر دەکات، بەڵام ئەگەر سیستەمی دەوڵەت رێك‌و پێك نەبێت‌و پتر پەرەبسێنێت، هیچ دیوانسالاریك ناتوانێ پشتگیری پێویست دابین بکات،

تەنانەت ئەو کاتەی کە پاڵنەرە مادییەکان دابین بن.[66]

بڕیاردەرانی سەرەکی لەم دەوڵەتانەدا بەشێوەی نهێنی‌و لەو دیوی پەردەدا کار دەکەن‌و لەبەرانبەر خەڵکدا هیچ بەرپرسیارێتییەك لە ئەستۆ ناگرن، بەشێوەی گشتی رەوتی بڕیار وەرگرتنی سیاسی‌و ئابووری لەئاستێکی بەربلاو لەدەرەوەی رێکخراوە دیموکراتیکەکاندا جێبەجێ دەکرێت‌و لە هەمبەر خەڵکدا بەرپرسیار نییەو لەژێر کۆنترۆڵی ئەکتەران‌و دەزگاکانی تایبەتی نابەرپرسیاردا کۆدەبێتەوە. ئەو ئەکتەرو رێکخراوانەی کە بەقوڵی ئادام ئیسمیت بەرژەوەندییان





لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەو گشتییەکان لەبەر چاو ناگرن ((بەرژەوەندی دەلالان)) لەهەربەشێکی کاروباری بازرگانی یان پیشەیدا، بەردەوام جیاوازو تەنانەت لەگەڵ بەرژەوەندیی گشتیدا ناتەبایە. هەمیشە ئەوە بەرژەوەندیی دەلالەکانە کە بازاڕ بەرفراوان‌و بەربەرکانی بەرتەسکتر دەکاتەوە.[67]

خزمەتگوزاری دروشمێکە کەسیاسەتمەداران بۆ گەیشتن بەدەسەڵات لەولاتانی جیهانی سێهەمدا بەشێوەیەکی بەردەوام سوودی لێ وەردەگرن تێگەیشتنی گشتی کۆمەڵگا بەتەواوەتی پێچەوانەی ئەو دروشمانەیەو پتر بەئاراستەی شەڕی دەسەڵات‌و سوودوەرگرتن لەدروشمە گونجاوەکانە.

ئەم واتا کە بەرپرسانی دەوڵەتی‌و سیاسەتمەداران خزمەتگوزاری خەڵکن بەشێوەی گشتی پەسەند ناکرێت. بۆیە زۆربەی خەڵك، سوود وەرگرتنی بەرپرسە دەوڵەتییەکان‌و سیاسەتمەداران لەپێگەو بەرپرسایەتی فەرمیی سەروی خۆیان بۆ وەدەست هێنانی پارەو واسیتەکاری‌و وەرگرتنی ئیمتیازی شەخسی‌و تایبەت بەرەوا دەزانن. ئەفسەرانی سەربازی‌و ئاسایش لەپێگەو هێزی خۆیان بۆ پشتگیری‌و داکۆکی کردن لەکەسانی تایبەت‌و دیاری لەرووی ئابوورییەوە سوود وەردەگرن، ئەم ئەفسەرانە وەك بەرپرس یان ئەندانی لیژنەی سەرپەرشتی‌و راوێژکارانی کۆمپانیا شەخسیەکان کار دەکەن.

## دیموکراسی ( خەڵك سالاری )و گەندەڵی

لەنێوان گەندەڵی‌و سیستەمی خەڵك سالاریدا جۆرێك پەیوەندی دژ بەیەك‌و پێچەوانە بەدی دەکرێت. بەشێوەیەك کە هەرچەندە دوڵەتەکان لەرەوتی دیموکراتیزە کردنی ولاتدا بەرەوپێش بڕۆن ئەوا لەرێژەی گەندەڵی دارایی‌و سیاسی کەم دەبێتەوە. ئەو ئەزموون‌و بەڵگانەی لەبەردەستدان دەریدەخەن کە

دەوڵەتە گەندەڵەکان وەك نەریت شێوازی خۆ ویستیانەو سەرکونکەرانە دەگرنە بەرو کێشەو گرفت لەبەردەم رەوتی دیموکراسیەتو سەروەری خەڵکدا دروست دەکەن.

بەم پێیە شێوازو تیۆرییەکان بە مەبەستی تێگەیشتن لەپەیوەندی نێوان گەندەڵیو سیستەمی خەڵك سالاریدا پێك هاتوون. لەزۆربەی تیۆرەکاندا بەڵگەکان ئاماژە بەوە دەدەن کەئاستی گەندەڵی دارایی لەگەڵ بەرز بوونەوەی ئاستی دیموکراسیەتو سەروەری خەڵك دادەبەزێت. بەڵام هەندێ تیۆری دیارو پێشکەوتوو، دەربڕی ئەوەن کە ئەم پەیوەندییە هاوتەریب نییە بەڵکو بەشێوەی بازنەییو خولییە، خۆویسترین سیستەم یان سیستەمە پاوانخوازەکان دەتوانن ئاستی گەندەڵی دارایی کۆنترلّ بکەنو لەروانگەی ئابووریدا لەئاستێکی شیاودا رایگرن بۆ وێنە، نموونەی گەندەڵی دارایی کۆنترۆڵ کراو لەئاسیای باشووری رۆژهەلاّتیدا، بەم شێوەیە.

لێکۆڵینەوەکان باس لەوەدەکەن کە ئەو ولاّتانەی لەقۆناغی گواستنەوەی سیاسیو ئابووریدان، بەشێوەی گشتی لەریزی گەندەڵترین ولاّتەکاندان. ئەم رووداوە لەسەردەمی قۆناغی گواستنەوەدا کاتێك روو دەدات کە کۆنترۆڵە زۆرەملێیەکان لەرێگای ئازاد کردنی بوارە ئابووریەکانو وەلانانی سیستەمی ناوەندی بەشێوەی سیاسی لەگەڵ کێشەو گرفت رووبەروو دەبنو دواجار دەروخێن. بەڵام هێشتا پێوەرو کۆنترۆڵی دیموکراتیك لەلایەن خەڵكو دەزگا یاساییو بەرپرسەکاندا لەباتی سیستەمی پێشوودا دانەنراون، لەم کاتەدا ئاستی گەندەڵی دارایی دەگاتە ئەو پەڕی خۆیو پاشان قۆناغی گواستنەوە بەهۆی بەهێزکردنی ئاستی بەرێوەبەرایەتیو دەسەلاّتی دیموکراتیكو خەڵك سالاری بەرەو دابەزین دەچێت.



خشتەی ژمارە یەك[١] بەباشی ئەو حالّەتە کە بەشێوە توپ بەرجەستەکراوە نیشاندەدات. ئەو ولاّتانەی لەهەوڵی بەدەستهێنانی سیستەمی پاكو سەلامەتدان گەشەی ئابووری بەباشی تێی دەپەڕێنن، گەندەڵی کەمتریان بەرەو روو دەبێتەوە. لەوانە: بۆتسوڤانا، کۆریای باشوور، هونگ کونگ، سەنگاڤوور ئەم حالّەتە لەبارەی ولاّتانی پاوانخواز لەوانە: قەتەر، عەمان، بەحرین، سعوودیە بەرچاو دەکەوێت. بەڵگە مێژووییەکان لەولاّتانی پێشکەوتوو پەرەسەندووی ئەمڕۆدا، دەربڕی ئەوەن کەئیتالیا لەسەردەمی دیکتاتۆریەتی مۆسۆلینی زۆرترین رووبەروو بوونەوەو بەرەنگاری دژی مافیا ئەنجامداوە، دەڵێن بوونی مافییا لەسیستەمی سیاسی ئیتالیادا لەکاتی شەڕی جیهانی دووەمو بەپشتگیری هاوپەیمانان لەدژی مۆسۆلینی هاتە ئاراوە.

## کۆنترۆڵی گەندەڵی*

| ناوی ولاّت | رێژەی گەندەڵی (٠- ١٠٠) |
|---|---|
| بۆتسواڤانا | ٧٥/٣ |
| عەرەبستانی سعوودی | ٧٢/٧ |
| کۆریای باشوور | ٦٦/٥ |
| بەرازیل | ٥٦/٧ |
| کوبا | ٥٥/٢ |
| مکزیکۆ | ٥٢/١ |
| هیند | ٤٩/٥ |

* - بانکی جیهانی، ٢٠٠٣، Control of conuption

| | |
|---|---|
| میسر | ٤٧/٩ |
| ئیران | ٤٤/٣ |
| چین (سین) | ٤٢/٣ |
| نەیجریا | ٣/١ |

*Control of corruption (World, ٢٠٠٢)*




Country's percentile. Rgnk (٠- ١٠٠)



گەندەڵی سیستەماتیك تاماوەیەكی زۆر وەك كێشەیەكی كەلتووری، ئاكاری و مێژوویی و دواجار وەك كێشەیەكی ئابووری جێی سەرنج و تێڕوانین بوو. بەڵام لەدەهەمی ١٩٩٠ گەندەڵی وەك كێشەیەكی سیاسی و ڕێكخراوەیی تەماشا دەكرێت. كارە گەندەڵ ئامێزەكان نەك تەنیا بوونەتە هۆی ناڕەزایەتی سیاسی، بەڵكو هۆكارێكن بۆ بێ متمانەیی بەرانبەر بەدەوڵەت و ڕەوتی دووركەوتنەوەی **دەوڵەت لەخەڵك و پرۆسەی دیموكراسیی.**

گەندەڵی بەربلاو* فاكتەرێكە بۆ ناڕەوایی سیستەمە سیاسییەكان لەزۆر بواردا، شەرمەزرای دارایی و ڕاپۆرت و باسكردن لەگەندەڵی دارایی بۆتە هۆی ڕاپەڕین و چالاكی سیاسی لەچین و توێژی خوارەوەی وڵاتدا.

لەم كاتەدا، گەندەڵی دارایی قووڵ و بەردەوام و زۆر جاریش ئاڕاستەكردنی مەسەلە بەربلاوەكان بەبێ پشتگیری پراكتیكی سەبارەت بەگەندەڵی دارایی، تێڕوانینی خەڵك سەبارەت بەسیستەمی سیاسی بەگشتی دەگۆڕێت. لەئاكامدا خەڵك وا دەزانن كەسیستەمی سیاسی بەگشتی گەندەڵ و ناپاك و ناڕەوایە، بۆیە جۆرێك لەپاشگەز بوونەوەو بێ مەیلی سیاسی لەكۆمەڵگادا پێك دێنێت.

گەندەڵی سیاسی لەسەر ڕێساكانی باری سیاسی و ئەو یاسایانەی كە بەسەر سیستەمی سیاسیدا باڵادەستن كاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە.

سەرەڕای ئەوەش گەندەڵی هۆكارێكە بۆ سوود وەرگرتنی خراپ لەدەزگاكانی سیاسی و شێوازی جێبەجێ كردن و دەستێوەردان لەو دەزگایانە بەمەبەستی دەسكەوتی شەخسی بۆیە دەزگا دەوڵەتیەكان تووشی كێشەو گرفت دەكات و لەئامانجەكانی دووری دەخاتەوە.

---

*- Wide spread corruption

ئەم دیاردەیە لادانە لەبەها عەقلانی و یاسایی و بنچینەییەکانی حکومەتی مۆدێرن و دواجار دەبێتە هۆی گەندەڵی نەهادی یان (گەندەڵی لەدەزگا حکومیەکاندا) کێشەی سەرەکی گەندەڵی ساسیی، نەبوونی ئیرادەی سیاسییە بۆ بەرەو ڕوو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵییداو هەروەها ڕازی نەبوونی دەسەڵاتداران بۆ گۆڕانکاری لەو سیستەمەدا کە بەرژەوەندییەکانیان دەستەبەر دەکات. تایبەتمەندییەکانی سیستەمی نادیموکراتیەک، لەسەر ڕەوتی گەندەڵی لەولاتانی پێش نەکەوتوودا کاریگەری دادەنێت. لەئارا نەبوونی دەزگا مەدەنییە گونجاوەکان و نەبوونی چاپەمەنی ئازاد دەبێتە هۆی پێکهێنانی کەش و هەوایەکی هێمن و ئارام بۆ دەسەڵاتدارانی دەوڵەت.

لێکۆڵینەوەکان لەولاتانی جیهانی سێهەمدا وانیشان دەدەن کەخەڵکی دەسەڵاتدار بەشێوەی سەرەکی بەرەو کەرتی تایبەت ڕادەکێشرێن و ئەو کەسانەش کەدەچنە نێو دەزگا دەوڵەتییەکانەوە پتر بۆ پاڵپشتی ئەو چالاکییە ئابوورییانە کە لەبەرژەوەندی خۆیاندان، دەزگا دەوڵەتییەکان هەڵدەبژێرن.

ململانێ بۆ بەدەست هێنانی قازانجی پرۆژە دەوڵەتیەکان کاریگەریەکی زیانبار دەخاتە سەر سیستەمی ئابووری و سیاسی ولاتانی پەرەسەندو و ئابووری زاناتێك وەك ((گروگێر)) پێیان وایە کە ئەو مشت و مڕانەی کە لەڕەوتی چالاکییە پۆزتیڤەکانی ولاتێکی خەیاڵیداو تەنیا بەمەبەستی دابەشکردنی دەسکەوتی ئامادە کراو ڕەچاو کرابێت، ئەوە رانتخوازییە. خەڵکی هەڵپەرەست لەڕەوتی گەندەڵیدا (بەرتیل دەرو بەرتیل خۆر) لەباتی چالاکی پۆزەتیڤ تەواوی هەوڵی خۆیان لەڕێگای بەدەست هێنانی ئیمتیازو رانتی دەوڵەتی بەکار دەبەن. بەم جۆرە، بەرهەم هێنەرانی کەرتی تایبەت دەست لەم





کەرتە هەڵدەگرن و بەمەبەستی گەشتن بەئیمتیاز گەلی فراوان تێکەڵی کەرتی دەوڵەتی دەبن و جڵەوی کارەکان دەگرنە دەست.

دیامۆند، پێیوایە لەسیستەمێکی نادیموکراتیکدا. هەندێ کەس نەك بەمەبەستی خزمەت بەخەڵك بەڵکو بەمەبەستی سوود وەرگرتن لەو ((رانتو ئیمتیازانەی)) کە لەخۆرا بەدەستیان هێناوە، بۆ خۆیان و دەست و پەیوەندییەکانیان، بەدوای وەرگرتنی پلەو پایەی سیاسیدان.

لەکەرتی تایبەدا، تاکەکان لەباتی دامەزراندنی یەکە بەرهەم هێنەرەکان بۆ ئابووری ولات هەوڵدەدەن ، یارمەتییە داراییەکانی ولاتی دەرەکی و ڕێکخراوە نێونەتەوەیەکان بخەنە ژێر دەستی خۆیانەوە.[٥٥]

### گەندەڵی و پارتە سیاسییەکان

لەولاتانی پێشنەکەوتوودا، ململانێ بۆ وەدەست هێنانی دەسەلات کەمتر لەچوار چێوەی ململانێ حزبایەتیدا سەرهەڵ ئەدات. بەڵکو ئەم بەرهەڵستکاریە پتر بە لەناو بردن و شەڕی سەربازی یان توندو تیژی دژ بەیەکتر دێتە ئاراوەر. هەبۆیە حزبە باڵا دەستەکان کە دەوڵەت لەئاکامی چالاکی ئەواندا دامەزراوە، کەمتر بەرچاو دەکەون هەر چەند ئەمڕۆکە لەهەندێ ولاتی جیهانی سێهەمدا پەیوەندی حزبەکان لەگەڵ گەندەڵی دارایی و هەل پەرستیدا، بابەتێکی باوە.

لەدنیای ئەمڕۆدا حزبە سیاسییەکان وەك بەشێکی دانەبڕاو لەژیانی کۆمەلایەتی و سیاسی بەئەژمار دێن. پێك هێنانی دەسەلات و چالاکی سیاسی بەبێ حزبەکان نایەتە گۆڕێ. لەولاتانی جیهانی سێهەمدا بەتایبەت لەو ولاتانەی کە لەقۆناخی گواستنەوە دان بەناچاری ئەو ڕەوتە لەئارادایە.

لەم پرۆسەیەدا گرنگترین هۆکارەکان پەیوەستن بەحزبەکانەوە، ئەم حزبانە چالاکترین توخمی ژیانی سیاسین لەسیستەمی دیموکراسیدا دەبێ بزانین کە

قەوارەو گەورەو بچووکی حزب هیچ کاریگەرییەکی لەئاست ڕادەی گەندەڵی بوونی ئەو حزبەدا نییە، هەرچەند لەوانەیە حزبێکی بچووك بۆ قەرەبوو کردنی کەمی ئەندامەکانی و دواجار زۆر کردنی سەرچاوە داراییەکانی خۆی، پەنا بەرێت بۆکاری گوماناوی و گەندەڵی، بەڵام حزبە گەورەکان دەزگایەکی یەجگار گەورە لەڕووی ئەندامان و ڕێژەی خەرجەکانیانەوە دەپارێزێت. بەدڵنیاییەوە دابین کردنی دارایی ئەم دەزگایانە، لەڕێگای یاساییەوە کارێکی ئاسان نییە، بۆیە، پێوەری سەرەکی سیستەمی سیاسی، ڕەوایی بەخشین بەحزبێکە لەچاو خەڵکدا.

بۆیە، پێوەری سەرەکی سیستەمی سیاسی، ڕەوایی بەخشین بەحزبێکە لەچاو خەڵکدا. هەڵبەتە دەبێ جیاوازییەکی بنەڕەتی نێوان ڕەوا بەخشینی ڕواڵەتی و مادی ڕەچاو بکرێت، ڕەوا بەخشینی ڕواڵەتی واتە سەلماندنی دەنگدەران بەوەی کە ئەم حزبە بۆ بەرژەوەندی گشتی کاردەکات، لەهەمانکاتدا ڕەوا بەخشینی مادی بەواتای کۆکردنەوەی دەنگ و ئەندام بۆ ئەو حزبەیە لەڕێگای بەدەست هێنانی سەرمایە گشتییەکانەوە.

شێوازی دووەم لەڕووی ناچارییەوە بەهۆی کڕینی دەنگەکانەوە دێتە ئاراوە کە ئەم شێوازە خەرجە سیاسییەکان بەڕێژەیەکی زۆرو بەرچاو بەرز دەکاتەوە.[٦٩]

لێکۆڵینەوەکان نیشانیدەدەن، کەپەیوەندی حزبەکان لەگەڵ گەندەڵی داراییدا سەرەڕای بوونی چەند حزبێکی بچووك کە بۆ بەدەست هێنانی دەسەلات ململانێ دەکەن دێتە ئاراوە، هەر چەندە حزبەکان لەنێو پێکهاتەی دەسەلاتدا فرە چەشن بن، ئەم پرۆسەیە بەشێوەیەکی لاوازتر بەڕێوە دەچێت.

ئەم پرسە لەلایەن ((هانتینگتون))وە خرایە ڕوو کە: ((چ کەسێك دەسکەوتی ئەو حزبانەی کە پتر ڕەواییان پێبەخشراوە لەگەڵ لابردنی گەندەڵیدا پێکەوە گرێ دەدات.)) ((هاتینگتیۆن)) خۆی دەڵێت: بۆ بەرپرسێك دیاریکردنی ئەرکێکی



گەندەڵی

گشتی لەبەرانبەر وەرگرتنی مووچە، بەئاشکرا، لەپێناوی بەرژەوەندی شەخسی ئەو دایە تا بەرژەوەندی گشتی. کەچی بۆ کەسێکی دەوڵەتی دیاریکردنی ئەرکێکی گشتی لەبەرانبەر وەرگرتنی بەرتیل، جێبەجێ کردنی کار یان وەرگرتنی پارە لەڕێکخراوێکی حزبیدا، بەرژەوەندی گشتی دەخاتە دوای بەرژەوەندی تاکە کەسییەوە. بەم جۆرە بەرژەوەندی گشتی پتر لاواز دەبێت.

گەندەڵی لەسەر بنەمای، بشێوی و ئاڵۆزی و نەبوونی پەیوەندییەکی یەکجۆرو بەردەوام لەنێوان گروپەکانداو نەبوونی مۆدیلێکی پێشکەوتوو سیستەماتیك لەدەسەلاتدا، دامەزراوە، بۆیە گەندەڵی لەگەڵ ڕێکخراوی سیاسییدا پەیوەندییەکی پێچەوانە دژ بەیەکیان هەیە.[٧٠]

چالاکی سیاسی لەجیهانی سێهەمدا، لەسەر بنەمای دیموکراسی نیوەو ناتەواو ڕواڵەتیدا دێتە ئاراوەو ململانێ سیاسی پتر بەشێوەیەکی ڕواڵەتی و ناڕاست ئەنجام دەدرێت، هەروەها ترسی بەشداری نەکردنی خەڵك لەدەنگدانداو بۆ حزبەکان واتایەکی زۆری بۆ حزب نییە.

لەدیموکراسی ڕاست و ڕەوادا، هەڵبژاردنی بەرپرسان و ئەندامە سیاسییەکان دەبێ بەجۆرێك بێت کەفەرمانبەرانی هەڵبژێراو بتوانن هاوولاتیان لەئاست سوودمەند بوونی بەرنامەکانیان ڕازی بکەن و لەکاتی پێویست بتوانن ئەو بەرنامانە جێبەجێ بکەن. ئەو ڕازیبوونەی کە ئەوان لەپێشەی خۆیاندا بەدەستی دێنن، پتر حاڵەتێکی ڕواڵەتییە تا حاڵەتی مادی و بەپێچەوانەوە لەحکومەتێکی گەندەڵ ئەو حاڵەتە بەشێوەیەکی ترە. لەم حکوومەتانەدا، حزبەکان پێیان خۆشە کەسانێك هەڵبژێرن کە لەڕێگای مامەڵەی ناڕەوا لەگەڵیاندا، گیرفانی خۆیان پڕبکەن، لەپێکهاتەیەکی ئەو تۆدا، پیشەی سیاسی شێوازێکە بۆ بڕینی خێرای پلەکانی گەشەی کۆمەڵایەتی،

بەتایبەت پەیوەندی نێوان بواری سیاسی و تجاری کە لە بەرەو پێشچووندایە. ئەم کارە دەبێتە هۆی زۆر بوونی کتو پڕی ئەو واسیتانەی کە نە لەبواری سیاسیدا دەگونجێن و نە لەبواری بازرگانیدا. لەم ڕووەوە بەئاسانی ڕێساکانی هەردوو لایەن پێشێل دەکەن.

بۆ تاکەکان، ئیمتیازو بەرژەوەندی ژیانی سیاسی وەك پێویست مادی و نهێنیە و چالاکی ئەو کەسانە لەبنەڕەتدا بریتییە لە: واسیتە کردن، فەراهەم کردنی ئیمکانیاتی پەیوەندی و وتووێژ و گرێبەستی نێوان پێکهێنەرانی گەندەڵیو سوود وەرگرتن لەزانیاری نهێنی، وەك دراوێکی باو کەبنەمایەك بێت بۆ سەودا نایاساییەکان.[71]

## گەندەڵیو چالاکی سیاسی

پەیوەندی گەندەڵی نائاشکرا بۆ سەر پرۆسەی سیاسی لەولاتانی پێش نەکوتوودا سەرەڕای کاریگەری بەسەر بڕیارە سیاسییەکانی نێوخۆو دەرەوە لەسەر ئەو هەولانەی کە بۆ بەدەست هێنانی بەرژەوەندی نەتەوەیی و گشتی لەئارادان ڕۆڵی گرنگی هەیە.

گەندەڵی دارایی لەدوا ڕۆژدا لەسەر سیاسەت کاریگەری دادەنێت. هەڵسەنگان و بەراوردی ئەم خەرجە دژوارانە، بەشێکە لەو کێشە جیدییە چونکە گەشەی درێژخایەنی پرۆسەیەکی سیاسی و رقابەتیو بەرپرسیارو ئازاد کەنەتەنیا خۆی بایەخی هەیە بەڵکو، پێکهێنەری دەرفەت و دەسەلاتی ڕاستەقینەیە بۆ ئەو ولاتانەی کەسەرقاڵی ڕووبە ڕوو بوونەوەن لەگەڵ گەندەڵی داراییدا.



لەپرۆسەیەکی ئەوتۆدا، گروپە تایبەت و سەربەخۆکان. پشتگیریەکی بەربلاویان لەکۆمەڵگای مەدەنیدا لێدە کرێت، بەلام بەشێوەی دۆستانە و نەرم و نیان، مشتومڕو بەرژەوەندی خۆیان لەچوارچێوەیەکی یاسایی کە لەدەزگا سیاسی و مافپەروەریەکاندا دەستە بەر دەبێت، جێبەجێ دەکەن.

لەکۆمەڵگای مەدەنیدا گەندەڵی دارایی، لەپەرەسەندنی گروپە سەربەخۆکان واتە ڕێکخراوەکانی گوشار (حزبەکان) کە سەربەسیستەمی سیاسین بەلام سەربەخۆیەکی سوودمەندیان لەدەولەت وەرگرتووە ڕێگری دەکات بەدروستبوونی پەیوەندی نێوان کەسایەتیە بەهێزە سیاسییەکان و هاولاتیان، چ بەشێوەی سیاسی یان لەڕێگای سیاسەتی ئاوەدانکردنەوەوە گەندەڵی دارایی کۆمەڵگای مەدەنی لاواز دەکات و دەبێتە هۆی ئەوەی کەژمارەیەکی کەمتر لەهاوولاتیان بتوانن کاریگەری بخەنە سەر دولەت و هاوسەنگیەك لەنێو ئەو سیستمەدا دروست بکەن.

سەرەڕای ئەوەش، گەندەڵی دەتوانێ ڕێگر بێت لەململانێی سیاسی ڕێك و پێكو بەردەوامدا. پرسیار ئەمەیە کەئیمتیازی کارکردن یان مانەوە لەدژایەتیەکی ڕاستگۆیانە* لەحالێکدا ئەگەر یاری سیاسی ڕاستەقینە پەیوەست بێ بەدۆزینەوەی پاڵپشتێکی بەهێزو سوود وەرگرتن لەدەستێوەردانی نایاسایی یان ئەگەر هەڵبژاردن و شێوازە سیاسییە گشتییەکان، نەبنە هۆی ئاڵ و گۆڕی ڕاستەقینەی دەسەلات، چی ڕوو دەدات؟ ئایا حزبە سیاسییە ڕکەبەرەکان و ئەلتەرناتیڤە گرنگەکان لاواز دەبن و لەنێو دەچن؟.[72]

*-Loyal opposition

ئەو ئاشكرا كاريانەی كەسەبارەت بەيارمەتيە دارايييەكان لەلايەن دەسەلآتدارانی بەهێزی ئابووريەوە، ئاڕاستەی سياسەتمەداران كراون باوترين كێشەيە لەكەش‌و هەوای سياسی ولآتانی پێش نەكەوتوودا لەوانە فايلی دارايی كە لەپاكستان، ئەندونيزيا، ئێران، بەرازيل و تەنانەت ماليزيا لەبواری ڕاگەياندنی ئەو ولآتانەدا خراوەتە ڕوو. هەڵبەتە بەشێك لەم ئاشكراكاريانە بۆ مەبەستی لەناوبردنی لايەنە بەرانبەرەكانيان لەبواری سياسيدا هاتوونەتە ئاراوە.

بۆ وێنە لەولآتی هيندستان، بەدوای ئاشكرا كردنی ڕيسوايی ((هاوالآ))** لەساڵی ١٩٩٣دا، لەپەيوەندی لەگەڵ بەرتيل دانی بەربلآو بۆ يارمەتيدان بەسياسەتمەداران و بەرپرسانی ئيداری دەربار، لەلايەن بازرگانێكەوە! ((ناراسيم ها* رائو)) سەرۆك وەزيری هێند بەناچاری هەندێ لەئەندامانی بەرجەستەی دەوڵەتەكەی خۆی كە لەژێر لێكۆڵينەوەدا بوون، وەلانا. لەبەر ئەوەی كە ((ئال. كی. ئەدوانی**)) ڕێبەری بێ جی. يەكێك لەتاوانبارانی ئەو ڕيسواييە بوو. ئەم بزاوڤە بەشێوەيەكی بەربلآو لەڕوانگەی سياسيەوە وەك كارێكی زيرەكانە باسی لێكرا.

لەڕاستيدا. پاش هەڵبژاردنی سەرتاسەری كەبووە هۆی پێكهێنانی گروپێكی بچووك بەناوی ((چەپی نيونجی لەحكوومەتی بەرەی يەككگرتوو)) هەندێ لێكۆڵينەوە دژ بەئەو ڕەوتە سەری هەڵدا كە بەشداری ((رائو))يان لەچوار ڕيسوايی جۆراو جۆردا دەرخست. بەگاڵتەش بێت دەتوانی بڵێ كە يەكێك

---

**- Hawala

*- P. V. Narasimha

**- L. K. Advani





لەتاوانەكانی دژ بەسەرۆك وەزيری پێشووی حزبی گۆنگرە نەبەخشينی بۆرسی خوێندن بەكەسيك بوو كەپێشتر بەهۆی دەلالێكەوە بەرتيلی لێ وەرگرتبوو.

دان پيانانی رائو لەدادگادا، ژمارەيەكی زۆر لەپۆليسی ئەو ولآتەی كێشايە بەردەم دادگاو لەلێكۆڵينەوە دادوەريەكاندا كێشەی دارايی هاوكارانی پێشووی ئەو، لەوانە وەرگرتنی زۆری بەرتيل لەلايەن ساك رام*** وەزيری پەيوەنديەكان و ساتيش شارما وەزيری نەوت كە بەهۆی بالآدەست كردنی خزمايەتی بەشێوەی سيستەماتيك لەديوانی وەزيراندا خرايە ڕوو ژمارەيەكی زۆر لەئەندامانی بەرجەستەی پێشووی حزبی كۆنگرە، سياسەتمەدارانی دەرەوەی حزبی كۆنگرەو كاربەدەستانی بەرزی ديوان، خرانە ژێر چاودێری و سزادانی ئيداری ناوەندی لێپرسيەوەو بۆ ماوەيەكی زۆر كەوتنە بەر لێكۆڵينەوەی دادگا.[٧٣]

لەولآتانی پێشنەكەوتوودا كە جۆرێ لەديموكراسی ڕواڵەتی لەخۆ دەگرن زۆرجار، فرە حزبی بەمانای ڕاستەقينە بوونی نييە و پتر لەبەرەيەكی گەورەدا بەئاڕاستەی جۆراو جۆر چەندين حزبی لێدەكەوێتەوە ئەم حزبانە سەرەڕای فرە چەشنی بوونيان پەيڕەوی لەحاكم دەكەن و وەفای بۆ دەردەبڕن. لەئاكامی ديموكراسی ڕواڵەتيدا، ڕێكەوتن لەسەر ديارەی گەندەڵی ديارترين خاڵی هاوبەشی ئەو حزبانەيە.

((هەندێ جار باڵی زۆرينەی دەسەلآتدارو باڵی ڕكەبەر لەسەر ئەوەی كە شێوازەكانی تاوان لەكەسێتی و ڕێبەرايەتی بخەن ڕێك دەكەون. لەم ڕووەوە، دەيانەوێ بەجۆرێك لەسەر دانانی فەرمانبەرانی بەڕێوە بردن و ئيداری چاودێری

---

***- Sukh Ram

بكەن كەهەم گەندڵی بسڕێتەوە و هەم وەك میرات و شێوازێكی بەجێماو ببێتە هۆی ئەوە كە فەرمانبەرانی گەندەڵ بۆ ساڵانی دواتر ئەو سیاسەتە بگوازنەوە بۆ چینی دوایی. ئەم هەلومەرجە بۆ وڵاتانی پێشنەكەوتوو كە لەقۆناغی گواستنەوەندان جیاوازە. حزبە نیمەگیانەكان كە برێ جار لەنێو كۆمەڵگادا پێگەیشتوون بەبێ پاڵپشتی نەریتێ و پێویستیان بەیارمەتی داراییە، ئەم پێویستیە ڕەوتێكی گەندەڵ ئامێز پێك دێنێت.

بەڵام ڕەنگە گرنگترین كێشە ئەمە بێت كە بۆچی هەندێ لەسیاسەتمەداران تا ئەم ڕادەیە پێویستیان بەپارەیە؟ سەرەتا دەبێ بەم خاڵە ئاماژە بدەین كە خەرجە سیاسییەكان لەڕەوتی هەڵكشان و داكشانی گرانی پەیڕەوی دەكەن. بۆ نموونە ئەگەر پاڵێوراوێكی نوێنەرایەتی پەرلەمان پارەیەكی زۆر بكاتە خەرجی ململانێ هەڵبژاردن ڕكەبەرەكەی ئەو پاڵێوراوە ناچارە بۆ پاراستنی شانسی هەڵبژاردنی خۆی بەهەمان ڕێژە پارە خەرج بكات، ئەم خەرجە زۆرانە بەتایبەت لەو ڕووەوە زۆر زۆرە كە لەقۆناخەكانی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردندا، چاودێری كەمتر لەسەر خەرجی ساسەتمەداراندا ئەكرێت.

خەرجە سیاسییەكان پەیوەستن بەهۆكارێكی ترەوە. ئەو هۆكارانەی كە مەرجەكانی ململانەی نێوان حزبەكان و نێو خۆی هەر حزبێك دیاری دەكات. لەنێو ئەم هۆكارانەدا دەبێ پتر لەهەموو شتێك ئاماژە بدرێت بە بەڕێوە چوونی ژمارەی هەڵبژاردنەكان كە پەیوەستن بەهۆكاری جۆراو جۆرەوە. هۆكار گەلێكی وەك:

ژمارەی پەرلەمانە هەڵبژێراوەكان، بەڕێوە چوون یان نەچوونی هەڵبژاردنە سەرەتایەكان، بەڕێوە چوونی هەڵبژاردن بەشێوەی یەك قۆناغی یان دوو قۆناغی و هتد.





گڕوتینی ململانەی هەڵبژاردن لەنێوان پاڵێوراواندا لەسەربنەمای هەندێ زانیاری عەینی و ڕاستەقینە وەك ژمارەو گرنگیەتی لیژنەكانی هەڵبژارانی ناوی پاڵێوراوان، شێوازی دەنگدان لەوانە (دەنگدان لەسەر بنەمای زۆرینە یان ڕێژەی دەنگەكان لەچاو ژمارەی دەنگدەرانی هەر ناوەندێكی دەنگدانەوە)و تادوایی.[٧٤]

## گەندەڵی و ئاڵۆزی سیاسی ( ناسەقامگیری )

پێشتر ئاماژە درا كە لەسیستەمە سیاسی و ناسەقامگیرەكانی جیهانی سێهەم بەهۆی ئەوەوە كە كەسانێك بەشێوەی كاتی دەسەڵات دەگرنە دەست لەدەرفەت سوود وەردەگرن و سامانە ئابوورییەكان چەپاو دەكەن. بە لەبەر چاوگرتنی ئەم خاڵە كە ئەو جۆرە سیاسەتمەدارانە هەست بەمانەوەو بەردەوامی ناكەن، لەو دەرفەتە كەمەدا دەیانەوێ لەو سامانەی كە بۆ ماوەیەكی كورت لەبەر دەستیاندایە سوود وەرگرن.

بۆیە ئەو ڕەوتە جۆرێك پەیوەندی لەنێوان ناسەقامگیری و گەندەڵیدا پێك دێنێ. لەلایەكی ترەوە گەندەڵی دارایی‌و سیاسی خۆی دەبێتە هۆی دروست كردنی تێڕوانینێكی نێگەتیڤانە و هێنانە ئارای ناڕەزایەتی لەنێو كۆمەڵگادا. بەجۆرێك كە ئەم سیستەمانە لەگەڵ ناڕەوا بوون و ناسەقامگیریدا بەرەو ڕوو دەكاتەوە. هەڵبەتە مانەوەی كەسێتیەكان جیاوازە. ئەو لێكۆڵەوانەی كە سەبارەت بەئارامی و لەباربوونی بواری ئابووری ئەنجام دراون، حاكمان و دەسەڵاتدارانی كۆن و پاشا دێرینەكان وەك پێوەرێك بۆ گەندەڵیە رەچاوەدەكەن لەبەرانبەردا، دیموكراسی هێمای دروست كاری و ڕەوایی دەزانێت.[٧٥]

ڕەنگە هیچ جۆرە سەرهەڵدانێکی گەورەی سیاسی لەدژی رانت خوازی نەهاتبێتە ئاراوە، بەڵام بێزاری گشتی دژ بەگەندەڵی و پێشێل کردنی ئەو نۆرمانەی کە دەربڕی جیاوازین لەنێوان ناوەندی گشتی و ناوەندی تایبەتدا، لەهەندێ حاڵەتی سیاسیدا لەوانەیە ببێتە هۆی هاتنە ئارای بزوتنەوە ڕیفۆرمخوازەکان و، پەرەپێدانی شۆڕشەکان و هۆکاری لەناو بردنی سیستەمە حکوومیەکان.[٧٦]

لەڕوانگەیەکی ترەوە، سیستەمە ناجێگرەکان زۆر جار تووشی قەیرانە ماڵی و ئابووریە یەك لەدوای یەکەکان دەبنەوە. قەیرانی ئابووریو ئاڵۆزی سیاسی، شێوازێکی گەندەڵی خۆشکەرە لەپێکهاتەی دەوڵەتداو دەبنە هۆی سەرهەڵدانی گەندەڵی لەئاستی یەکەم و دووەمدا. لەکەشو هەوایەکی شڵەژاوی ئابووری و سیاسیدا، هەڵبژێراوان و کارمەندانی دەوڵەت بۆ بەدەست هێنانی بەرژەوەندی خۆیان هەوڵدەدەن. زۆر جار قەیرانی دارایی و ئابووری لەهەر وڵاتێکدا ئاکامی ناسەقامگیری و ناکۆکییە بنەڕەتیەکانە کە لەسیتمی سیاسی بەڕواڵەت تۆکمەو سەقامگیردا بەرچاو دەکەوێت. بە لەباربوونی هەلومەرجی هەل پەرستیو سوود وەرگرتن لەرانتو ئیمتیاز لەکۆمەڵگادا، دابەزینی ئابووری زەختێکی زۆر دەخاتە سەر سیستەمی ئابووری وڵات. لەحاڵەتێکی وادا بەرپرسانی گەورەو بەهێز بەیارمەتی دۆستان و هاوپەیمانانیان هەوڵ دەدەن تا بە هەر جۆرێك کەبۆیان دەکرێت بەرژەوەندی خۆیان بپارێزن.



## جۆری سیستەمی سیاسیو گەندەڵی

ئەو سەرنجدان و لێکۆڵینەوانەی کە ئەنجامدراون نیشانیدەدەن کە بە لەبەرچاوگرتنی جۆری سیستەمی سیاسی و پێکهاتەکانی، هاتنە ئارای گەندەڵی شێوازی جۆراو جۆر بەخۆوە دەگرێت. لەو وڵاتانەی کە کراوە نین و سیستەمی سیاسییان بنەماڵەیی و خێزانییە. زۆر جار گەندەڵی جۆری یەکەم لەو سیستەمانەدا بەشێوەی یاسایی و دیایکراو ئەنجام دەدرێت.

دەوڵەتە شێخ نشینەکانی لێواری کەنداوی فارس و وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئاسیاو شانشینەکانی ئەفریقا بەشێکن لەو مۆدێلە سیاسییە. لەدەوڵەتانی سەربازی و سیستەمی تاکە حزبی بەڕواڵەت کۆماری و پێش نەکەوتوودا جۆریك لەگەندەڵی بەدی دەکرێت. هەرچەند زۆرجار لەو وڵاتانەدا بەتوندی لەگەڵ گەندەڵی جۆری یەکەم بەرەوڕوو دەبنەوە، بەڵام گەندەڵی جۆری یەکەم بەشێوەیەکی دیاریکراو و نەنووسراو لەنێوان خەڵکی حزبی یان زنجیرە سەرتاییەکانی ئەو پێکهاتە سیاسییانەدا لەئارادایە. لەهەردوو مۆدێلی ئاماژە پێکراودا، ئاودیو کردنی سامان و دارایی بەهۆی کەسیەتیە سیاسییەکانی بازنەی یەکەم، کارێکی بەردەوامە ئەو زانیاریانەی کەخراونەتە ڕوو نیشانیدەدەن کە عیراقی پاش روخانی رژێم نموونەیەکی لەو جۆرەیە.

ئەو سیستەمە سیاسیانەی کە لەقۆناغی گواستنەوەدان و بەزۆری سەر قاڵی جێبەجی کردنی بەرنامەو پیلانی پێشکەوتنخوازانەن، بەرەو ڕووی مۆدیلێکی تایبەتی گەندەڵی دەبنەوە.

پێناسەو تێڕوانینی ((گەندەڵی لەشێوەی داخراودا))[*] بۆ ئەو وڵاتانە ڕاست نییە چونکە گەندەڵی بەهەردوو شێوەکەیەوە لەنێو کارمەندان و کەسیەتیە سیاییەکانی ئەو وڵاتانەدا لەئارادایە. لەم جۆرە سیستەمە سیاسییانەداو لەهەندێ وڵاتی جیهانی سێهەمدا کە گەشەی سیاسی ڕەچاو دەکەن جۆرەکانی گەندەڵی لەگەڵ گۆڕانکارییە سیاسییەکاندا، دەگۆڕدرێت و ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەو جۆرە گەندەڵیەدا ڕێو شوێنی جۆراو جۆری دەوێت بۆ نموونە، لەو وڵاتانەی کە ڕەوتی دیموکراسی و خەڵك سالاری تێیاندا لەئاستێکی زۆر کەمدا بەدی دەکرێت. جۆرێکی تایبەت لەگەندەڵی کە پێناسەنکراو ناساقامگیرە بەدی دەکرێت. بەرازیل، ئەرژانتین، مەکسیك، ئێران، کینیا، نەیجریا، هیندو ئەندونزیا نموونەیەکن لەو مۆدیلەی کە ئاماژەی پێکرا.

گەندەڵی سیاسی سیستەماتیك و بەربڵاو دەتوانی وەك شێوازێکی سەرەکی بۆ بەڕێوە بردنو جێبەجێ کردن لەهەندێ وڵاتدا بەکاربرێت بێجگە لەو وڵاتە دیکتاتۆرو بەهێزانەی کە گەندەڵی دارایی بەشێوەیەکی چڕو پڕ لەبواری سیاسی و ئابووریدا کۆنترۆڵ دەکەن. گەندەڵی لەزۆربەی وڵاتانی نادیموکراتیکدا بەتایبەت لەو وڵاتانەی کە سیستەمی نوێی میراتگەری و چەپاوگەری تێیدا باڵادەستە. بەشیوەیەکی بەربڵاو پەرە دەسەنێت.

---

[*]ـ مەبەست لەگەندەڵی داخراو جۆرێك لەکارو شێوازە گەندەڵ ئامێزەکانە کە لەنێو ژمارەیەکی کەم لەهەڵبژێراوانی سیاسی و لەنێوپێکهاتە چەقبەستووەکانی بازنەی یەکەمی کەسیەتیە سیاسییەکاندا، بەجۆرێك دیاریکراوەو بەشێوەی یاسایی‌و نەنووسراو ئەنجام دەدرێت. لەبەرانبەردا گەندەڵی والآیان کراوە رێسای دیایکراو پەسەند کراو تێیدا بەدی ناکرێت و لەئاستە جۆراو جۆرەکاندا ئەنجام دەدرێت.





لەهەلومەجێکی شلەژاوو ناسەقامگیردا، تالآن و دزی بەزۆری بەشێوەیەکی بەربڵاو ئەنجام دەدرێت کاتێك دەستێوەردانی گروپە توندڕەوەکان لەئابووریدا کەم دەبێتەوە ڕێکخستن و شێوازی کارەکانیان هاوشێوەی تاوانە گەلآلە بۆ دارێژراوەکان بەڕێوە دەچێت، ئەو چالاکییانەی کە بۆ سوود وەرگرتن لەئیمتیازاتی دەولەتی ئەنجام دەدرێن، وەك هەمیشە لەباتی گەندەڵی داراییدا، ئەخازی (بەرتیل خۆری) ناو دەبرێت، زیانی سیستەمە دکتاتۆرەکان بۆ خۆشگوزرانی گشتی لەڕووی ئابوورییەوە، لەئاست ئەو حاڵەتە ناسەقامگیرەدا کەمترە. ئیتر جێگای تێڕامان نییە کە ئەو سیستەمانەی بەڕواڵەت گەندەڵترن لەچاو ئەو وڵاتانەی کە بەڕواڵەت ئاستی گەندەڵییان کەمترو ڕێژەی بەرتیل خۆرییان بەرزترە کاراتر بن ((شەلایڤەر))و ((ویشنی)) میکانیزمی چالاکی تالآن کاری کە بەهاوکاری و هاوئاهەنگییەکی لاواز بەڕێوە دەچێت، بەسیستەمێکی گەندەڵی دارایی بەربڵاو وەسفی دەکەن و پێیان وایە ئەوە خراپترین میکانیزمە. چونکە ئەوانەی بەرتیل دەدەن، دەبێ بەرتیلیکی زۆرو فراوان بدەن. سەرەڕای ئەمەش ئەم میکانیزمانە، چالاکییە ئابوورییەکان کەم دەکاتەوەو دەسکەوتی گەندەڵی داراییش دادەبەزێنێت هەندێ کەس دەڵێت کە ئەم جۆرە گەندەڵییە بەمەبەستی هاوسەنگییەکی سیاسی خۆ ویست و لاواز پێك دێت.

لەلایەکی ترەوە، دەسەڵاتدارە تالآنکارو زۆردارەکان، سیستەمی بەندە نەوازی و وەفادارییان بەشێوەیەکی سەرکەوتوو بۆ داکۆکی کردن لەخۆیان پێك هێناوە. هەر بۆیە گەندەڵی دارایی بەهەمان ڕێژە گەشەی سەندووە، ئابووری سیاسی حکوومەتە دکتاتۆرو تالآنکارەکان دەربڕی کارکردێکی ئابووری باشترن لەچاو سیستەمە لاوازەکان و هەلومەرجی ناسەقامگیردا.

شەلایڤەرو ((ویشنی)) دەریان خستووە کە گەندەڵی دارایی تایبەت لەئاست گەندەڵی دارایی گشتیو ناسەقامگیردا، زیانی کەمتر دەگەیەنێتە سەر کارکردی ئابووری، چونکە بەپێچەوانەی سیستەمی خۆویستی لاواز نرخ و ڕێژەی بەرتیل دان کەم دەبێتەوە بەڵام بەرژەوەندی بەشێوەی گشتی زیاد دەبێت.

بەپێی بۆچوونێکی تر کە لەئاکامی توێژینەوە سەبارەت بە گەندەڵی ماڵی ئەنجام دراوە. گەندەڵی ماڵی دەربڕی بوونی کێشەی جێبەجێ کردن لە یاسا دەوڵەتیەکانە کە بەهۆی بەرپرسانی گەندەڵەوە سوودی خراپی لێی وەردەگیردرێت. بەو جۆرەی کە شەلایڤەرو ویشنی دەڵێن هەرچەندە ڕەوتی گەشەی سیاسی لەدیموکراسیەت و سەروەری خەڵکدا نزیك ببێتەوە. یاساکان گونجا و ترو لۆژیکی تردەبن.

لەهەندێ بواریشدا حاکمی دکتاتۆری تاڵانکار ڕەوایی و ئایشی زۆرتر لەئاکامی چاکەو خێر خوازی بەدەست دێنێت تا وەفادرای لەڕێگای مافی دانانو وڵاتاندا، سیستەمی ئیداری پشت بەستوو بە بەرتیل)) لەوانەیە کاریگەری خۆی بەدرێژاییەکانو زەمان لەدەست بداتو ببێتە بەربەستێك بۆ گۆڕینی ئامانجەکانی دەسەڵاتدار.

دیموکراسی لاواز، بەزۆری لەبەرانبەر رانت خوازی و ئیمتیاز خوازی دەوڵەتیدا بەشێوەی یاسایی داکۆکی دەکات. بەڵام دامو دەزگای سیاسی لاوازی هەیە، لەم حاڵەتەدا، رانت خوازی سیاسی بەجۆرێك دێتە ئاراوە کە ((بارزەن)) بەگەندەڵی سیاسی ناوی لێ دەبات بەو واتایەی کە لەدەسکەوتەکانی گەندەڵی، لەبری ئەوەی لەبواری تایبەتدا خەرجی بکات بۆ بەرزکردنەوەی ئەگەری سەرکەوتنی دووبارە لەهەڵبژاردندا سوودی لێ وەربگیرێت.





بەرزترین ئاستی گەشەی سیاسی لەوانەیە لەدیموکراسییەتی ئەم سەردەمەدا بەدی بکرێت کە چالاکانە لەگەڵ پێکهاتە کۆنەکانی بەندە نەوازی و مافی دانان و وەلانانیدا ڕووبە ڕوو دەبێتەوە. ئاکاری تاڵانکارانەی دەوڵەت لەڕێگای بەرزکردنەوەی ئەگەری سەرکەوتن لەهەڵبژاردنەکانی تردا بەهۆی دەستە بەرکردنی بەرژەوەندی حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانەوە دەردەکەوێت. لەبەراورد لەگەڵ هۆکاری گەندەڵی سیاسییدا رانت خوازی گروپی گوشار (حزبەکان) شێوازی، یاسایی چالاکی سیاسی تاڵانکەران دەردەبڕێت. ئەم تەوەرە لەخشتەی ژمارە دوودا کوتکراوەتەوە.[77]

## مۆدیلەکانی بەدەست هێنانی رانت و ڕژێمە سیاسییەکان

| ڕژێمی سیاسی | مۆدیلی رانت خوازی |
|---|---|
| بشێوێ | یەکێك دژ بەهەموان |
| شەڕئەنگێزی ـ دکتاتۆری لاواز | گەندەڵی دارایی |
| دکتاتۆریەتی بەهێز | گەندەڵی دارایی تایبەت (قۆرخ کراو) |
| پاشایەتی خێرخوازانە | گەندەڵی دارایی راستەقینە |
| دیموکراسی لاواز | گەندەڵی دارایی سیاسی |
| دیموکراسی پراکتیکی | رانت خوازی گروپی |

(خشتەی ژمارە ٣)

## کەلتورو گەندەڵی

کەلتووره جۆراوجۆرەکان لەولاَتانی جیهانی سێهەمدا، تێگەیشتن‌و کۆدەنگی‌و نۆرمی وەك یەکیان سەبارەت بەکاره گەندەڵەکان نییە. ئەم حاڵەتە نێوان جیهانی یەکەم و سێهەم بەگشتی، چەمکێکی دیاره. ئەم تیۆره بەشێوەیەکی سەره ڕۆیانە لەوتوویژەکانی پەیوەست بەگەندەڵی جەختی لەسەر کراوەتەوە. هەندێ کەس پێیان وایە ئەگەر گەندەڵی وەك نۆرمێکی گشتی‌و پەسەندکراو لەولاَتاندا بناسرێت. ئەم گەندەڵیە دەتوانێت وەك ڕێسایەکی باو پەسەند بکرێت هەر چەند کە ئەم جۆره تێروانینە دواجار کێشەو گرفتی ئەم لاو ئەولای لێدە بێتەوە.

لەوانەیە تەنیا بەگشتگیر بوون و نەبوونی نارەزایەتی دژ بەگەندەڵی دارایی، لەڕوانگەی هاوولاَتیانی ئەو کۆمەڵگایانەدا گەندەڵی زیان بەکۆمەڵگا نەگەیەنێت بەڵکو بەڵگەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە بەهۆی ڕیشەداکوتاندنی گەندەڵی لەداب و نەریتی کۆمەڵگایەك، ئەم دیاردەیە دەتوانێت ببێتە بەربەستێك لەرێگای گەشەکردنی کۆمەڵگادا.

ئەم حاڵەتە لەهەندێ ولاَتانی جیهانی سێهەمدا دەبینرێت. بەلاَم دەتوانرێ بوترێ ((هەلپەرستی و هەلومەج و یاساو داب و نەریت لەولاَتانی جۆراو جۆردا جیاوازەو داب و نەریت و یاساکانی ئەو ولاَتانە هەمیشە وەك یەك نین، سەرەڕای ئەم جیاوازییە، لەسەرتاسەری جیهانداو بەدرێژایی مێژوو، خەڵك لەناسینی هەندێ کردەوە کە لەگەندەڵی دەچن کۆدەنگن.[78]

لەژمارەیەك ولاَتی جیهانی سێهەم، تێگەیشتن لەدەوڵەت بەشێوەیەکە کە دەوڵەت نە بەناوی خزمەتگوزار بەڵکو وەك کەسانێك کەدەبێ خزمەت بکرێن و



ملکەچی فەرمانەکانیان بێن دەناسرێن، لێکۆڵینەوەیەك سەبارەت بە دارایی ئەو دیاردەیە لەڕووی بنەما کەلتووریەکانەوە نیشانی دەدات، پێیان وایە کە هاوولاَتیان هێشتا لەچاوی گەورەو ئەربابەوە دەڕوانن بۆ بەرپرسە دەوڵەتیەکان، ئەوان خزمەتگوزاری گشتی بە بەزەیی‌و بایەخ پێدان دەزانن کە لەلایەن کەسانی دەسەلاَتدارەوە دەبەخشرێتە خەڵکی ئاسایی و بێ دەسەلاَت و چینی خواروی کۆمەڵگا پێشکەش و دیاری لەکەلتووری تایلەندا زۆر باوە ئەم خەلاَتانە بەشێکن لەپەیوەندیەکانی جۆری نوێنەرمشتەری و فەرمانڕەوا فەرمانبەر ئەو کەسانەی کە لەهەڵسەنگاندنەکاندا لێکۆڵینەوەیان لەسەرکراوە. نێوان دیاری و بەرتیل بەپێی بایەخی مادیانەوە جیاوازیان ڕەچاو کردووە. ئەوان هەدیە بچووکەکانیان بە نیشانەی سپاسگوزاری دەزانی‌و لەهەدیە گەورەکان وەك بەرتیلی نایاسایی تێدەگەیشتن و گەندەڵی داراییان وەك شێوازێك لەئاکارو ڕەوشت پێناسە دەکرد کە بۆ بەدەست هێنانی قازانجی زۆر بەبێ گرنگی دان بە ئاکامی خراپی بۆ سەر کۆمەڵگا ئەنجام دەدرێت. بەلاَم بەهاکان ڕێژەیین، بۆ نموونە بازرگانێك پێشکەش کردنی ئۆتۆمبیلێك بە هەدیەیەکی ئاسایی دەزانێت بەلاَم لای کەسانی ترەوە ئەو دیارییە وەك بەرتیل دەژمێردرێت لەم نموونەیەدا ئەگەر مافی کاری ئەنجامدراو ١٠٪ بێت، داواکاری ٢٠٪ لەباتی ئەنجامدانی ئەو کارەدا بەگەندەڵی دەژمێردرێت.[79]

لەهەندێ ولاَتی ئەفریقادا کە سەرۆك عەشیرەکان پێکهاتەی سیستەمە سیاسییەکان پێك دێنێت. ئەم جۆره تێڕوانینە کە دەوڵەت خۆی بەخاوەن گەل و ولاَت دەزانێت بەباشی دەردەکەوێت. لەولاَتانی ئەمریکای باشووردا کاتێك خاوەن زەویەکان بەجۆرێك لەنێو پێکهاتەی سیاسیدا جێی خۆیان کردەوە، کاریگەری کەلتووری پەیوەندیدار بەخاوەن زەوییەکانەوە لەنێودەوڵەتدا دەبینرا.

پێوەرە کەلتووریەکان لەوڵاتانی پێش نەکەوتوودا لەڕوانگەی تـرەوە لەسـەر ڕێژەی گەندەڵیدا کاریگەرییان هەیە، بـەم پێییـە گەنـدەڵی، سـەرمایە گـوزاری، گەشـەی ئـابووری و پێـشکەوتن دەخاتـە ژێـر کاریگـەری خۆیـەوەو خەرجـەکان بەرزدەکاتەوە. بەجۆرێك کە لەڕەوتی پێـشکەوتن و ڕوانگـەی خەڵکـەوە گەنـدەڵی بەشێوازی جۆراو جۆر ڕەوتێکی دژ بەئاکارو بەهاکان دێنێتە ئاراوە. بـەم جـۆرە، ناشـیرینی گەنـدەڵی لەڕوانگـەی کۆمەڵایەتیـەوە هۆکـارێکی تـرە کەگەنـدەڵی دارایی هاوکات لەگەڵ گەشەی ئابووری کەم دەبێتەوە.

هەندێ لەتوێژەران پێیان وایە کە ناوبانگی خراپی کۆمەڵایـەتی بەرپرسـانی گەندەڵ لەگەڵ گەشەی ئابووریدا دەگۆڕدرێت.

بۆ وێنە، ئیکۆ*، دەریخست کە لەکۆمـەڵگای نەریتیـدا، لـەو شـوێنانەی کـە جیـاوازی نێـوان دامـەزراوە گـشتیو تایبەتیـەکان کـەم ڕەنگـتر بووەتـەوە، لێـك جیاکردنەوەی نێوان هەدیەو بـەرتیل خـۆری بەشـێوەیەکی ڕوون و دیـار دژوارەو ناوبانگی خراپی کۆمەڵایەتی لەوانەیە کەمتر بێت.[٨٠]*

---

*-Ekpo

* بـەم پێیـە، سـامۆیل هـانتینگتۆن بانگەشـەی ئـەوە دەکـات کـە گەنـدەڵی دارایـی تایبەتمەندی ئەو وڵاتانە نییە کە ئاستی پێشکەوتنیان کەمـە، بـەڵکو لـەکاتو سـاتێکدا کـە دەسەڵاتدارانی نوێی ئابووری دەیانەوێ لەنێو ناوەندە سیاسییەکاندا بالادەست بن. گەندەڵی دارایی یەکێك لەدەرەنجامەکانی بـەمۆدێریزەکردنی خێـرای ئەوانـە کـە دەبێتـە هـۆی ئـاڵۆزی نورمی (هەنجاری) ڕەنگە بەڵگە هێنانـەوەی هـانتینگتۆن بـۆ ناسـینی باشـتر ئـاڵۆزی نـوێو ڕواڵەتی نێوان بەڕێوەبەرانی سەروی دامەزراوەی نەرویژ لەو کاتەدا شیاو بێـت. چـونکە ئـەوان بەرتیلێکی فراوان لەتاقمە پشکدارەکان کـە بـۆ بەدەسـت هێنـانی کۆمپانیاکـان تێدەکۆشـن وەردەگرن.





## گەندەڵی و ڕەگەز ( چەشنی مرۆڤ )

یەکێك لەو بوارانەی کە سەبارەت بەگەندەڵی لێکۆڵینـەوەی لەسـەر دەکرێـت ڕۆڵی ڕەگەزو چەشنی مرۆڤە سەبارەت بەگەندەڵی. بـەجۆرێك کـە ئەگـەر پیـاوان بەشێوەی سروشتی لەژنان گەندەڵ تـربن. لەوانەیـە زۆر بـوونی ئاسـتی بەشـداری ژنان لەکارو باری گشتی و نەتەوایەتی دەبێتە هـۆی کـەم بوونـەوەی گەنـدەڵی و تەنانەت ڕێ لەسەرهەڵدان و گەشەسەندنی دەگرێت. لەهەمانکاتدا بۆ تێگەیشتن و ئاگا بـوون لەکاریگـەری بەشـداری ژنـان لەحکوومـەت و بەسـەر گەندەڵیـدا، لێکۆڵینەوەو خوێندنەوەی پتری پێویستە بـەم پێیـە لێکۆڵینـەوەکان دەریدەخـەن کە لەکاتێکدا ڕەگەز لەسەر گەندەڵیدا کاریگەری هەیە. بەڵام هۆی گەندەڵی پـتر دەگەڕێتـــەوە بـــۆ داینامیکـــەکانی دەزگـــاو ڕێکخراوەکـــان تـــا تایبەتمەندیـــە ڕەگەزییەکان.[٨١]

ڕۆڵی ژنان لەبوارە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی جیهانی سێهەم لەئاسـتێکی زۆر نزمدایەو لەوڵاتانی جیهانی سێهەم ژنـان هێـشتا لـەمافی پەرلـەمانی بـێ بەشن.

## گەندەڵیو واستیەبازی

گەندەڵی لەوڵاتانی جیهانی سێهەمدا تـەنیا لـەڕێگای وەرگرتنـی ئیمتیـازو پارەوە دروست نابێت. بەڵکو یەکێك لەشێوازە باوەکانی هاتنـە ئـارای گەنـدەڵی دامـەزراندنی کەسانی خۆیی لەپۆستە سەرەکی و گرنگەکانە کە بەپۆستی ((نـان و ئاودار)) بەناوبانگن. دیاردەی واسیتەبازی لەناوەندە گـرنگ و هەسـتیارەکاندا یان بەهۆی کەسانی بەهێزو دەسەڵاتدارەوە لەپۆستە سیاسـییەکان و بەرپرسـانی حزبی دێتە ئاراوە یان بە هۆی تورە بەهێزە ئابووریەکانەوە کە لەکەسانی خۆیـان

لەپۆستە گرنگ و سەرەکییەکاندا پشتگیری دەکەن. سەرهەڵ ئەدات، ئەم دیاردەیە بەدیاردەی ((خزم خزمێنە)) ناسراوە بۆ نموونە لەهیندستاندا، لیژنەی سەنا کە بەمەبەستی دامرکاندنی نیگەرانی گشتی پێکهاتووە، تاوانێکی نوێی دژ بەحزبی حاکم هێنایە گۆڕێ و لیژنەکە بەو دەرنجامە گەیشتبووکە:

((بەڵگەی زۆر لەبەر دەستدایە کە دەریدەخات بۆچوونی ئەمانەتداری لەنێو وەزیراندا نائاسایی نییە، ئەو گەورە وەزیرانەی کە لەشانزدە ساڵی ڕابردوودا پۆست و پلەو پایەی خۆیان پاراستووە بەشێوەیەکی نارەوا خۆیان دەوڵەمەند کردووەو لەڕێگای خزم سالاریدا بۆ کوڕو خزمی خۆیان کاروباری باش فەراهەم دەکەن بەم جۆرە لەبیرو ڕای گەشتیدا بۆچوونی ئەمانەتداری لەنێو وەزیرەکاندا بەقەد شکستێکی ڕاستەقینە زیانبارە.[٨٢]

تەنانەت لەولاتانی جیهانی سێهەمدا کە چاکسازی ئیداری لەواندا تا رادەیەك سەرکەوتوو بووە، ئەم دیاردەیە بەشێوەیەکی دیار دەبینرێت. بۆ تسوانا یەکێکە لەو ولاتە ئەفریقیانەی کە گەندەڵی سیستەماتیك لەواندا دەگمەن بووەو لەسەردەمی سەربەخۆییدا، حکومەتێکی تا ڕادەیەك کارا کاروباری ئەو ولاتەی بەڕێوە بردووە.

بوونی پشتگیری و واسیتەبازی لەم ولاتەدا کارێکی پێویستە بەلام بۆ بەرەو پێشبردنی کاروبار، بەرتیل و واسیتە پێویست نییە، بۆ نموونە، خاوەن کۆمپانیا شەخسیەکان بۆ بەڕێوە بردنی کاروباری بازرگانی ئاسایی خۆیان بەرتیل نادەن بەکارمەندانی دەوڵەت چونکە بەپێی پێویست، حەقدەست یان مووچەو ئیمتیاز دەداتە کارمەندانی خۆی. لەبەر ئەوەی کە لەولاتی بۆتسوانا شوێنەوارێك لەگەندەڵی سیستەماتیك نابینرێت و حاڵەتێکی سیاسی و ئابووری بەرفراوان





و گەورە جێگیر بووە. زۆرێك لەسەرمایە گوزارانی بیمەی مەترسی و بەڕێوەبەرانی ئیمتیازاتە بانکیەکان لەگۆڤاری یوروموونی*

پێیان وایە بۆتسوانا لەنێو ولاتانی سەحرای ئەفریقا، بەتایبەت لەباشووری ئەفریقادا، کەمترین مەترسی سیاسی هەیە. بەپێی ئاستی مەترسی سەرمایە گوزاری لەجیهاندا. ئەم ولاتە لەپلەی پەنجاو پێنجەمدایە واتە ڕێك پاش ئەفریقای باشوور بۆتسوانا توانیویەتی زۆرترین ڕێژەی سەرانەی سەرمایەگوزاری ڕاستەوخۆی دەرەکی لەئەفریقادا بۆ خۆی ڕاکێشێت.[٨٣]

هەرچەند دەولەتەکان. بەلەبەر چاوگرتنی ڕادەی ئابووری پێشکەوتوویی و جۆری پێگەی کۆمەلایەتی جیاوازییان لەگەڵ یەکتردا هەیە. بەلام ئەو دیاردەیە لەهەریەك لەو ولاتانە بەجۆرێك وێنا دەکرێت. لەباشووری ڕۆژهەلاتی ئاسیاوە دەبێ سەرمایەداری بورۆکراتیك کە لەگەڵ سیاسەتی بوروکراتیکی پێشووی تایلەندا پەیوەندی هەبوو جیاوازبن لەگەڵ ((سەرمایەداری تالانکەر))ی** دەولەتی ((باوك سالاری هەزار خزم))ی فلیپین. لەجۆری یەکەمدا سەرمایەداری رانتی، و بەرژەوەندی خوازانی گەورە لەخودی دەوڵەتدا بەرچاو دەکەون. لەکاتێکدا بەرژەوەند خوازانی گەورە دەبنە خاوەنی پێگە ئابووریەکانی سەربەخۆ لەدەرەوەی دەوڵەتدا.[٨٤]

---

*- Euromony

**- Booty capitalism

## گەندەڵی، پێشکەوتن و پێشنەکەوتن
## (ڕۆڵی گەندەڵی لە پێشکەوتن و پێشنەکەوتندا)

وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، لێکۆڵینەوەکان نیشانیدەدەن کە بەزۆری نێوان پێشکەوتن و گەندەڵی پەیوەندییەکی دژ بەیەکیان هەیە (پێچەوانە) کە هۆی ئەم پەیوەندییە دەگەڕێتەوە بۆ هەندێ هۆکاری جۆراوجۆرو بوونی بەرهەڵستکاری لەنێو حزبە سیاسییەکان و ڕەوتی خەڵك سالاری لەولاتانی پێشکەوتوودا، بەجۆرێك کە ئەم ململانێیە خۆی دەبێتە. هۆکارێك بۆ کۆنترۆڵ کردنی بەرپرسە دەوڵەتیەکان.

پەرەسەندنی فێرکاری و پەیوەندییە یاساییەکان لەولاتانی کەمتر پێشکەوتوودا بەرەو ڕووی کەم و کوڕی بووەتەوە. بەپێچەوانەوە لەو ولاتانەی پتر پەرەیان سەندووە یاسا گەلێك کە لەڕەوتی پێشکەوتندا هاتوونەتە ئاراوە دەبنە بەربەستێك بۆ کارە گەندەڵ ئامێزەکان، ترس لەبەرپرسان لەحاڵەتی ئاشکرابوون و بەرپرسیار بوونی دەوڵەتەکان لەبەرانبەر ڕێکخراوە مەدەنیەکاندا هۆکارێکی تری ئەو دیاردەیەن.

پێوەرەکانی گەشەی مرۆڤایەتی و کۆمەلایەتی و ئابووری هەریەکەیان، پەیوەندیەکی بەتەواوەتی واتادار لەگەڵ ڕێژەی گەندەڵی نیشان دەدەن بۆ نموونە پەیوەندییەکی تۆکمەو پتەو نێوان داهاتی ناپوختەی نێوخۆیی سەرانە و پلەی هەر ولاتێك بە لەبەر چاوگرتنی پێوەرەکانە گەندەڵی دارایی لەئارادایە، بەم پێیە، هیچ جۆرە پەیوەندییەکی (علت ـ (هۆ ـ بەرهۆ) معلولی) نێوان بەرهەمی ناپوختەی خۆماڵی و گەندەڵی داراییدا بەدی ناکرێت. ئایا دەوڵەتێك بەم هۆیەوە هەژارە کە گەندەڵی دارایی تێیدا باوە یان گەندەڵی ولاتێك ئاکامی



هەژاری و نەداری ئەو ولاتەیە.. ((لامبز دۆرۆف)) وڵامی ئەم پرسیارە ناداتەوە، بەڵام باڵدام جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئاستە گەشتیەکانی نەداری هۆکاری هاتنە ئارای گەندەڵی داراییە.[٨٥]

ئازاد بوونی ئابووری و ناجێگیر بوونی بوارە ئابووریەکان لەولاتانی پێشکەوتوودا لەبەرانبەردا ئابووری جێگرو پەرەسەندنی کەرتی گشتی دەوڵەتی و بەرتەسك بوونی بواری ئابووری شەحسی، هۆکاری هاتنە ئارای گەندەڵی لەولاتانی پێشنەکەوتوو دایە. ڕاسیتەکەی ئەوەیە کە هەرچەند گەندەڵی بواری زۆرتر لەخۆ بگرێت کۆنترۆڵ و ڕاگرتنی ئابووری ولات دژوارتر دەبێت. لەئاکامدا لوژێکی سەوداگەری بەسەر لۆژێکی بەرهەم هێنان دا زاڵ دەبێت و بوار بۆ ئابووری کاراو کاریگەر نارەخسێت، بۆ وێنە، ناهاوسەنگی لەبودجە دەوڵەتیەکان، دەگەڕێتەوە بۆ نا هەماهەنگی نێوان زۆر بوونی خەرج و کەم بوونی داهاتی باج و دارایی، چونکە داهاتی باج بەهۆی دەستێوەردانی کەرتی ئابووری نافەرمیی و فریودان و خودزینەوە لەدانی باج، هەڵبەتە بەبێ ڕەچاوکردنی گەندەڵی بەڕێوەبەرایەتیەکانی باج، ڕاوەستاوە.

هەروەها گەندەڵی هاوکاتە لەگەڵ لەدەست دانی سامانی نەتەوەیی ئەوەش ڕاستە، کاتێك ئەم سەرچاوانە کەدەبێ بەشێوەیەکی بەردەوام سوودیان لێی وەربگیردرێت، لەوەتەی کە گەندەڵی سامانی نەتەوەیی لەڕەوتی خۆیدا چەواشە دەکات، ئەم سامانانە ناتوانین سوودێکی چەندان بەڕەوتی گەشەسەندنی ئابووری بەگەیەنێت، کاتێکیش دەوڵەت کە هۆکاری سەرەکی ئابوورییە لەدووی تۆڕە تالانکەرەکان دەکەوێت، ئەم کێشە دەبێتە کێشەیەکی سەرەکی، ئیتر ئەوکاتە خەرج کردنی داهات و دەسکەوتی ئەو جۆرە سیستەمە شتومەکی هاوردە لەخۆ دەگرێت کە ئەمە بەزیانی دراوی نێوخۆی ولاتە. ئەم هۆکارە

پێکەوە گرێدراوانە کاریگەری خراپ دەخەنە سەر گەشەی ئابووری کاتێك کەسیستەمی ئابووری هاوتەریب دەبێتە هۆی لۆژیکی هێزو دەسەڵات، ئامانجی ئەو سیستەمە تەنیا زاڵ بوونە بەسەر چۆنیەتی دابەش کردنی سامانی نەتەوەییو چەرخی ناخۆشو نەخوازراوی نەداری و هەژاری وەگەڕ دەخات. نەداری، دەسپاکی مەدەنی لاواز دەکات، نەبوونی دەسپاکی مەدەنی دیموکراسی لاواز دەکات، دیموکراسی بێ هێز ڕەوتی پێشکەوتن تووشی ڕاوەستان دەکات بەم جۆرە، بەبێ گەشەکردن ژیانی ئابووری لەگەڕ دەکەوێت و تێکچوونی باری ئابووری دەبێتە هۆی زیاد بوونی هەژاری و نەداری.[٨٦]

## ((شوێندانانی گەندەڵی لەسەر بەرنامەکانی پێشکەوتندا))

بانکی جیهانی، گەندەڵی بەگەورەترین بەربەست لە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئابووری دەزانێت. گەندەڵی بەهۆی دەستێوەردان لە برگە یاساییەکان ڕەوتی پێشکەوتن خراپ دەکات و ئەو بنەمانە ڕێکخراوانەی کە بۆگەشەی ئابووری پێویستن تووشی لاوازی دەکات.

لەکاریگەریە زیانبارەکانی گەندەڵی، زۆرترین کاریگەری ئەو دیاردەیە لەسەر شانی خەڵکی نەدارە کە قورسترین زیانیان بەهۆی دابەزینی ئابووریەوە بەردەکەوێت. هەروەها گەندەڵی دەبێتە ڕێگر لەجێبەجێ کردنی ئەو بەرنامەو سیاسەتانەی کە بەمەبەستی کەم کردنەوەی گەندەڵی گەڵاڵە دەکرێن.[٨٧]

لێکۆڵینەوەکان نیشان دەدەن کە گەندەڵی لەسەر ڕەوتی پێشکەوتن و بەرنامەکانی ڕەنگدانەوەی جیاوازی هەیەو بەگشتی گەیشتن بەئامانجەکانی پێشکەوتن دژوارتر دەکات.



ئەو لێکۆڵینەوانەی کە سەبارەت بە بەرنامەی ئاوەدانکردنەوەی نەتەوەیکگرتووەکان ئەنجام دراون، دەریانخستووە کە گەندەڵی ئیداری ڕێگری سەرەکی گەشەکردن و پەرەسەندنی نەتەوەیی دەوڵەتەکانە بەتایبەت لەڕەهەندە ئابووری و مرۆڤایەتیەکاندا.

لەکۆنفرانسێکی سێ ڕۆژەدا کە لەساڵی **١٣٧٧** لەوڵاتی تایلەندا بەناو نیشانی ((سێهەمین کارگەی یەککگرتوویی حکومەت لەوڵاتانی ئاسیایدا)) بەڕێوە چوو، دیاردەکانی گەندەڵی بەشێوەی خوارەوە ئاماژەیان پێدرا.

- کەم بوونەوەی سەرمایەگوزاری نێوخۆیی.
- کەم بوونەوەی سەرمایەگوزاری دەرەکی.
- کەم بوونەوەی داهاتی دەوڵەت.
- کەم بوونەوەی قازانجی سەرمایەگوزاری گشتی.
- کەم بوونەوەی ئاستی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی بەتایبەت بۆ خەڵکانی نەدارو کەم داهات.
- بەرزبونەوەی خەرجی ژیان.
- بەرزبوونەوەی نرخەکان.
- دابەزینی گەشەی ئابووری و کەش و هەوای ململانێی ئابووری.
- بەرز بوونەوەی زۆرتری گەندەڵی.[٨٨]

لەلایەکی ترەوە، زۆر جار هاوکات لەگەڵ جێبەجێ کردنی بەرنامەکانی پێشکەوتن و گەشەی ئابووری، کۆمەڵگا لەڕوانگەی نورمی و شێوازی ڕوانینەوە بەرەو ڕووی گۆڕانکاری دەبێتەوە.

سەروەتوسامان بەقەوارەو شێوازی نوێ لە دەزگا دەوڵەتی و شەخسی و کۆمەڵایەتیەکاندا وەگەڕ دەکەوێت و چین و توێژی ئابووری پێک دێن.

جێبەجێکردنی پرۆژە ئابووری و عیمرانیەکان، ئامادەبوونی سەرمایەگوزارانی دەرەکی و پەرەسەندنی سەودای بازرگانی لەگەڵ ولاتانی دەرەوە، پێویستی ولاتانی جیهانی سێهەم بەقەزری دەرەکی و سەرمایەگوزاری بانکەکان و دامەزراوە داراییە دەرەکییەکان، لەپاڵ جێگیری و بڕیاردانی هەڵبژێراوانی سیاسیو پاشان فەرمانبەرانی دەوڵەت و دەسەلاتی بەرینی کاربەدەستانی دەوڵەت و لەئارا بوونی موڵەتی جۆراو جۆر بۆ هەر چەشنە چالاکی ئابووری و بواری جۆراو جۆری تر، لەخۆدا بواری گەندەڵ ئامێزی دارایی و نموونە گەلێك لەگەندەڵی سیاسی بۆ کارمەندانی پلە بەرز پێك دێنن. بەدوای ئەم جۆرە بوارانەدا. کارمەندان لەقۆناغە جۆراوجۆرە ئیداریەکان بەجۆرێك لەم ڕێگایە خۆیان دەوڵەمەن دەکەن.

## ((گاریگەری گەندەڵی لەسەر جیاوازی کۆمەلایەتی))

جیاوازی ئابووری و قڵشی نێوان داراو نەدار یەکێك لەتایبەتمەندییەکانی ولاتانی جیهانی سێهەمە. ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەچەند ولاتی پێش نەکەوتوودا ئەنجام دراون، باس لەوە دەکەن کە گەندەڵی دارایی ئەم ڕەوتەی قووڵتر کردووە و پەرەسەندنی ناکۆکییەکانی بەدوادا بووە لەئاکامدا خەڵکی زۆرتری تووشی بەشبڕان و هەژاری کردووە. ئەم هەژارییە دەتوانێ ئاکامی گوشارو زەبروزەنگی بەرپرسانی دەوڵەتی بێت لەسەرچینی ژێر دەست. دەس گوشایی لەبەرانبەری خەڵکی دەسەلاتدارو بەهێزدا کە لەڕێگای بەرتیلەوە لەژێر گوشاری یاساییەوە لەوانە باج و پارەدان خۆیان دەربازدەکەن، دێتە ئاراوە. بەهۆی خەرجە زۆرەکانی گەندەڵی دارایی، سیاسەتە راستو رەواکانی پێشکەوتن و دابەش کردنی سەر لەنوێ سەرچاوە و داهات لەنێوان خەڵکی هەژارو چینی خوارویی کۆمەڵگا بەزۆری لاواز دەبێت.



## ((سیاسەتە ئابووریەکانو گەندەڵی))

کاتێك باس لەبوونی خولی بێ سوودی گەندەڵی و پێشنەکەوتن دێتە ئاراوە، ئاشکراترین دیاردەی ئەو خولە لەسیاسەتە ئابووریەکانی پێشنەکەوتوویی و گەندەڵیدا وێنا دەکرێت.

ولاتانی جیهانی سێهەم بەشێوەی سەرەکی لەگەڵ قەیرانە کۆمەلایەتیەکان لەوانە بێکاری و نەداری بەر بلاودا بەرەو ڕوون، بێکاری بەرێژەی سەروی ١٥٪ و ئەو قەیرانە سیاسییانەی کە لەدەرەنجامی گەندەڵیدا روو دەدەن دەبنە هۆی سوودوەرگرتنی خراپ و بێ سوود لەبەشە دەوڵەتیەکان یان ئەو کەرتانەی پەیوەندییان بەدەوڵەتەوە هەیە. ئەم هۆکارە سەرەتای سەرهەڵدان و پەرەسەندنی گەندەڵییە لەلایەکی ترەوە، هەژاری و نەداری لەزۆربەی چین و توویژەکاندا، دەبێتە هۆی بڕیار وەرگرتنی سیاسی و پشتگیریکەرانەو بەخشینی یارانەو سیاسەتگەلێك وەك دانانی چەندین نرخی جیاواز بۆ دراو، سنوور دارکردنی هاوردە، پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری کۆمەلایەتیو کەلتووری بەنرخێکی کەم و چەند بوارێکی تری لەو جۆرە کە گەندەڵی ئاستی یەکەم و دووەم پێك دێنێ.

بۆ نموونە، لەبەر ئەوەی نانی گەنم، خۆراکی سەرەکی زۆربەی ولاتانی جیهانی سێهەمە، دەوڵەتەکانی ئەو جۆرە ولاتانە یارانەی بەرچاو (سۆبسیدا) بۆ ئەم مەبەستە لەبەر چاو دەگرێت. بەچاو پێخشاندنێك لەسەر ڕەوتی سۆبسیدا (یارانە) لەبۆ گەنم بەڵگەی زۆر سرنجڕاکێشمان دەداتە دەستەوە سەبارەت بەگەندەڵی لەهەردوو ئاستدا.

لەگەندەڵی جۆرە یەکەمدا کڕیاری دەرەکی لەگەڵ پورسانت و کڕیاری نێوخۆ لەگەڵ بەرتیل کە ئاکامی جیاوازی نرخ و بەهای شتەکانە بەرەو ڕوو دەبنەوە. لەگەندەڵی جۆری دووەم، هەمباری و ئاشەوانی بگرە تا شوفێری گواستنەوەو دواجار نانەواکان کە بەهۆی فرۆشتنی ئاردی سوبسید بەنرخی ئازاد نرخی ئاسایی بەرز دەکەنەوە، هۆکاری هاتنە ئارای گەندەڵین.

پەیوەندی راستەوخۆی نێوان گەندەڵی و گەشەسەندن لەولاتانی جیهانی سێهەمدا شیاوی تێگەیشتنە. لەم ڕوانگەیەوە سەرنەکەوتنی ڕەوتی پێشکەوتن دەگەڕێتەوە بۆیەك یان دوو هۆکارو نەخۆشی، یەکەمیان لاوازی ئابووریە داخراوەکە دەوڵەت لەڕێگای کەم کردنەوەی پەیوەندی دەستگەیشتن بەسەرمایەی دەرەکی و کەرەستەکانی سەرمایە و کاڵای هاوردەو واسیتەیی کە دەبنە هۆی لاوازی لەپێشکەوتنی تکنۆلۆژیا. دووەمین هۆکار، لاوازبوونی گەندەڵیە کەڕێبەرانی سیاسی بۆمافی خاوەنداریەتی ڕێز دانانێن و لەڕووی مەبەستەوە هەلومەرج لەمەڕ کۆکردنی سەروەت و سامان بۆ خۆیان و دەست و پەیوەندەکانیان شلەژاوو ئاڵۆز دەکەن. دەرمانی سروشتی ئەم لاوازییە بریتییە لە: ئازادی چالاکی ئابووری و گرتنە بەری ڕێگا چارەی باشتر.

((ئابووری ژێر بەژێر یان نهێنی)) چەمکێکە کە لەولاتانی پێشنەکەوتوو باوەو ئەم جۆرە ئابووریە لەڕووی ناچاریەوە لەگەڵ گەندەڵی دارایی و سیاسیدا هەڵپێچراوە، مەبەست لەزاراوەی ئابووری نهێنی، ئەو چالاکییەیە کە لەپەراوێزی یاسای سزادان و یاساکانی کۆمەڵایەتی و یاسای باجدان ئەنجام دەدرێت. بەئاراستەیەکی تر، چالاکیەکە لەئاماری داهاتی ساڵانەدا تۆمار نەکرێت. ئەم پێناسە دووجۆر ئابووری نهێنی لەخۆ دەگرێت ئابووری نهێنی و ئابووری کاڵا لەبەرانبەری کاڵاو خۆبەڕێوەبەردا.



ئابووری نهێنی بریتیە لەو چالاکییە نایاسایی و زۆرانەی کە سوودمەندن لەوانە کڕین و فرۆشی مادە بێ هۆشکەرەکان، قاچاخ، دەڵاڵی خۆشەویستی گەندەڵی، فریودان، باجو ساختەکاری و هتد.. لەتەواوی ئەم بوارانەدا، ئەم چالاکییانە بەهۆی نایاسایی بوونیانەوە نهێنی و لەبەرانبەردا سەرچاوەی داهاتن، بەهۆی هەڵخەڵەتاندن و خۆدزینەوە لەباج دان ئاستی ئابووری شەخسی کە بووەتە هۆی ئەم کارانە باشتردەکات، ئابووری کاڵا بەکاڵا لەئابووری نهێنی بەتەواوەتی جیاوازە، چونکە بەپێی ئەو پێناسەیەی کە کرا ئابووری کاڵا بەکاڵا تەنیا چالاکییە یاساییەکان لەخۆ دەگرێت و خاڵی هاوبەشی ئەو ئابووریە لەگەڵ ئابووری نهێنیدا، ئەوەیە کە ناچێتە خانەی ئاماری ئابووری فەرمیدا، چونکە لەو چالاکیانەدا پارە ئاڵو گۆر ناکرێت و چالاکییە ئابووریەکانی کاڵا لەبەرانبەری کاڵادا جۆراو جۆرن.

دڵنیانەبوون لەمووچە و حەقدەست، هەلومەرجی بەزۆری دژوار، نەخوێنەواری یان سوود وەرگرتنی زۆرکەم لەداهێنان، ئەمانەو هەموویان داوی ئابووری نافرەیی و نهێنییە، هەروەها پەرەسەندنی ئابووری نهێنی لەگەڵ جۆرێك لەبێ بەڵێنی دەوڵەت یەکدەگرێتەوە، جێبەجێ کردنی سیاسەتگەلی ئەو تۆو دەس کێشانەوەی دەوڵەت لەو ولاتانەی کە تێیاندا دیموکراسی بەدی ناکرێت یان لاوازەو دەتوانێ مەترسیدار بێت. بە بۆچوونێکی تر، دەتوانێ ببێتە هۆی دەسەڵات وەرگرتنی ڕوو لەزیاد بوونی گروپە مافیاکان، یان ئەو گروپانەی کە، دەتوانن هەم زیان بەدەوڵەت بگەیەنن و هەم مافی سەرەکی هاوولاتیان پێشێل بکەن. بەکورتی هەرچەند کە بواری نهێنی لەولاتانی دواکەوتوودا تاڕادەیەك بوار بۆ کارو پێشە فەراهەم دەکات و یەکگرتوویی و تەبایی بنەماڵە دەستەبەر دەکات.

بەڵام پەرەسەندنی ڕوو لەزیادبووی دەوڵەت چ بۆ بواری ئابووری و چ بۆ سیستەمی سیاسی ئەو وڵاتانە مەترسی ڕاستەقینە بە ئەژمار دێت.[89]

ئابووری ژێر بەژێری یان نهێنی لەوڵاتانی جیهانی سێهەمدا ڕەوتێکی هێناوەتە ئاراوە کە تۆڕەکانی مافیا لەوڵاتانی پێشکەوتوو قاچاخ چییانی نێونەتەوەیی لەئابووری نهێنی وڵاتانی جیهانی سێهەم بۆ وەلاتانی ئەو دۆلارانەی کە لەئاکامی قاچاخی مادە بێهۆشکەرەکان و هەڵاتن لەبەدوادا چوونی یاسایی سوودی لێوەربگرن تۆڕەکان و هێڵە داراییەکانی نێونەتەوەیی بۆ ئەم مەبەستە پێك هاتوون کەخاوەن بانکەکان، دەڵاڵە پشکدارەکان، بازرگانان، پارێزەران و سیاسەت ڤانانی وڵاتانی جیهانی سێهەم لەناویاندا سەرقاڵ بن و گەندەڵییەك لەجۆری یەکەم پێك بێنن.

## کاریگەری گەندەڵی لەسەر سەرمایەگوزاری

گەندەڵی دارایی و سیاسی لەروانگەی جۆراوجۆرەوە کاریگەری دەخاتە سەر سەرمایەگوزاری لە وڵاتانی ڕوو لەگەشەسەندندا گرنگترین کاریگەری گەندەڵی لەئاکامی ڕەوتی ئەو گەندڵیانەیە کە لەنیوەی ڕێدا، سەرمایەگوزاری کەرتی گشتی دادەبەزێت و بەشی سەرەکی سەرمایەی کۆمەڵگا بەرەو کەرتە بێ سوودەکان ڕادەکێشێت کە بواری دزی و بەدەست هێنانی پارەی بەلاش و دەرباز بوون لەئاڵۆزی کارە گەندەڵەکان لەواندا پتر دەست دەکەوێت، کاریگەری گەندەڵی دارایی بۆ سەر خەرجە گشتیەکان لەچەند لێکۆڵینەوەیەکدا تاوتوێ کراوە. لەڕوانگەی یەکەمدا، چاوەڕێ دەکرێت کەبەرزبوونی ئاستی گەندەڵی، پرۆسەی بڕیاردان سەبارەت بەپرۆژە سەرمایە گوزاریە گشتیەکان بەتەواوەتی ڕاگرێت. ئەو کەسانەی سامان و سەرچاوەکان دابەش دەکەن لەوانەیە پێیان





وابێت بە لەپێش خستنی پرۆژە گەورەو پڕ خەرجەکان و وەلانانی پرۆژە ژێرخانە کۆمەڵایەتی و بچووکەکان دەرفەتی باشتر دەرەخسێنێت بۆ بەدەست هێنانی داهاتی نایاسایی.

نموونە ڕاستەقینەکان، لەوانە ڕاپۆرتی بلاین هاردین* سەبارەت بەبینای بەنداوی تۆرکڤیل جۆرج دام** لەکینیا بەڵگەی زیندوی ئەم مەسەلەیەیە.[٩٠]

گەندەڵی لەپاڵ یاسا ناکارا و کێشە دروستکەرەکاندا بەشێوەی تەواوکەر کار دەکات و دەبێتە هۆی پێك هاتنی کەرتی غەیری شەفاف، نافەرمیی و بەکورتی نهێنی لەئابووریدا. سەرەکی ترین دەرئەنجامی ئەم ڕووداوە، نەبوونی سەرمایە گوزاریە لەکەرتە پێکهێنەرەکان و سوود وەرنەگرتن (پێشوازی نەکرن) لەسەرمایە گوزاری بەرهەم هێنەرو پیشەیییە.

## ئاستە باڵاکانی گەندەڵی پەیوەست دەبن بەئاستی خوارەوەی سەرمایە گوزاری و گەشەسەندن.

گەندەڵی، کارامە بوونی سیاسەتە پیشەیەکان دادەبەزێنێت و چالاکییە ئابووریەکان لەکەرتی نافەرمیی بەمەبەستی ژێر پێنانی باج و یاساکانی ڕێکخستن هاندەدات.

سەرمایەگوزاری ڕاستەوخۆی دەرەکی بەهۆی بەرزبوونی ئاستی گەندەڵی دادەبەزێت. ئابووری وڵاتە ئاسیاییەکان لەوحاڵەتە بەدەر نییە، ئەو وڵاتانەی کە ئاستی سەرووترین گەندەڵییان هەیە دەیانتوانی سەرمایەگوزاری ڕاستەوخۆی

---

*- Blaine Hardin

**- tuvr well Gorge Dam

دەرەکی زۆرتر ڕاکێش، بەمەرجێك گەندەڵی کەمترو سیاسەتی پیشەیی کاراتریان هەبایا.[91]

ئەو لێکۆڵینەوانەی کە سەبارەت بەدیاردەی گەندەڵی دارایی لەسەر گەشەی ئابووری ئەنجام دراون، نیشانیدەدەن کەپەیوەندییەکی واتادار لە نێوان بەرزبوونی ئاستی گەندەڵی داراییو نزم بوونی گەشەی ئابووری لەئارادایە.

مارۆ لەلێکۆڵینەوەیەکی ئەزموونی لەساڵی ١٩٩٥ بەسوود وەرگرتن لەپێوەری جۆراوجۆر کە لەلایەن بینرێنس ئینترناشناڵەوە ئامادەکرا بوون بەم دەرئەنجامە گەیشت کە گەندەڵی دارایی لەسەر ڕێژەی سەرمایە گوزاری لەبەراورد لەگەڵ بەرهەمی ناپوختەی نێو خۆییدا کاریگەری نیگاتیڤی هەیە. بۆ وێنە ئەگەر بونگیلادش بیتوانیایە یەکگرتوویی ئیداری خۆی تا ئاستی وڵاتی ئۆروگوای چاك بکات، نرخی سەرمایەگوزاری ئەو وڵاتە تارادەی ٥٪ بەرز دەبوویەوە.[92]

کاریگەری گەندەڵی تەنیا ناگەڕێتەوە بۆ سەرمایە گوزەرانی نێوخۆیی، سەرمایەگوزەرانی دەرەکی کە لەگەڵ کارمەندانی ئەو سیستەمە لەپەیوەندیدان. زۆرجار تووشی سەر لەشێواوی دەبن و لەهەر دەرفەتێکدا بەدوای هەڵوەشانەوەو لەناوبردنی پەیماننامەکان و ئەو سەودا ژێر بەژێرانەن کەخەرجی زۆریان بەسەردا سەپاوە، شیوەیەکی تر لەخێراتر کردنی ئەو ڕەوتە: ئاودیو کردنی سەرمایە دەسکەتووەکانی ئاکامی گەندەڵی، لەلایەن هەڵبژێراوانی دەسەڵات ((بۆ دەرەوەی وڵات))و دەرکردنی ئەو سەرمایە لەڕەوتی بەرهەم هێنان و سەرمایەگوزارییە.





کارمەندانی ئاستی خوارەوەی دەوڵەت، ئەو داهاتانەی کە لەئاکامی گەندەڵیدا بەدەستی دێنن لەبواری ویست و داخوازییە ناڕەواکانی خۆیاندا خەرجی دەکەن تا بۆ پاشەکەوت کردنی.

بێگومان ئەو گێرە و کیشانە ڕەوتی سەرمایەگوزاری و گەشەی ئابووری خاو دەکاتەوە. مورو* بەهۆی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەساڵی ١٩٩٧ سەبارەت بە٩٤ وڵات بەئەنجامی گەیاند بەم دەرئەنجامە گەیشت کە کەم کردنەوەی ئاستی گەندەڵی تا ڕێژەی ٣٨/٢٪ پشکی سەرمایەگوزاری لەبەرهەمی ناپوختەی نێوخۆیی٤٪ بەرز دەکاتەوە. لەنێوان ئەو ڕاپۆرتەی بانکی جیهانی کە سەبارەت بەگەشەی ئابووری جیهان لەساڵی ١٩٩٧ز بڵاوکراوەتەوە، بەشێك لەژێر ناوی ((پێگەی حکوومەت لەجیهانی بەرەو گۆڕانکاری)) پەیوەندی نێوان گەندەڵی و سەرمایەگوزاری تاوتۆی دەکات و ئاستی گەندەڵی پەیوەست دەکات بە توانای پێشبینی کردنی پارەخەرجکراوەکان و دەرئەنجامیان. ئەو پێیوایە لەو وڵاتانەی کە ئاستی گەندەڵی لەسەرەوەیە بەڵام توانای پێشبینی پارە خەرجکراوەکانو دەرئەنجامیان لەخوارەوەیە، سەرمایەگوزاری بەزۆری کەم دەبێتەوە ئەم حاڵەتێکە کە لەوڵاتانی جیهانی سێهەمدا بەزۆری دەبینرێت.

ویتۆ تانزی و داوودی لەوتارەکانیاندا کە لەساڵی ١٩٩٧ز بەناوی ((گەندەڵی، سەرمایە گوزاری هەمەلایەنەو پێشکەوتن)) لەسندوقی دراوی نێونەتەوەیی بڵاوکراوەتەوە، بەم دەرئەنجامە دەگەن کە ((گەندەڵی)) بەتایبەت گەندەڵی سیاسیو گەورە. تەواوی ڕەوتی بڕیار وەرگرتنو بڕیاردان کە پەیوەستە بەپرۆژەگشتیەکانی سەرمایە گوزارییەوە تووشی وەستان و گرفت دەکات و

---

*-mauro

هەرچەندە گەندەڵی پتر بێت ڕادەی گیروگرفت زۆرتر دەبێت. ئاکامی ئەو لێکۆڵینەوە دەربڕی ئەوەیە کە گەندەڵی زۆرکات پەیوەستە بە سەرمایەگوزاری پترو داهاتی کەمتری دەوڵەت و خەرجە کەمەکانی بەجێبەجێ کردنی و پارێزگاری و دواجار، ئاستی لاوازی پێکهاتە گشتیەکان کە ئەم حاڵەتە نیشاندەری ئەوەیە کە بوونی گەندەڵی، قەوارەی سەرمایەگوزاری گشتی زۆرتر دەکات. بەڵام لەهەمانکاتدا قازانجی ئەو سەرمایە گوزارییە کەم دەبێتەوە، ئەم پێنج هۆکارە، ڕێگایەکن بۆ وەی گەندەڵی لەو ڕێگایەوە کاریگەری خراپ بکاتە سەر گەشەی ئابووری.

## گەندەڵیو تێچوون ( خەرج )

بوونی گەندەڵی دەبێتە هۆی ئەوەی کەخەرجەکانی پرۆسەی گەشەسەندن بەهۆی جۆراوجۆرەوە ڕوو لەزیاد بوون بکات. بۆیەکەم بوونەوە یا بەنەمانی دیاردەی گەندەڵی، بەشێوەی سروشتی پرۆژە ئابووریەکان بەزۆری دەرفەتی جێبەجێ کردنیان فەراهەم دەبێت. بەشێکی بەرچاو لەبووجەی وەگەڕ خراو و بووجەی ئاوەدانکردنەوە لەولاتانی جیهانی سێهەم و داهاتی دراوی ئەو ولاتانە لەڕەوەتی گەندەڵیدا بەفیڕۆ بچێت. لەم ڕووەوە دەرفەتی کەمتر بۆ سەرمایەگوزاری دێتە ئاراوە. بەرپرسانی گەندەڵ پرۆژەی هەڵبژێراوی سەرەکی خۆیان بەپێی بەهاوبایەخە سەرەکییەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی دادەنێن. بەم پێیە دەسکەوتەکانی ئەو جۆرە ولاتانەو سەرمایە گەلێك کەدەبێ لەمەودایەکی زەمەنی بەگەڕانەوەیان بواری سەرمایەگوزاری لەو چەشنە بۆ جارێکی دیکە بێتە ئاراوەو بەتەواوەتی لاواز دەبێت.



پرۆژە ئاوەدانکردنەوەو پیشەیەکان لەژێر چاودێری ورد دەرباز دەبن و کارمەندانی گەندەڵ بەوەرگرتنی بەرتیل زۆرجار پاساو بۆ ئەو کارانە دێن وە کە دورن لەراستی یان جەخت دەکەنەوە سەر ئەو خەرجانەی کە راست نین. بەم جۆرە خەرجەکانی پرۆسەی پێشکەوتن بەشیوەیەکی ناعاقلانەو ناڕەوا بەرز دەبنەوە. ئاسەواری زیانبەخشی ئەم ڕەوتە پاش تەواو بوونی پرۆژەکان جارێکی تر ئاشکرا دەبێت و پرۆژەکان بەشێوەی سەرەکی، نائابووریانە و زیانبەخش و غەیری ستاندارد جێبەجێ دەبن.

سەرمایەگوزارانی دەرەکی زۆرجار ڕێژەیەکی دیاریکراو لەداهاتی پرۆژەکان بۆ بەشداریکردنی خۆیان دیاری دەکەن، هەرچەند ڕێژەی بەرتیل ((پورسانت)) بەرز ببێتەوە بەشێوەی سروشتی لەسەر نرخ و خەرجی بەشداری کردن کاریگەری دەبێت. بەم جۆرە بەشیوەیەکی تر خەرجەکانی پرۆسەی پێشکەوتن زۆرتر دەبن.

لەم بوارەدا لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی زۆر ئەنجام دراوەن. لەلێکۆڵینەوەیەکی تایبەتدا ئەم پرسیارە هاتووەتە گۆڕی کە بەڕاستی گەندەڵی تا چ ڕادەیەك خەرجە گشتیەکانی ئامانجی پێشکەوتن کەم دەکاتەوە؟ چ ئەو خەرجانەی کە بۆ پرۆژەی ئاوو جادەسازی ڕەچاو کرابێت یان بۆ پرۆژەی بنکەی تەندروستی لادێ. ((وید)) تێگەیشتنێکی پراکتیکی تێروتەسەل و تایبەتی هێناوەتە گۆڕێ لەسەر ئەوەی کە چۆن گەندەڵی لەسیستەمی ئاوی باشووری هیندا بوو بەگرفتێك بۆ ئامانجەکانی پرۆسەی پێشکەوتن.[٩٣]

## گەندەڵیو کەرتی تایبەت

گەندەڵی و لاوازی حکوومەت گەشەی ئابووری کەم دەکاتەوەو دەبێتە هۆی پێشکەوتنی کەرتی تایبەتی کاراو ساڵم. بۆ سەلماندی ئەم حاڵەتانە سێ نموونەی

خوارەوە وەك بەڵگە ئەخەینە پێش چاو. لەساڵی ١٩٩٥ بەلێکۆڵینەوەیەك لەسەر ٢٠٠ کومپانیای بەرهەم هێنەرو بازرگانی لەپاکستاندا دەرکەوت کە گەندەڵی دارایی‌و تاوان چوارەمین کێشەی سەرەکی ئەوان بووە.

((٧٨٪ ی)) خەڵك پێیان وابوو کە بەرتیلیان داوە بە بەرپرسەکان و ڕێژەی ئەو پارانەی کەدراوەتە بە بەرپرسەکان لە ١٢٥/٠٠٠ تا ٦٢٥/٠٠٠ ڕۆپیە کەبە نزیکەی ٤/٠٠٠ تا ٢٠/٠٠٠ دۆلار مەزەندە دەکرێت لەبەرزو نزمیدا بووە. ڕێژەی بەرتیل وەك بەشێك لەفرۆشی ناپوختە بۆ کۆمپانیا زۆر بچووکەکان لەبەرزترین ئاستدا (٢/٤٥٪) و بۆ کۆمپانیا بچووك‌و نێونجەکان‌و کۆمپانیا زۆر گەورەکان ڕێژەکەی زۆرتر بووە.

لەئاکامی ئەو لێکۆڵینەوەدا دەردەکەوێت کە بەرتیل بەربەستێکی گەورە بووە. بۆ کۆمپانیا زۆر بچووك و تازە پێگرتووەکان لەهەمانکاتدا جۆرێك باجی شیاو بەڵام زیانبەخش لەسەر ڕێژەی فرۆشی ئەو کۆمپانیانەی کە لەحاڵی گەشەسەندن داسەپاوە.

بەپێی ئەم لێکۆڵینەوەیە، دەزگا دەوڵەتیەکانی جێبەجێ‌کەر ، لەوانە دەزگای دارایی، کاروگومرگ، زۆرترین کێشەیان بۆ کۆمپانیاکان دروست کردووە.

گەندەڵی دارایی‌و دیاردەی بەرتیل ٨٠٪ ـ و ئازارو ئەشکەنجەو مشت‌ومڕ، ڕۆتین‌و ڕێخۆشکردن لەلایەن کارمەندانەوە ٣٠٪ی ئەو کێشانە پێکدێنی. سیستەمی دارایی و باج بەقەد ئەو باجانەی کە وەرگیراون گیروگرفت دروست دەکات. کارگێڕان‌و بەرپرسانی ئیدارەی کار کەسانێکی بەرچاو تەنگ‌و کات کوژو رانت خواز (ئیمتیاز خواز) بەئەژمار دێن.



سەرەڕای ئەمانەش، کۆمپانیەکان لەبەدواکەوتنی درێژخایەن‌و بەرز بوونەوەی نرخی مووچەو باجی گومرگ سکالآیان کردووەو پێیان وابووە کە ئەم گیروگرفتانە لەگەندەڵی دارایی و بەرتیل ئاڵۆزترو دژوارترن. چونکە دیاردەی بەرتیل لانی کەم ڕێگایەکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و لابردنی بەربەستەکان.[٩٤]

خاوەن پلەوپایەکان کە بەدوای چاخی سەربەخۆیی لەولآتانی جیهانی سێهەمدا بەدەسەڵات گەیشتن بەشێوەیەکی بەرفراوان دەستیان کرد بە دەوڵەتی کردنی کەرتە ئابووریە چالاکەکانی ڕژێمی پێشوو. تەنانەت هەندێ لەولآتانی جیهانی سێهەم کە ڕووبەڕووی کودەتا یان ڕووداو گەلێك لەجۆری سەرهەڵدان بوون ئەو ڕەوتەیان لەپێش گرت. هەندێ لەولآتانیش بەدوای شۆڕشە کۆمەڵآیەتیەکان یان بەهۆی لایەنگری لەسیستەمە سۆشیالیستەکانی بلۆکی ڕۆژهەڵات هەستان بەدەوڵەتی کردنی ئابووری لەولآتانی جیهانی سێهەمدا. بەشیوە گشتی ڕژێمە بنەماڵەیی و پاشایەتیەکان سەرەڕای نزیك بوونەوەیان بە ولآتانی ڕۆژئاوا، لەم ڕەوتە بەری نین.

بەشێوەی گشتی زۆربەی ولآتانی جیهانی سێهەم لەگەڵ ئابووریەکی چەقبەستوی دەوڵەتی بەرەو ڕوون. بەم جۆرە لەڕەوتی گەشەسەندندا، گەشەدان بەکەرتی تایبەت وەك بەرنامەیەکی باو لەولآتانی جیهانی سێهەمدا پێویستەو جێبەجێش دەکرێت ڕەوتی گەشەدان بەکەرتی تایبەت لەولآتانی جیهانی سێهەمدا وەك شێوەیەك لەشێوەکانی دیاردەی گەندەڵی دەناسرێت. زۆرجار کاتێك کە کۆمپانیا گەورەکان شەخسی دەبن شیوەیەکی متمانە پێکراو بۆ دیاریکردنی دارایی و سەرمایەی ئەو کۆمپانیانە بەدی ناکرێت و سیستەمی باج و جۆری ڕێساکان کە لەپێشدا کاری پێکراوە لەوانەیە بکەوێتە پەراوێزو

فەرامۆش بکرێت، دڵنیا نەبوون لەم ڕەوتە دەرفەت بۆ ئیمتیاز دان و یارمەتیدان بە بەرپرسان و دەسەڵاتدارانی گەندەڵ لەڕێگای ئەو زانیاریانەوە کە لەبەردەست کۆمەڵگادانین و خستنە ڕووی زانیاری پێش وەخت لەبەرانبەر وەرگرتنی بەرتیل یان پەیوەندی تایبەت لەگەڵ کۆمپانیا گەندەڵەکاندا لەڕەوتی زیادکردندا فەراهەم دەکات. تەنانەت ڕەوتی بەراوردکردن دەتوانێ بەهۆی کارمەندانی نێوخۆیەوە کە تەبەنیان کردووە یان بەهۆی ئەو بەراورد کەرانەوە، کە لەگەڵ کۆمپانیا فرە نەتەوەیەکاندا پەیوەندیان هەیەو لەهەوڵی ئاراستەکردنی پێشنیار بەدەزگا داراییەکاندان، تێکەڵی گەندەڵی ببێت.

لەهەندێ حاڵەتی زیادەڕەوانەدا نە بەراورد کراوەو نەنووسینگە ئابووریەکان بەئاسانی دەدرێتە کەسانێك کە باشترین پەیووەندی سیاسییان هەبێت. ((فرۆشتنی شتومەك بەنرخێکی ڕانەگەیەندراو، ئەویش بەکڕیارانی گومانلێکراو، لەوانە سیاسەت دانانی حزبی باڵادەست و حاکم یان کەسانێك کە ئەزموونی چالاکی ئابوورییان نییە، ئەنجام دراوە.

چالاك کردنی کەرتی تایبەت ڕەوتێکی داسەپاوەو بۆ دەرباز بوون لەبنبەستی پاوانخوازی گەندەڵ ئامێز، ڕێگایەك بێجگە لەچالاك کردنی کەرتی تایبەتو بچووك کردنەوەی دەوڵەت لەئارادا نییە، لەم ڕووەوە دەتوانین بەبوژاندنەوەی کەرتی تایبەت وەك بەرنامەیەکی ڕیفۆرمخوازانە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵیدا سوود وەربگرن. بەڵام ئەم ڕەوتە ڕیفۆرمخوازە کاتێك لەلایەن کەسانی گەندەڵەوە جێبەجێ بکرێت، دەبێتە سەرچاوەیەکی خاوەن دەسەڵاتی نوێ بۆ دەستەبەرکردنی داهاتە گەندەڵەکان.

هەرچەند چالاك کردنی کەرتی تایبەت لەزۆر بواردا بەسوودو باشە بەڵام ڕیفۆرمخوازان دەبێ پرۆسەیەك گەڵاڵە بکەن کە ئەو پاڵنەرانەی بۆ رانت خوازی



(ئیمتیاز خوازی) ماون. کەم بکاتەوە ئەم پرۆسەیە دەبێ لەباتی لایەنگری لەئەو تۆڕو گروپانەی کە پەیوەندییەکی پتەویان لەگەڵ هەڵبژاردە ناوچەیەکاندا هەیە بەربڵاوترین ئاستی بەشداریکردن پێك بێنێو شەفاف بێت. هەروەها دەبێ بەشێوەیەکی بەربڵاو بانگەشەی بۆ کرابێت بەتایبەت لەهەڵسەنگاندنی داراییدا.

نموونەیەکی مێژوویی لەسەردەمی حکومەتی محەمەد عەلی لەمیسرداو لەساڵی ١٨٢٠ کیشەیەکی ئەوتۆ دەردەخات. بیرمەندێکی ئینگلیزی کە لەو سەردەمەدا لەوڵاتی میسردا ژیاوە دەڵێت: بڕیاری دادوەرەکان لەژێر کاریگەری پێگەو پلەو پایەی ناڕەزایانو لایەنگران بەهۆی بەرتیلەوە دەردەکرا. ((هەندێ جار بەتایبەت لەئاژاوە درێژخایەنەکاندا، لایەنە بەشەڕهاتووەکان پەنا دەبەنە بەر بەرتیل و لەئاکامدا ئاکامی دادوەریەکە بەقازانجی کەسێك دەشکێتەوە کە زۆرترین بەرتیلی دابێت.

((مەك لییەن)) پێیوایە کە لەجاکارتای ئەندۆنیزیا ((یەکسانی)) بەر ئەو کەسانە دەکەوێت کە زۆرترین بەرتیل پێشنیار دەکەن، ئەو پێیوایە کە لەزۆربەی وڵاتاندا، کاری لەو جۆرە دەکرێت.

یەکێك لەشێوازە باوەکانی ڕەوتی بوژاندنەوەی کەرتی تایبەت نیشاندانی هەلومەرجی ناڕاستی ئەو دامەزراوانەیە کە دەدرێنە دەستی خەڵك. بۆ نموونە بەرپرسانی گەندەڵ لەوانەیە هەندێ زانیاری ئاراستەی کۆمەڵگا بکەن کە ببێتە هۆی ئەوە کۆمپانیاکان لاواز نیشانبدرێن لەکاتێکدا لەوانەیە هەندێ زانیاری بدنە کەسانی تایبەت بەخۆیان کە باس لەوە بکات کۆمپانیاکان بەشێوەیەکی پراکتیکی باش کار دەکەن. پاشان دەست و پەیوەندەکانی بەرپرسان بەرزترین پێشنیار لەکاتی زیادە کاریەکاندا کە لەژێر چاودێری لیژنەیەکدایە ئاراستە

دەکەن.[٩٥] هەڵبەتە شێوازی جۆراوجۆری تریش لەڕەوتی بووژاندنەوەی کەرتی تایبەتدا دەخرێنە ڕوو کە لێرەدا ئاماژە دەدەین بەهەندێ لەو شێوازانە.

ـ بەهۆی بەرتیل دانەوە دەتوانی ناونیشانی کۆمپانیا ڕەواو ناڕەواکان ڕەوتی کەم کردنەوەی نهێنی دیاری بکەین یان گۆڕانیان بەسەردا بێنین کارمەندانی پەیوەندیدار بەهۆی بەرتیلەوە دەتوانن ناوی کەسێك بخەنە سەر لیستی کەم کردنەوەکە یان ئەو لیستە بەقازانجی بەرتیل دەرانی بەشداربووی ئەو کەم کردنەوە سنووردار بکەن.

ـ بە بەخشینی کۆمپانیای گەورەی دەوڵەتی بەکەرتی تایبەت لەوانەیە شێوازێکی متمانە پێکراو بۆ هەڵسەنگاندن و حەساب کردنی داراییەکانی ئەو کۆمپانیانە ئامادەنەکرێت سیستەمی باج و چاودێری پێشووش ئەو کاریگەریەی کە پێشتر هەیبوو نییەتی، بشێوی‌و ناتەبایەکانی ڕەوتی بووژانەوەی کەرتی تایبەت، دەرفەت بۆ هەل پەرستی و سوود وەرگرتنی خراپ لەلایان کەسانی نزیك و پەیوەندیدارەوە فەراهەم دەکات چونکە ئەوان دەستیان دەگاتە هەندێ زانیاری‌و مەسەلەی تر کە بەهیچ جۆرێك بۆ کەسانی تر ئەو دەرفەتە ناڕەخسێت، ئەم زانیارییە لەبەرانبەری وەرگرتنی پارە یان بەدەست هێنانی هەندێ ئیمتیازەوە دەخرێتە بەر دەستی بەشدار بووانی بەرتیل دەر لەکەمکردنەوەکەدا. هەندێ جار کەمکردنەوە بەشێوەی فەرمیی ڕاناگەیەندرێت و کۆمپانیاکان دەردەێنە کەسانێك کە بەهێزترین کەسایەتی سیاسی پشتگیریان لێدەکات. ئەو یاسا لاوازو بێ کاریگەرانە دەبنە هۆی ئەوەی کە تەبانی‌و سەودای نێوخۆیی لەو سیستەمدا بەئاسانی بێتە ئاراوە. بۆ نموونە زۆرێك لەبەرپرسانی دەوڵەتی داڕێژەری نهێنی بۆ جادەیەکی سەرەکی لەولاتی



ئەرجەنتین خۆیان لەئەندامانی ئەو کۆمپانیانە بوون کە لەو کێبڕکێیەدا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا.

کەسی سەرکەوتوو پێی باشە کە ئیمتیازی کۆمپانیا لەئاستێکی گونجاوی زۆر نزمدا بەدەست بێنێت. کارمەندانی گەندەڵ هەندێ جار بەئاراستەکردنی زانیاری ناڕاست بۆ خەڵك هەوڵدەدەن کە حاڵ و وەزعی کۆمپانیا کە خراپ پێشانبدەن. لەحاڵێکدا بەرتیل دەران یان کەسانی پەیوەندیدارو نزیك زانیاری راستەقینەیان لایەو لەپراکتیکدا کۆمپانیاکان ئەو زانیاریەیان دەدەنێ. لەئاکامدا ئەو کەسانە لەکێبڕکێیەکی بەڕواڵەت ڕوون و دادوەرانە و بەبێ فڕوفێڵ سەرکەوتن بەدەست دێنن. بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ڕابردووی ئەو ڕەوتەو هەڵسەنگاندنی، دەردەکەوێت کە بوژاندنەوەی کەرتی تایبەت زۆرترین بەرژەوەندی بۆ ئەوان بەدواوە بووە.

بۆ وێنە وەزارەتی سەرمایەگوزاری فەنزوێلا (ونزوئلا) لەماوەی بووژاندنەوەی کەرتی تایبەت لەو ولاتەو لەکەش‌و هەوایەکی گەندەڵ ئامێزی داراییدا، سەروەت و سەرمایەی یەکێك لەبانکە گرنگەکانی ئەو ولاتەی کەمتر لەوەی کەهەیە نیشاندا.

ـ لەحاڵەتێکدا ئەو کۆمپانیا دەوڵەتیانە کە دراونەتە کەرتی تایبەت هەمان هێزو دەسەڵاتی ڕابردوویان هەبێت، بەهاومتمانەی زۆرتر لەخۆ دەگرێت. بەڕای هەندێ لەپسپۆڕانی ئابووری لەحاڵەتێکدا کە رانتە تایبەتەکان بەردەوام لەژێر ئەو دەسەڵاتەی کە پێیان دراوە بمێنیەوە. هیچ پاساوێك بەدی ناکرێت کە ئەو کۆمپانیایانە بخرێنە نێوکەرتی تایبەتەوە. تەنانەت لەهەندێ حاڵەتدا کە لەوانەیە گەندەڵی دارایی لەئارادا بێت، خۆی لەخۆیدا دژایەتی و مشت و مڕ پێك دێت. هەر کاتێك دەوڵەت بۆ کێبرکی‌و مەرجە پەیوەندیدارەکانی ڕێز دابنێت و

بیانخاتە نێو بەرنامەی کاری خۆیەوە. ئەگەری پشتگیری کردنی بەئاشکرا لەکەرتی تایبەت نامێنێت، بە ئەگەری سەودا ناسالم و ژێر بەژێرەکان کەرتی تایبەت جارێکی تر ئەبووژێتەوە، بەو جیاوازییەوە کە بەشێك لەبەرژەوەندییەکانی ئاکامی بووژاندنەوەی کەرتی تایبەت پشکی کەسانی غەیری دەوڵەتی دەکەوێت. لەزۆربەی وڵاتانی ئەمریکای لاتیندا، ئەو کۆمپانیانەی کە دەدرێنە کەرتی تایبەت نەتەنیا نەبوونە هۆی لەناوبردنی سیستەمی چەقبەستوویی لە سەرمایەگوزاریدا، بەڵکو یارمەتی گەشەسەندنی ئەو ڕەوتەشیان داوە.

((مانزیتی)) لەساڵی ١٩٩٧ پێیوا بوو کە سپاردنی کۆمپانیا موخابەرایەتییەکان بەکەرتی تایبەت لەئەرجەنتینداو حزمەتگوزاری کارەبا لەچیلی (شیلی) بەتەواوەتی ئەگەری سوود وەرگرتن لەرانتە تایبەتەکان بۆ ئەو کەسانەی کە لەکێبڕکێ کەمکردنەوەکاندا سەردەکەون پێك دێنێت. تەنانەت دواتر چاودێری یاسایی ورد بۆ ئەم حاڵەتانە جێبەجێ دەبێت، ((مەنزینی)) پاشان دوو حاڵەتی سەرەوە لەگەڵ پڕۆژە موخابراتیە سەرکەوتووەکانی چیلی (شیلی) و تکنۆلۆژیای کارەبا لەئەرجەنتینا بەراورد دەکات کە ڕەوتی بووژاندنەوەی کەرتی تایبەت و یاسا پەیوەندیدارەکانی ئەو کەرتە لەواندا، بەدروستبوونی کێبڕکی و کەم بوونەوەی رانتە تایبەتەکان یارمەتی دەگەیەنێت. بەهۆی گەندەڵی لەکەرتی تایبەتدا، خەرجی کارو پیشە لەڕێگای پارەدانی نارەوا یان بەرتیل، خەرجی ئامادەکاریو بەڕیوەبەریو توێژەکانو مەترسی لێکۆڵینەوەو لێپرسینەوە لەرێکەوتنەکان و مەترسی لەئاشکرا بوونی پەیوەندییە نهێنیەکان زیاد دەبێت.





هەروەها گەندەڵی لەکەرتی تایبەت یاسای یارییەکان تێکدەدات (ڕێو شوێنی یاسایی کارەکان پێشیل دەکات)بەجۆرێك کە کۆمپانیا پەیوەندیدارو گەندەڵەکان بەبێ ئەوەی لەکێبڕکی بەشداری بکەن براوە دەکرێن، بەم جۆرە بوار بۆ کۆمپانیا ناکاراکان دەڕەخسێت.

گەندەڵی لەکەرتی تایبەتدا، دەبێتە هۆی کێشەو گرفتی ئابووری لەکەرتی گشتیدا و لەئاکامدا سەرمایەگوزاری بەئاڕاستەی پڕۆژەکانی ئاوەدنکردنەوە کە شوێنی گونجاوە بۆ دیاردەی گەندەڵی سیاسەتی خۆی دەگۆڕێت.

سەرەڕای ئەوەش گەندەڵی لەکەرتی تایبەت دەبێتە هۆی ئەوە کە فەرمانبەرانی دەوڵەت بە مەبەستی سەودای نهێنیو ژێر بە ئاڵۆزی فەنی پڕۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە بەچەشنێکی ناپێویست زیاد دەکەن. زۆربەی پڕۆژە ناتەواوەکان کە خەرجی زۆریان تێچووە و لەئاکامی ئەو ڕەوتەدا لەوڵاتانی جیهانی سێهەمدا پێك هاتوون.

## بەشی سێهەم

## خوێندنەوەو لیکۆڵینەوەی تایبەت بەهەندێ وڵات

١ ـ ئەکوادۆر: ئەکوادۆر نموونەیەکە کە دەکرێ شوێنەواری گەندەڵی لەسەر ڕەوتی دیموکراتیکی ئەو وڵاتە ببینیی. بەجۆرێك کە کاریگەری زیانباری گەندەڵی دارایی لەم وڵاتەدا سەقامگیربوونی دیموکراسی خستبووە بەرمەترسی، باسی گەندەڵی دارایی لەگەڵ هەندێ لەڕووداوە سیاسییەکانی ئەم دوایانەدا، لەوانە: سەرهەڵدانی جەماوەری دژی ڕژێمی پێشووی عەبدوڵا بۆکەرام* لەفێبریوەری ساڵی ١٩٩٧ پەیوەندی هەبوو. بەشێکی زۆر لەچالاکییەکانی

*- Abdala Bucaram.

حکوومەتی لەسەردەمی ڕژێمی پێشوودا، تووشی گەندەڵی دارایی ببوون. ئەم چالاکییانە، خزمەتگوزاری گومرگی و باج و بیناسازی و گرێبەستە گشتیەکانی لەخۆ دەگرت و دەبووە هۆی لاواز بوونی خزمەتگوزاری و سیاسی بوونی دارایی و دادوەری گشتی.

گرێبەستە گشتیەکان هەمیشە ١٠ تا ٣٠٪ گەندەڵی لەگەڵدا بوو، لەو سەرو بەندەدا، کارەبای شارەکان لەئاکامی ئەم گەندەڵییە داراییە هەندێ جار لەشەوو ڕۆژێکدا ٨ سەعات دەپچڕاو خامۆش دەبوو. سەرپێچی کردن لەچۆنیەتی مووچەی گومرگ (ڕێژەی گومرگ) بەشێوەیەکی بەرچاو ئەنجام دەدرا کە ئەم سەرپێچییە لەماوەی ٦ مانگدا زیاتر لە٢١٠ میلیارد سوکەر (پێوەری دراوی ئەکوادۆر) بەراورد کرا.

دکتۆر ((لاری سانتۆس)) ١٤ هۆکاری سەرەکی و ١١ شوێنەواری بەرچاوو عەینی گەندەڵی لەئەکوادۆردا خستۆتە بەرچاو.

هەندێ لەهۆکارە سەرەکییەکان بریتیین لە: لاوازی بەها ئاکاریەکان ـ نەخوێنەواری ـ نەبوونی شەفافییەت ـ سیاسی بوونو چەقبەستوویی لەرادە بەدەری حکوومەت ـ هەندێ لەدیارترین شوێنەوارەکانی گەندەڵی دارایی لەو وڵاتەدا بریتی بوون لەتوندو تیژی بێ هەڵوێستی سەبارەت بەشوێنەواری گەندەڵی دارایی، لاواز بوونی خزمەتگوزاری گشتی، زۆر بوونی چینایەتی و جیاوازی کۆمەڵایەتی

**٢ ـ تانزانیا:** سەبارەت بەجۆرەکانی گەندەڵیو پەیوەندی نێوان ئاستی گەندەڵیو سیستەمی سیاسی لەتانزانیا (تەنزانیا) هەندێ لێکۆڵینەوە ئەنجام دراوە. ڕاپۆرتی ((ڤاریۆبا)) نموونە گەلێکی بەربلاوی لەگەندەڵی دارایی لەکەرتی دەوڵەتیدا خستە ڕوو کە بەخێراییەکی سەرسوڕهێنەر لەماوەی دوو دەیەی



ڕابردوودا تەشەنەی کرد بوو. هەر دوولایەنی گەندەڵی واتە گەندەڵی ئەندەکیو هەمەکی (بچووکو گەورە) لەبەرزترین ئاستی دەوڵەتیدا هەبووەو گەندەڵی بچووك، پانتاییەکی بەرفراوانتری لەخۆگرتبوو. مۆگاندا پێیوابوو کە ئەم دیاردەیە، ڕێگرێکی جیدییەو بەخشینی خزمەتگوزاری کاریگەر بەرەو ڕووی کێشەو گرفت دەکاتەوە. لەدەزگا دەوڵەتی و دادوەری و کۆمەڵایەتیەکاندا بەرچاو دەکەوێت. بەپێی ئەو بەڵگانەی کە لەدادگا گشتیەکاندا خراونەتە ڕوو، گەندەڵی ئەندەکی بەشی زۆری ئەندامانی کەرتی گشتی لەخۆ گرتووە. یەکێك لەهۆکارە سەرەکییەکانی ئەم دیاردەیە نارەزایەتی گشتی بوو، گەندەڵی گەورەو بەرفراوان لەدابین کردن و بەخشینی خزمەتگوزاری و دەرکردنی مۆڵەت بۆ ڕاوو بەرهەم هێنان لەکانزاکانداو گرێبەستی گەورەی دەوڵەتی بەتایبەت لەبواری ڕێگەوبان و دابین کردنی خانوو بەرە، خۆی دەبینێتەوە، هەڵسەنگاندن بەراوردی ٢٤ گرێبەستی بیناسازی خەرجی ناڕاستی زۆر گەورەی ئاشکرا کرد. ئاستی خەرجەکان لە ٤/ ٩٧ بۆ ٧/ ١٥٤ ملوێن دۆلار بەرزبووەوە. بەڕای مۆگاندا، ئەمە بەڵگەیەك بوو بۆ لەئارا بوونی گەندەڵی دارایی، ئاڵۆز بوونی هەلومەرجی ئابووری، دابەزینی ئاکاری گشتی و نەبوونی ڕێبەری سیاسی گرنگترین هۆکاری بەرزبوونەوەی گەندەڵی دارایی لەتانزانیا (تەنزانیا) بوو.[٩٦]

**٣ـ ئەرجەنتینا:** لەساڵی ١٩٩٣ کات و ساتی چاوەڕێ کراو بۆ هێنانە گۆڕی پرسە بازرگانی و مەدەنی و خێزانییەکان ٣, ٥/٣و ١٢ ساڵ بوو نێوەنجی کاتی ئاماژە پێکراو بەپێی ئاسانی یان ئاڵۆزی ئەو خاڵانەی کە هاتنە بەرباس فاریانسی زۆری هەبوو.

پڕۆسەی بووژاندنەوەی کەرتی تایبەت و گەندەڵیەکانی دەرنجامی ئەو پڕۆسە بەشێك لەلێکۆڵینەوەکانی وڵاتانی پێشنەکەوتوو بوو. ((لۆئیجی مانزیتی))* کە وڵاتانی ئەمریکای لاتینی لەم ڕووەوە خستبوە ژێر لێکۆڵینەوە پێیوایە کۆمپانیایەکی تایبەت و شەخسی ئەگەر بتوانێ ئەو دەسەڵاتە تایبەتەی کە لەژێر دەستی کۆمپانیا دەوڵەتیەکانە بپارێزێت بایەخی زۆرتری هەیە. ئەو پێیوا بوو زۆرێك لەکەرتە تایبەتەکانی ئەمریکای لاتین لەباتی ئەوەی کە چەقبەستوویی و تایبەتمەندکردنی کۆمپانیاکان لەبازاڕدا کەم کاتەوە پترکردوە ئەو بانگەشەی ئەوە دەکات کە شەخسی کردنی کۆمپانیای تەلەفۆن لەئەرجەنتیناو کۆمپانیای کارەبا لەچیلی بەجۆرێك جێبەجێ کرا کە رانتی تایبەتی بۆ براوەکان پێك هێنا.

**٤- بەرازیل:** یەکێکی تر لەو نموونانەی کە دەکرێ تێکەڵ بوونی خزم سالاری و ڕەوتی بووژاندنەوەی کەرتی تایبەت تێدا ببینێ وڵاتی بەرازیلە. لەبەرازیل کاتێك کە دەرکەوت یەکێك لە نزیکەکانی سەرۆك کۆمار. فرناندو کۆلۆردیملۆ لەهەولێ بەدەست هێنانی کۆمپانیایەکی شەخسیە، خوازیارانی تر داواکاریەکایان وەرگرتەوە.

سەرۆك کۆمار کۆلۆر لەهەولێ ئەوەدا بوو تا بەسوود وەرگرتن لەچاکسازی بازاڕ، ئیمپڕاتۆریەکی دارایی بۆ خۆی پێك بێنێت. لەیۆناندا، کۆمپانیایەکی ئیتالی بەوە تاوانبار کرابوو کە لەڕێگای بەرتیل دان بەسەرۆك وەزیر ئیمتیازی شەخسی کردنی کۆمپانیایەکی چیمەنتۆی بەدەست هێناوە. نموونە گەلێکی تر

*- Luigi Manzetti



کە لەو بارەوە دەکرێ ئاماژەیان پێبدرێت وڵاتانی ئەرجەنتینا، پیرۆ، کەناری عاج و تایلەنداو سلۆڤاکیایە.

سەبارەت بەکاریگەری دەزگای دادوەری لەسەر ڕەوتی گەندەڵی و گرنگایەتی گەندەڵی لەدەزگای دادوەریدا هەندێ لێکۆڵینەوە. لەوڵاتانی جیهانی سێهەم لەوانە ئەمریکای لاتین ئەنجامدراوە. ڕاپرسییە گشتیەکان لەئەمریکای لاتیندا دەربڕی جۆرێك بێ متمانەییە لەبەرانبەر دەزگای دادوەری. لەلێکۆڵینەوەیەك کە لەساڵی ١٩٩٤ لەئەرجەنتینا ئەنجام درا. دەرکەوت کە ٤٩٪ لەخەڵکی ئەو وڵاتە بەڕێوەبەرایەتی دەزگای دادوەرییان بەخراپ یان زۆر خراپ هەڵسەنگاندووەو ٦٥٪ی تریشیان کێشە سەرەکییەکانیان بەگەندەڵی و دواکەوتن و جێبەجێ نەبوونی کارەکان دەزانی. لەبەرازیل و پیرۆدا دەرسەدێکی زۆری خەڵك بەدەزگای دادوەری متمانەیان نەبوو.

لێکۆڵینەوەیەك کە لەحەوت وڵاتی ئەمریکای لاتینیدا ئەنجام درا بوو ئەوەی دەرخست کە دواکەوتن و جێبەجێ نەکردنی کارەکان لەنێوان ساڵەکانی ١٩٧٣و ١٩٩٣ بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر زیاد ببوو.

**٥- هونگ کونگ:** نموونەیەکی باشە بۆ ئەو وڵاتانەی کە بەرەو ڕووی گەندەڵی بوونەتەوەو دەتوانێ بواری شیاو بۆ لێکۆڵینەوە بداتە دەستەوە. بۆ نموونە گەندەڵی لەدەیەی ١٩٦٠ لەوڵاتی هونگ کونگدا گشتگیر بوو. چونکە ناوەڕۆکی دژوارو گشتگیری ئەو چەمکە بەدەستەواژەیەکی بەناوبانگ لەو سەردەمەدا دەر دەبڕا، کە پێیان وابوو خەڵك دوو ڕێگایان لەبەر دەمدایە، واتە یان دەبێ ((سواری پاس بن واتە بەشێوەی چالاکانە لەگەندەڵیدا بەشدار بن، یان ئەوەی ڕاکەی بەدوای ((پاس))دا، واتە وەك تەماشا کەرێك کە خۆی لەقەرەی سیستەم نەدات)) ئەوە لەحاڵێکدایە کە ((ڕاوەستان لەبەرانبەری ((پاس))دا بەو

واتایەکەیان دەبێ لەسەر گەندەڵی ڕاپۆرت بکەی یان لەئاستیدا بەر بەرەکانی بکەیت کە ئەمە بژارەیەکی هەمیشەیی نەبوو. لەساڵی ١٩٧٤ پاش ڕسیوایەك کەتێیدا بەرپرسێکی پۆلیس بەشداربوو، قایم مەقامی هونگ کونگ لیژنەیەکی سەربەخۆی دژ بەگەندەڵی پێك هێنا ئەم لیژنە ڕاپۆرتەکەی خۆی تەنیا بەقایم مەقام ئاڕاستە دەکردو لیژنەیەکی سەربەخۆو بەدوور لەدەستێوەردانی پۆلیس بوو مووچەی کاری ئەم لیژنەیە، لەکارمەندانی بەشی دەوڵەتی پتربووو نەیاندەتوانی بۆ بەرپرسێکی پایە بەرزی تر کە فایلەکەی لەژێر لێکۆڵینەوەدا بوو کار بکەن.. لەهەمانکاتدا دەسەڵاتی لێکۆڵینەوەو بەدوادا چوونی یاسایی بۆ دیاردەی گەندەڵی، پێشنیارکردنی ئاڵ و گۆڕی یاسای ئیداری بۆ کەمکردنەوەی هۆکارەکانی گەندەڵی و بەشداری کردنی زنجیرەیەك ڕاگەیاندنی فێرکاری و ڕاهێنان بۆ کۆمەڵگای پێسپێرا.

**٦ـ سەنگافوور (سەنگاپوور)** یەکێك لەوڵاتە سەرکەوتووەکانی ڕەوتی پێشکەوتن و پیشەیی بوونە[*] کە بەوڵاتانی (NICS) ناو دەبرێن بەسەرهاتی سەکەوتوویی سەنگافوور یەکێك لەو چیرۆکە سەرکەوتووانەیە کە لەنێو وڵاتانی ئاسیاییدا ناوی دەرکردووە و وەك وڵاتێکی تا ڕادەیەك پاك‌وخاوێن بۆ چالاکییە ئابووریەکان ناسراوە، هەرچەند کە گەندەڵی ڕوو دەدات بەڵام گشتگیر نییە، بەڵام لەسەردەمی ئیستعماردا شوێنێکی زۆر گەندەڵ بوو. ئەم گۆڕانکارییە و گەشەکردنە چۆن هاتە ئاراوە ئەمە پرسیارێکە و وڵامی دەوێت، بۆ وەڵامدانەوە بەم پرسیارە دەبێ بڵێین کە پاش شەڕی دووەمی جیهانی: کارمەندانی دەوڵەت مووچەیەکی کەمیان وەردەگرت و وەك پێویست کارەکانیان نەدەخرا ژێر

[*]- Nics



چاودێریەوە. تەبانی و دزی لەئیدارەی پۆلیسدا باو بوو. کاتێك ((حزبی ئیقدامی خەڵك))[**] کە لەساڵی ١٩٥٩ جڵەوی دەسەڵاتی گرتە دەست پێش هەموو شتێك دەستی کرد بەکۆنترۆڵ کردنی گەندەڵی و ڕوو بەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەو دیاردەیەدا وەك بەشێك لەستراتیژی خۆی، ئەو دەوڵەتەی کەپێکهێنا بوو ((ئیدارەی لێکۆڵینەوەی چالاکییە گەندەڵییەکانی)) چالاکتر کرد[***] لەساڵی ١٩٧٠ بەدواوە ئەم ئیدارەیە لەژێر چاودێری نووسینگەی سەرۆك وەزیردا کاری دەکرد. کارکردی ئیدارەی لێکۆڵینەوە لەسەر کارە گەندەڵەکاندا سەرکەوتنی باشی بەدەست هێناوە. بەڵام ئەو کێشانەی بەدواوە بوو کە لەهونگ گونگدا بۆ لێژنەی سەربەخۆی دژ بەگەندەڵی هاتبوونە ئاراوە. لەوانە: ئەم ئیدارەیە لەدەرەوە کۆنترۆڵ نەبێت، ئەوانەی کە بەگەندەڵی تاوانبار کراون، هەندێ جار ئەم دامەزراوە بەوە تاوانبار دەکەن کە مافەکانیان پێشێل و بەتوند و تیژی هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکات.

هەروەها دەوڵەتی سەنگافوور بەوەزیرەکانی ڕاسپاردووە کە لەکارەکانیاندا بەمەبەستی کەمکردنەوەی بواری سەرهەڵدانی گەندەڵی بچنەوە، ئەو ڕێگا چارەی کە پێشنیاریان دەکرد، کەمکردنەوەی ڕێژەی دواکەوتن لەکارەکانداو جێگۆرکێ کارمەندان و چاودێری پتری لەخۆ دەگرێت، ئەم حکوومەتانە بەرێزگرتن و هاندانی کارمەندان لەرێگای دابین کردنی مووچەی زۆر، بەخشینی پارەی زیادو مەرجی باشتر بۆ کارکردن، مەیلی گەندەڵی کارمەندانی دەوڵەتی کەم دەکردەوە.

[**]- Peoples Action Party- PAP

[***]- Corrupt Practices mvestigations Bureau - cpil

مەبەست ئەمەیە کە بە بەخشینی خەڵات (واتە پارەی ڕێزلێنان) ئاستی مووچە و ئیمتیازی کارمەندانی دەوڵەت وەك کەرتی تایبەت بەرزببێتەوەو بپارێزرێت.[97]

**٧ـ مالزیا:** لەوڵاتی مالزیا ئاژانس دژ بەگەندەڵی* بەمەبەستی لێکۆڵینەوە و بەدوادا چوونی سەرپێچییەکانی پەیوەندیدار بەگەندەڵی و ڕێگری و کۆنترۆڵ کردنی ئەو دیاردەیە لەبەشی حزمەتگوزاری گشتی لەڕێگای لێپرسینەوە لەکارکردنی دام‌و دەزگاکاندا، لەژێر چاودێری ڕاستەوخۆی نووسینگەی سەرۆك وەزیراندا دامەزرا.

پێشتر لێکۆڵینەوە سەبارەت بەگەندەڵی لەدەسەلاتی پۆلیسدا بوو، بوارەکانی گەندەڵی لەیاسای ساڵی ١٩٦١ ز و لەیاسای پەسەندکراوی ١٩٧٠ز پێناسەکرا بوو. ئەم نووسینگەیە لەساڵی **١٩٧٣**ز ناوی گوڕدرا بە ((نووسینگەی میللی چاودێری))** و بەدواداچوونەوەی هەندێ سەرپێچی تر لەوانە قاچاخ بوو بە بەشێك لەئەرکەکانی ئەو نووسینگەیە بەڵام بۆ جارێکی ترو بەپێی یاسای پەسەندکراوی ساڵی ١٩٨٢ پەرلەمانی مالزیا ئاژانسی دژ بەگەندەڵی بەهەموو ئەرکە پێشوو هەنوکەکانییەوە ئەرکی لێکۆڵینەوەو بەگژا چوونەوەی گەندەڵی پێ سپێرا.[97]

**٨ـ نایجیریا:** گۆڤاری هەڵوەستەیەك سەبارەت بەتاوان و کۆمەڵگا، وەرزنامەیەکە کە ((نووسینگەی . ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ تاوان و مادە سڕکەرەکان)) پەیوەست بەرێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بڵاوی دەکاتەوە.

*- Anli corruption Agensy - ACA

**- Natio not Bureau of in vestioation





جەلدی دووەم ژمارە ١ی دیسەمبەری ساڵی ٢٠٠٢ لەژانیوەری ساڵی ٢٠٠٣ز. کاتێك بڵاوبووەوە کە دانیشتنی کۆمیتەی تایبەت بەئامادە کاری پێش نووسینی کونوانسیۆنی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵیدا (Coprruption) لەشاری ڤییەنا بەرپا بوو، یەکێك لەوتارەکانی ئەم وەرزنامەیە، سەرنجی خوێنەرانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، چونکە وەزیری دادپەروەری و دادوەری گشتی وڵاتی نایجیریا ئەو وتارەی نووسیبوو، هەڵبەتە بەر لەوەی کە وتارەکەی بەچاپکراوی ببینێ تیرۆرکراو یەکێك لەهۆکارەکانی تیرۆری ئەو دادوەرە جیدی بوونی بوو لە مەسەلەی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵیدا.

دواهەمین ژمارەی ڕۆژنامە بۆ یادەوەری ئەو دادوەرە بڵاوبووەوە، ڕەنگە پەیامی سەرەکی وتارەکە لەوەدا بێت کە پاژنەی.. دەعبای گەندەڵی لەبازاڕی داراییدا لەبارە بۆ بەدواداچوون، ئەگەر ئیرادە ویستی سیاسی یارمەتی بدات، شوێنهەڵگرتن‌و جم‌وجوڵی دیاردە گومانلێکراوەکان لەنێو بازاڕە دارایی و نێوخۆیەکانداو لەوێرا بۆ بازاڕە جیهانییەکان لەبارە. هەڵبەتە سەرکەوتنی ئەم کارە دەبێ وەك کارێکی ئاسان و لەبەرانبەردا دژوار وەسفی بکەی. ئەم وتارە، گرنگی ئەو کۆنوانسیۆنەی کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەیانەوێ بەهاوکاری لەگەڵ وڵاتانی ئەندام پێکی بێنن لەوە دایە کە بەتایبەت دیەوێ بابەتی گەڕاندنەوەی پارە دزراوەکان بەهۆی گەندەڵی ئیدارییەوە بەشێوەیەکی لەبار ئاشکرا بکات.

کاتێك ڕژێمی سەربازی لەنایجریا باڵادەست بوو، سوود وەرگرتنی خراپ لەدەسەڵاتی گشتی (PUBLIC) بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندی تایبەت، پەرەی سەند، گەندەڵی بەم واتایە بەیەکێك لەبەرچاو ترین کێشە و گرفتەکانی ئەو وڵاتانە بەئەژمار دەهات لەنێو ئەو کەسانەی کە لەکەرتی تایبەتدا پلەوپایەی

بەرزیان وەرگرتووە و بەم پێیە خۆیان لەئاستێك دەبینی کە سەروەت و سامانی زۆریان لەژێر دەستدایە، دوایین دکتاتۆر ژنەراڵ سانی ئاباکا[*] بوو، بەو جۆرەی کە بەراورد دەکرێت خۆی و دارودەستەکەی توانییان لانی کەم ٥ پێنج ملیارد دۆلار لەداراییە گشتیەکان بدزێت.

ئەم پارەیە ئەو پارانەی لەخۆ دەگرت کە دەوترێت لەرێگای دابەشکردنی ناڕەوا و هەڵبەتە بەرنامە بۆ دارێژراو[**] لەبانکی ناوەندی نایجریا بەدەست هاتووە و ئەو بەرتیلانەی لەخۆ گرتووە کە لەلایەن کۆمپانیا دەرەکییەکانەوە دەست کەوتووە. هەڵبەتە بەشێك لەوپارانە پەیوەندییان بەنامە ژێر بەژێرەکانی[١] ((گرێبەستە گەورەکانەوە))[٢] هەیە ئەو گرێبەستانەی کە پارەی دیاریکراویان گەلێك زۆرتر لە(پڕۆژەکانیان) بوو. ئەم گرێبەستانە زۆر جار لەگەڵ ئەو کۆمپانیا نێوخۆیانەی نایجریا دەکرا کە لەژێر کۆنترۆڵی بنەمای ((ژنراڵ ئاباکا)) بوون، زۆربەی ئەو داراییانەی کە ئاماژەیان پێدرا لەڕێگای گواستنەوەی ئاسایی بانکەوە بەشێوەی چەك یان نەختینەوە ڕەوانەی دەرەوە دەکرا شك و گومان لەوەدایە کە ئەو پارانە لەهەندێ وڵاتدا دەگوێزرانەوە لەوانە نەمسا، باهانا، بەرازیل، کەنەدا، دوبەی، فەرەنسا، ئالمانیا، سین (لەناوچەی ئیداری هونگ کونگ) ئیتاڵیا، کینیا، لوبنان، لیختەنشتاین، سعوودیە، سەنگافوور، سوید، سویسرا، شانشینی یەکگرتووی بریتانیای گەورە، ئایر لەندای باکوورو

---

[*]- Sani Abacha

[**]- Systematic Misappropriation

[١]– Kicrbacrs

[٢]- inflated contacts



ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. دارایەکان دەخرانە حسابی شەخسیەوە یان بەشیوەی سەرەکی بەهۆی کۆمپانیاکانی نایجریاوە یان کۆمپانیا تاپۆکراوەکان لەدەرەوەی وڵاتدا دەپارێزران.[٣] کۆمپانیا گەلێك کە لەڕیزی ئەو کۆمپانیانەدا بوون و بۆ خودی ژنراڵ ((ئاباکا))و ئەندامانی بنەماڵەکەی یان خزمان و نزیکانی کراوە بوون.

لە بەرواری بڕواری ٢٩ی مایزی ١٩٩٩ پاش بەسەرکار هاتنی هەشت ڕژێمی سەربازی و دوو ڕژێمی کۆماری غەیری سەربازی (مەدەنی)و ڕژێمێکی کاتی و تەمەن کورت دواجار بەڕێز ((ئالوسگان ئاباسانجۆ))[٤] بەناوی سەرۆك کۆماری نایجریا هاتە سەرکارو وەك کەسێکی ئیداری دەست پاك ناوی دەرکرد. ئەم ناوبانگە بووە هۆی ئەوە کە پشتیوانییەکی خێراو بەربڵاوی لەلایەن کۆمەڵگای جیهانییەوە لێبکرێت. ئەو بەرنامەیەکی دژ بەگەندەڵی دەستپێکرد هەڵبەتە زۆرێك لەخەڵك جێبەجێ کردنی ئەو بەرنامەیان پێباش نەبوو چونکە هەم کاتی دەویست و هەم زۆر لەسەرخۆ بەڕێوە دەڕۆشت.

یەکێك لەتەورە زۆر گرنگەکان کە بەشێك لەبەرنامەی دژ بەگەندەڵی بەڕێز ئاباسانجوی پێك دەهێنا ((گەڕاندنەوەی پارە دزراوەکان بوو)) کە لەسەردەمی ڕژێمە سەربازییەکانی ڕابردوودا بۆ دەرەوەی ئەو وڵاتە برا بوون. هەڵبەتە لەم ڕووەوە لەڕاستیدا درێژە پێدەری ((سیاسەتی دەوڵەت)) کە خێرا پاش مەرگی ژنراڵ ((ئاباکا)) (دوایین دکتاتۆری سەربازی)و لەسەردەمی دەسەڵاتی دەوڵەتی کاتی، ژەنڕاڵ عەبدول سەلام ئەبوو بەکر هاتە ئاراوە چەند هەنگاوێك هەڵگیرا تا

---

[٣]- offshore shell

[٤]- olusegun obasanjo

پاشماوەی پارە دزراوەکان بگێڕدرێتەوە. ئەو داراییيانەی کە لەوە دەچوو لەلایەن بنەماڵەی ژنراڵ ئاباکاو دراودەستانی دزرابێت وایکرد لەدەوڵەتی نایجریا کەمێزگردێك بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو دیاردە پێك بێنێت کە ئێستا ئەرکی لێکۆڵینەوە و ناساندنی ئەو دارایانەی کە لەئەستۆیە و لەهەمانکات هەوڵدەدات کە هاوکاری وڵاتانی تر لەو بوارەدا دەستەبەر بکات بەڵام بەم پێیە ئاکامێکی دیاری بەدەست نەهێناوە.

کارە یاساییەکان لەژێر دەسەڵاتی دادوەری جۆراوجۆردا لەحاڵی جێبەجێ کردندایە تا ئەو پارانەی کە لەبانکەکانی دەرەوە بلۆك کراون بگێڕدرێنەوە بۆ وڵات ـ خەڵکی نایجریا بەهیوان تا بەپشتگیری و یارمەتی کۆمەڵی نێونەتەوەیی ئەم پرۆسەیە خێراتر بکات.

ڕاپۆرتێك کە لە١٩ ئاپریلی ساڵی ٢٠٠٢ بڵاو بۆتەوە باس لەوە دەکات کە لەئاکامی حیساب و کتابی نێوان دەوڵەتی نایجریا و بنەماڵەی ((ئاباکا)) لەکۆتاییدا یەك ملیارد دۆلار لەڕێگای بانکەکانی وڵاتانی جیهاندا دەگەڕێتەوە بۆ نایجریا ئەو وڵاتانە برتیین لەلینختەشتاین، لۆگزامبۆرگ. سویسو ئینگلترا. بڕی ئەو پارانەی کە لەلایەن دەوڵەتی نایجریاوە گەڕاوەتەوە، نزیکەی ٢/٢ ملیارد دۆلار مەزەندە دەکرێت.

بەرنامەی گەڕاندنەوەی ئەو دارایی و سامانەی کە ئێستا دەوڵەتی ئەو وڵاتە بەدوایدایە بەهۆی ئەوەوە کە گویا سنوور دارە کەوتۆتە بەر ڕەخنە، دەگوترێت ئەم بەرنامە تەنیا ئەو پارانەیە کە بنەماڵەی ((ئاباکا)) دزیویانەو پەیوەندی بەو پارانەوە نییە کە لەلایەن رژێمە سەربازییەکانی پێشووەوە بەتاڵان براو، بەڵام بەهەر شێوەیەك بێت سەرۆك کۆمار ئاباسانجۆ بەر دەوام وتوویەتی لەهەوڵی ئەوەدایە هەرکەسێك کە بەڵگەیەکی باوەڕ پێکراوی لەسەر بێت دەکەوێتە بەر





لێپرسینەوە. ((ئەو هەوڵانەی کە بۆ گەڕاندنەوەی دارایی و سامانە دزراوەکان ئەنجامدراون.

لەڕاستیدا ئەو داراییيانەی کە دەوڵەت لەهەوڵی گەڕاندنەوەیاندایە دوو سەرچاوەی نایاساییان لەخۆگرتووە.

أ) بەرپرسانی نایجریا گومانیان لەوەیە کە نزیکی ٢تا ٣ ملیارد دۆلار لەو پارەیە لەبانکی ناوەندی نایجریاوە دزرابێت

ب) نزیکی ٢ ملیارد دۆلاریش بەشێوەی بەرتیل لەلایەن بەرێز ((ئاباکا))و دارودەستەکەیەوە وەرگیراوەو تەواوی ئەم بەرتیلانە بەهۆی کۆمپانیا نێوخۆیەکانەوە و تەنانەت لەئاستێکی بەربڵاوتردا بەهۆی کۆمپانیا دەرەکییەکانەوە بەمەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندی بۆ بەستنی گرێبەست بەخشراون ئەو گرێبەستانەی کەبەزۆری گەورە و پارەی دیایکراویشمان گەلێك زۆرتر لەچەندایەتی راستەقینەیانە. ئەوە لەکاتێکدایە کە ئێمە پتر ئەو پارانەمان لەسەردەمی رژێمی پێشودا واتە (دەوڵەتی کاتی ژنەراڵ عەبدول سەلام ئەبوو بکردا) گەڕاندۆتەوە خەزێنەی دەوڵەت.

دەسەڵاتو ئیمکانیاتی بەهێزی چاودێری لەلایەن رژێمی پێشوی سەربازییەوە بەکارگیرا تا گواستنەوەی پارە بۆ حیسابی دەوڵەت لەبانکی پاکردنەوەی حیسابە نێونەتەوەیەکاندا*، جێبەجێ بکرێت. لەچوارچێوەی سیستەمی نوێی دیموکراتیدا بە باڵادەست بوونی دووبارەی یاسای بنەڕەتی، چاودێران و لێکۆڵەران ئەرکی دژوارتریان بەچاو ڕابردووەوە لەئەستۆدایە.

*- Banr of l. settlements

سەرچاوەی تەواوی ئەو داراییانەی کە گەڕاونەتەوە بۆ وڵات دەگەڕێتەوە بۆ دزینی ئەو پارانە لەبانکی ناوەندی نایجریادا، لێکۆڵەرانی نایجریایی گومانیان لەوە دایە کە ئەو پارانەی بە بەرتیلەوە پەیوەندیان هەیە بگێڕدرێنەوە بۆ وڵات لەو کاتەوە کە دەوڵەتی سەرۆك ((ئەماسانجۆ)) دەسەڵاتی گرتۆتە دەست، داواکاری بۆ یارمەتی و پشتگیری لەلایەن وڵاتانی ترەوە[*] لەوانە: لیختەنشتاین، لوگزامبۆرگ، سویس، ئینگلترا، ئەمریکا ئاراستە کراوە. بەپێی ئەم داخوازییانە ١٤٧ ملوێن دۆلار بەشێوەی یارمەتی ماڵی لەلیختەنشتاین ٦٠٢ ملوێن دۆلار لەلایەن لوگزامبۆرگەوەو ٦٦٠ ملوێن دۆلاری ئەمریکا لەسویسرا دەستی بەسەرداگیراوە. سەرەڕای ئەوەش بەپێی پەیوەندییە نافەرمییەکان، حیسابی پارە نەناسراوەکان[**] لەشاری ((جێرسی)) ئەمریکادا زەوت کراوە.

سەبارەت بەئینگلترا، تا ماوەیەکی پێش تاوانی بەرەو پێش نەڕۆشتنی هاوکاری و یارمەتی بەرانبەرو دوو لایەنە نێوان ئەو وڵاتەو وڵاتانی تر خرایە ئەستۆی ئەو کەسانەی کە لەو بارەوە یاسایەکیان دەرنەکردووە، هەروا دەڵێن تا کاتێك فایلیك بۆ تاوانبارانی ئەو مەسەلە لەنایجریادا نەکراوەتەوە یاسا ڕێگا بەهاوکاریکردن نادات.

بەڵام لەکاتێکدا دادگایی کردنی بەڕێز ((محەمەد ئاباکا))و یەکێك لەکوڕەکانی بەناوی ((سانی ئاباکا)) دەستیپێکرد، ئیتر بەربەستێك بۆ هاوکاری دوو لایەنە لەئارادا نەبوو بەشێوەی پراکتیکی لەسێپتەمبەری ساڵی ٢٠٠١

[*]- Mutual legal Assistance

[**]-Accounts ٨, un rnown values



دەوڵەتی ئینگلترا لەبەرانبەر بەداواکاری دەوڵەتی نایجریا سەبارەت بەهاریکاری یاسایی دوو لایەنە ڕەزامەندی خۆی دەربڕی، ئەم ڕەزامەندیە بەهۆی ئەو هەموو سکاڵایانەی کە لەدادگاکانی ئینگلستانەوە ئاڕاستەکران دەربڕا. ڕوونکردنەوەی پتر سەبارەت بەم مەسەلەیە لەم دەرفەتە کورتەدا دژوارە. پەیوەندی نێوان سەرۆك کۆماری نایجریا بەڕێز ئاباسانجۆو سەرۆك کۆماری ئەمریکا جۆرج دەبلیو بۆش دەربڕی ئەوەیە کە هاوکاری و یارمەتی یاسایی دوو لایەنە بەزوویی لەم وڵاتەدا پراکتیزە دەکرێت.

سویسرا بەشێوەیەکی تایبەت هاریکاری ئەو وڵاتەی کردووە، هەرچەندە کە نایجریاو سویسرا هیچ پەیماننامەیەکیان سەبارەت بە هاریکاری یاسایی دوولایەنە لەنێواندا نییە، بەڵام ئەم وڵاتە بەپشت بەستن بەیاسای نێوخۆیی وڵات و ڕاگەیاندنێکی کاری دوولایەنە دەتوانی ئەم شێوە هاریکارییە جێبەجێ بکات بەرپرسانی دادوەری ئەو وڵاتە زیاد لەوەی کە بایی ٦٦٠ ملوێن دۆلار پارەیان بلۆك کردووە، هەنوکە فایلی ئەم کەسانەی خوارەوەی بەتاوانی پارە بەفیڕۆدان و ساختەکاری[١] و بەشداری لەدامەزراوەیەکی تاوانکاری، لەچوار چێوەی یاسای وڵاتی سویسرادا خستۆتە ژێر لێکۆڵینەوە. ئەم کەسانە بریتین لە ((محەمەد ئاباکا)) کوری سانی ئاباکا، ئەبو بەکر ئاتیکۆ باگودو[٢] (وەزیری پێشوو)و ئیسماعیل گۆڤار زۆ[٣] (ڕاوێژکاری پێشووی ئاسایشی گشتی، سانی ئاباکا) هەروەها بەرپرسانی دادوەری سویسرا ئەگەری ئەو تاوانانەی کە

[١]-Fraud

[٢]– Abubakar Atiku Bagudu

[٣]– ismaita cwarzo

خراونەتـە پـاڵ دەڵاڵانـی دارایـیـەوە[٤] تـاوتوێ دەكـەن و لـێـیـان دەكۆڵـنـەوە، لـەوە دەچێت پارەی زۆرتر برابێتە وڵاتانی خوارەوە یان لەو وڵاتانـە وەك ڕێگایـەك بـۆ گواسـتنەوە سـوود وەرگیرابێـت لەوانـە: نەمـسا، پانامـا، بـەرازیل، فەرەنـسا، ئەڵمانیا، ناوچەی ئیـداری هـونگ كـونگ سـەربە وڵاتـی سین، لوبنـان، لیبـی، سعوودیە، سەنگافوورو ئەمارەتە یەكگرتووەكانی عـەرەبی، هەوڵە سـەرەتایەكان دەسكەوتی جیاوازییان لێـی كەوتوەتـەوە وا دەردەكـەوێت كـە هەنـدێ لـەوڵاتان لەوانـە فەرەنـساو ئاڵمانیـا، ئەگـەر داواكـاری هـەوڵی هاریكـاری یاسـایی دوو لایەنەیان بەرەو ڕوو ببێتەوەو ڕەزامەندی خۆیان نیشان بدەن لەحاڵێكدا وڵاتـانی تر ڕەزامەندی خۆیان دەرنەبڕیوە.

## گەندەڵی و پارە براوەكان بۆ بانكەكانی دەرەوە

ئـەو بانكـە سـەرەكییانەی كـە لەگـەڵ ئـەم ڕیـسوایە داراییـەدا بـەرەو ڕوو بوونەتەوە، هەر ئەو دامـەزراوە گەورانەی سەربە بانكە بازرگانیەكانی جیهانن كـە زۆربەی ئەم بانكانە كاتێك كەوتوونەتە نێو پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ بنەماڵـەی ژنراڵ (جنراڵ) ((ئاباكاوە)) سـەرەكیترین یاسـاكانیان لەوانە یاسـای ((سـڕینەوە بەدوادا چوونی شیاویان))[٥] فەرامۆش كردووە.

لەهەندێ بواری بەرچاودا، هیچ جۆرە سەبارەت بەسـڕینەوەی ڕەچـاو نـەكراوە. لەحاڵێكدا ئەندامانی خێزانی ژنراڵ (جنراڵ) ئاباكا هـیچ كامـەیان ناسـنامەی ڕاسـتەقینەی خۆیـان نـە شـاردۆتەوە، كارمەنـدانی بـانكیش هـیچ جـۆرە بەربەستێكیان بۆ وەرگرتنی پارەی ئەوان خۆش نەكردووە. لەڕاپۆرتێكدا یـەكێك

[٤]– Financial in termediaries

[٥]-



ڕگەندەڵی ڕۆ

لەكارمەندانی بانك، محەمەد ئاباكا و براكـەی ((ئیـبراهم)) وەك كەسـانی بـەڕێزو خاوەن ناوبانگی باش لەخەڵكی باكووری نایجریا، ناو دەبـات و پێیوایـە بـەهۆی ئەوەوە كـە ئـەو كەسـانە لـەڕادە بـەدەر سـەنجڕاكێش و بەئـەدەبن! شـیاوی ئـەوەن پشتیان پـێ ببەستی.

لـەكۆتایی سـاڵی ٢٠٠٠ زاینـیو سـەرەتای سـاڵی ٢٠٠١ دامـەزراوەی خزمـەتگوزاری دارایـی بریتانیـاو لیژنـەی فیـدراڵی بانكـداری سویـسرا، ڕاپۆرتـەكانی سـەبارەت بـەئاكامی ئـەو لێكۆڵینـەوەی كـە دژ بەبانكـەكانی پەیوەندیدار بەئاڵو گۆر كردنی پارەی ((سانی ئاباكـا))و هاریكـارانی خرابوونـە ڕوو بڵاو كـردەوە هـەردوو دەزگـای نـاوبراو لەڕاپۆرتـەكانی خۆیانـدا ئامـاژە بـە ((چاودێری لاواز)) لەزۆربـەی بانكـەكان دەدەن. جیـا لـەناوەڕۆكی ڕەش بیننانـە و گومانـاوی سەبارەت بەدەرئەنجامی ئابووری ئەم پارانـە، بەشـێكی زۆر لەبانكـەكان نە ڕوونكردنەوەیەو لێكۆڵینەوە زۆرتریان[*] ویستووە و نە ڕاپۆرتگـەلی پەیوەسـت بـە ((سـەودا گومـانلێكراوەكانیـان)) سـەبارەت بـەو مەسـەلە نووسـیوە. لیژنـەی فیدراڵی بانكداری سویسرا، ١٩ بانكیان بەهۆی سەوداكانیانەوە لەگـەڵ سـانی ئاباكا و دەست و پەیوەندەكانی خستۆتە بـەر لێكۆڵینـەوە و لـەڕاپۆرتی خۆیـدا ئاماژە بە ٦ بانك دەدات كە پابەندی خۆیان سەبارەت بە بەدواداچوونی شایـستە ڕەچاو نەكردووە: سەرەڕای ئەم ڕاپۆرتە، لیژنەی ناوبراو سكاڵای فـەرمیی لـەدژی ((بـانكی سویـسرا)) ئامـادە و لـەڕێگای لیژنـەی دیـسپلینی نێوخـۆی بانكـەوە ئاڕاستەی كردووە بەڵام هەرچەندە تائێـستا بـڕی ئـەو پارەیـە كـە بانكـە ئامـاژە پێكراوەكان دەستیان تێدا هەبووە و ئاشكرا كـراوە سـەروی ٢١٤ ملـوێن دۆلار

[*]-Clarification

مەزندە دەكرێت كەچی تەنیا ٩/ ٥ ملوێن دۆلار سزای ماڵی دراون، بە لەبەرچاو گرتنی سوودی فراوان كە بانكەكان لەسەودای ئەو پارانەوە دەستیان دەكەوێت ئەم سزا دانە زۆركەمەو ناتوانیت ڕێگر بێت لەدیاردەگەلی ئەوتۆ.

لەئینگلیزدا دەزگای خزمەتگوزاری دارایی ٢٣ بانكی خستە ژێر لێكۆڵینەوە و پشكنین و بۆی دەركەوت كە ١٥ بانك لەو ٢٣ بانكە بەهۆی لاوازی لەسیستەمی چاودێرییەوە بەرەو ڕووی دیاردەیەكی ئەوتۆ بوونەتەوە، بەڵام یاسای بریتانیا ڕێگە نادات كە ئەم دەزگایە ڕاپۆرتەكەی بەشێوەی گشتی بڵاو بكاتەوە یان ناوی ئەو دەڵاڵانەی دەستیان لەو دزیەدا هەبووە ئاشكرا بكات.))

كێشەكانی بەردەم ڕوو بەڕوو بوونەوە لەگەندەڵیو گەڕاندنەوەی پارە دزراوەكان.

سەرەڕای هاریكاری یاسایی دوولایەنەی وڵاتان كە دەوترێت پارە دزراوەكان بەهۆی ئەوانەوە گوێزراوەتەوە كێشەی سەرەكی كە بەرپرسانی نایجریا لەگەڵێدا بەرەو ڕوون، وەرگرتنی بڕیارێكی سەركەوتووی دادگایە دژ بە محەمەد ئاباكا و دەست و پێوەندەكانیان، بۆ گەڕاندنەوەی داراییەكان زۆر گرنگ ئەوەیە كە نەتەنیا بڕیاری سزادان بۆ گەندەڵی و ساختەكاری و پارە بەفیڕۆدان و تاوانەكانی پەیوەست بەو دیاردەوە وەربگیردرێت بەڵكو دەبێ پەیوەندی نێوان ئەو داراییانەی كە لەدەرەوەی وڵاتدان و تاوانە تایبەتەكان كە لەنێوخۆی ئەو وڵاتەدا ئەنجام دراون دەركەوێت. بەدروست نەبوونی ئەم پەیوەندییە زۆرێك لەوڵاتان كە پارە دزراوەكانیان تێدایە یان پێدەچێت لەوێدا بێت، لەبلۆككردنی ئەو داراییانە یان گەڕاندنەوەیان سەرپێچی دەكەن، بۆیە وەرگرتنی بڕیاری دادگا، كە لەدەوڵەتی نایجریا یان لەدەرەوەی ئەو دەوڵەتەدا گومانی تێدا نەبێت، كارێكی یەجگار گرنگە.



كێشەیەكی تر كە بەرپرسانی نایجریا و كۆمەڵگای نێونەتەوەیی لەگەڵێدا ڕوو بەڕوو بوونەتەوە ئەوەیە كەچی بكەن تا لەدوا ڕۆژدا ئەو پارانە بەشێوەی نایاسایی وەلانەخرێن. بۆ ئەم مەبەستە، نایجریا دەبێ چاودێری دارایی خۆی توندو تیژتر بكات و مكانیزمی ڕێگری لەگەندەڵی و كارە پەیوەندیدارەكان بەو دیاردەوە بەهێز بكات. لەهەمانكاتدا. دەبێ لەڕێگای كۆمەڵگای نێونەتەوەییەوە میكانیزمێك بێتە ئاراوە تا بەوڵاتانێك وەك نایجریا كە لەهەوڵی گەڕاندنەوەی داراییە گشتییەكانن بۆ نێوخۆی وڵات لەڕێگای فەراهەم كردنی ئیمكانیاتی پسپۆڕی و كارناسی و ڕێنمایی ستراتژیك* یارمەتیدەر بن. ناوەندە نێونەتەوەیەكانی دارایی و ماڵیش دەبێ سیستەمی چاودێری خۆیان بەسەر كارمەندانی داراییدا پەرەپێبدەن، بەجۆرێك كە لەوە دادڵنیا بن یاساكانی دارایی بەشێوەی شاسیتە و وەك پێویست ڕەچاو دەكرێن، هەندێ لەو كارانەی كە بەشێوەی بەرچاو بۆ چاراسەركردنی ئەم كێشانە كاریگەرییان هەیە برتین لە:

## ـ ستراتیژی بنەڕەتی لەنایجریا

ئەو دەوڵەتانەی كە لەهەوڵی ئەوەدان تا ئەو پارانەی كە بەهۆی گەندەڵی هەندێ بەرپرسەوە، لەوانە هەڵبژێراوانی سیاسی یان بەرپرسانی پلە بەرزی دەوڵەتییەوە دزراوە بگەڕێننەوە دەبێ لەڕوانگەی پسپۆڕانە و ڕێنمایی ستراتژیك پشتگیرییان لێبكرێت. بەشێوەی ئاشكرا، ڕێكخراوی نێونەتەوەیی دەتوانێ سیستەمێك پێك بێنێ كە ئەو ستراتیژە دیاری بكات چونكە بێ لایەنی** ئەم ڕێكخراوە جۆرە بەشدار بوونێك پێك دێنێ كە بۆ گشت

*- Stra Tegie guidanee

**-Neutrality

لایەنەکانی بەرهەڵستکار شیاوی قەبووڵ کردنەو متمانەش دەبەخشێت بە بەرپرسانی ئەو جۆرە فایلانە.

یەکێك لەکارکردەکانی ئەو جۆرە میکانیزمە، دەبێ بەخشینی یارمەتی بەئاراستەی بەڕێوەبەرانی فایلە نێونەتەوەیەکان بێت***. لەوەتەی کە دەوڵەتی نایجریا لەتوانای کارشناسی پێویست لەبواری ئەوتۆدا بەرییە، ناچار بوو ئەم کارە بەنوێنەران و پارێزەرانی تایبەت و چالاك لەولاّتانی تردا بسپێرێت. ئەم پارێزەرانە هەندێ داواکاریان بەمەبەستی هاریکاری یاسایی دوولایەنە لەلایەن دەوڵەتی نایجریاوە پێگەیشتبوو.میکانیزمە پێشنیار کراوەکان دەبێ کاریگەر بن، بەجۆرێك کە بەرپرسانی دەوڵەت بۆ لێپرسینەوەو بەدواداچوونی فایلە پەیوەندیدارەکانی گەندەڵێ و کردەوەی لەو جۆرە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەهێزتر بکات و بەزۆری.. ئەم میکانیزمە هەروەها دەبێ کەش و هەوایەك پێك بێنێ تا ئەو دەوڵەتە ئەندامانەی کەبەجۆرێك لەجۆرەکان گیرۆدەی فایلە نێونەتەوەیەکانی گەندەڵین بەبەردەوامی لەگەڵ یەکتردا پەیوەندییان هەبێت و بەم پێیە بەربەستە یاسایی و سیاسییەکان بناسن. هەروەها لەگەڵاڵە کردنی ستراتیژێکی هاوبەش بۆ سەرکەوتن بەسەر ئەم بەربەستانە پێکەوە هاریکاری بکەن.

بەرپرسی فایلەکان بەشێوەی سەرەکی لەگەڵ ناوەندی دادوەری کە خوازیاری هاریکاریە، کار دەکات تا لەبەرانبەر هەڵکەوتوویی شوێن، سکاڵای مافی سزادان و مافی مەدەنی بگاتە قۆناخی بڕیار دان. بەرپرسی فایلەکان هاریکاری دەکات تا پارێزەران و لێکۆڵەرانی شیاو بەو ئاڕاستەیەدا کاربکەن. بەرپرسی ئاماژە پێکراو هەروەها بۆ ئامادەکردنی فایلەکان لەئاستی دەوڵەتیدا

***- Global case Management Assistance



بەتایبەت لەرێگای بەکار بردنی جۆرێك لەکۆنترۆڵی چلۆنایەتی لەپەیوەندی دەگەڵ لێکۆڵینەوەکان و دادوەریە گشتییەکان، بەشداری دەکات تا دڵنیا بێت کە بەڵگەکان وەك پێویست کۆکرانەتەوەو دەرنجامەکان لەگەڵ ستانداردی (پێوەری) لایەنگرانی دەوڵەت* وەك یەك دەردەچن بەم جۆرە بتوانرێت لەپڕۆسەی هاریکاری یاسایی دوو لایەنەدا سوودیان لێ وەربگیردرێت.

## ((ڕێگری لەبەفیڕۆدانی پارە لەدوا ڕۆژدا))

هاوتەریب لەگەڵ ئەو هەولاّنەی کە بۆ گەڕاندنەوەی داراییە بەفیڕۆ دراوەکان لەئارا دایە، دەبێ میکانیزمە دەوڵەتیەکان بۆ ڕێگری لەدزی و بەفیڕۆدانی داراییەکان ئامادە و وەك پێویست بەهێز بکرێن، بەهێزکردنی ئەم میکانیزمانە نەتەنیا دەوڵەت و خەڵك لەبەرانبەر ئەو مەترسییەی کە نەبادا لەدوا ڕۆژدا ببنە قوربانی گەندەڵی ڕێبەران یان بەرپرسانی پلەبەرزی کەرتی گشتی، دڵنیا دەکاتەوە، بەڵکو متمانە و توانای زۆرتر دەدات بەهەوڵە پەیوەندیدارەکان بۆ گەڕاندنەوەی داراییەکان و لەئاکامدا بەداخوازی یاریدەرانی دادوەری نێونەتەوەیی ڕەواییەکی پتر دەبەخشێت. ئەو چالاکییانەی کەدەتوانن مکانیزمە ڕێگرەکانی سەرەوە بەهێز بکەن بریتین لە:

١ـ بەهێزکردنی لیژنە فەرمییەکانی دژ بەگەندەڵی بەمەبەستی ڕێگری و کۆنترۆڵکردنی ئەو دیاردەیە لەئاستی دەوڵەتدا.

٢ـ هێنانە دی و جێبەجێ کردنی ستراتیژێکی میللی گشتیگیر بۆ خاوێنی و پاکی سیستەمی ئیداری.

*- Requesting state

دارِشتنی میکانیزمگەلێك بۆ چاودێری لەسەر خەرجی پرۆژەکان بەتایبەت خەرجی پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە کە کۆمەڵگای مەدەنی و سیستەمی وەرگرتنی پارەی لەئاستێکی بەربلاو لەخۆ گرتبێت.

کۆی ئەم کارانە دەبێ لەرِێگای ((سەرانەی دەوڵەتی)) * بەرِێژەیی ۱ تا ۳٪ ی ئەو پارە گەراوانە و هەروەها ئەو یارمەتییە داراییانەی کە ئاراستەی دەوڵەتی نایجریا دەکرێنەوە دابین بکریت. وەرگری ئەو برِە داراییە لەژێر ناوی ((مافی دەسەلاَت یان مافی حوکمرِانی)) لیژنەیەکی سەربەخۆیە کە بۆ رِێگری لەچالاکییە دژ بەگەندەڵییەکان بەتازەیی پێك هێنراون و بەرنامەی ئەو لیژنەیە جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکانەیە.

لەوەتەی ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەو هەنگاوانەی دەوڵەت هەڵیاندەگرێت وەك پێویست نەتوانێ متمانەی گشتی بەدەست بێنێت، ئەم لیژنەیە وەك پێویست، دەبێ بەرپرسی بەرنامە رِێژی، جێبەجێ کردن و چاودێری بەسەر سیستمێکی گشتگیر و پاك و خاوێنی میللی و ** بەرنامەی بەرە و رِووبوونەوەی دژ بەگەندەڵی بێت.

((مافی دەسەلاَتداریەتی یان حوکمرِانی)) کە باسی لێدەکرێت، خەڵکی پارەدەر هاندەدات تا پارەی پێویست بۆ بەهێزکردنی سیستەمی خاوێنی و سەلامەتی میللی ولاَتانی پارە وەرگر تەرخان بکەن)). تا بە ئەمرِۆ ((دەسەلاَتی خوازراو)) *** یان حاکمیەتی باش نە لەولاَتانی پارەدەرو نە لەدەوڵەتانی

---

*-Governence Premium

**- Integrated. National Integrity Strategy

***-Cood Governance





وەرگرەوە، لەئامانجە سەرەکییەکاندا رِەچاو نەکراوە. بەشداری سەرۆك کۆماری نایجریا، بەرِێز ((ئاباسانجۆ)) وەك قارەمانێکی متمانە پێکراو لەبورای دەسەلاَتی ویستراو لەلایەکەوە و بەشداری رِێکخراوی نێونەتەوەیی وەك داوەرێکی بێ لایەن لەلایەکی ترەوە، بۆ بەهێزکردنی چەمکی ((یاساییەکانی نوێ)) نێونەتەوەیی.

## ((میکانیزمە یاسایەکانی نوێی جیهانی))

گرنگی لیژنەی داهاتووی رِێکخراوی نێونەتەوەیی بۆ رِوو بەرِووبوونەوە لەگەڵ گەندەڵیدا، لەرِوانگەی گەرِاندنەوەی داراییەکان حاشا هەڵنەگرە ئەم میکانیزمە یاساییانە، کاتێك لەلایەن دەوڵەتانی ئەندامدا واژوو پاشان پەسەند دەکرێت، بەشێوەیەکی بەرچاو هاریکاری دادوەری لەبواری نێونەتەوەیی و، لەبەشی گەرِاندنەوەی داراییەکاندا بەهێز دەکات. لەرِاستیدا تەنیا ترین و گرنگترین کاری لیژنەی ناوبراو لەو رِەهەندەدا گەرِاندنەوەی داراییەکانە.

ئێران: ولاَتی ئێران یەکیك لەولاَتانی جیهانی سێهەمە کە نزیکی پێنج دەیە بەرنامەی نوێسازی و گەشە پێدانی دەستپێکردووە سەرچاوەی نەوتی زۆرو داهاتی ئەو سەرچاوانە بەتایبەت پاش ساڵی ١٩٧٠ بووە هۆی ئەوە کە دەوڵەتی ئێران ئەو داهاتانە تەرخان بکات بۆ وەگەرِخستنی ئەو تەکنۆلۆژیانە بەمەبەستی دۆزینەوەی ئالتەرناتیڤی بەرهەمە هاوردەکان.، هەروەها ئەو ولاَتە دەستیکرد بەکرِینی کەرەستەی بەرگری دەسەلاَتخوازانە بەمەبەستی فراوان کردن و گەشەپێدانی دەزگا ئیداریەکان، ئەم چالاکییانە لەپرِ بواری بۆ سەرهەڵدانی گەندەڵی فەراهەم کرد.

پێکهاتنی توێژی نوێ واسیتەکەر وڵاتی بەهاوپەیمانێتی لەگەڵ نوخبە سیاسییەکاندا لەم سەردەمەدا سەری هەڵدا. لەم ڕووەوە دەتوانی کۆی ئەو دیاردە گەندەڵ ئامێزانە وەك نموونەی کلاسیك لەچۆنیەتی گەشەسەندنو هاتنە ئارای گەندەڵی لەوڵاتانی بەرەو پێشکەوتن بەئەژمار بێنی.

بەدوای شۆڕشی ئیسلامی ئێران لەساڵی ١٣٥٧ (١٩٧٩ز) بەرنامەی پاکسازی و ئامانجی شۆڕشگێرانە بەشێك لەگەندەڵی توێژی نوخبەی کەمکردەوە. لێکۆڵینەوەکانی ئەم دوایانە لەسەر ئێراندا دەربڕی ئەوەن کە ئەم دوو دەیە نموونە گەلێك لەگەندەڵی ئیداری، سیاسی و دارایی بەشێوەیەکی بەربڵاو هاتووەتە ئاراوە.

ئەم جارە نموونە گەلێکی توندو تیژ لەگەندەڵی جۆری دووەم لەدەزگاکانی ئیداری و پۆلیسی بۆ خەڵکی ئەم وڵاتە بەتەواوەتی ئاسایی بۆتەوە.

ئەم دۆخە بەجۆرێکە کە ڕێکخراوی نێونەتەوەیی شەفافییەت ئێرانی لەڕیزی حەفتاو هەشتەمی وڵاتانی گەندەڵ داناوە لەم ساڵانەداو لەقۆناغە جۆراو جۆرەکاندا بۆ ڕوو بەڕوو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵیدا بڕیار گەلێك وەرگیراوە، ئەمە لەحاڵێکدایە کە دەزگا مەدەنییەکان و نوخبە فەرهەنگی و ئابوورییەکان پتر تێگەیشتنی سیاسییان بۆ ئەو کێشەیە هەیە. هەندێ لەئابووریزانانی ئێرانی پێیان وایە ئەم کارانە دەبنە هۆی ناسەقامگیری ئابووری.

جیا لەم باسە، تێگەیشتنی خەڵکی ئێران و ڕێکخراوە نێونەتەوەیەکان دەربڕی ئەوەن کە دەوڵەتی ئێران لەهەر دوو ئاستی یەکەم و دووەمدا بەرەو ڕووی گەندەڵی بۆتەوە. زانیارییە بڵاوکراوەکانی ئەم دواییە لەئێراندا نیشانیدەدەن کە ڕێبەرانی ئەو وڵاتە جەختی زۆر دەکەنەوە بۆ ڕوو بەڕوو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵیدا و لەم ساڵانەی دواییدا، دەوڵەتی ناسراو بەدەوڵەتی چاکسازی،





کۆمیتەیەکیان بۆ ئەم مەبەستە ڕەچاو کردووە و بەرنامەیەکی گشتگیریان دارشتووە.

لێکۆڵینەوە سەبارەت بەدیاردەی گەندەڵی لەئێراندا، لەچەند ڕویەکەوە بۆ کۆمەڵناسی گەندەڵی گرنگە، چونکە گەندەڵی بەربڵاو لەجۆری یەکەم کە لەرژێمی پێشوودا پەرەی سەندبوو، پاش دەساڵ حوکمرانی شۆڕشگێڕانی ئیسلامی بەشێوەی نوێ و بەپەرەسەندنی لەئاستی دووەمدا بۆ جارێکی تر هاتە ئاراوە.

ڕەنگە بتوانرێ ئەم گریمانەیە دەربڕێ کە: ئەو پێکهاتانەی بۆ گەندەڵی گونجاون بەدوور لەئامانجی ڕێبەرانی دەوڵەتان، دەبنە هۆی سەرهەڵدانی گەندەڵی.

تا ئێستا ئەم خاڵانە لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە سەبارەت بە بەرنامەی بەگژدا چوونەوەی گەندەڵی بڵاو بۆتەوە. بەمەبەستی وەرگرتنی بڕیارە گشتییەکان و دیاریکردنی ئەو سیاسەت و ستراتژیانەی کە بۆ پشتگیری و ڕوو بەڕووبوونەوە لەگەڵ گەندەڵی سیستەمی ئیداریدا ڕەچاو کراوە، کۆمیتەیەك بەناوی کۆمیتەی بەرەو پێش بردنی پاکسازی سیستەمی ئیداری و ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵیدا، لەژێر چاودێری جێگری یەکەمی سەرۆك کۆمار پێك دەهێنرێت، کە ئەرکەکانی بریتین لە:

١- کۆنترۆڵ و کەمکردنەوەی گەندەڵی و پاك و ساڵم کردنی کۆی دەزگاکان بەهۆی ڕێنمایی و هاندانی ئەو دەزگانەوە بەمەبەستی ڕێکخستن و جێبەجێ کردنی ڕێسا و سیاسەت و بەرنامە دژ بەگەندەڵیەکانیان.

٢- زیاتر ناساندن و وەرگرتنی متمانە و پشتگیری گشتی بۆ بەرنامەکانی دژ بەگەندەڵی.

٣ـ بەرەودان و نەهادینەکردنی بیرۆکە و کاری ڕێگری کردن لەگەندەڵی و بەگژاچوونەوەی بەهۆی ئەو بەرپرس و کارمەندانەوە کە لەئاستی بەرپرسایەتی و پاکسازی دەزگاکاندان.

**ئامانجەکانی کۆمیتەی بەرەو پێش بردنی پاکسازی سیستەمی ئیداری و بەگژدا چوونەوەی گەندەڵی.**

١ـ باڵادەستکردنی یاسا لەڕەوتی کاری دەزگا ئیداریەکاندا و دامەزراندنی پەیوەندی نێوان دەزگان و سوود وەرگیران لەخزمەتگوزاری.

٢ـ ڕوونکردنەوەی یاسا و ڕێساکان و پرۆسە و کارکردی بەشی خزمەتگوزاری.

٣ـ ولآمدانەوەی دەزگا ئیداریەکان بەخوازیارانی خزمەتگوزاری بەبێ جیاوازی.

٤ـ یاسایی کردنی ژمێریاری بەڕێوەبەریەکان لەهەموو ئاستەکانی بەڕێوەبردنی دەزگاکاندا.

٥ـ زۆرکردنی سوود بەخشی (دەسکەوت) و ڕادەی کاریگەری و کاری دەزگاکان.

٦ـ پێکهێنان و بەهێزکردنی توانای ئیداری و جەماوەری بۆ ڕێگری لەسەرهەڵدانی گەندەڵی.

٧ـ ناساندن و کاری یاسایی بەهاوکاری دەزگاکانی دادوەری لەبەرانبەر ئەو کەسانەی کە تووشی گەندەڵی دەبن.

**سیاسەتەکان**

١ـ درێژەدان بەجێبەجێ کردنی بەرنامەی گۆڕانکاری ئیداری.





٢ـ ڕونکردنەوەی یاسا و ڕێساکان و بڕیارەکانی پەیوەندیدار بەچالاکییە ئابووریەکانی وڵات بەتایبەت لەم بوارانەدا:

١ـ کرێنە دەرەکییەکان

٢ـ گرێبەستە نێوخۆیەکان

٣ـ بەخشینی ئیمتیازاتی بانکی

٤ـ بەخشینی پشك

٥ـ ڕوونکردنەوەی یاسا و ڕێساکان و دەرکردنی بڕیاری خزمەتگوزاری لەڕێگای کەم کردنەوەی قەوارە و ژمارەی ئەو یاسا و ڕێسایانە و ئاسانکاری و ستاندارد کردنیان.

٦ـ فەراهەمکردنی بورای گونجاو بۆ وەی خەڵك بەئازادی دەستیان بگات بەزانیاری پێویست سەبارەت بەکارکردی دەزگاکان و هەندێ زانیاری پێویست بۆ داواکاری و وەرگرتنی خزمەتگوزاری لەهەریەك لەو دەزگایانە.

٧ـ بەهێزکردنی سیستەم و مکانیزمەکانی چاودێری و کۆنترۆڵی نێو دەزگاکان و دەرەوەی دەزگاکان بەمەبەستی دۆزینەوەی حاڵەتەکانی گەندەڵی و ڕێگریو بەگژا چوونەوەی.

٨ـ ناساندنی بوارو ڕەوتی گەندەڵ ئامێز و چاك کردنیان بەمەبەستی بەهێزکردنی کۆنترۆڵە نێوخۆیەکان و پێشگیری لەدیاردەی گەندەڵی.

٩ـ لێکۆڵینەوە سەبارەت بەمەسەلەی گەندەڵی و سوود وەرگرتن لەبازرگانی سەرکەوتووی وڵاتەکان بەمەبەستی پێشتگیری و ڕوو بەڕوو بوونەوە لەگەڵ دیاردەی گەندەڵی و فەراهەمکردنی ڕێگا چارە خۆیەکان بۆ ئەم مەبەستە.

١٠ـ لەسەرو دانانی ئەو بابەتانەی کە پەیوەندییان بەبواری باج و شارەوانی و گومرگ و هاوردە و هەناردەوە هەیە، هەروەها شەخسی کردنی کۆمپانیاکان و

کۆنترۆڵی مادە خۆراکی و دەرمانی و سەربازی و سەودا دەوڵەتییەکان لەگەڵاڵە کردن و جێبەجێ‌کردنی کاری پێشگیرانە و بەگژچوونەوەی گەندەڵی.

## ئەرکەکان

١ـ دیاریکردنی سیاسەت و ستراتژی پێشگیری و بەرەو ڕوو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵیدا وەك ئەرك و بەڵێن لەلایەن دەوڵەتەوە.

٢ـ دیاریکردنی سیاسەتی ڕاگەیاندن لەبواری گەندەڵی ئیداری و دەرئەنجامی لێپرسینەوە لەدیاردەکانی گەندەڵی.

٣ـ پەسەندکردنی بەرنامەی پێشگیری و ڕوو بەڕوو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵی و چاودێری کردن بەمەبەستی باش جێبەجێ کردنی ئەم بەرنامانە.

٤ـ هاندان و بەشداری پێکردن و ڕێکخستنی جەماوەری بەمەبەستی بڕەودان و گەشەدان بەکەلتوری پەیڕەویکردن لەیاسا.

٥ـ دەرکردنی بڕیارو فەرمانی پێویست بۆ هێنانە دی تەندروستی ئیداری و بەگژا چوونەوەی گەندەڵی لەچوار چێوەی یاسادا.

٦ـ پەسەندکردن و ڕاگەیاندنی بڕیارە پێویستەکان بۆ جێبەجێ کردنی سیاسەتی پێشگیری و بەگژا چوونەوەی گەندەڵی لەدەزگاکانی بەڕێوە بردندا.

٧ـ هەڵسەنگاندنی کارەکان و پیاچوونەوە بەسیاسەتەکان و پێش خستنی بەرنامەکانی هەرساڵ.

٨ـ بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرت و کارکردی ساڵانەی کۆمیتەی ئاماژەپێکراو.

## کۆمیتەی ڕوو بەڕوو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵیدا

**أ) ئامانجەکان**



١ـ پارێزگاری لەدەزگا ئیداریەکانی دەوڵەت و یارمەتیدان بە بەڕێوەبەرانی پایە بەرز بەمەبەستی بەڕێوەبردنی ئەرکی پاراستنی تەندروستی ئیداری.

٢ـ دۆزینەوەی هەندێ حاڵەتی گەندەڵی لەدەزگاکاندا، بەر لەوەی بگاتە ئاستێکی بەربلاو و بدرێنە دەزگاکانی لێپرسینەوە و دادوەری.

٣ـ لێپرسینەوەی کاریگەر لەڕوانگەی بەڕێوەبەرێتیەوە بەرانبەر بە بەرپرسانی سەرپێچیکەر دەرفەت ڕەخسێنەر و هۆکاری گەندەڵی لەدەزگاکاندا.

**ب) ئەرکەکان:**

١ـ چالاك کردنی تەواوی دەزگاکان و یەکەکانی چاودێری بەمەبەستی نواندنی ڕۆڵی وردترو ڕاپەراندنی ئەرکی چاودێری خۆیان.

٢ـ ڕێکخستن و هاوئاهەنگی یەکەکانی لێپرسینەوە و پاراستنی دەزگاکان بەمەبەستی ناساندنی ئەو دیاردانەی کە لەوانەیە گەندەڵ بن و گەیاندنی زانیاری پێویست بەکۆمیتەی بەگژا چوونی گەندەڵی.

٣ـ ڕێکخستن و پەیوەست کردنی بانکەکانی زانیاری و هەواڵگری لەدەزگا ئیداریەکاندا بەمەبەستی هاوئاهەنگی لەکۆکردنەوەو گواستنەوەی زانیاریو هەواڵی پەیوەندیدار بەگەندەڵییەوە.

٤ـ پلان دانان بۆ دۆزینەوەی شێوازەکانی ڕوو بەڕوو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵی بەهاوکاری دەزگا پەیوەندیدارەکان.

٥ـ پێکهێنانی پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ دەزگاکان و یەکەکانی لێپرسینەوە و چاودێری لەهەر سێ دەسەڵاتدا، بۆ ناساندنی دیاردەکانی گەندەڵی و ڕێگاکانی سەرهەڵدانی ئەو دیاردەیە.

٦ـ تاوتۆی کردنی دیاردەکانی گەندەڵی لەدەزگاکان و ئاشکرا کردنی ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوەکان و ئاراستەکردنی پێشنیار بۆ ڕوو بەڕوو بوونەوە و بەدوا چوونەوەی ئەو دیاردە گەندەڵیانەی کە ڕوو دەدەن.

٧ـ بەدوادا چوونەوەی ئەو دیاردانەی کە لەلایەن بەرپرسانەوە ئاراستەی کۆمیتەی دژ بەگەندەڵی کراون. هەروەها تاوتۆی کردنی ئەو ڕاپۆرتانەی کە بەمەبەستی گەشتن بەدەرەنجامی کۆتایی خراونەتە بەردەم کۆمیتەی بەگژا چوونەوەی گەندەڵی و ئاراستەکردنی ڕاپۆرت و پێشنیاری پێویست بۆ بەرپرسانی پەیوەندیدار بەو مەسەلەیەوە.

٨ـ هاوئاهەنگی لەگەڵ دەسەلاتی دادوەری بۆ گەڕاندنەوەی ئەو فایلانەی کە پێویستە بەمەبەستی پاراستن و پاریزگاری ناوبانگی دەوڵەت بخرێنە بەر توژینەوەو لێکۆڵینەوە.

٩ـ چاودێری کردنی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەسەر ڕەوتی جێبەجێ کردنی پرۆژەکان و باباتگەلی گرنگ و گەورەی ئابووری و پیشەیی وەك کرینە دەرەکییەکان و گرێبەستی کەمکردنەوە و زیادکردن، بەهۆی پەسەندکردن و پێش خستنی کارە پێویستەکان لەلایەن کۆمیتەی دژ بەگەندەڵیەوە.

## کۆمیتەی زانستی ـ فەرهەنگی

### ئامانجەکان:

١ـ ڕەخساندنی بواری ناساندن و کۆ دەنگی لەنێو بەرپرسانداو بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری گشتی خەڵك سەبارەت بەچەمك و نموونە، بوار، هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانی گەندەڵی و هەروەها شێوازەکانی ڕوو بەڕوو بوونەوەو پێشگیری کردن لەگەندەڵی و سەرهەڵدانی ئەو دیاردەیە.



٢) بەهێزکردنی توانای دەوڵەت بۆ پلاندانان و جێبەجێ کردنی کاری پێویست بۆ ڕوو بەڕوو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵیدا.

### ئەرکەکان

١) دروست کردنی بانکی زانیاری بۆ پشتگیری لەستراتیژە خۆیەکانی دژ بەگەندەڵی لەولاتدا.

٢) دیاردە ناسی و لێکۆڵینەوە سەبارەت بە بنەما و بوارەکانی سەرهەڵدانی گەندەڵی بەهاوکاری لەگەڵ زانکۆو دەزگاکانی توژینەوە.

٣) دیاریکردنی ڕۆڵ و پێگەی ڕاهێنان و بانگەشەی میدیاکان بۆ کۆنترۆڵ و کەم کردنەوەی گەندەڵی.

٤) دیاریکردنی ئەرکە ئیداریەکانی دەزگاکان بۆ لێکۆڵینەوە و توژینەوەی دژ بەگەندەڵی.

٥) ئامادەکردنی پلان و بەرنامەی ڕاهێنان کە بۆ فێرکردنی بەرپرسان و کارمەندانی دەوڵەت و خەڵك بەگشتی پێویستە.

٦) خوێندنەوەو بەدەست هێنانی ئەزموونی نێونەتەوەیی ولاتانی تر لەبواری پێشگیری و ڕوو بەڕوو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵیدا.

٧) هەڵسەنگاندنی ئەو هەولانەی کە بۆ ڕێگری لەگەندەڵی لەپێش گیراون و خستنە ڕووی ستراتیژی کاریگەر بۆ ڕوو بەڕوو بوونەوەو پێشگیری کردن لەگەندەڵی و ئاراستەکردنی ئەو ستراتیژو سیاسەتانە بەکۆمیتە بەرەو پێش بردنی پاکسازی و لەناو بردنی گەندەڵی.

٨) بوار خۆشکردن، بەرنامەداڕشتن و ڕێکخستنی بەشداری چالاکی دەزگاکان لەکۆڕو کۆبوونەوە نێوخۆیی و نێونەتەوەیەکانی دژ بەگەندەڵی.

## بەرنامەکانی کۆمیتەی بەگژا چوونەوەی گەندەڵی

١ـ چاودێری و هەڵسەنگاندنی ئەو بڕیارانەی کە بۆ هاوئاهەنگی و بەرەوپێش بردنی دەزگاکانی چاودێری کاریان پێدەکرێت.

٢ـ دروستکردنی سیستەمی وەرگرتنی زانیاری لەڕێگای جۆراو جۆرەوە لەوانە: دامەزراندنی هێڵی تەلەفۆنی گۆیا (پەیوەندی وەرگیر) و ئاگاداركردنی خەڵك لەو جۆرە تەلەفۆنە بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری سەبارەت بە دیاردەی گەندەڵی لەدەزگا ئیداریەکانداو لێکۆڵینەوە لەسەر زانیاری هاوولاتیان بەرچاو کردنی پاراستنی سەرچاوەی زانیاییەکانو ئاگادار کردنەوەی خەڵك لەدەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکان.

٣ـ دیاریکردنی ئەو بەشانەی کە بۆ ڕوو بەڕوو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵیدا پێویستن بەر لەهەموو بەشێکی ترەوە لەوانە گرێبەستە گەورەکانی ئاوەدانکردنەوە و کڕینە سەرەکییەکانی بیانی (دەرەکی).

٤ـ دارشتنی سیستەمی کۆکردنەوەی زانیاری و ڕاپۆرتی هاوولاتیان سەبارەت بەگەندەڵی لەڕێگای دەزگاکانی چاودێری هەرسێ دەسەلاتەوەو هەروەها یەکەکانی لێپرسینەوەو پاراستنی دەزگاکانی جێبەجێ کردن.

٥ـ بەدواداچوونی ئەو ڕاپۆرتانەی کە سەبارەت بەدیاردەکانی گەندەڵی لەدەزگاکاندا بەهاریکاری دەسەلاتی دادوەری دەدرێنە کۆمیتەی بەرەو پێش بردنی پاکسازی ئیداری بەمەبەستی لێکۆڵینەوەی ورد سەبارەت بە سەرپێچیکەران، هەروەها ڕێگری لەسیاسی بوونی فایلەکان و پارێزگاری لە پێگەو متمانەی دەوڵەت.



٦ـ بەدوادا چوونی ئەو فایلانەی کە ئاڕاستەی دەسەلاتی دادوەری کراون و ڕاپۆرتتی دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکان بۆ کۆمیتەی بەرەو پێش بردنی پاکسازی ئیداری.

٧ـ ئاڕاستە کردنی پێشنیاری پێویست بۆ کۆمیتەی پێشگیری لەگەندەڵی سەبارەت بەئامادەکردن و ڕێکخستنی ئەو پێشنیارانە.

## بەرنامەکانی کۆمیتەی پێشگیری لەگەندەڵی

ئەم بەرنامانە وەك بەشێك لەم سەر دێرانەی خوارەوە ڕێکدەخرێن و بەهۆی دەزگا پەیوەندیدارەکانەوە جێبەجێ دەبن. هەنوکە بەشێك لەو چالاکییانە لەحاڵی جێبەجێ کردندان، بەڵام هەمووی ئەو بەرنامانە تاکۆتایی ئەم ساڵ بەتەواوەتی جێبەجێ ناکرێن.

١ـ دانان و دیاریکردنی ئەو پێوەرو مکانیزمانەی کە بۆ هەڵسەنگاندنی سەلامەتی دەزگا ئیداریەکان و دوور بوونیان لەگەندەڵی و ئامادە کردنی ڕاپۆرت و خشتەی ڕیزبەندی دەزگاکان لەڕووی گەندەڵی و سەلامەتیەوە پێویستە.

٢ـ بەدوادا چوونو ئامادەکردنی یاسای پێویست بۆ پلانێکی گشتی.

٣ـ ڕوونکردنەوەی کارکردی دەزگا بەرپرسەکانی بەخشینی مۆڵەت، بڕوانامە و ستاندار کردنی ماوەی خزمەتگوزاری لەو بوارانەدا.

٤ـ وەگەڕخستنی سیستەمی هەڵسەنگاندنی کارکرد بەپێی ئەو پێوەرانەی کە لەبەرنامە ڕێژی و دابینکردنی بودجەی دەزگاکاندا سوودی لێوەردەگیردرێت،

٥ـ پیاچوونەوە لەبڕیارەکانی کەمکردنەوە و زیادکردنەوە و چاك کردنی ئەو بڕیارانە بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی دەسەلاتی بەڕێوبەرانی دەزگا ئیداریەکان و

ڕەخساندنی دەرفەت بۆ هەموان بەمەبەستی تێگەیشتن لەزانیاری و ڕەوتی بەڕێوەچوونی پێشبڕکێ.

٦ـ چاکسازی سیستەم و ئاستی مووچە و ئیمیتازی کارمەندانی دەزگا ئیداریەکان بەشێوەی عاقڵانە (لوژیکی) وەك بنەمایەك بۆ زانیاری سیستەمی بەڕێوەبەری هێزی ئینسانی (مادی).

٧ـ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان وخێراتر کردن لەجێبەجێ کردنی یاسای بووژاندنەوەی کەرتی تایبەت لەچوارچێوەی بەرنامەیەکی ئامادە و پەسەندکراودا.

٨ـ بەدواداچوونی ئۆتۆماسیۆنی سیستەمی بانکی.

٩ـ دیاریکردنی ڕۆڵی کۆمیتە باڵاکان، نەخشەی دووبارەو بەهێزکردنی سیستەم و ڕێکخستنی بەشەکانی کۆمیتەی دەزگاکانی پەیوەست بەسەرۆك کۆمارەوە، بەتایبەت دەزگای سەرۆك کۆمار.

١٠ـ پێکهێنانی سیستەمی میکانیزەو بەتەواوەتی مادی بۆ ڕوونکردنەوە و بەهێزکردنی کۆنترۆڵی نێوخۆیی لەپرۆسەی دیاریکردن و پەسەندکردن و دابین کردنی پێویستیەکانی ژمێریاری دەزگا ئیداریەکان.

١١ـ پێکهێنانی سیستەمی یەکگرتووی لێکۆڵینەوە بۆ سکاڵای ئیداری خەڵك لەدەزگاکان وەك سیستەمی کاردانەوەی ڕاستەقینە و کەم خەرج.

١٢ـ بەکاربردنی ژمارەی ناسنامەی ڕەگەزی خەڵك لەتەواوی سیستەمە ئیداریەکانداو ڕاسپاردنی دەزگاکان بۆ گواستنەوەی زانیاری بەیەکتر.

١٣ـ هاریکاری لەگەڵ دەسەڵاتی دادوەری (بەڕێوەبەرایەتی تاپۆ) بە بەشداری دەزگا پەیوەندیدارەکانی دەوڵەت بۆ جێبەجێ کردنی بەرنامەی کاداستر.

١٤ـ بەدوادا چوونی ئەم خاڵانەی خوارەوە



ـ نەخشەی دروستکردنی سیستەمی هەڵسەنگاندنی کاری دەزگاکانی جێبەجێ کردن.

ـ نەخشەی ڕێکخستنی میکانیزمە جێبەجێکەرەکانی بەگژاچوونەوەی دزی و گەندەڵی لەسیستەمی ئیداریدا.

ـ نەخشەی تاوتوێکردن و چاکسازی سیستەمی هەڵسەندنی کاری کارمەندانی دەوڵەت.

ـ نەخشەی پیاچوونەوە لەسیستەمی ڕاهێنانی کارمەندانی دەوڵەت و بەکاربردنی چاکسازی پێویست لەو سیستەمەدا.

ـ نەخشەی ئامادەکردنی پڕۆژەی پابەندبوون بەپێکهێنانی دسپلینی ئیداری.

ـ نەخشەی ئامادەکردنی پڕۆژەی ڕێزگرتن لەخەڵك و لەسەروو دانانی مافەکانیان بەر لەبەرژەوەمدی دەزگا ئیداریەکان و کارمەندانی دەوڵەت

١٥ـ بەدواداچوونی ڕەوتی جێبەجێکردنی پڕۆژەی ڕوونکردنەوەی زانیاری و گرێبەستە دەرەکییەکان کە لەلایەن کۆمیتەوە پەسەندکراوە.

١٦ـ بەدوادا چوونی درێژەی بەڕێوەبردنی بەرنامەی گۆڕانکاری ئیداری لەچوارچێوەی بەرنامەیەکی نوێدا.

## بەرنامەکانی کۆمیتەی زانستی فەرهەنگی

١ـ کۆکردنەوەی بەردەوامی سەرچاوە زانستیەکان و تەواوکردن (دەوڵەمەندکردنی) بانکی زانیاری زانستی.

٢ـ کتێب ناسی بابەتی گەندەڵی ئیداری و ئابووری چ لەبواری فارسی و چ لەبواری لاتینیدا.

٣ـ ناسینی لێکۆڵەرانی هۆگر بە بابەت و پێناسەی هێل و پڕۆژەکانی توێژینەوە و دامەزراندنی ناوەندی ئەنتەرنێت.

٤ـ پێناسەی پرۆژە، بەمەبەستی لەخۆگرتنی بەشە پەیوەندیدارەکان لەزانکۆو دامەزراوە فێرکاریەکانی پەیوەست بەدەوڵەت بۆ وانە وتنەوە یان ئامادەکردنی پێویستی وانە جۆراو جۆرەکان لەهەموو بەشەکاندا، لەوانە: بەڕێوەبەری دەوڵەتی، بەڕێوەبەری دارایی، ژمێریاری، ئابووری، مافی گشتی، زانستی سیاسی، کۆمەڵناسی، دەروونناسی، و پلاندانان بۆ دامەزراندنی بەشی پەیوەندیدار لەقۆناغە کانی خوێندن و لەبەشە جۆراو جۆرەکانی (فێرکاری)دا.

٥ـ دامەزراندنی کارگەی فێرکاری هەمە چەشن بۆ پسپۆڕان و بەڕێوەبەرانی دەزگاکان.

ئامادەکردن و ئاراستەکردنی بابەتگەلی زانستی بۆ بەشەکانی فێرکاری دەزگا جێبەجێکەرەکان بەمەبەستی بەڕێوەبردنی خولی ڕاهێنان لەپاڵ ئەرکە ئیداریەکانداو هاریکاری بەردەوام لەگەڵ ئەو دەزگا ڕاهێنەرانە بەمەبەستی پشتگیری زانستی و تیۆری وانەکان و گونجاندنی بابەتی پێویست لەوانەکانی ناوەندی ڕاهێنانی بەڕێوە بەری دەوڵەتیو خولەکانی پەروەردەو ڕاهێنان.

٦ـ بەهێزکردن و گەشەپێدانی هاریکاری زانستی و پسپۆڕی لەگەڵ یەکە جۆراو جۆرەکانی پەیوەندیدار بەم بابەتانەوە لەهەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و دادوەری لەڕێگای بەستنی کۆڕو کۆبوونەوەو گواستنەوەی زانیاریو شێوازە لەبارەکانی تر.

٧ـ ئاراستەکردنی بەرنامەی وتار خوێندنەوەی زانستی بەشێوەی مانگانە لەزانکۆکانداو پشتگیری لەتیۆژی پەیوەست بەبابەتی گەندەڵییەوە.

٨ـ بەستنی کۆنفرانسی هاوفیکری زانستی سەبارەت بەناساندن و پێشگیری و ڕوو بەڕوو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵیدا.





٩ـ هەڵبژاردن و ئامادەکردنی سەرچاوە زانستیەکان لەوانە: کتێب، وتاری وەرگێڕان، بەمەبەستی هەمەکی کردنی ئەدبیاتی تیۆری بۆ ڕێگری لەگەندەڵی لەولات و سفارش بۆ وەرگێڕانی ئەو بابەتانە،

١٠ـ وەرگێڕانی بابەتی بەسوود کە ئاکامی ئەزموونی ولاتە جۆربە جۆرەکانە.

١٢ـ لێکۆڵینەوەو توێژینەوە سەبارەت بە بنەما فیکریو تیۆریەکانی ولاتە جۆر بەجۆرەکان لەبواری ڕوو بەڕوو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵیدا لەڕووی بەراورد کردنەوە.

١٣ـ ڕاسپاردن بۆ توێژینەوەو لێکۆڵینەوە لەسەرچاوە ئایینی و ئەدەبیەکان، سەبارەت بەگەندەڵی و شێوازەکانی ڕوو بەڕوو بوونەوە بەسوود وەرگرتن لەسەرچاوەی ناوەندی ئایینیو زانستگایی.

١٤ـ بلاوکردنەوەی بابەتی ئامادەکراو بەشێوەی کتێب، وتار، بولتن، وەرزنامەو هتد.. .

١٥ـ لێکۆڵینەوە و توێژینەوە سەبارەت بەگەندەڵی یاسا ئیداریەکان.

١٦ـ لێکۆڵینەوە و توێژینەوە سەبارەت ئامادەکردنی بەر نووسیی یاسای دژ بەگەندەڵی.

١٧ـ لێکۆڵینەوە و توێژینەوە سەبارەت بەسەرچاوەکانی گەندەڵی لەسیستەمی ئیداری و ئابووری ولات.

١٨ـ تاوتوێکردنی ئەو ئەزموونە سەرکەوتووانەی کە توانیویانە گەندەڵی کۆنترۆڵ بکەن.

١٩ـ بەرزکردنەوەی تێگەیشتن گشتی لەبواری چەمکەکان، پێویستیەکان و شێوازەکانی هاتنە ئارای چاودێری گشتی.

٢٠ـ دروستکردن و نوێکردنەوەی سامانی کۆمەڵایەتی لەوانە: متمانە باوەڕ و پشتگیری خەڵك لەبواری ڕوو بەڕوو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵیدا.

## بەشی چوارەم: دەرەنجام و ڕێگاچارەکان

گەندەڵی دارایی دیاردەیەکی جیهانییە کە تارادەیەکی زۆر بە لەبەر چاوگرتنی گۆڕانکارییە سیاسی و ئابووریەکان، پانتاییەکی زۆرتری بەخۆوە بینیوە. دیارترین نیشانەی ئەم گۆڕانکارییە لەپرۆسەکانی بەجیهانیبوون و ڕووداوە گرنگەکانی کەرتی بازرگانیدا بەدیدەکرێت.

ئەم ڕەوتە لەولاتانی پێشنەکەوتوو دواکەوتوودا تەنیا وەك کێشەیەکی ئیداری چاوی لێناکرێت بەڵکو لەم ولاتانەدا گەندەڵی سیاسی یان دارایی وەك نەخۆشییەکی شاراوە و خەسڵەتێکی تایبەتمەندی دەوڵەت بەئەژمار دێت، لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە ئەم دیاردەیە لەڕەوتی پێشکەوتن و دەرباز بوون لەقەیرانی دواکەوتوویی وەك بەربەستێکی گرنگ کاریگەری هەیە.

سەرەڕای ئاڵۆزی و بەربلاوی پێناسەکانی گەندەڵی، دەکرێ ئەم چەمکانەی خوارەوە وەك خاڵێکی هاوبەشی پێناسە جۆراو جۆرەکان تەماشا بکرێن، خاوەن دەسەلاتبوون لەنێودەوڵەتدا، سوود وەرگرتن لەئیمکانیات و دەسەلاتی پلەو پایە دەوڵەتییەکان بۆ بەرژەوەندی شەخسی و تایبەت.

لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە پیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان گەندەڵی و ناکارایی ولاتانی پێشنەکەوتوودا بەدی دەکرێت. هەروەها قەوارە و گەورەیی دەوڵەت و دیاردەی گەندەڵی پەیوەندییەکی ڕاستەو خۆیان هەیە.

بەسوود وەرگرتن لەپێوەرە دیاریکراوەکان، پەیوەندی نێوان دیموکراسی و گەندەڵی لەو بابەتانەیە کە لەولاتانی جۆراو جۆردا لێکۆڵینەوەی لەسەر





دەکرێت. تەواوی ئەو لێکۆڵینەوانە بەجۆرێك پەیوەندییەکی ئاوەژو پێچەوانە لەنێوان دیموکراسیو گەندەڵیدا دەسەلێنن.

ناسەقامگیری سیاسی لەولاتانی جیهانی سێهەمدا، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی جۆرێك لەگەندەڵی، بەرپرسانی دەوڵەت بەتێگەیشتن لەم مەسەلەیە کە سەردەمێکی ناسەقامگیریان لەبەردەمدایە، بەرەو ڕووی جۆرێك لەگەندەڵی تالآنخوازانە بوونەتەوە.

لەتاوتوێکردنی هۆکارەکانی ئەو دیاردەیە، کاریگەری هۆکارە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکان لەسەر گەندەڵی دەرکەوتووە، سەرەڕای ئەو هۆکارانە هەندێ هۆکاری ڕاستەوخۆ بەدی دەکرێن کە بریتیین لە: یاسا و دەسەلاتی نەگونجاو و نائاشکرا، ڕوون نەبوونی یاساکان بەتایبەت یاساگەلی گومرگ و باج و کڕین و فرۆشتن و کەمکردنەوەی نهێنی، هەروەها پێویستی دارایی حزبە سیاسییەکان، بەربلاو بوونی ئەرکە دەوڵەتییەکان، نەبوونی یاسای دادوەری و بوونی نوخبەی گەندەڵ لەکۆمەڵگادا بەشێکن لەو هۆکارانە.

لەهۆکارە ناڕاستەوخۆکاندا دەکرێ ئاماژە بدەین بەسیستەمی دیوانسالاری ناکارا، ئاستی مووچەی نەگونجاو نەشیاو، نەبوونی چاودێری لەدەزگاکاندا، بەڕێوەبەرانی ناکارا و ڕەوشت و ئاکاری خراپی بەرپرسان لەکۆمەڵگادا.

لەدرێژەدا، جیاکردنەوەی جۆرەکانی گەندەڵی، وەك گەندەڵی، سیاسی، دارایی، و ئیداری و ئاستەکانی گەندەڵی گرنگییەکی زۆری هەیە. گەندەڵی ئاستی یەکەم پتر بەرپرسانی یەخەسپی لەخۆ دەگرێت لەکاتێکدا گەندەڵی ئاستی دووەم توێژە جۆراو جۆرەکانی ئیداری دەگرێتەوە.

لەتاوتوێکردنی هۆکارەکان، پێشینەی مێژوویی و فەرهەنگیو بوارە کۆمەلایەتیەکان و شێوازی بەدەسەلات گەیشتنی دەوڵەتەکان تەوەری سەرەکی

پێك دێنێت. لەم نێوەندەدا، كاركردی هەندێ لەولاتە تازە پێشكەوتووەكان، ئەوە دەردەخات كە سەرەڕای تەواوی ئالۆزییەكان و لەئارا بوونی ئەو دیاردەیە دەكرێ تا رادەیەك بخرێتە ژێر كۆنترۆڵەوە.

## شێوازی هەڵبژاردن و هەڵسەنگاندنی ستراتیژی ڕوو بەڕوو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵیدا:

دارشتنی ستراتیژو ڕێگاچارە پێویستی بەهەڵسەنگاندنی بەربلاوی شێوازو بنەماكانی سەرهەڵدانی لەولاتدا بەشێوەی گشتی و لەدامەزراوە تایبەتەكانی دەوڵەت بەشێوەی تایبەت هەیە لەهەمان كات، ئامادەكردنی ئەو ستراتیژە پێویستی بەوە هەیە كە خواستی سیاسی بۆ بەگژا چوونەوەی گەندەڵی لەنێودەولەت و كۆمەڵگای مەدەنیدا بەدروستی تاوتوێ كرا بێت. ئەم هەڵسەنگاندانە دەتوانی ببێتە هۆی شیكاریەكی ئابووری سیاسی لەڕەوتی چاكسازیدا. كە لەبەرتیشكی ئەو هەڵسەنگاندنە لایەنگرانو ڕكەبەرانی چاكسازی پەیوەست بەریگری لەگەندەڵی بناسرێنو بەرژەوەندیو سامانی هەریەك لەو دوو گروپە ئاشكرا بێت. پانتاییو ئاستی گەندەڵی دەتوانی سنووردار بێت و لەدامەزراوەیەكی دیاریكراودا خۆی بنوێنی یان ئەوەی كە بەربلاو بێت و چالاكییە ئابووریەكان بخاتە ژێر كاریگەری خۆیەوە.

سەرەڕای ئەوەش، دیاریكردنی جۆری گەندەڵی قۆناخی دوایی هەڵسەنگاندنەكان پێك دێنی و ئەم پرسیارانە لەخۆدەگرێت لەوانە: ئایا گەندەڵی بچووكە بەجۆرێك كە كارمەندانی ئاستی خوارەوەی دەزگا دەوڵەتیەكان لەخۆ دەگرێت و لەڕوانگەی سەرچاوەكەشیەوە لەئاستێكی زۆر كەمدایە؟ یان ئەوەی كە گەندەڵی لەجۆری گەورەیە و بەرز ترین ئاستەكانی دەوڵەت و زۆرترین سامانی دارایی لەخۆ دەگریت؟ ئایا پێكهێنان و ڕێكخستنی گەندەڵی دارایی



بەشێوەی ستوونییە و لەسیستەمێكی قەرەبوو كردنەوەو سەودا گەرانەدا دەسەلاتداران و خەڵكی ئاسایی پێكەوە گرێدەدات؟ یان بەجۆرێك شێوەی ڕێكخراوەیی پێوە دیار نییە؟ ئایا گەندەڵی ئیداری دەبێتە هۆی سوود وەرگرتنی خراپو یەك لایەنەی كارمەندانی دەوڵەت لەشێوەی دزی و واستیەكاری یان ئەوەی كە دەبێتە هۆی پەیوەندی نێوان كەرتی گشتیو كەرتی تایبەت؟ (لەوانە دیاردەی بەرتیلو ساختەكاری).

هەروەها دەبێ بزانرێ كە ئایا گەندەڵی ئیداری لەگەڵ ڕەوتە ڕێكخراوەكانی تاواندا پەیوەندی هەیە یان پتر لەتۆڕی (نێو) نوخبەكاندا لەئارا دایە. دواجار دەبێ بزانرێ لەكام دامەزراوە یان دەزگای دەوڵەتیدا. گەندەڵی ئیداری پتر جێگر بووە؟ بۆ وێنە، ئایا كێشەی سەرەكی لەگومرگدایە، یان لەڕەوتی ئامادەكردن و دابەش كردنی كالاكانو كۆكردنەوەی باج یان لای پۆلیسدا.؟ بوارێكی تری ئەو شیكارییە بنچینەكانی شێوازە جۆراو جۆرەكانی گەندەڵی تاوتۆێ دەكات. بەدوای ڕاڤە كردنی كێشەی گەندەڵی هەڵسەنگاندنی ستراتیژو ڕێگاچارەكان دەبێ ئەوە تاوتوێ بكات كە بوارو بەربەستەكانی ڕوو بەڕوو بوونە لەگەڵ گەندەڵیدا چی لەخۆ دەگرێت؟ مەسەلەی سەرەكی بۆ ئامادەكاری ستراتیژی ڕوو بەڕوو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵیدا لەوانەیە لەهەر ولاتێك بەدی بكرێت بەلام سەرەتای ستراتیژی ڕوو بەڕوو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵیدا دەبێ لەم خالانەوە دەسپێبكات:

- سەرهەڵدانی گۆڕانکاری لەدەوڵەت (بۆ نموونە هەڵبژاردنی ستۆیانۆ* لەبولگاریا، تاوانبارکردنی بۆکارام** لەئەکوادۆر دەست لەکارکێشانەوەی سۆهارتۆ لەئەندۆنزیا، یان مەرگی ئاباچا لەنایجریا).

- سەرهەڵدانی نارەزایەتی و بێزاری گشتی لەبەرانبەر ریسوایە داراییەکان لەوانە: (ریسوایی دارایی ١٩٧٣ لەهونگ کۆنگ کە دەستی بەرپرسێکی پایە بەرزی ئەو وڵاتەی تێدا بوو).

- دروست بوونی ڕەوتێکی ڕکەبەرو سەرهەڵداو دژ بەگەندەڵی ئیداری بۆ وێنە (دوو حزبی ڕکەبەر لەمەکسیك دژ بەحزبی دەسەڵاتداری PRI پڕو پاگەندە دەکەن.

- سەرهەڵدانی قەیرانێکی ئابووری بۆ نموونە (دابەزینی بازاڕی دارایی لەکوریای باشوور).

- گوشاری دەرەکی بۆ وێنە (هەلومەرجی بانکی جیهانی و سندووقی نێونەتەوەیی دراو بۆ کینیا).

دەرنجامی ئەم باسە ئەوەیە کە ستراتیژی ڕوو بەڕوو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵی ئیداری، ئابووری و ئاکامەکانی تری ئەو دیاردەیە دەبێ لەکاردانەوە بەرانبەر بەناوەڕۆکی کێشە و بوارو بەربەستەکانی گەندەڵی پێك بێت. ئەگەر دەرفەتی شیاو بۆ چاکسازی لەم بوارەدا بەدی نەکرێت. ئەو ستراتیژە کەرەچاو دەکرێت دەبێ لەسەر بنەمای چالاکییە کۆمەڵایەتیەکان بەمەبەستی بەرزکردنەوەی

---

*- Stoyanov

**- Bu caram





ئاستی زانیارییەکان لەچاو گرفت و ئامادەکردنی ئیرادەی سیاسی بۆ بەگژا چوونەوەی گەندەڵی دابمەزرێت.[٩٩]

## شێوازەکانی بەگژاچوونەوەی گەندەلی لەوڵاتانی جیهانی سێهەمدا.

وا دەردەکەوێت بۆبە گژاچوونەوەی گەندەڵی ئەم خاڵانەی خوارەوە پێویستن:

ڕێگری لەگەندەڵی ڕەوتێکی درێژخایەنە و هۆکاری سەرەکی ڕوو بەڕوو بوونەوە لەم ڕەوتەدا، ئیرادە و ویستی سیاسییە.

ئەم پرۆسەیە پێویستی بەپشتگیری بەرپرسان و لایەنگری و هاریکاری خەڵك هەیە. گۆڕانی تێڕوانینەکان و کەلتووری؟ کردنی بابەتەکە پێویستی ئەو پرۆسەیە و لەتەواوی ئەو قۆناغانەدا، گرنگیدان بەم مەسەلەیە کە گەندەڵی دیاردەیەکی حاشا هەڵنەگرەو هیچ کاتێك بەتەواوەتی چارەسەر ناکرێت، شایانی گرنگی پێدانە.

گرنگیدان بەسێ بابەتی تەواوکەر لەوانە: بەرەو ڕوو بوونەوەی زانستی، بەرنامەی ڕێگری کردن و چالاکی زانستی، کەلتووری، مەرجی سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیەن.

هەڵبەتە پشتگیری ڕاستەقینە لەبەرانبەر گەندەڵیدا، دەبێ بەهۆی ڕاهێنانی مەدەنیانەوە و لەڕێگای ئەو چاودێریەوە بێت کە کۆمەڵگا لەسەر هەڵسوکەوتی گشتی و تاکە کەسی هاووڵاتیان بەڕێوەی دەبات و لەئاکامی باوەڕێکی ئایینی و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان و ناسنامەی ناوچەیی دەستەبەر بێت.[١٠٠]

گەندەڵی دارایی پەیوەندییەکی زۆری لەگەڵ شێوازی کارکردنی دەوڵەت لەکۆمەڵگای ئەمڕۆدا هەیە و گەشەسەندی گەندەڵی لەگەڵ گەشەسەندن و پەرەسەندنی چالاکییە ئابووریەکانی دەوڵەتدا لەپەیوەندیدایە. لەوە ناچێت کە بەبێ چاککردنی کارکردی دەوڵەت، گەندەڵی دارایی بەرێژەیەکی بەرچاو کەم

ببێتەوە. بۆیە ڕوو بەڕوو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵی داراییدا، پەیوەندییەکی نزیکی بەچاکسازی دەوڵەتییەوە هەیە.

هەرچەند کە کێشەی گەندەڵی ئیداری و ئابووری، خۆی بۆ خۆی بابەتێکی کۆنە و لەسەدان ساڵ پێش ئێستا باسی لەسەرکراوە، بەڵام بواری کارو پلاندارشتن سەبارەت بەم دیاردەیە بەتازەیی فەراهەم بووە. لەڕاستیدا گەندەڵی ئابووری و ئیداری ئیتر وەك ((تابۆ)) تەواشا ناکرێت کە نەتوانی بیخەیتە بەر باس و گفتوگۆوە، بەڵکو بۆتە بابەتێك کە سیاسەتمەداران و کارگوزارانی ئابووری و دەزگا پەیوەندیدارەکان بەکۆمەڵگای مەدەنی و میدیاکان بە شێوەی ئاشکرا بەرەو ڕووی بوونەتەوە، هۆکارێکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی کەهۆی گرنگی ئەو بابەتە ڕوونبکاتەوە لەوانە: سەرەتا، لەکاتی کۆتایی پێهاتنی شەڕی سارد، دەوڵەتە یاریدەرەکان لەیارمەتیدان و هاریکارییە دەرەکییەکانی خۆیان جەختی کەمتریان کردووەتە سەر ئایدیۆلۆژیا و پتر گرنگی بەبازرگانی و بازاڕی سەرمایە دەدەن، ئەم پاڵنەرە ئاستی خۆڕاگری ئەوان لەبەرانبەر خەرج و مەترسییەکانی ئاکامی گەندەڵی ئیداری و ئابووری دادەبەزێنێت. ئەو وڵاتانەی کە تووشی گەندەڵی ئیداری و ئابووری بوون. لەئاستێکی بەرزدان لەبازاڕی ڕەشی جیهاندا، توانا و بواری کەمتریان هەیە بۆ ڕاکێشانی سەرمایەگوزاری.

پاشان بزاوی دیموکراسیخوازی ئەو دەرفەتەی بۆ هاووڵاتیان ڕەخساندووە تا ئەو مافی ئازادی دەربڕینەو ئازادیە مەدەنیانەی کە هێندی هێندی بەدەستیان هێناوە لەوانە: (ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی بەستنی کۆڕو کۆبوونەوە..) بۆ بەگژا چوونەوە لەگەڵ گەندەڵیدا سوودوەرگرن و بەم پێیە ڕێبەرانی کۆمەڵگا و ڕێبەرە ڕکەبەرەکان پتر لەپێویست لەپابەند بوون بەبزاڤە دژ بەگەندەڵیەکان تێدەگەن.





هەندێ لەلێکۆڵەران بۆ ناسینی زۆرتری گەندەڵی ئیداری و دارایی و تاوتوێکردنی هۆکارو بنەماکان. هەروەها شێوازەکانی پێشگیری و بەگژا چوونەوەی گەندەڵی لەدوو ڕێکخراوەیی‌و کۆمەڵایەتی سوودیان وەرگرتووە.

ئەو ڕێگاچارانەی کە بۆ چارەسەرکردنی گەندەڵی ئیداری و ئابووری هەڵدەبژێردرێن، تا ئەو شوێنەی کە پەیوەندی بەڕێکخراوەوە هەیە دەبێ بتوانن لەپانتایی هێزو دەسەلاتی دەوڵەت کەم بکەنەوەو ڕەوتی ژمێریاری چاك بکەن و لەپاڵنەرە کاریەکان گۆڕانکاری پێك بێنن.

لەڕوانگەی کۆمەڵایەتیەوە دەبێ شێوەی بیرکردنەوە بگۆڕێت و خواستی سیاسی بۆ دەستێوەردانی بەردەوام دژ بەگەندەڵی بەهێز بکەن. هەڵبەتە ئەو ستراتیژە کە هەڵدەبژێردرێت دەبێ لەسەر بنەمای جۆری ئەو گەندەڵییەی کە بەرەو ڕووی دەبێتەوە یان بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دەرفەت و بەرەبەستانەی دێنە پێش دابڕێژرێت بە بۆچوونێکی تر ئەو ڕێگاچارەیەی کە دیاریدەکرێت دەبێ لەگەڵ هەلومەرجی تایبەتی وڵاتدا گونجاو بێت.

ئەگەر دۆزی شیاو بۆ خەباتی پراکتیك دژ بەگەندەڵی ئیداری و ئابووری لەئارادا نەبێت، ئەو ستراتیژی کە دیاریدە کرێت دەبێ لەسەر ئەو چالاکییە کۆمەڵایەتیانەوە دابمەزرێت کە بەمەبەستی بەرزکردنەوەی زانیاری گشتی سەبارەت بە گرفت و سەرهەڵدانی حاڵەتێکی سازگار بۆ بەئەنجام گەیاندنی چاکسازی جەخت بکاتەوەو ئەم ستراتیژە دەبێ دەزگا گەلێك وەك دەسەڵاتی دادوەری، پۆلیس، گومرگ، بەشی مۆڵەت و ڕەوتی ئامادەکردن و دابەش کردنی کاڵا و خزمەتگوزاری و بەشی باج واتە ئەو شوێنانەی کە کێشەی گەندەڵییان زۆرە بگاتە ئامانج، هەڵبەتە هاریکاری لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەی کە چەندلایەنە یان دوولایەنەو یان ڕێکخراوی غەیری دەوڵەتین کارێکی پێویستە.

## سیاسەتە چارەنووس سازەکان

هەنگاوی یەکەم لەبەگژا چوونەوەی گەندەڵی سیاسی و ماڵی، لەبەرچاوگرتنی تێڕوانینێکی بێ ڕەحمانەیە کە نابێ وا تێبگەین ئەو کەسانەی سوود لەدەسەڵاتی سیاسی وەردەگرن ڕاستگۆ و شیاوی متمانن، بۆیە پێویستە بەسوود وەرگرتن لەسیاسەتێکی چارەنووسساز لەوە دڵنیا بین کە گەندەڵی لەبەشێکی حکومەت دێر یان زوو لەگەڵ دژایەتی بەشێکی تری حکومەتدا. کە لەبەرانبەر کەڵك وەرگرتنی خراپ کاردانەوە نیشاندەدات ڕوو بەڕوو دبێتەوە.

مونتسکیۆ، لەدامەزرێنەرانی ئەو شێوازە بوو، وەك دادوەرێکی شار پێیوا بوو: کە مەرجی پێویست بۆ کارکردنی دادپەروەرانە لەدەزگاکاندا ئەم مەرجانەی خوارەوەن:

یەکەم ئەوەیە کە ئەو سێ دەسەڵاتە سەرەکییەی حکومەت واتە دەسەڵاتی یاسادانان بەڕێوە بردن و دادوەری دەبێ بەتەواوەتی جیا لەیەکترو سەربەخۆ بن.

دووەم: تەواوی بڕیارە فەرمییەکان دەبێ دەقاو دەق لەگەڵ شێوازو ڕێسا دیاریکراوەکان جێبەجێ بکرێن.

تەنانەت ئەگەر ئەم کارە ببێتە هۆی هێور بوونەوەی ئەرکە دەوڵەتییەکان، دەزگای دەسەڵاتی ئیداری نابێ ئەگەری ئەوەی تێدا بێت کە بەخێرایەکی زۆر کارەکانی جێبەجێ بکات. چونکە دواخستن، دەرفەتی دۆزینەوەو پووچەڵکردنەوەی هەر جۆرە کارێکی سەرەڕۆیانەی کار گوزارانی سیاسی زیاد دەکات. دەوڵەتە دیموکراتیکە نوێیەکان، لەسەر بنەمای مۆدیلی کۆنترۆڵ و هاوسەنگی سەدەی هەژدەیەم بەرەو ڕووی کێشەی گەندەڵی دبنەوە. واتە بەپشت بەستن لەسەر ڕکەبەری نێوان هێزە سیاسییەکان، ئازادی بیروڕادەربڕین و جیایی





دەسەڵاتەکان ئەم شێوە ڕوو بەڕوو بوونەوە بەڕادەی مۆدیل وەك پێویست گونجاوە.[١٠١]

هەرچی چۆنێك بێت، هەر ستراتیژێکی بەرچاوو سەرەکی کە بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵی دارایی بەکاردەبرین: لەپراکتیکدا چوار ئاراستەی پێویستە:

١ـ ڕێبەرانی کۆمەڵگا دەبێ بۆ ڕوو بەڕوو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵی داراییدا ڕاستگۆ بن و بەکردەوە بەڵێنی خۆیان نیشان بدەن و لەبەرانبەر گەندەڵی دارایی هیچ نەرمییەك و چاوپۆشییەك لەخۆ نیشان نەدەن.

٢ـ سیاسەتەکان بەجۆرێك بگۆڕدرێن کە بەکەمکردنەوەی داواکاری گەندەڵی دارایی، لەڕێگای کەمکردنەوەی ڕێساکان و سیاسەتگەلێك وەك هاندان بۆ باجدان و ڕوونکردنەوەی یاساو سنووردار کردنی دەسەڵات و هێزی بەرەڵای بەڕێوەبەران، بەجۆرێك کە ئەو دەسەڵاتە بگاتە کەمترین ئاست.

٣ـ کەمکردنەوەی بواری گەندەڵی دارایی، لەڕێگای زیادکردنی مووچەی کارمەندانی دەوڵەت بەرزکردنەوەی مەیلی دروست کارکردن و سوود وەرگرتن لەچاودێری دروست و کاریگەر، تەنانەت لەبواری سزادانی فەرمانبەرانی سەرپێچیکەر.

٤ـ چارەسەرکردنی کێشەی دابینکردنی دارایی حزبە سیاسییەکان بەشێوەی گونجاو.[١٠٢]

ڕێکخراوی نێونەتەوەیی ڕوونکردنەوەی دارایی، ڕێکخستنی دەوڵەت، هەبوونی بەرنامەیەکی هەمەلایەنەو گشتی هێزە سەربازییە تایبەتەکان، بەرز بوونەوەی زانیاری و کەلتووری گشتی و دامەزراندنی دەزگا گەلێك بەمەبەستی خوێندنەوە و پێشگیری لەگەندەڵی دارایی، بە بەشێك لەپرۆسەی درێژخایەنی

بەرەنگار بوونە لەگەڵ گەندەڵیدا دەزانی، بانکی جیهانی پێیوایە، ستراتیژێکی دژ بەگەندەڵی کاریگەر لەسەر بنەمای ٥ پێنج توخمی سەرەکی کێشەکان چارەسەر دەکات:

١ـ بەرزکردنەوەی ئاستی بەرپرسایەتی سیاسی.

٢ـ بەهێزکردنی بەشداری کۆمەڵگای مەدەنی.

٣ـ دامەزراندی کەرتێکی تایبەتی ئازاد.

٤ـ بەربەستی بە نەهادینە بوونی دەسەڵات.

٥ـ چاك کردن و بەرەو پێش بردنی بەڕێوەبەری کەرتی دەوڵەتی[١٠٣]

لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو وڵاتانەی کە لەڕێگای ڕوو بەڕوو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵیدا هەنگاویان ناوە، نیشانی دەدات کە لەپڕۆژەیەکی گشتگیر، سێ بەرنامە هاوتەریبی یەك لەوانە: ڕوو بەڕوو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵی و پێشگیری و بەرزکردنەوەی ئاستی فەرهەنگ وەك تەواوکەری یەك کار دەکەن و چاوەڕوانکراوە. جەختکردنەوە لەسەر بەرنامەی پێشگیری گرنگترین و سەرەکی ترین شێوازە بۆ چاکسازی بنچینەیی بەمەبەستی فەراهەمکردنی سلامەتییە هەرچەند ئاکامی ئەو ستراتیژە کورتخایەن نییە. لەقۆناخی پێشگیری هەندێ پێوەری پێکهاتەیی گرنگەو پێویستی بە ڕاڤەکردنێکی بەرنامە بۆ داڕێژراو هەیە.

٦ـ زێدە لەوەش دەتوانی وەك وڵاتی هۆنگ گۆنگ و سەنگافوور دەزگایەك دژ بەگەندەڵی پێك هێنا کە تەنیا بەلێکۆڵینەوەو لێپرسینەوە سەبارەت بەتاوانەکان پەسەندە ناکات بەڵکو بەهاریکاری ئیدارە جۆر بەجۆرەکان، هێزو توانای خۆی بۆ ئامادەکاری بەرنامەی چاکسازی سیاسی و شێوازە دادوەریەکان تەرخان دەکات، تابەم جۆرە ڕادەی زیان و زەرەکانی گەندەڵی کەم بکاتەوە.



بەر لەهەر هەنگاوێك، خوێندنەوەی ئەم هەلومەجەو درێژەی گەندەڵی و ڕێگاو دەرووی دیوانسالاری و دواجار لەپێشگرتنی ستراتیژێکی ورد و ڕوون و ناڕاستەوخۆ پێویستە.

ڕوونکردنەوەی ستراتیژ هەرچەندە لەوانەیە زۆر ئاسان و دیار و بەرچاو بێت، بەڵام زۆربەی تێکۆشانە دژ بەگەندەڵیەکان ئەو مەرجە گرنگەیان لەخۆ نەگرتووە. مەبەست لەو مەرجە ئەوەیە کە بیروڕایەکی ڕوون و ورد لەئامانجە ڕەچاو کراوەکان و ئیمکانیاتی کورتخایەن و درێژخایەن و ماوەیەکی نەکورت و درێژ پێوییە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە دەبێ گەندەڵییە جۆر بەجۆرەکان لەیەکتر جیا بکەینەوە. دەبێ ئەوەش قەبوڵ بکەین کە هەموو جۆرەکانی گەندەڵی وەك یەك زیانیار نین تەنانەت ئەگەر نەتوانین بەشێوەی ئاشکرا بەم مەسەلە ئاماژە نەدەین، بۆ نموونە گەندەڵی لەلایەن دادوەرێك یان کارمەندێکی پۆلیس زیانبارتر لەگەندەڵی کارمەندێکی گومرگ یان تاقیکارێکی شۆفێرییە. بەشێوەی گشتی لێکۆڵەران لەتەواوی ئاستەکاندا ئەرکێکی مەترسیدار تریان لەکارمەندانی تری ئەو بوارەدا هەیەو بەم هۆیەوە دەبێ لەڕووی گەندەڵییەوە پاکترو دوورە پەرێز ترین.[١٠٤]

پێکهێنانی دەزگا سەربەخۆکان بۆ بەدوادا چوونی ستراتیژەکان و چاودێری بەردەوام شێوازیکە گیراوەتە بەرو پەسەندکراوە. هەرچەندکە بەهۆی ئەو دەزگا دەوڵەتیە نوێیانەی کە بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەو دیاردەیە پێك هاتوون و خۆیان بەشێکن لەو نەخۆشییە بەڵام گرنگی دان بەنەخۆشی گەندەڵ ئاسای سیستەمی ئیداری وڵاتانی جیهانی سێهەم پێویستە.

هەندێ کەس پێیان وایە، بیرۆکەیەکی مەترسیدارە کە پێمان وابێ دەتوانین دیاردە سیاسییەکان بەهۆی زۆرو سەرکوتەوە ڕێکبخەین، بەخشینی دەسەڵاتی

تەواو بە پۆلیس و دەزگای بیرۆکراسی، بەتایبەت لەڕێگای بەخشینی تکنۆلۆژیای نوێوە فەراهەم بووە، ئەمە بەو واتایەیە کە ئەوان لەبوارێکی نوێ و بەریندا تاوانبار بکەین. ئەم تێگەیشتنە کە بەزیادکردنی دەسەڵاتی بڕیار دانی ئەو دامەزراوانەی کە پتر لەهەموو لایەك کەوتوونەتە بەر دیاردەی گەندەڵییەوە دەکرێ ڕێ لەگەندەڵی بگیردرێت، هەمان ئەندازە بێ سوودە، سەیرە کەمرۆڤ بیەوێ بۆ خۆپاراستن لەچنگی گیان لەبەرانی دڕندە لەتەنشتیدا پەنا بگرێت.

بەڵام گەندەڵی دیاردەیەك نییە کە نەتوانی خۆت لێی دەرباز بکەیت. ئەگەر بڕیار وایە کە لەم مەترسییە کە ئاکامی سروشتی دەسەڵاتخوازییە، خۆلادەی، دەبێ لەپێکهاتە سیاسی، ڕێکخراوەیی و ئیداریەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی سالم و تەندروستدا ڕێگە چارەکان بدۆزرێنەوە.

### دەزگا سەربەخۆکانی ڕوو بەڕوو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵیدا

پێکهێنانی دەزگایەکی سەربەخۆ بۆ بەگژاچوونەوەی گەندەڵی پێشنیارێکی شیاو بۆ وڵاتانی ڕوو لەگەشەسەندندایە. زۆرێك لەوڵاتان بەمەبەستی دۆزینەوەو بەدواداچوون و ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵی ئیداریدا، هەندێ ئیدارەی سەربەخۆیان پێك هێناوە. لەهەندێ لەم وڵاتانە هیچ جۆرە پەیوەندییەکی ئیداری و دارایی لەگەڵ دەسەڵاتی جێبەجێکردن و تەنانەت ئیدارەی پۆلیسدا بەدی ناکرێت و بەتەواوەتی سەربەخۆ کاردەکەن. لەوڵاتانی تردا دەزگاکانی ڕوو بەڕوو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵیدا لەنێو دەزگای پۆلیس یان شارەوانییەکاندا دامەزراون. چونکە دەولەتەکان لەگەڵ گەندەڵی ئیداریدا وەك یاسا پێشێل کردنەکانی تر بەرەو ڕووی نەبوونەتەوە و بۆ بەگژا چوونەوەی ئەو پێشێل کاریانە دەزگاگەلی جیاوازیان پێك هێناوە.



دوو هۆکاری گرنگ بۆ ئەم کارە لەئارادایە. یەکەم ئەو سەرپێچیە ئیداریە زۆر ئاڵۆزانەن کە دۆزینەوەیان لێزانییەکی تایبەتی ئەوێت. بوونی دەزگایەکی سەربەخۆ بۆ ڕوو بەڕوو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵیدا دەبێتە هۆی کۆکردنەوەی ئەزموون و پسپۆڕی پێویست، لەئاکامدا، هێدی هێدی کارایی ئەم یەکەیە لەبواری ڕوو بەڕوو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵیدا بەرز دەبێتەوە هۆکاری دووەم ئەوەیە کە سەربەخۆیی ئەم دامەزراوەنە ڕێگا نادات کە بەرپرسان لەلێکۆڵینەوە کانیاندا دەستێوەردەن.

بەبێ سەربەخۆیی پێویستی ئەم دامەزراوانە، بەگژا چوونەوەی گەندەڵی لەئاستەکانی سەرەوەی دەوڵەت سەرکەوتن بەدەست نایەنێ، بەم پێیە، تەنانەت لەهەندێ بواردا کە ئەم دامەزراوانە لەژێر چاودێری دەسەڵاتی جێبەجێکردندا کاردەکەن، چالاکییەکانیان لەپێناوی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوە و بەدەست هێنانی زانیاری ڕۆڵێکی گرنگ لەدۆزینەوەی دیاردەکانی گەندەڵی دەنوێنێ.

بەرپرسایەتی و ئامانجەکانی دەزگاکانی دژ بەگەندەڵی لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازی هەیە. لەشارەوانییەکانی ئەمریکادا ئەم ناوەندانە سەرەڕای چالاکی بەدوادا چوون و دۆزینەوەی گەندەڵی، لایەنە نێگەتیڤەکانی دەزگا ئیداریەکان لەڕووی ڕێژەی گەندەڵبوونیانەوە تاوتوێ دەکەن و هەر ساڵە مەترسی سەرهەڵدانی گەندەڵییە جۆراو جۆرەکان بە لەبەر چاوگرتنی ئەو شێوازە ئیدارەیەی کە لەبەر دەستیاندان هەڵدەسەنگێنن. لەئەمریکادا شێوازی داو دانان بۆ کارمەندانی دەوڵەت و سیاسەتمەداران، بەمەبستی دۆزینەوەی دیاردەو سەرچاوەکانی گەندەڵی، پتر لەوڵاتانی تر سوودیان لێوەر دەگیرێت. لەوڵاتانی سەنگافوورو هونگ کۆنگدا ئەو ئیدارانەی کە دژ بەگەندەڵین،

گرنگییـەکی تایبـەت بەسەرچـاوەی داهـات و مـۆدیلی خـەرجی کارمەنـدانی دەوڵەت دەدەن.

ئەم دامەزراوانـە لەهیـندسـتاندا هەنـدێ دیـاردەی بـچووکی گەنـدەڵی، واتـە گەندەڵی لەنێو کارمەندانی ئاستی خوارەوی دەزگاکانـدا دەخەنـە پـشت گـوێ و توانـای خۆیـان بـۆ ڕوو بـەڕوو بوونـەوە لەگـەڵ گەنـدەڵی سیاسـی و گەنـدەڵی بەڕێوەبەرانی پایە بەرز وەگەر دەخەن.

بێجگە لەهونگ کۆنگ و سەنگافوور هەندێ لەوڵاتانی تـر لەوانـە مـالزیـا، بۆتـسڤانا، مـالاوی و هـەرێمی نیـو سـاڤت ویلـز لەئوسـترالیادا دەزگـا گـەلی هاوشێوەیان هەیە.[١٠٦]

سەبارەت بەدەزگای سـەربەخۆی دژ بەگەنـدەڵی، هەنـدێ لێکۆڵینـەوە ئـەنجام دراوەو ئەم پرسیارەش هاتووەتـە ئـاراوە کـە ئایـا لیژنـەی سـەربەخۆی گەنـدەڵی دارایی نموونەیەکی شیاو بۆ جێبەجێ کردنی ڕیفۆرم بووە؟ لەهەندێ وڵاتی تردا لەوانە بۆتسڤانا، مالاوی، مـالزیاو سەنگافوور نیوسـافتی ویلـز لەئوسـترالیادا، هەندێ لیژنـەو دەزگـای هاوشـێوە بـۆ بەگـژا چـوونەوەی گەنـدەڵی دارایـی پێـك هاتووە. دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگیردرێت کە لیژنەکانی ڕوو بەڕوو بوونـەوە لەگـەڵ گەندەڵیدا کێشەی تایبەت بەخۆیان هەیە و ڕاپۆرتی لێکۆڵینـەوەی ئـەو لیژنانـە بەتایبەتی دەخرێتە بەردەستی بەرپرسێکی پلـە بـەرز. ئەگـەر ئـەو بەرپرسـە کـە ڕاپورت و لێکۆڵینەوەکان وەردەگرێت خۆ ویست و سەرە ڕۆبێـت لـەو ڕاپۆرتانـە بۆ سەرکوتی ڕکەبـەرانی سیاسـی سـوود وەردەگرێت. تەنانـەت ئەنـدامانی ئـەو لیژنانـە لەبەرانبـەری ئـەو مـەترسـی و تاوانانـەی کـە ئەگـەری دروسـت بوونیـان لێدەکرێت، لەئەمان نین.





هێـزو دەسـەڵاتی زۆری ئـەو لیژنانـە لـەوڵاتانێك کـە خۆیـان لەبەرانبـەر بەباڵادەست بوون و جێبەجـێ کردنـی یاسـادا زۆر بەرپرسـیار نـازانن، سـوودی خراپی لێوەر دەگیردرێت. لەم ڕووەوە لەهونگ کۆنگ هەندێ کۆمیتەی چـاودێری و سەرچاوەیەکی دادوەری سەربەخۆ چـاودێری دەکـەن بەسـەر لیژنـەی ڕوو بـەڕوو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵی داراییدا.

کێشەیەکی تر پەیوەستە بەجێبەجێکردنی یاساو گۆڕانی تێڕوانینی خەڵك و گرنگی نەدان بەڕیفۆرمی پێکهاتەیی پێویست لەکۆمەڵگادا.

بـەم جـۆرە، بـوونی دەزگایـەکی دژ بەگەنـدەڵی چاوپۆشـی لێـی ناکرێـت و پێویستە، بۆتساڤانا ـ سەنگافوور، مالزیا، هۆنگ کوگ، کۆماری گـەلی سـین، نایجریا، کۆریای باشوورو ئیران لەم ڕووەوە هەنگاوی دیارو گرنگیان هەڵگرتووە کە بەشێوەی خوارەوە ئاماژەیان پێدەدەین

١ـ سـەنگافوور: لەسـاڵی ١٩٥١ دەزگـای لێکۆڵینـەوەی لەسـەر کـردەوە گەندەڵییەکان* پێکهێنا.

ئـەم دەزگایـە دەتوانـێ بەسـەر هـەموو بەڵگـە دارایـی و دەوڵـەتی و شەخـسییەکان بکۆڵێتـەوەو لەدرێـژەی چـالاکییەکانی خۆیـدا هەنـدێ لەسیاسەتمەدارانی خاوەن دەسەڵات و بەڕێوەبەرانی پلە بـەرزی دەوڵـەتی ڕاپێـچی دادگا بکـات. لەهـەمانکات دەزگـای نـاوبراو کـردەوەو چالاکییە داراییـەکانی کارمەندانی ئاسـایی و خـوارەوەی خستۆتە ژێر چـاودێری و بەشـێوەی گـشتی ڕۆڵێکی گرنگ لەڕوو بەڕوو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵیدا دەبینێ.

*- corrupt practices in ves Tigatin Bureau Cp

سەنگافوور لەو وڵاتانەیە کە توانیویەتی بەشێوەی بەرچاو گەندەڵی دارایی کۆنترۆڵ بکات و تا ڕادەیەکی زۆر کەمی کاتەوە. هەنوکە کێشەی گەندەڵی دارایی لەم وڵاتەدا بەدەگمەن، وەك کێشەیەکی گەورە دەخرێتە بەرباس.

لەنێو وڵاتە ئاسیایەکاندا، ئەم وڵاتە یەکێك لەو وڵاتانەیە کە تا ڕادەیەك ئارام و لەبارە بۆ سەرمایە گوزاری و بازرگانی.

ئەم پرسە کەچۆن وڵاتێکی بن دەست و مستعمرە کە پێشینەی گەندەڵی هەیە، ئەم پێگەیەی بەدەست هێناوە؟

پاش شەری جیهانی دووەم، کارمەندانی دەوڵەت لەمووچەو ئیمتیازێکی زۆر کەم بەهرەمەند بوون و سیستەمێکی چاودێری ورد لەئارادا نەبوو. لەدەزگاکانی پولیسدا بەرتیل خۆری پەرەی سەندبوو. لەساڵی ١٩٥٩ واتە کاتێك کەحزبی خەڵك دەسەڵاتی گرتە دەست، بەگژاچوونەوەی گەندەڵی دارایی سەرەکی ترین ئەرکی ئەو حزبە بوو، بەرپرسانی حزبی ناوبراو وەك بەرپرسانی تری هونگ کۆنگ لەوە تێگەیشتن کە بەپێش گرتنی سیاسەتی نەرمی نواندن لەکارو باری وڵاتدا سەر ناکەون. لەم ڕووەوە دەوڵەت دەستیکرد بە بەهێزکردنی ناوەندی لێکۆڵینەوەی دژ بەگەندەڵی دارایی و زۆر کردنی دەسەڵاتەکانی. ئەو ناوەندە لەساڵی ١٩٧٠وە بەشێوەی ڕاستەوخۆ لەژێر چاودێری سەرۆك وەزیر بەڕێوە دەچوو لەڕوو بەڕوو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵی دارایی سەرکەوتوو بووە لەهەمانکات بەرەو ڕووی کێشەکانی لیژنەی ڕوو بەڕوو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵی دارایی هونگ کۆنگ بۆتەوە بۆ هەڵسەنگاندنی کارکردنی ناوەندی دژ بەگەندڵی دارایی سەنگافوور کەرەستەی چاودێری نەبووەو هەندێ کەس لەلایەن ئەم ناوەندەوە وەك سەرپێچی کەر ناسراون و پێیان وایە کە بەرپرسانی ناوەندەکە ناعادیلانە و بەدوور لەماف و دەسەڵاتی یاسایی خۆیان بڕیاریان داوە.



دەزگای لێکۆڵینەوە لەسەر کردەوەی گەندەڵی، بەپێویستی دەزانێ کەوەزیران بە مەبەستی کەمکردنەوەی پاڵنەرەکانی گەندەڵی دارایی بە بەرنامەکانی خۆیان بچنەوە ئەم ستراتیژانە دوا نەخستنی کارەکان، جێی گۆرکێی کارمەندان و زیادکردنی چاودێری لەخۆدەگرێت، سەرەڕای ئەم هەنگازانە سەنگافوور توانیویەتی بەدانی مووچەو ئیمتیازی ویستراوو پێك هێنانی هەلومەرجی شیاو بۆ کارکردن، مەیلی گەندەڵی دارایی لەسیستەمی دەوڵەتی کەم بکاتەوە.

مەبەست لەم کارە بەرزکردنەوەی ئاستی ململانێ و ڕادەی هاوئاهەنگی لەگەڵ کارمەندانی کەرتی تایبەتە کە لەماف و ئیمتیازی باش سوود وەردەگرن.

١ـ (هونگ کۆنگ) لەهونگ کۆنگ ((لیژنەی سەربەخۆی دژ بەگەندەڵی))* پێك هاتووە. ئەم لیژنەیە کە لەساڵی ١٩٧٤ لەکاردانەوەیەکدا دژ بە پەرەسەندنی گەندەڵی لەئاستی سەرەوەی دەزگای پۆلیسی ئەو وڵاتەدا دامەزراوەو بەتەواوەتی سەربەخۆو جیا لەدەزگای پۆلیس کاردەکات. ئەم لیژنەیە خاوەنی چەندین یەکەی پۆلیسی و ئەمنی سەربەخۆیە کە دەسەڵاتی زۆری لەخۆ گرتووە.

کاتێك کە لەدەیەی ١٩٦٠. گەندەڵی دارایی لەهونگ کۆنگ بەزۆری پەرەی سەندبوو. فەرمانداری هونگ کۆنگ لەساڵی ١٩٧٤ پاش ڕیسوایی یەکێك لەئەفسەرانی پلە بەرزی پۆلیس، بەخێراییەکی تەواو ((لیژنەی سەربەخۆی دژ بەگەندەڵی دارایی پێك هێنا))** ئەم لیژنەیە ڕاپۆرتی کاری خۆی تەنیا

*- Independent Commission against corruption.

**

ئاڕاستەی فەرماندار دەکرد کە بە مەبەستی ڕوو بەڕوو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵی دارایدا ناوی دەرکرد بوو. ئەندامانی لیژنەی بەگژا چوونەوەی گەندەڵی دارایی لەچاو کارمەندانی تری دەزگا دەوڵەتییەکاندا لەمووچە و ئیمتیازی زۆرتر سوودمەند بوون و نەدەگوێزرانەوە بۆ دەزگا و دامەزراوەکانی ترو کاریان نەدەکرد بۆ ئەو ئەفسەرە پایەبەرزانەی کەشك و گومانیان لەسەر بوو. ئەندامانی کۆمیتە هێزو دەسەڵاتی پێویستیان بۆ لێکۆڵینەوەو ڕوو بەڕوو بوونەوە لەگەڵ سەرپێچیکەراندا لەبەر دەستدا بوو دەیانتوانی لەکاروباری پەیوەست بەڕاهێنانی خەڵك دەستێوەربدەن.

فەرمانداری هونگ کۆنگ لەماوەی کاری ئەو لیژنەیەدا لەوە ئاگادار بووەوە کە جێبەجێ کردنی ڕێكو پێکی یاساکان و گۆڕانی تێڕوانینی خەڵك و بەرپرسە دەوڵەتیەکان زۆر گرنگە ئەو سکاڵا زۆرانەی کە لەلایەن خەڵکەوە ئاراستەی لیژنە دەکران بەڵگەی سەرکەوتنی ئەندامانی ئەو لیژنەیە بوو، دەوڵەتی هۆنگ کونگ بەدەست نیشانکردنی سەرۆك لیژنەی متمانە پێکراو لەنێو کەسانی باوەڕپێکراوداو لێکۆڵینەوە ڕوو بەڕوو بوونەوە لەگەڵ سەرپێچیکەرە گەورەکاندا، بەکردەوە بەڵێن و پابەندی خۆی بۆ بەئەنجام گەیاندنی ڕیفۆرم و چاکسازی نیشاندا. لەو لێکۆڵینەوانەی کە نێوان ساڵەکانی ۱۹۷۷ تا ۱۹۹٤ ئەنجام دران، دەرکەوت کە ڕێژەی گەندەڵی لەیەکەمین ساڵەکانی چالاکی لیژنەدا کەم بووەتەوە.

**۳ـ بۆتسڤانا:** ئەم وڵاتە لەساڵی ۱۹۹٤دا کۆمیتەیەکی بۆ بەگژا چوونەوە لەگەڵ گەندەڵی و تاوانە ئابووریەکاندا پێك هێنا کۆمیتەی ناوبراو مۆدیلێکی هاو شێوەی کۆمیتەی هونگ کۆنگ بوو کە کارمەندانی پێشووی دەزگاکان و خەڵکی خۆجێیی لەخۆگرتبوو، ئەم کۆمیتەیە دەتوانێ سەبارەت بە سەرپێچی





تاکەکان لێی بکۆڵێتەوەو لەکاتی پێویستدا بەدواداچوونی یاسایی بکات هەروەها بەرنامە و ڕێگا چارەی شیاو بۆ بەگژا چوونەوەی گەندەڵی دارایی بخاتە ڕوو خولی ڕاهێنانی گشتی بۆ خەڵك فەراهەم بکات. ئەم کۆمیتەیە بەشێوەی فرەیی لەژێر چاودێری سەرۆك کۆماردا کاردەکات بەڵام بە کردەوە سەربەخۆیەو توانای بەدواداچوون و چاودێری هەموو کەسێکی هەیە، هەرچەندە ڕەوتی لێکۆڵینەوەی پێشیلکاریەکان لەلیژنەدا دوا دەکەوێت و وەك پێویست نییە. بەڵام بەگشتی بڕیار گەلی یەك لاکەرەوەو زۆری دەرکردووەو ئەو داهاتانەی کە لەئەنجامی سزای ماڵی سەرپێچیکەرانەوە دەست کەوتووە پتر لەخەرجەکانییەتی. بە لەبەر چاوگرتنی کاری کومیتەی ناوبراو دەسکەوتەکانی کەم و زۆر بۆتە نموونەیەك بۆ وڵاتانی ناوچەکە.

لەبڕیاری ژمارە یەکی ساڵی ۱۹۹۸ کە لەلایەن سەرۆك وەزیرەوە دەرکراوە هاتووە.

(( کۆنترۆڵ کردنی گەندەڵی دەبێتە هۆی مەترسی لەسەر ئاسایش و زیاد بوونی نایەکسانیو ڕەنج و ئازاری زۆرتری خەڵك. ئەم کێشەیە دەبێ بەشێوەیەکی هەمە لایەنە، هاوئاهەنگو بەرنامە بۆ داڕێژراو تاوتوێ بکرێت، بەجۆرێك کە سەرەڕای لایەنی پیشتگیری لەگەندەڵی، لایەنەکانی کارایی، شەفافییەت یەك پارچەیی و بەرپرسیاری لەبەڕێوەبەری، حکوومەتیش لەخۆ بگرێت.[۱۰۷]

**٤ــ هندستان:** بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری سەبارەت بەگەندەڵی ئیداری، لیژنەیەك بەناوی (( لیژنەی ناوەندی پاراستن))* لەساڵی ۱۹٦٤دامەزرا.

*- central vigitanee commission

ئەم لیژنەیە لەتەواوی وەزارەتخانەکان و دامەزراوە دەوڵەتییەکاندا نوێنەری هەیەو پاش لێکۆڵینەوە مەسەلە تاوتوێکراوەکانی ئاراستەی بەشێکی تایبەت لەدەزگای پۆلیس بەناوی ((دەزگای ناوەندی لێکۆڵینەوە)) دەکات و دەزگای ناوەندی لێکۆڵینەوە، پاش بە ئەنجام گەیاندنی لێکۆڵینەوەو کۆکردنەوەی بەڵگەکان، فایلی گەندەڵی بۆ تاوتوێکردنی یاسایی ئاراستەی ناوەندی دادوەری دەکات.

**٥- کۆماری گەلی چین):** لەساڵی ١٩٧٩ لەنێو حزبی کۆمۆنیستدا چەندین دامەزراوە بەناوی ((لیژنەکانی چاودێری دیسیلپین)) پێک هات. ئەم لیژنانە لەتەواوی ئاستەکاندا چالاکی دەکەن و ڕاسپێراون بۆ بەگژدا چوونەوە لەگەڵ سوود وەرگرتنی خراپی بەرپرسان و کارمەندان لەسامانی دەوڵەتیدا، کارکردی ئەم لیژنانە بەهۆی ڕکەبەری لەنێوان حزبی کومۆنسیت و ناوەندە دادوەریەکاندا زیانی لێکەوتووەو بەرپرسانی حزب لەلێکۆڵینەوەکانی لیژنەکاندا دەست تێوەر دەدەن.

**٦- نایجریا:** بەدوای پاکسازی گشتی لەساڵی ١٩٧٥ دەوڵەتی ((ئەباسانجۆ)) لەنایجریادا دوو دەزگای جیاوازی بۆ بەرەو ڕوو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵیدا پێک هێنا.

((دەزگای سکاڵای گشتی)) بۆ تاوتوێکردنی سکاڵای هاووڵاتیان لەزوڵم و زۆری ئیداری و ((دەزگای لێکۆڵینەوە لەکردەوە گەندەڵییەکان)) کە بەمەبەستی لێکۆڵینەوەو تاوتوێکردنی هەموو دیاردەیەکی گەندەڵی ئیداری پێک هاتبوون.

ئەم دامەزراوانە سەرکەوتنیان بەدەست نەهێناوەو بەدوای گواستنەوەی دەسەڵات بۆ دەوڵەتی یاسایی لەساڵی ١٩٧٩ وەلانران و لەباتی ئەواندا دوو دامەزراوەی نوێ بەناوی دەزگای ((کردەوەی ئیداری)) و ((دادگای کردەوەی





ئیداری)) پێک هاتن‌و پرۆگرامێکی تایبەت بۆ ڕەوشتی ئیداری ئامادەکرا کە یەکێك لەئەرکە گرنگەکانی ئەم دامەزراوانە لێکۆڵینەوە لەسەر یاسایی بوونی سەرچاوەکانی دارایی و داهاتی کارمەندانی دەوڵەت بوو.

**٧- کوریای باشوور:** لەدەیەی ١٩٨٠ هەندێ چالاکی دژ بەگەندەڵی لەکۆریادا لەئارابووەو یاساگەلێك لەو بوارەدا پەسەندکراون. بەڵام ویستێکی سیاسی بەهێز لەلای بەرپرسانی سیاسی بۆ ئەم مەسەلەیە بەدی نەکراوە. تا دواجار سەرۆك کۆمار کیم دی چونگ کە بەزۆری لەهەوڵی. بنبڕکردنی گەندەڵیدایە، فەرمانی بەگژا چوونەوەی گەندەڵی لەکوریادا دەرکرد. بەفەرمانی ئەو پلانێکی گشتگیر بۆ ڕوو بەڕوو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵیدا ئامادەکرا، ناوبراو هۆکاری قەیرانی ئابووری ساڵی ١٩٩٧ی کۆریای باشوور گەندەڵی دەزانێت. هەر بەفەرمانی خۆی یاساو ڕێساکانی ئەو وڵاتە خرانە بەر پیاچوونەوە و گۆڕانکارییان بەسەرداهات.

هەندێ چالاکی سەربازی بەردەوام بۆ بەرەو ڕوو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵی لەئارادایە. خەڵکی کۆریای باشوور پێدادەگرێت و لەدەوڵەت دەخوازێ کە بۆ بنبڕکردنی گەندەڵی تێبکۆشێ. لەم ڕووەوە ویستی سیاسی لەبەرزترین ئاستی دەسەڵاتداو پشتگیری گشتی خەڵك لەهەوڵەکانی دژ بەگەندەڵی کە دوو هۆکاری گرنگن هاتۆتە ئاراوە. خشتەو پێوەری ژمارە ٣ وردەکاری بەرنامەی دەوڵەتی کوریای باشووری لەبەگژا چوونەوەی گەندەڵیدا شیکردۆتەوە.

## چاودێریە یاساییەکان:

ئـەم جـۆرە چـاوەدێرییە توانـای پێویـست بـۆ کـۆنترۆڵی پـتری بەرپرسـانی جێبەجێکردن فەراهەم دەکات. هـەر جـۆرە ڕێوشـوێنێکی چـاودێرانە پێویـستی بەهەندێ بەرنامەی پێویست بەشێوەی خوارەوە هەیە.

١ـ کادێری ئیداری و پسپۆڕ.

٢ـ چەندین کۆمیتەی بەهێز.

٣ـ بودجەیەکی سەربەخۆ.

٤ـ توانایەکی بەرچاو لەچاودێری بوروکراتیك.

٥ـ ڕۆڵی سەرەکی لەدیاریکردنی پۆستە سیاسییەکان.

هەندێ جار ئەندامانی خوارەوەی یاسادانان لەلایەن بەرپرسانی پایە بـەرزەوە بەهۆی پارە یـان تێکـەڵاو بوونـەوە فریـو دەدرێـن. بەرنامـە گـەلێك کـە بتـوانن شێوەکانی یاسـادانان بەشـیاوی بخەنـە ڕوو دانیـشتنەکانی کـاری پـسپۆڕانە کـە یارمەتیدەری نوێنەرانی پەرلەمـان بێت بۆ تێگەیشتنی دروست لـەو ڕۆڵـەی کـە بـۆ بـەهێزکردنی دەسـەڵات لـەبواری توانـای چـاودێری دەیبیـنن کـارێکی زۆر پێویستە.

لـەکۆتایی سـاڵی ١٩٧٠ هاتنـە ئـارای دیموکراسـی، یـان دامـەزرانـدنی دووبارەی ئەو جیهانبینیە لەزۆربەی وڵاتانی جیهانی سێهەمدا دەسەڵاتی زۆرتری یاسادانانی بەدواوە بووە دیارترین نموونەی ئەو دیاردەیـە ڕاپێـچ کردنـی سـەرۆك کۆمـاری بـەرازیل، فیرنانـدۆ کۆلـۆر دۆمۆلۆیـە کـە لەسـەر سـکاڵای یـەکێك لەلیژنەکانی پەرلەمان محکمە کرا. نموونەی نوێتری ئەو جـۆرە چاودێریە یاسـاییە (بەرازیل)ە کـە پەرلـەمانی ئـەو وڵاتـە کۆمیتەیـەکی تایبـەتی بـۆ لێکۆڵێنـەوە



سەبارەت بە دەستێوەردانی بەرپرسانی پایـە بـەرزی دەوڵـەتی لەفرۆشـی قاقـەزە بەهادارە دەوڵەتیەکاندا پێك هێنا. نموونەی تر پەرلەمانی کوێتـە کـە پێدەچێت ڕۆڵێکـی گـرنگتری نواندبـێ و کـردەوەی بنەماڵـەی پاشـایەتی لـەداواکاری بـۆ کڕینی ژێر مێزی لەپێڕستی کڕینەکانی وەزارەتی بەرگریدا ئاشکرا کردووە.

پێکهێنانی هێڵەکانی پەیوەندیو پشتگیری لەسـیخوڕان یارمـەتی وەرگـرتن لـەهاریکارانی ئیـداری کارمەنـدە سەرپێـچیکەرەکان، خـاوەن پیـشەکانو هاوولاتیـان بەمەبەسـتی کۆکردنـەوەی ڕاپـۆرت سـەبارەت بـە گەندەڵییـەکان لەڕێگای دامـەزرانـدنی هێڵـەکانی (پەیوەنـدی)[*] ڕۆڵێکـی بـەنرخی لەچۆنیەتی کاری ژمێریارانی ئیداری و ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان دەگێڕێ.

دەزگای دەوڵەتی بەرپرس دەبێ هێڵێکی پەیوەندی دروست بکات و بەڵێنی ئـەوە بـدات کـە هـەر جـۆرە زانیارییـەك کـە لـەڕێگای ئـەو هێڵـەوە بخرێتـە ڕوو لێکۆڵینـەوەی لەسـەر بکرێـت و پاشـان ڕێـو شـوێنی پێویـست بـۆ پـشتگیری لەسیخوڕان بگرێتە بەر.

لـەهۆنگ کـۆنگ، لیژنـەی سـەربەخۆی دژ بەگەنـدەڵی ئیـداری هێڵێکـی پەیوەندی دامەزراندووە و بەڵێن دەدات کە لەهەر جۆرە زانیارو پڕو پاگەندەیـەك بکۆڵێتـەوە، ئـەم لیژنەیـە، لـەوەش زیـاتر پـێش دەڕوات و لـەو کەسـانەی کـە زانیارییەکیان ئاڕاستە بکات سەرەڕای پشتگیری کردن یارمەتی دەدەن هەڵبەتـە بەئاشکرا بوونی ناسنامەی سیخوڕان، کەسانی دژ بەگەنـدەڵی ئیـداری لەوانەیـە تووشی مەترسی بن.

---

[*]- Hot lines

لەزۆربەی وڵاتاندا ، سیخوڕان** لەوانەیە تووشی سزادان یان ڕوو بەڕووی دەرکردن و توندو تیژی ببنەوە، بەم جۆرە ئەو هەوڵانەی کە پەیوەستن بە بەگژا چوونەوە لەگەڵ گەندەڵی ئیداری و ئابووری پێویستیان بە یاساگەلێکە کە سیخوڕان لەمەترسیی سزادانی کارمەندانی سەرپێچی کەرو پایە بەرز بپارێزێت یان تەنانەت پاداشتیان بۆ ڕەچاو بکات. ئوگاندا لەم بوارەدا خاوەن ئەزموونە.

## دادوەرە پاکەکان

سزادانەکان پتر لەبواری ئامادەکردنی یاسا گەلێك بەمەبەستی سزادانان* بۆ گەندەڵی ئیداری و ئابووری لەبەر چاو گیراون ژمارەیەکی کەم لەوڵاتان وەك تایلەنداو هونگ کۆنگ هەنگاوی گەورەتر لەوەشیان ناوەو تەنانەت، ئەرکی سەلماندنی تاوانیان خستۆتە ئەستۆی خودی تاوانبارکە ( کەپێچەوانەی بەری بوون لەتاوانە) ئەم دەوڵەتانە پێیان وایە ناچارکردنی دەوڵەت بۆ سەلماندنی نایاسایی بوونی بەدەست هێنانی دارایی، شێوازێکی ناکاراو بێ کاریگەرە. هەر بۆیە ئەوە تاوانبارە کە دەبێ بەپشت بەستن بە بەڵگەو دیکۆمینت ئەوە بسەلێنێ کە سامانی خۆی لەڕێی یاساییەوە بەدەست هێناوە[109]

((جۆرێك لەچاودێریو کۆنترۆڵ پەیوەستە بە بەشی داد پرسی ئیداری یان سزادان))، لەم بەشەدا کاریگەری و جدییەت لەسزاکاندا پەیوەندی بەسەربەخۆیی دادوەران و سوود وەرگرتنی ئەو دادوەرانە لەئیمکانیات و کەرەستەی مادی و دادوەریەوە هەیە)[110] بوونی دادوەری پاكو سالم بۆ ڕوو بەڕوو بوونەوە لەگەڵ

---

**- whiɵtle Bloweas

*- Climnalze





گەندەڵیدا پێویستە. چونکە بەبوونی دەزگایەکی دادوەری ناسالم، ڕوو بەڕوو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵیدا تەنیا خەیاڵێکەو هیچی تر.

بەسەرهاتی چالاکی ((دەستە پاکەکان)) لەگەڵ دادوەری گەنج ((پالێرمۆ))و هەڵسوکەوتی دادوەر ((ئانتۆنی دیپی یەترۆ)) ڕێبەری چالاکییەکەنموونەیەك لەو جۆریە.

وڵاتانی جیهانی سێهەم توانای سالم کردنی دەزگای دادوەرییان نییە، چونکە ئەم دەزگایەش بۆ خۆی بەشێکە لەسیستەمی ئیداری گەندەڵ. بۆیە تاقیکردنەوەکان نیشاندەدات کە هەڵبژاردنی دادوەرە دەستو داوێن پاکەکان لەگەڵ دابین کردنی بواری مادیو مەعنەوییانو دانانی ئەم توێژە لەپاڵ دەزگاکانی دژ بەگەندەڵی دەتوانێ ڕێگە چارەیەکی کاریگەر بێت.

## بەرپرسیارێتی و چاودێری مەدەنی.

بەرزکردنەوەی چاودێری کۆمەڵایەتی و پەرەدان بەچاپەمەنی ئازاد هۆکارێکی گرنگە بۆ ڕێگری کردن لەگەندەڵی. پەیوەندی ڕاستەوخۆ نێوان گەندەڵی و نەبوونی ئازادییە سیاسییەکان بەتەواوەتی ئاشکرا بووە. ململانێ ئابووری و سیاسی، شەفافییەت، بەرپرسیار بوونی دەوڵەت و دیموکراسی، کەرەستەی پێویست بۆ کۆنترۆڵی گەندەڵی دارایی گەورە، واتای کەڵك وەرگرتنی خراپ لەدەسەلات دەداتە دەستەوە. زۆرێك لەم مکانیزمانە کە لەتەوەری پەیوەست بە کۆنترۆڵی سیستماتیك و دەرونی گەندەڵی دارایی دەخرێنە بەر باس پتر ئەو سازو کارانەن کە بۆ قووڵبوونەوەو پەرەدانی بنەماکانی دیموکراسی و بەڕێوەبەری کارامە پێشنیار دەکرێت.

ئەو بەرنامانەی کە بۆ پشتگیری لەگەندەڵی پێشنیار دەکرێن. بەرز کردنەوەی ئاستی بەرپرسیارێتی و وەڵامدانەوەی دەوڵەتە چونکە وەڵامدانەوە بەخەڵك یان بەرپرسیاریەتی لەبەرانبەر خەڵکدا کارێکی پێویستە بۆ کۆنترۆڵی گەندەڵی. هەم حکوومەتی رەهاو دیکتاتۆرو هەم حکوومەتە دیموکراتیکەکان دەتوانن بەزۆری گەندەڵ بن و هەر کامەشیان دەتوانن بەشێوازی جۆراو جۆرو وەڵامدەرەوی ئەو رەوتە بن. بەڵام هەڵبژاردن دەتوانێ سیاسەتمەداران سنووردارو پابەند بکات. بەو جۆرەی کە دیومانە ئەو شێوازانە کەرەستەی تەواو و پێویست نین. وەڵامدانەوە بەخەڵك، تەنانەت لەو وڵاتانەی[1] هەڵبژاردنیان تێدا ناکرێت و یان حزبێکی باڵادەست و حاکمیان هەیە کە هەمیشە براوەی هەڵبژاردنەکانە، دەگونجێ، قەبووڵ کردنی ئەو کۆسپ و بەربەستانە بۆ دەسەڵاتدارانی خۆ ویست و دیکتاتۆر دژواترە تا ئەو بەرپرسانەی کە لەرێگای هەڵبژاردنەوە دەسەڵاتیان وەرگرتووە. بەڵام تەنانەت هەڵبژێراوانی خەڵك لەبەرانبەر ئەو چاکسازییانەی کە بەرەو رووی رەخنەی وردبینانەی خەڵك و کۆمەڵگا دەبنەوە، بەرەنگاری دەکەن. دەکرێ گەندەڵی هەم بەهۆی پێکهاتە و دەزگاکانی نێو دەوڵەتەوە کە کارە نایاساییەکانی دەوڵەت سنووردار دەکەن، کۆنترۆڵ بکرێ و هەم لەرێگای گوشاری دەرەوە و بەهۆی خەڵك و کۆمەڵگاوە یان دەتوانن بەسەر دەسەڵاتی سیاسەتمەداران و دەزگا سیاسییەکان چاودێری بکەن و لەرێگەی چالاکی سەربەخۆو بەدوور لەگوشارە جۆر بەجۆرەکان ببنە ستراتیژێکی بەهێز بۆ بەگژا چوونەوەی گەندەڵی.[111]

چاپەمەنی ئازاد، دەزگا پیشەییەکان و سەندیکاکان و حزبە سیاسییە رکەبەرەکان. هەر کامیان دەتوانی بەپێی توانایی خۆی لەکۆنترۆڵ کردنی جۆرەکانی گەندەڵی کاریگەر بن. بەشێوەی گشتی دەزگاکانی کۆمەڵگای



مەدەنی بریتین لە: گروپە غەیرە دەوڵەتییەکان، رێکخراوە مەدەنیەکان، سەندیکا بازرگانییەکان، ئەنجوومەنە تجارییەکان، ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە، رێکخراوە ئایینی و هەواڵگریەکان کە وەك حەلقەی پەیوەندی نێوان دەوڵەت و خەڵك کاردەکەن و دەتوانن رۆڵێکی گرنگ لەکەمکردنەوەی گەندەڵی ببینن. ئەم پرسە هەم لەئاستی وڵاتێکداو هەم لەئاستی نێونەتەوەییدا لەئارادایە. چەمکی بەرپرسیارێتی سیاسی، ئاماژە بەو کەندو کۆسپانە دەکات کە دەزگاکان و ناوەندەکانی هەڵبژاردن (بەهۆی دەسەڵاتێك کە لەبواری سزادانددا هەیانە) لەبەردەم هەڵسوکەوتی بەرپرسانی دەوڵەتیدا دایاندەنێت. هەرچەندە ئاستی بەرپرسیارێتی سیاسی بەرز ببێتەوە، ئەرکی بەرپرسانی دەوڵەتی بۆ بڕیاردان بە بەمەبەستی بەرژەوەندی شەخسی خۆیان لەبەرانبەر بەرژەوەندی فراوانی گشتی بەرز دەبێتەوە.

**بەم جۆرە وەك بەربەستێك بۆ کارە گەندەڵ ئامێزەکان کار دەکات.**

وەڵامدانەوە (بەرپرسیارێتی) بەشێوەی سەرەکی لەسەر بنەمای کاریگەر بوونی سزاکان و توانای بەرپرسیارێتی دەزگاکان بۆ چاودێری لەسەر کارو بڕیارو بەرژەوەندییە تایبەتەکانی بەرپرسانی دەوڵەتی دامەزراوە.

هەرچەند کە هەندێ کەس پێیان وایە پووچەڵ کردنی گەندەڵی، ئەوەندەی کە پەیوەندی بە بوونی سیستەمێکی بەڕاستی دیموکراتیك و حزبە سیاسییە بەهێزەکان و کۆمەڵگای مەدەنی بەرپرسەوە هەیە، کە رێز لەماف و ئازادی هەموو کەسێك دەگرێت و دەسەڵاتی سەربەخۆیی دادوەری و یەکە کاریگەرەکانی رێکخستنی کارو باری داراییەوە فەراهەمدەکات.[112] بەو رادەیە پەیوەندی نییە لەگەڵ سەرکوتی توندو تیژی دەزگا سەرکوتکەرەکانەوە.

پەیوەندی نێوان ئازادییە مەدەنییەکان و کەم بوونی گەندەڵی لەڕێگای میکانیزمەکانی کۆمەڵگای مەدەنییەوە لەوانە ئازادی چاپەمەنی و ئازادی حزبایەتی، هۆی ((فیسمەن‌و گاتی لەوتاری ((گەندەڵی‌و ریسانترالیزم و بەڵگەی نێونەتەوەیی)) تاوتوێکراوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە نیشاندەدات کە گەشەسەندنی ئازادییە مەدنییەکان لەڕێگای زۆر بوونی کۆنترۆڵ بەسەر چالاکییە گەندەڵ ئامێزەکانی دەوڵەتدا. گەندەڵی کەم دەکاتەوە.[١١٣]

چوار فاکتەری گرنگ لەبەرپرسیارێتی سیاسی بریتین لە:

ئەلف) ململانێی سیاسی.

ب) دابین کردنی متمانەی پارتەکان.

ج) شەفافییەت.

د) یاساو کەرەستە یاساییەکان.[١١٤]

بەهێزکردنی ئاستی بەشداری لەبوارە مەدنییەکان، بەرزکردنەوەی ئاستی بەرپرسیارێتی سیاسی و بوار ڕەخساندن بۆ چاودێری بەسەر میدیاکان و دەزگا مەدنییەکان لەلایەن دەوڵەتەکانەوە بەهۆی یاسا گەلی متمانە پێکراو ڕێگە چارەی سەرەکی بۆ بەگژا چوونەوەی گەندەڵییە.

## ((گۆڕانکاری لەتێڕوانین و ئامادەکردنی ویستە سیاسییەکان))

ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی زانیاری نوێ سەبارەت بەخەرجەکان و بنەماکانی گەندەڵی دەخاتە ڕوو داواکاری بۆ پێك هێنانی گۆڕان زۆرتر دەکات، ئەم چاکسازییانە وەك ڕێپیشاندەر، دەربڕی ئەوەن کە گۆڕانکاری تا چ ئاستێك پێویستە. سەرەڕای ئەوەش، چاکسازی کۆمەڵایەتی پێکهاتەکان بەمەبەستی ئاسانکاری دیدەوانی و چاودێری و دابین کردنی پشتگیری کۆمەڵگای مەدەنی





پتەو دەکات. چونکە بەبێ ئامادەکردنی کۆمەڵگای مەدەنی، دەوڵەتەکان ناتوانن چاکسازی خۆیان لەبواری ڕوو بەڕوو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵی دارایی و ئابووریدا بەئەنجام بگەیەنن، چونکە لەگەڵ بەربەستی سیاسی زۆردا ڕوو بەڕوو دەبنەوە.

## ((هەڵسەنگاندن‌و ڕا پرسی))

ئەنجامدانی ڕاپرسی سەبارەت بەتێگەیشتن لەئاستی گەندەڵی لەهەموو چین و توێژی کۆمەڵ و خاوەن پیشەکان دەخوازێ کە ئەزموونی خۆیان لەم بوارەدا دەرببڕن، ئەم ڕاپرسیانە، دەتوانێ ئەگەری گەندەڵی لەبوارە جۆر بەجۆرەکانی چالاکی ئیداری یان لەئاستی جیاوازی دەوڵەتیدا لەبواری نێوخۆیی و نەتەوەییدا پێك بێنێت.

سەرەڕای ئەو ڕاپرسیانەی کەسەبارەت بەهەبوونی گەندەڵی ئەنجامدراون، ڕاپرسی پەیوەست بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و لەبەرانبەردا ڕاپرسی لەخەڵك سەبارەت بە ڕەزامەندی ئەوان لەو خزمەتگوزاریانە کە لەلایەن کۆمپانیا هەرەوەزییەکان و کۆمپانیاکانی بیناسازی و نووسینگەکانی پەیوەست بە تەندروستی‌و دەرمان یان ڕاهێنان دەخرێتە بەر دەم خەڵکەوە ئەم ڕاپرسیانە لەکاتێکدا تەواوی خەرجەکانی پەیوەست بە، ماوەی چاوەڕوانی و ماوەی وتو وێژەکان و شتی لەو جۆرە هەڵدەسەنگێنی، باسێك لەهەڵسەنگاندنی ئاستی گەندەڵی ناکات، ئەم هەڵسەنگاندنانە زانیاری پر بایەخ بە مەبەستی داڕشتنی بەرنامەی چاکسازی، دیدەوانی و چاودێری بەسەر دەرەنجامەکان و دواجار نەرمی نواندنی زۆرتر لەئاست پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری بەهاووڵاتیان فەراهەم دەکات.

## بیرو ڕای گشتی

پڕو پاگەندەی گشتی: تێگەیشتنی خەڵك سەبارەت بە زەرەرو زیانانەکانی گەندەڵی ئیداری و ڕێگاچارەکانی ڕوو بەڕوو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵیدا، زیاد دەکات.

دەوڵەتەکان بەسوود وەرگرتن لەمیدیاکان و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان و بەرنامەی نێو خوێندنگاکان، دەتوانن پەیوەندی نێوان گەندەڵی و خزمەتگوزاری گشتی لاوازتر، سەرمایە گوزاری کەمتر، ڕادەی گەشەسەندنی کەمترو نابەرانبەری پتر بەشێوەیەکی دیارتر پیشان بدەن لەپاڵی ئەوەشدا جەختدەکەنەوە لەسەر مافی هاووڵاتیان و بەیاد دێننەوە کە کارمەندانی گەندەڵ، لەڕاستیدا سامانی خەڵك تالاّن دەکەن. ئەم پڕو پاگەندانە، ڕاپۆرتی خەڵك سەبارەت بەگەندەڵی ئیداری و پاڵپشتی و پشتگیری لەچاکسازی زیاد دەکات. کاتێك خەڵك هەست بکەن بەهۆی لەناوبردنی گەندەڵی، قازانجیان بەرئەکەوێت و دەتوانن لەو بوارەدا کاریگەر بن، مافی زۆر تریان لەنوێنەرانیان دەوێت.

## ئازادی چاپەمەندی

چاپەمەنی دەتوانێ تێڕوانینی ڕوو بەڕوو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵیدا بەهێزو خواستی سیاسی بۆ بەئەنجام گەیاندنی چاکسازی ئامادە بکات. ڕاپۆرتی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە پەیامنێران وەك نموونەی گەندەڵی ئیداری تاوتۆییان دەکەن دەبێتە هۆی ئەوە تا هۆشیاری گشتی دژ بەگەندەڵی پتر دەرکەوێتو زەختی زۆرتر بخاتە سەر دەوڵەت.





بۆ بەئەنجام گەیاندنی چاکسازی هەڵبەتە تەنیا بوونی چاپەمەنی ئازاد بۆ ئەم مەبەستە بەس نییەو مەرجی پێویست ڕاهێنانی پەیامنێران و دەوڵەمەندکردنیان بەزانستی توێژینەوەی چاپەمنییە. تاقیکردنەوەکان نیشاندەدەن کە ئازادی چاپەمەنی پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ کەمکردنەوەی گەندەڵیدا هەیەو دەوڵەتەکان هاندەدات تا بەوریایی و بەشێوەی کاریگەر بەرەو ڕووی گەندەڵی ببنەوە.

### ((ڕێکخراوە مەدەنیو پاڵپشتەکانی ڕوو بەڕوو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵیدا))

ئەم ڕێکخراوانە بە مەبەستی ڕوو بەڕوو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵی لەنێو وڵاتانی جیهانی سێهەمدا، دەتوانن بەشێك لەئەرکەکانی چاودێری گشتی و مەدەنی جێبەجێ بکەن. ئەم جۆرە ڕێکخراوانە، یارمەتیدەری دەوڵەتن بۆ ڕوو بەڕوو بوونەوە لەبەرانبەر گروپە پاوانخوازو بەرژەوەندیخوازەکان کە خاوەن دەسەلاّتی سیاسین.

### ((بەڕێوەبردنی سمینارە ناوچەییو خوییەکان)).

ئەم جۆرە سمینارانە، کە بەرزترین پلەو پایەی دەوڵەتی و کۆمەڵگای مەدەنی لەچوار چێوەی ڕێبەرانی، ئابووری، کۆمەلاّیەتی و سیاسی لەخۆ دەگرێت، ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەهێنانە ئارای کەلتوورو ئیرادەی سیاسی بۆ بەگژا چوونەوەی گەندەڵی.

بوونی حزبە جۆراو جۆرەکان، تەنانەت حزبە ڕواڵەتییەکان تا ڕادەیەکی زۆر لەکەمکردنەوەی گەندەڵی و چاودێری ڕکەبەرەکانیان لەکردەوەی گەندەڵ ئامێز کاریگەرە.

جۆرێك چاودێری سیاسی بەدی دەكرێت كە لەسەربنەمای جێگۆڕكێی دەسەڵات هاتۆتە ئاراوە بەجۆرێكی تر لایەنە ڕكەبەرەكان لەئاشكرا كردنی چالاكییە نایاساییەكانی باڵی دەسەڵاتدار كەڵك وەردەگرن و لەو دەرفەتە بۆ زۆركردنی ئەگەری بەدەسەڵات گەیشتنی خۆیان سوودی لێوەردەگرن. نەبوونی ئەلتەرناتیڤی سیاسی درێژخایەن هۆكارێكە بۆ پەرەدان بەگەندەڵی، هەروەها لەوانەیە لیژنەی دەسەڵاتداری گەندەڵی سامان و داهاتی ئەو سەودا لەنێو حزبەكەی خۆیانو حزبە دژكانیان دابەش بكەن.[115]

ئەگەر حزبەكان ململانێ سیاسییان بۆ گەشتن بەدەسەلات بێت، دەبێ بەناچاری دروشمەكانی خەڵك بەرز بكەنەوەو بەگژا چوونەی گەندەڵی لەسەروی پروپاگەندەكانیان بێت. بوونی حزبەكان و هەڵبژاردنی ئازادانە دەتوانێ لەكۆنترۆڵ كردنی گەندەڵیدا كاریگەر بێت.

بەهۆی ئەوەوە هاوولاتیان دەتوانن دەنگ نەدەن یان بەواتایەكی تر متمان نەبەخشن بەو كەسانەی كە تووشی گەندەڵی ئیداری بوونەتەوەو لەبەرانبەردا پەنا بەرن بۆ ئەو لایەنەی كە دژ بەگەندەڵی ئیداریە.

بۆ نموونە، ئەم دیاردەیە لەمەگسێك، تەنزانیا، بولگاریا ڕوویداوە. هەڵبەتە شەفافییەت (ڕوونی) لەچۆنیەتی دابین كردنی خەرجەكانی هەڵبژاردن، لەبواری ڕوو بەڕوو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵیدا زۆر گرنگە.

ئەوەتا كە لەكۆمەڵگایەكی گەورەو ئاڵۆزدا، دەوڵەت ناتوانێت كاریگەری گروپە بەرژەوەندیخوازەكان بەشێوەیەكی بەرچاو لەناو بەرێت. ئاسانتر ئەوەیە كە مۆڵەتیان پێبدرێت لەڕێگای ململانی لەنێو خۆیاندا، كارە خراپەكان وەلانێن. سروشتیە كە حزبە سیاسییەكان بیانەوێ یاساو ڕێساكان بۆ بەرەو پێش بردنی





ئامانجەكانی خۆیان ژێر پێی بنێن، بەڵام حزبەكانی تر ڕیسوا كردنی دژەكانیان لەئاست پێشلكاریەكانیاندا بەئەستۆ دەگرن.[116]

## سیاسەتە ئابووریەكان

لەلێكۆڵینەوەی ولاتانی جیهانی سێهەم كە لەگەندەڵی سیاسیو دارایی خۆیان دەرباز كردووە، دەركەوت كە یەكێك لەهەنگاوە كاریگەرەكانیان، لەپێش گرتنی ئەو سیاسەتە ئابووریو داراییانەیە كە بواری بۆ سالم كردنی ئابووریو لابردنی گەندەڵی سیاسیو ئابووری فەراهەم كردووە. هەندێ لەم سیاسەتانە بریتین لە:

١ـ ئازادسازی، واتە لەنێو بردنی باجی گومرگ، پشكەكان، كەمكردنەوەی دراو، كۆنترۆڵ كردنی نرخی شمەكو دەركردنی خێراو ئاسانی مۆڵەتەكان، سەندنەوەی ئیمزای (واژوی) زێڕینی كارمەندانی دەوڵەتی كە دەبێتە هۆی ئەوە نەتوانن داوای بەرتیل بكەن. لەهەمانكات لابردنی ئەو جۆرە كۆنترۆڵانە خەرجی بازرگانی و ئاڵوگۆڕ كەم دەكاتەوە و گیرو گرفتەكان لەناو دەبات و ململانەكان خێراتر دەكات. ڕێكخراوی جیهانی بازرگانی بوار بۆ ئاسانكاری و خێرایی ئەم پرۆسەیە دەرەخسێنێت. بۆ نموونە مكسیك كاتێك بوو بەئەندام لەڕێكخراوی گاتدا، ئەو شمەكە هاوردانەی كە بەركەوتبوو لە٩٢ وە بۆ ٢٢٪ كەم كردەوەو نێونجی باجەكانی لە٢٣وە بۆ ٥ ⁄ ١٢٪ دابەزاند.

«ئازاد كردن و بازاڕی كردنی پرۆسەی ئامادەكردن و دابەش كردنی كالاو

(**خزمەتگوزارییەكان**)»

ئەم سیاسەتە بەپشت بەستن بە «زیادكردنی كراوە» ڕێژەی دەسەلاتی دەوڵەت كەم دەكاتەوەو ڕێ لەدەستێوەردانی دەوڵەت بۆ هەڵبژاردنی پەیمانكارو

فرۆشیاران بەمەبەستی سەودا دەگرێت. لەڕاستیدا پرۆسەکە بەڕوونی دادەڕێـژێت و مـەرجەکانی هەڵبژاردن لەو بوارەدا دیاری دەکات.

## ململانـێ لە پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری.

ئـەم سیاسـەتە بـەلابردنی ئیمتیـازو توانـای قـورخ کـردن لەلایـەن ئیـدارە دەوڵەتیەکانەوە، دەرفەتی سەرهەڵدانی گەندەڵی ئیـداری لـەنێو دەبـات و بـواری بەرتیل وەرگرتن کەم دەکاتەوە.

چونکە ئەگەر مـشتەری بـەرەو ڕووی داواکاریـەکی نائاسـایی فەرمانبـەرێك ببێتەوە، دەتوانێ لەئیدارەکەیدا سکاڵای لێبکات. سەبارەت بـەو ئیدارانـەی کـە ئیدارەی سەرەکی بەئەژمار دێن لەوانە ئیدارەی پاسەپۆرت دەبـێ لەقەڵـەمڕەوی دەسەڵاتی ئەو ئیدارانەدا هاوپەیوەندییەك دابمەزرێنـێ و لەبارەی ئەو ئیدارانـەش لەوانە ئیدارەی پۆسـت و گواسـتنەوەی خـۆڵ، دەتـوانی پرۆسـەی خزمـەتگوزاری لەدوو ڕەهەندی تایبەت و دەوڵەتیـدا بەئـەنجام بگەیـەنێ. ئـەم دوو ڕەهەنـدە دوو شـێوەی جیـاواز بـۆ دروسـت کردنـی بـازاڕی ئـازاد لـەبواری پێـشکەش کردنـی خزمـەتگوزاری گشتی بەئەژمـار دێت.

وەلانـــانی یارمـەتیـــە دەوڵەتیـــەکان (سابـــسید) لـــەئارا بـــوونی سابـــسید دیاردەیەك بەناوی جیاوازی نرخەکان و بـازاڕی ڕەش دینێتـە ئـاراوە. ئـەزموونی پراکتیکـی نیـشانیداوە ئـەو وڵاتانـەی کـە لـەو سیـستەمە سـوود وەردەگـرن، چالاکییەکانی بەرهـەم هێنـان و خزمـەتگوزارییان بەئاراسـتەی دەڵاڵـی ((مابـە التفاوت)) بردووە.

فرۆشی کۆپنی کاڵا بەخۆرەکان و ئەو کۆپنە زۆرانـەی کـە بـەجیاوازی دراوو بەمەبەستی هاوردەی خزمەتگوزاری گشتی و پیشەیی دەفرۆشرێن، دیاردەیەکی





باوە لەوڵاتانی جیهـانی سـێهەمدا، لێکۆڵینـەوە لەسـەر ئـەو وڵاتانـەی کـە وەك نموونە ناویان لێدەبرێت باس لەو شێوازانە دەکات کـە یارانـەکانیان (سابـسید) بەکەمی و لەڕێگای چاودێری و کۆنترۆڵ کردنەوە ئاڕاستە کراون.

## بووژاندنەوەی کەرتی تایبەت

بەرێژەیـــەك کەنوخبـــە دەســـەڵاتدارەکان لـــەبڕیاردان و سیاســـەتدانانەدا دەسەڵاتیان هەیە بەهەمان ڕێژە جێبەجێ کردنی بەشێکی تایبـەت و شـەفاف، سالم و ئازاد و دادوەرانە سنوور دار دەبێت، بەم جۆرە گەشەی ئابووری هەمەلایەنە دوا دەکەوێت.

توانای زاڵ بوون بەسەر دەوڵەتدا بەهۆی بەرژەوەندی زۆری ئابووری بەشـێوەی خوارەوە سنوردار دەکرێت

- سیاسەتی ئازادکردنی ئابووری
- پەردان بەململانـێ و پێشبڕکـێ لەبواری ئابووریدا.
- چاکسازی لەڕووی بەرنامەوە
- چاودێری سالم
- هانـدان و پـەرەدان بەسـەندیکا بازرگانییـەکان و ئەنجوومـەنە پیـشەیی و حزبە پەیوەندیدارەکان.
- هاریکاری لەئاستی نێو نەتەوەییدا.[١١٧]

بووژاندنـەوەی کـەرتی تایبـەت وەك ڕێگـە چـارەیەك بـۆ ڕوو بـەڕوو بوونـەوە لەگەڵ گەندەڵیدا لەتەواوی ئـەو بەرنامانـەی کـە بـۆ بەگـژا چـوونەوەو پێشگیری لەگەندەڵیدا بەرچاو گیراون کـەرتی تایبـەت دەتوانـێ بـەدەربازکردنی ئـەو بـڕە پارەیـە کـە لـەکۆنترۆڵی دەوڵەتدایـەو هـەروەها بـەگۆڕینی سیاسـەتی ئـابووری،

لەسیاسەتی بەرژەوەند خوازانەی بەرپرسانەوە بۆ ئەو سیاسەتو ستراتیژانەی کە لەسەربنەمای کەرتی تایبەتەوە لەپێش گیراوە، ڕێژەی گەندەڵی کەم بکاتەوە.

حەقدەستی شیاوو بەهێزکردنی مەیلی کارکردن. وەرگرتن لەپاڵنەرە فەرمییەکانە لەڕێگای بەخشینی حەقدەستی هەمیشەیی و یەکجار زۆر بۆ ئەو بورۆکراتانەیە کە لەوانەیە مەترسی تووش توون بەگەندڵییان لەسەرە.

ئەم ڕاستیە ئەگەر هاوکات بێ لەگەڵ سزاگەلێك وەك تاوانبارکردن یان دامەزراندن بە مووچەیەکی زۆر کەم و ئەگەری ڕاگرتنی سەرپێچیکەران، دەبێتە هۆی ئەوە کە پاڵنەرێکی باش بۆ کاری راست و ڕەوا لای بوروکراتە دەوڵەتییەکان دروست بێت. ئەم کارە سەرچاوەی لوجیکی دیاریکردنی مووچەی زۆر لەتەواوی وڵاتانی جیهانە ئەم بەرنامە کە لەبنەڕەتدا قەرزاری «بیکێرو ئیستیگلیر»ە* بەدەگمەن پراکتیزە کراوە، هەرچەند کە لەیەکێك لەڕەواترین بورۆکراسییەکانی جیهان واتە سەنگارفوور، مووچەی زۆر دەدرێتە بەرپرسانی دەوڵەتی.[١١٩] کەچی لەوانەیە پەیوەندییەکی دیاریکراو نێوان مووچە و گەندەڵی جۆری یەکەم بەدی نەکرێت. بەڵام لەوڵاتانی جیهانی سێهەمدا لەنێوان گەندەڵی جۆری دووەم و مووچەدا پەیوەندییەکی بەتەواوەتی واتادار بەدی دەکرێت هەندێ کەس پێیانوایە مووچەی شیاو لەماوەی خانەنیشینداو هەروەها ناوبانگی باش هۆکاریکە بۆ دوور خستنەوەی کارمەندانی دەوڵەت لەگەندڵی ـ زۆر جار پاڵنەرە نافەرمییەکان، هۆگریەکی پسپۆڕانە لەکارمەندان پێك دێنن کە داهات و پیشەی دوا ڕۆژیان پەیوەستە بەو ناوبانگەوە کە لەکاتی دەست بەکار بوون و وەرگرتنی ئەرکەکانیادا بەدەستیان هێناوە، بۆ نموونە مووچەی

*- Becker and Stigler



خانەنیشینی یان ناوبانگ و کەسایەتی دەکرێ وەك گارانتی یان (ئەو مووچە کە بۆ دابینکردنی بژێوی ڕەچاو دەکرێت) چاوی لێ بکەیت کە کەرتی دەوڵەتی بەناوی مووچەی سیاسەتمەداران تۆماری کردووە و بەسەر هەڵدانی هەڵەو ناڕێکی لەماوەی بەرپرسایەتیاندا دەکرێ وەك شێوازێکی عەقڵانی کردن و لەسەروو دانانی کەرتی گشتی بۆ ئەو سیاسەتوانانەی کە ناوبانگی بەنرخیان هەیە، بەئەژماربێت.

سیستەمی بەڕێوەبردنی سامانە ئینسانییەکان لەوڵاتانی جیهانی سێهەمدا دەبێ بەرنامە گەلێك وەك:

لابردنی ئەو پۆستە ئیداریانەی کە پێویست نین، ڕاگرتنی دامەزراندن، بەئەنجام گەیاندنی بەرنامەی خانەنشینی، دەس لەکار کێشانەوە لەبەرانبەر پاداشتداو لابردنی ئەو کارمەندانەی کە بەڕواڵەت کارمەندن و تەنیا سێبەریان دیارە* جێبەجێ بکەن. هەروەها دەتوانن مەرجەکانی شایستە سالاری بۆ وەدەست هێنانی پیشە بخەنە بەردەم داواکاران و لەپاڵ ئەوەشدا ڕێساگەکێك بۆ بەگژا چوونەوەی واسیتەبازی ڕێکبخرێت.

سەرەڕای ئەوەش بەدامەزراندی سیستەمی ڕاهێنان لەسەر بنەمای ئامادە بوون لەخولەکاندا یان ناڕاستەوخۆ، کادیری پێویست پەروەردە بکەن و لەباتی سیستەمی قەربوو کردنەوە سیستەمی پراکتیکیو پسپۆڕانە دامەزرێنن. ئەو بەرنامانەیە دەبێ بە لەبەرچاو گرتنی مووچەی پێویست بۆ فەرمانبەران جێبە جێ بکرێت. بەدامەزراندنی سیستەمی پاداشت، دڵنیابن لەوەی کە کارمەندانی پاك و کارا بۆ کەرتی تایبەت ڕاناکێشرێن، بەڵکو بواری ڕاکێشانی

*- Ghost workers

کارمەندانی شایستە فەراهەم بکرێت. بەشێك لەسەرچاوەی دارایی ئەم بەرنامەیە لەڕێگای کەمکردنەوەی ئەو هێزە ئینسانیەیە کە زیاتر لەداهاتی کارمەندانی کاراو ساڵم دەستەبەر دەبێت. وڵاتی کینیا لەم ڕووەوە لەساڵی ١٩٨٠ هەندێ چاکسازی لەبەشی داراییدا بەئەنجام گەیاندو زۆربەی کارمەندە سەرپێچیکەرەکانی لەکار لابرد یان خانەنشین کرد. مووچەو هەل و مەرجی لەباری بۆ کار فەراهەم کردو لەسیستمی باجو بەرە بەرنامەگەلێکی بۆ دەسکەوتو داهاتی پتر ڕەچاو کرد کە بەپێی ئەو بەرنامانە ٥، ٣% داهاتی باج و ٥/ ٢% داهاتی گومرگ تایبەت کرا بۆ بەشی باج و بەرەو لەئاکامی ئەم چاکسازییەدا داهاتی گومرگ و باجی ئەو وڵاتە لە ٦/ ٦% بەرهەمی ناپوختەی نێو خۆیی لەساڵی ١٩٨٤ تا ڕێژەی ٣/ ١٢% بۆ ساڵی ١٩٨٨ زیاد کرا.

## ڕوونکردنەوەی چالاکییە ئابووریەکان.

چالاکی ئابووری دەوڵەت لەوڵاتانی جیهانی سێهەمدا زۆر کەم ڕەنگ بووەو بە بۆچوونێکی تر، تەواوی بڕیارە ئابووری و داراییەکان لەپەراوێزداو لەنێو ژوورە بەسراوەکاندا جێبەجێ دەکران شاردنەوەی زانیاری لەخەڵك یەکێك لەنابەرانبەریەکانی باو لەوڵاتانی پێشنەکەوتوو بوو کە بواری بۆ دەسەڵاتی زۆرتری توێژی نوخبەی ناو دەوڵەت و تەبانی ژێر بەژێریان لەگەڵ کەرتی ئابووریە ناسالمەکاندا ڕەخساند.

ئازادی پەیوەست بەرێساو یاساوە ئەم کارە بەهۆی ئاشکرا کردنی بەرنامەکانی دەوڵەتەوە بەرپرسایەتی و ڕەوتی ژمێریاری بەهێز دەکات و دەبێتە هۆی ئەوە کە کارمەندانی دەوڵەت بەنهێنی کردنی بەرنامەکانیان یان





بەبیانووی دژ بوونیان لەگەڵ ئاسایشی گشتی و نەتەوەیی. ڕێ لەئەو لێکۆڵینەوانەی کە پەیوەندییان بەبوارەکانی گەندەڵییەوە هەیە بگرن.

سەرەڕای ئەوەی کەفەراهەم کردنی ئازادی بۆ دەربڕینی زانیاری، هاووڵاتیان لەشێوازە جۆر بەجۆرەکانی پەیوەست بە خزمەتگوزاری دەوڵەتی ئاگادار دەکاتەوە، ڕێژەی ئەو چالاکییانەی کە لەبازنەی سیستمدان، یان خستنە ڕووی داواکاری جۆر بەجۆر لەهەنبەر ئاراستەکردنی ئەو زانیاریانەی کە بەشێوەی یاسایی دەبێ هەمە لایەنە بن کەم دەکاتەوە دارشتنی سیستەمێك کە هەموان لەیەك کات و ساتدا ئاگاداری بڕیارە ئابووریەکانی دەوڵەت ببنەوەو بەشێوەی یەکسان بواری بەشداری لە«زیادکردن و کەمکردنەو هەروەها گرێبەستیان» بۆ بڕخسێت، پێویستە.

## «ڕاگەیاندنی ماڵیو ئاشکراکردنی داراییەکان»

شەفافییەت لەبواری دارایی دەوڵەتدا زۆر گرنگە لەزۆربەی وڵاتاندا. بەپێی یاسا هەموو کارمەندێکی پلە بەرز دەبێ لەدەسپێکی کارەکەیداو لەکاتی وەرگرتنی پۆستە کەیدا داراییەکانی ئەو پۆستە یان ئەو دەزگا و ئیداریەی کە تێیدا کاری کردووە ڕابگەیەنێ. هەندێ لەوڵاتەکان چاودێری ساڵانەیان لەگۆڕانکارییە داراییەکانی کارمەندانی پلە بەرزی خۆیان وەك ئەرکێکی پێویست لەبەرنامەکانیاندا گونجاند بوو. هەڵبەتە هەرچەند کە ئەم یاساگەلە بەشێوەی ڕواڵەتی لەوڵاتانی جیهانی سێهەمدا کاریان پێدەکرێت، بەڵام دیسان دەست گەیشتنی خەڵك بەم زانیاریانەو ئاگا بوون لەدرۆو ڕاستی دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەو چاودێریەکان کێشەیەکی تری کۆمەڵگایە.

# پرۆسە کراوەکانی بودجە دانان

شەفافییەت لەداهات و خەرجەکانی دەوڵەت کاری ژمێریاریاری ئاسان دەکات، هەڵبەتە مەیلێکی زۆرتر لای خەڵك دروست دەکات تا لەداهات و خەرجەکانی دەوڵەتدا پتر ورد ببنەوەو بەم جۆرە چاودێریەکی ئوتۆماتێك فەراهەم ببێت. ئەم سیاسەتە لەولاتی بولیوی و لەئەڵسەلوادۆردا ئاکامی باشی لێکەوتۆتەوە.

## ((سیستەمی بەڕێوەبەری دارایی‌و ئیدارە ژمێریارییەکان))

چاك کردنی سیستەمی بەڕێوە بەری دارایی و ژمێریاری لەڕێگای دانانی سیستەمی کامپیوتری نوێ و پەروەردەکردنی کادیری ژمێریاری و سوود وەرگرتن لەتکنۆلۆژیای زانیاری* بۆ بەراوردی زانیاری‌و دۆزینەوەی جۆرەکانی دابەشکردنی پارەو پاداشت، ئاگاکردنەوەی ئۆتۆماتیك لەبەرانبەر بەدەسکاری بودجە بەشێوەی نائاسایی یان دەسبەسەرا گرتنی سامانی دەوڵەت لەوانە زەوی، ئۆتۆمۆبیل و.. هەروەها کۆکردنەوەی پارەی دەوڵەت لەچەندین حسێبدا، لەکاری چاودێری داراییدا کاریگەرە.

## دابەزاندنی ئاستی قۆرخکردن

قۆرخکردن دەبێتە هۆی دەسەلاتی ناڕەواو لەڕادە بەدەرو هێنانە ئارای واژوی زێرین.

هەر جۆرە پاکسازی‌و سالم سازی و بەگژا چوونەوەی گەندەڵی ناتوانێ بەرنامەی کەم کردنەوەی قۆرخ لەپێش چاو نەگرێت.

*- IT



بەگژا چوونەوەی گەندەڵی لەڕێگای کەمکردنەوەی قۆرخدا چ قۆرخی دەوڵەتی و چ قۆرخی شەخسی، لەئارا دایە.

تایبەتمەندکردنی قۆرخی دەوڵەتی و وەلانانی قۆرخی شەخسی هیچ ئاکامێکی نییە بەڵکو دەبێ لەڕێگای یاسا گەلێکی تۆکمە و کەرەستەی یاسایی، دەسەلاتی نهێنی کاری بەرتەسك بکرێتەوەو دواجارو بەتایبەت وەلامدانەوەو شەفافییەت بێنێتە ئاراوە. چونکە ئاراستە کردنی زانیاری دوژمنی ژمارە یەکی گەندەڵییە.[120]

کەم کردنەوەی قۆرخەکان بە لەبەرچاوگرتنی سیتەمە ئابووریە پێشنەکەوتووەکان، ناتوانی بە تەواوەتی جێبەجێ بکرێت، بۆیە هێنانەدی میکانیزمێك بۆکۆنترۆڵی ڕێگا گرنگەکانی قۆرخ کردن وەك ڕێگە چارەی کاریگەر، جێگای گرنگی پێدانە.

## بەڕێوبەرایەتی کەرتی دەوڵەت

ستراتیژێکی تری ڕووبەڕوو بوونەوە، لەگەڵ گەندەڵیدا چاکسازی لەبەڕێوەبەری نێوخۆیی سامان و بەشە دەوڵەتییەکانەکە دەرفەت و پاڵنەرەکانی گەندەڵی کەم دەکاتەوە.[121]

هەڵبژرادنی بەڕێوەبەرە بەتواناکان و دانانی ئەو کەسانەی کە بەهۆی خزمایەتی، لایەنگیر پەروەری و بنەماڵەییەوە ڕەچاو نەکرێت، دەتوانێ لەگەندەڵی کەم بکاتەوەو دژایەتی لەگەڵ ئەو دیاردەدیە ئاسان بکات. لاوازی بەڕێوەبەران و ناکارا بوونیان، بە گریمان کە سالمیش بن، دەبێتە هۆی ئەوەی کە چاودێری و کۆنترۆڵ نەکرێن. سەرەڕای ئەوەش بەڕێوەبەرانی لاواز هەر خۆیان دەبنە بەشێك لەگەندەڵی دیوانسالاری.

## بچووك كردنی دەوڵەت ( كەمكردنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت )

سەرەڕای بووژاندنەوەی کەرتی تایبەت، کەم کردنەوەی ئەرکەکانی دەوڵەتو بچووك كردنەوەی، وەك شێوازێك لەشێوازەکانی بەگژا چوونەوەی گەندەڵی لەبەرنامە ئامادەکراوەکانی ئەو مەبەستە گرنگی پێدراوە.

چونکە بەپێی پێناسە، رانتەکان پێك دێن، ڕەوتی دیاریکردنی پشك لەسەودای دەرەکی، سنووردارکردنی بازرگانی ئازادو مۆڵەت دان بەهەندێ بوار بۆ چالاکی ئابووری کە نموونە گەلێکی زۆر کەم لەو بوارانە ئاراستە دەکرێت، دەبێتە هۆی پێك هاتنی.. ((حەشارگە رانتییەکان)) کە ئەم حەشارگانە دەکرێ لەڕێگای هاوپەیمانێتی و هاریکاری هەندێ لەبازرگانەکانی خاوەن پلەو پایەی باش و دیوانسالاران داگیر بکرێت.

مشتو مڕ بۆ بەدەست هێنانی ئیمتیازی تایبەت کە بەرانت خوازی دەناسرێت، دەبێتە هۆی هاندانی چالاکییە ((بەرژەوەندیخوازانەو بێ بەرهەم دەبێ گرفتەکان)) کەهەندێ جار حالەتی یاسایی بەخۆوە دەگرێت لەوانە داواکاری و پاڕانەوە و هەندێ جاریش نایاساییە لەوانە بەرتیل خۆری.[١٢٢]

کاتێك سنووری ڕاپەراندنی ئەرکەکان و پانتایی دەوڵەت دەگاتە ڕادەیەك کە تەواوی ڕێگاکان لەبواری ئابووریدا بگەڕێتەوە بۆ دەوڵەت، بەرپرسانی سیاسی دەبنە خاوەن دەسەڵاتێکی بێ سنوور، بەم جۆرە گەندەڵی کاتێك دێتە ئاراوە کە بەرپرسانی دەسەڵاتداری حکومەت لەپاراستنی بەرژەوەندی جیاوازی گشتی و تایبەت خۆیان تووشی کەمو کورتی بن، ئەگەر کەسانێك کە لەپلەو پایەی دەسەڵاتدا متمانە پێکراوو دروستکار بن، پێویست بە کۆنترۆڵ و چاودێری لەسەر جیایی بەرژەوەندی گشتی و تایبەت ناکات، هەروەها ئەگەر بازاڕی کارو



سەرمایەو کاڵا دروست و کەمو کوڕی تێدا نەبێت، ئەوکاتە پێویست بە کۆنترۆڵو چاودێری ناکات.

بازاڕە پاك و بێ عەیبەکان، دەرفەت دەدەن نرخ و تێچوو وەك یەك بن و هەروەها سوودوەرگرتنی نادروست لەدەسەڵات لەنێوبچێت.

ئەو کۆمەڵگایانەی کە دەسەڵات دەدەنە سیاسەتمەداران و یاسادانەران و خاوەن پلەو پایەکان، دەبێ ستراتیژو ڕێو شوێنی چاودێری و کۆنترۆڵی پێشکەوتوویان بۆ ڕاگرتنی بەجیای دەسەڵاتی گشتی یان کارکردی گشتی لەکارکردی شەخسی و تایبەت کە گەندەڵی دەناسرێت، هەبێت. ئەم ستراتیژانە دەبێ لەنێو سیستەمێك کە پلەو پایەی دەسەڵاتی لەخۆ گرتبێت، پێکهاتبێت و چاودێری و باڵانس وەك بەشێك لەو سیستەمە، ببێتە ئەژمار.

سیستەمە سیاسییەکان دەبێ ئاستی ئەو پاڵنەرانەی کە بۆ بەکار بردنی نارەوای دەسەڵات بەکار دەبرێن بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزێت، کەچی بەهەمان ئەندازە بەدوای کەمکردنەوەو لەناوبردنی کەمو کوڕییەکانی بازار بن لەڕووی سوود وەرگرتنی نایاسایی و نارەوا لەو پاڵنەرانە. هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵی کاریگەرییەکی ئەو تۆی لێ ناکەوێتەوە، مەگەر ئەوەی کە بەرەو ناوەندی سەرەکی گەندەڵی ڕێنوێنی بکرێن، نە گەندەڵی ڕواڵەتی لەوانە (بەرتیل دان، بەرتیل وەرگرتن) بەڵام بنچینەی گەندەڵی توانای فەرمانبەرێکی دەوڵەتی یان کەسیەتیەکی سیاسییە بۆ بەدەستەبەرکردنی بەرژەوەندی تایبەتی خۆی لە دەسەڵات.

ڕووداوەکانی ئەم دواییەی فەرەنسا، پرسە ئاماژە پێکراوەکانی خستۆتە ڕوو، و فەرەنسا لەنێو ٩٠ وڵاتدا سەبارەت بەریزبەندی ((ئاستی گەندەڵی لەساڵی ٢٠٠٠دا)) پلەی نۆزدەیەمی بەدەست هێناوە.

## ڕوونكردنەوەی یاساكان

ڕێسا دژ بەیەكـەكان لەقەوارەیـەكی زۆردا، پێكهێنـەری گەنـدەڵی یـان بەواتایـەكی تـر ((گەنـدەڵی یاسـایین)). بۆیـە ئاسـانكردنی یاسـاكان و ڕوونكردنەوەیان لەپرۆسەی سالم سازیدا پێویستە، یاساكان دەبێ بەشێوەیەك بن كە لەهەر جۆرە نهێنی كارییەك ڕێ بگرن و ڕوونكردنەوەیان بەدواوەبێت.

ئامـادەكردنی یاسـاگەلی دژ بەگەنـدەڵی كـە بەشێوەی ڕێك‌وپێـك هـەموو لایەنـەكانی ڕەچـاو كردبێـت پێویسـتە هـەروەها لـەئامادەكردنی یاسـاگەلی دژ بەگەندەڵی گرنگی دان بـەو یاسـانەی كـە سـزا كاریگـەرەكان بكـات پێویستە. چونكە بەبێ سزادانی كاریگەر بۆ گەندەڵكارانی دارایی، قەبووڵكردنی خەرجە پێشبینیكراوەكان، گونجاو ئەم متمانەیە لەگەڵ دڵنیـا بـوون لـەو پیـشتگیرییەی كە لێیان دەكرێت پتر هانیاندەدات بۆ گەندەڵكاری.

بەرپرسـانی گەنـدەڵی وەك بەرپرسـانی ئـابووری لەپاڵنـەرێكی عاقڵانـە و قازانج خوازانـە پـەیڕەوی دەكـەن، ئەگـەر قازانجـەكانی دەرەنجـامی گەنـدەڵی پـتر لەمەترسییە چـاوەڕوانكراوەكانی بێـت. گەنـدەڵی زۆرتـر دەبێـت. لەڕاسـتیدا زۆربوونی دیاردەی گەندەڵی پەیوەندی بە هۆكاریكەوە هەیە كەڕێژەی داهـات و قازانجی دەرنجامی گەندەڵی دیاری دەكات.

ئـەو مـەترسیانەی كـە هەڕەشـە لەگەنـدەڵی دەكـەن، پـتر لەهـەموو شـتێك، شێوازە جۆر بەجۆرەكانی سزادان، چ سزای تاوان یان سزای ئیداری، فەرمی یـان غەیری فەرمین.

هـــەروەها بـــەكاربردنی كاریگەرانـــەی ئـــەم ســـزایانە كـــە پەیوەســـتن بەمیكانیزمەكانی چاودێرییەوە، هۆكارێكی گرنگن بۆ پێشگیری گەنـدەڵی لـە دەزگاكانی بەڕێوەبردندا.[١٢٣]





## ((بەربەستە ئۆرگانیزەكراوەكانی بەردەم دەسەڵات))

پرۆسەی ئۆرگانیزەكراوی دەوڵەت، فاكتەرێكی گـرنگ بـۆ كـۆنترۆڵ كردنـی گەندەڵییە، گرنگترین مكـانیزمی ئـەو پرۆسـەیە پـەردانی كاریگـەرە بەسـنوورە بنـچینەیەكان، كـە تاڕادەیـەكی زۆر لەجیاكردنـەوەی دەسـەڵات و دابەشـكردنی ئەركەكان لەنێو دەزگا دەوڵەتییەكاندا دەستەبەر دەبێت.

زەخت و بەربەستە تازەكـان كـە بـەهۆی دەزگـا دەوڵەتییەكانـەوە لەبەرانبـەر یەكتردا بەكار دەبرێن دەرفەتی سوود وەرگرتن لەدەسەڵات كـەم دەكاتـەوە و[١٢٤] دابەشـكردنی دەسـەڵات بەشـێوەی لـۆجیكی و لـەڕێی ئـەو مكانیزمانەوەكـە بتوانـێ لەكۆكردنەوەی هێزو دەسەڵاتی ئابووری كەم بكاتەوەو بوار بۆ چاودێری دەسـەڵاتەكان لەسـەر یـەكتر بڕەخسێنـێ، دەتوانـێ جۆرێـك لەڕەوشـتە پـاك و ڕەواكان دەستەبەر بكات.

ڕوو بـەڕوو بوونـەوە لـەڕێگای شـێوازە پۆلیـسیەكانەوە بەبـێ شـك هـیچ بەرنامـەیەكی دژ بەگەنـدەڵی بەبـێ ڕوو بـەڕوو بوونـەوەی پراكتیكـی و سـزادان كاریگەر نییە. كۆكردنەوەی زانیـاری سـەبارەت بەچـالاكییە بورۆكراتیكـەكان و بەدواداچوونەوەی هەمـوو جۆرە هەڵسو كەوتێكی ناڕەوا یەكێك لەڕێگاكانی بەگژا چوونەوەی گەندڵییە، ئەم كارە بەشێوەی نەریتی لەڕێگای چـاودێری ڕاسـتەوخۆی بۆروكراتەكان و ئاشكرا كردنی هەر جۆرە سەرپێچییەك لەكاتی سەرهەڵدان یان چاودێرییەكی ژمێریاری بە سەر چـالاكییەكانی ئەوانـدا هاتووەتەكایـەوە. بـەڵام لەلێپرسینەوەی یاسایی، سوود وەرگرتن لەو زانیاریانەی كە بەم شێوە كۆبۆتـەوە دژوارە.[١٢٥]

هەرچەند ئەم کارە لەوڵاتانی جیهانی سێیەمدا بەزۆری وەك کەرەستەیەك بۆ سوود وەرگرتن لەبەگژاچوونەوەی سیاسی سوود لێوەردەگیردرێت.

بەگژاچوونەوەی گەندەڵی لەنێو وڵاتای جیهانی سێیەمدا لەم ساڵانەی دواییدا پتر بەشێوەی ئاشکرا تر دەبینرێت. بۆ وێنە سەرۆك کۆماری پێشووی کۆریای باشوور محاکمە کرا، لەڕووی سیاسییەوە، محاکمەی سەرۆك کۆماری پێشووی ئەندونیزیا (سۆهارتۆ) بەتاوانی گەندەڵی و کۆکردنەوەی سەروەت و سامانی نایاسایی لەسامانی گشتی ئەو وڵاتە کە ٢١٠ ملیارد دۆلار مەزەندە دەکرێت لەحاڵی جێبەجێ کردنە.

یەکێك لەسناتۆرەکانی بەرازیل کە لەسەرۆك کۆماری ئەو وڵاتەوە نزیکە، بانگهێشتی دادگا کراوە کە لەمێژووی ئەو وڵاتەدا نموونەی نەبووە. ئەم ماجەرا کاتێك ئاشکرا بوو کە دەرکەوت ناوبراو بۆ پرۆژەیەکی بیناسازی داوای بەرتیلی کردووە.

لەمکسیك، بێزاری گشتی لەگەندەڵی سیاسەتمەداران، دواجار بووە هۆی ئەوە کە خەڵك دەنگ بدەن بەیاسای PRI پاش ٧١ ساڵ لەتێپەڕ بوونی یاسای پێشوو.

یان تاوانبار بوونی پێنج کۆمپانیای ئینگلیزی و چوار کۆمپانیای تر بەدانی ٣ ملوێن دۆلار بەرتیل بە بەرپرسانی دەوڵەتی، هەروەها کۆمپانیای نەوتی ELF ی فەرەنسا لەدادگای لیسۆتۆی ئەنگۆلا محاکمە کران. لەبەگژا چوونەوەی گەندەڵی بەشێوەی پۆلیسی دەبێ ئەم سێ خاڵەی خوارەوە گرنگییان پێبدرێت.

**یەکەم:** دەسبە سەراگرتنی ئەندامانی سەرەکی و گەورە: دەبێ بۆ خەڵك کە شك و گومانیا لادروست بووە بسەلێنین کەکاری دژ بەگەندەڵی نمایشێکی



سیاسی یان دروشم و فشەو فیشاڵ یان تۆڵە سەندنەوەو ململانەی سیاسی نییە، بەم مەبەستە دەبێ سەرەتا هۆکارە سەرەکییەکانی گەندەڵی بکەوێتە بەر پەرلامار، ئاشکرایە کە ئەم پەلامارە بەر لەهەموو کەسێك دەبێ دەست و پەیوەندەکانی بەرپرسانی دەوڵەتی لەخۆ بگرێت.

بۆ نموونە کاتێك کە لیژنەیەکی نوێ لەساڵی ١٩٧٣ لەهونگ کۆنگ بەسوود وەرگرتن لەدەسەڵاتی تایبەتو بە مەبەستی بەگژا چوونەوەی گەندەڵی بەربڵاو لەو وڵاتەدا پێك هات هەمووان سەرەتا پێیان وابوو کە ئەم دامەزراوە، ڕواڵەتییە و وەك لیژنەکانی پێشوو بۆ گۆڕانکاری دۆزەکە ناتوانی هیچ کارێك بەئەنجام بگەیەنی. مادام کە ئەم لیژنە سەرۆکی پۆلیسی پێشووی کە خانەنیشین کرا بوو لەوڵاتی ئینگلیزدا گیرسابووەوە بەتاوانی گەندلکاری گەڕاندبووە بۆ وڵات و مەحکوومی کرد، هەروەها دواتر کاتێك کە لیژنە کەسی دووەمی دەزگای پۆلیسو ژمارەیەکی زۆر لەئەفسەرانی پایە بەرزی بۆ بەردەم مێزی محاکمە ڕاکێشا، ئیتر ڕۆشنبیرترین هاووڵاتی دڵنیا بوو لەوەی کە ئاڵ و گۆڕ پێك هاتووە.

**دووەم:** جێبەجێ کردنی چاکسازی ئیداری و بەکاربردنی بەرنامەی لەبار بۆ بەرژەوەندی کارمەندانی دروست کار دەبێ بەهاریکاری ئەم کارمەندانەو بەرپرسانی ئیدارە دەوڵەتییەکان ئەنجام بدرێت و ئامانجە دیاریکراوەکان دەست نیشان بکرێنو پێوەر گەلێك بۆ هەڵسەنگاندنی دەرئەنجام و هەروەها سزاو پاداشت بە لەبەرچاو گرتنی ئاکامەکانی ئەو سیاسەتە دیاری بکرێت. بێ مانایە لەکارمەندانی دەوڵەت کە مووچەکەیان وڵامدەری کاری ڕاستگۆیانە یان نییە داوا بکرێت کە لەپرۆسەی بەگژا چوونەوەی گەندەڵیدا بەشداری بکەن.

سـێیەم خـاڵ: کـەم کردنـی ئاسـتی گوشـارو لێپرسـینەوە پـاش دەستگیرکردنەکە.[126]

راهێنانو بەرزکردنەوەی ئاستی کەلتوور.

کارمەندانی دەوڵەت دەبێ لەئاستە جۆراو جۆرەکانـدا، واتـە پێویسـتەکان فێر بن. بەجۆرێك کە لەیاساکانی سزاو پاداش تێیان بگەیەنێت. بەرزکردنـەوەی کەلتووری گشتی و نیـشاندانی ئـەم مەسـەلەیە کـە بەگژا چـوونەوەی گەنـدەڵی لەبەر چاوگرتنی دان خـەڵك بەگشتی و ئامـادەکردنی هەلومـەرجی کۆمـەڵگا پێویستە بەجۆرێك کە دیاردەی گەنـدەڵی وەك دیاردەیـەکی نـامۆو دژ بـە بـەها کۆمەڵایەتیەکان لای هەمووان بناسرێت.

## هاریکاری نێونەتەوەیی لەبەگژاچوونەوەی گەندەڵی.

هەنوکـە لەچـەند ڕووەوە گەنـدەڵی سـنوورەکانی بەزانـدووە و دەسـەڵات و ئیمکانیـاتی ولاتێك ناتوانی پێش بەم دیاردەیە بگرێـت. هەنـدێ لـەهۆکارەکانی ئەم دیاردەیە بریتین لە:

- بوونی ململانـێ نێـوان کۆمپانیـا گـەورەکانی بازرگـانی و پیـشەیی، کـە مـەیلی ڕاکێـشانی مـشتەریەکانی ولاتـانی جیهـانی سـێهەم بەشـێوەی لـەبار بەرزدەکاتەوە.

- بەرپرسە سیاسییە گـەورەکانی ولاتـانی جیهـانی سـێیەم زۆر جـار حسـابی بانکی لەدەرەوەی ولات پێك دێنن ئەم حەسابانە پـتر لەلایـەن کۆمپانیـا ئامـاژە پێکراوەکانەوە پڕدەبنەوە.





- کارمەندانی کڕین، کە پتر لەکارمەندانی پلە بـەرز پێـك هـاتوون. زۆرجـار بـەهۆی داواکـاری پورسـانتەوە لەگـەڵ کۆمپانیـا دەرەکییـەکانی ولاتـانی پێشکەوتوودا سەودا دەکەن.

- بازرگـانی مـادە بێهۆشـکەرەکان سـنووری ولات دادەبەزێنـێ و بازرگانییەکی بەتەواوەتی بـێ سنوور پێك دێنـێ.

- دیاردەی سڕینەوەی پارە بەهۆی سیستەمی نەخۆشی ئیداری و سیـستەمی ئابووری نهێنی و کۆنترۆڵ نەکراو.

بەشێوەی سەرەکی لەولاتانی جیهانی سێیەمدا دێتە ئاراوە.

- ئـەم هۆکارانـە بـوونی هاریکـاری و گواسـتنەوەی زانیـاری نێونەتـەوەیی پێویست دەکات، بە ڕای ((فلۆرا لۆیس)) ((هاریکاری نێونەتـەوەیی بەمەبەسـتی بەگژا چوونەوەی تاوان.. وەك بازرگانی سنووری لەبەردەمدا پێویستە. لەوکاتـەوە کە کێشەی گەندەڵی لەسەروی پارە دایە و لەو جۆرە کارانەدا پارەیەکی زۆر ئاڵو گۆڕ دەکرێت، دەکرێ بەیارمەتی و هاریکاری تۆڕەکانی زانیاری، چـاودێرییەکی ورد دابمەزارێنی چونکە ئەم تۆڕانە ڕۆژانـە لـەدوانزە ناوەنـدی گـەورەی دارایـی و لەئاسـتێکی جیهانیـدا، ئـەو سـەودا گەورانـەی کـە پـتر لەسـەدان ملیـار دۆلار لەخۆدەگرن دەخەنەژێر چاودێریەوە.

بەبێ شك بۆناسین و بەدوادا چوونی تەواوی سەودا گۆماناوییەکان پێویستە ڕێکەوتنێك لەنێوان دەوڵەتـەکان و بانکـە گـەورەکان و کۆمپانیـا هـەرە گـەورە پیشەیی و بازرگانییەکان بەئەنجام بگات.[127]

((کۆتایی))

## پەراوێزەکان

١ـ دۆناتیلا دیلا پۆرنا، گەندەڵی و دیموکراسی، پەیامی یۆنسکۆ ژمارە ٣١٣. ساڵی ٢٧، ل١٨.

٢ـ ئوخینۆ رائول سافارۆنی، ویرۆسی دەسەلات، پەیامی یۆنسکۆ پێشین. ل٣٢

٣- UNODCCP“ Financial Havens, Banking Secrecy and many

٤ـ ئوخینو رائۆل سافارۆنی ویرۆسی دەسەلات، پەیامی یونسکۆ (١٩٩٦) ش ٣١٣. ٢٥ خەرمانان ١٣٧٥، ل ٣١

٥ـ بەیانکاماریا فۆنتانا، بنەماکانی نریتێکی کۆن، وەرزنامەی پەیامی یۆنسکۆ پێشین، ل ١٠

٦ـ فلۆرا لۆیس، گەندەڵی دارایی، دیاردەیەکی جیهانی پەیامی یۆنسکۆ، پێشین ل ١٥

٧ـ رابیری کلینگارد، دەتوانی چیکەی، پەیامی یۆنسکۆ پێشین ل ٣٤

٨- Northlsouthcenter, “ Corruptionand consolidation Anerica“ , University of Miami ١٩٩٥.

٩- Deenstock, Michael, Corrupionand Development“ World Development ٧. ١٥- ٢٤.

١٠- Robert Harris " Politicol Corruption in and beyondthe natin State" , Rontledge, ٢٠٠٣, pp. ١٩٩- ٢٠٠

١١ـ فەرهاد، ڕەهبەر فچل الله ١.. میرزاوند، غلامرەزا زال پور خوێندنەوەی دیاردەی گەندەڵی دارایی، بەرگی دووەم، ساڵی ١٣٨١ (٢٠٠٢ز) بڵاوی زانستگایی کۆلێژی ئابووری زانکۆی تاران ل ٩٧





١٢ـ پۆل هیود، گەندەڵی سیاسی، وەرگێڕانی محمد تاهری و میر قاسم بنی هاشمی، تاران ناوەندی لێکۆڵینەوتۆژینەوە ستراتیژیەکان لەساڵی ١٣٨١ (٢٠٠١ز) ل ٤٤٤ـ ٤٤٣

١٣ـ فەرهاد ڕەهبەرو ئەوانیتر، خوێندنەوەی دیاردەی گەندەڵی دارایی، بەرگی دووەم پێشین ل ١٨

١٥ـــ سۆزان رزاگرمن، گەندەڵی و دەوڵەت، هۆکارەکان ئاکام و چاکسازییەکان: دەوڵەت، گەندەڵی و دەرفەتە کۆمەڵایەتییەکان وەرگێڕانی حسین راغفر، چاپەمەنی نقش (نەقش) و نیگار ساڵی ١٣٨٣ (٢٠٠٣) ل ٢٩١

١٦- Barker, Anthony, the Upturned Stone politicol Scandols in twenty Democyacies and their ihvestion processes Essex papers in politics and Gorernment No. ٩٢ Locotion University Ofessex. ١٩٩٢

]١٨- Robert Harris, lbid, pp. ٣٥

١٩ـ فەرهاد ڕەهبەر وئەوانی تر، خوێندنەوەی دیاردەی گەندەڵی دارایی، بەرگی یەکەم، پێشین ل ٧.

٢٠- Govemant of lndia Report of The Committee on the perrention of Corruption Santhonom Reportcnew pchli Minsity of ome offaire (١٩٦٤). P. ٥

l. victor E. Dike corruption in Niyeria inew Paradigm ofr Efective control WWnigeriaviaillayes quare. Com

٢٢ـ لیۆنید پلیۆشیح، سیمای گەندەڵی پاش گلاسنۆست پەیامی یۆنسکۆ، پێشین ل ٢٨

٢٣ـــ دەوڵەت، گەندەڵی و دەرفەتە کۆمەڵایەتییەکان، وەرگێڕانی حسەین راغفەر. پێشین ل ٢٩٥

٢٤- فەرهاد ڕابەر و ئەوانی تر، خوێندنەوەی دیاردەی گەندەڵی دارایی، بەرگی دووەم، هاوینی (٨ (٢٠٠٢) پێشین ل ٤١

٢٥- پۆل هیود ، گەندەڵی سیاسی پێشین، ل ٤٧٥

٢٦- تەواشای لۆیی مۆرنۆ ئەکامپو بکەن

En Defensa propia, como calirde la corrupcion homea

(بۆنیۆس ئایریس، چاپەمەنی سوود ئەمریکانا. ١٩٩٣ و وتاری هیربرت ویرلین بەناوی خوێندنەوەی گەندەڵی بە پێناسەیەکی نوێوە، لەئەنترناشناڵ ئیدمینستریتیو ساینس ژمارە ٦٠ (١٩٩٤- ٥٥٨- ٥٤٧)

٢٧- دەوڵەت گەندەڵی و دەرفەتە کۆمەڵایەتییەکان، وەرگێڕانی حسەین راغفەر، پێشین ل ٢٩٦

٢٨- فەرهاد ڕەهبەرو ئەوانیتر، خوێندنەوەی دیاردەی گەندەڵی دارایی، بەرگی دووەم، پێشین - ل ٤٠- ٣٩

٢٩- رابرن کلیتگارد ، پێشین، ل ٣٤

٣٠- Inter – American convention against Carraption (caracos ١٩٩٦).

٣١- Convention on the Fight against carraption in valuing offcials of the European Common ties orofficials of member States of the Eurfean Untion

٣٢- Convntionon com batting Bribery of Foreign Public officials in International Basiness Transaction.

٣٣- Civilaw convention on corruption

٣٤- Criminal law Convention on Corruption.

٣٥- United Nations Convéntion against Transnational Organized Crime.

٣٦- رك: حسەین قەزاوی، ((گەندەڵی ئیداری و راهکارهای بەگژا چوونەوەی)) گۆڤاری ئابووری، وەزارتی کاروباری ئابووریو دارایی ژمارە ٨ جۆزەردانی ساڵی ١٣٨١ (٢٠٠٢ز)





٣٧- Robert Haluis, Ibid, pp. ١.

٣٨- پیتەر ئاواتر، پێشکەوتن یان تالان بەرۆڵی دەوڵەت لەگۆڕانکاری پیشەیی. وەرگێڕانی عەباس زیدە باف و عەباسی فەجر، پرۆژەی نوێ، ١٣٨٠ ل ٦٥

٣٩- روشۆل، ئاندریا، مبلۆمیادانا، گەندەڵیو ئاشنایەتی پەیامی، پێشین ل ٢٥

٤٠- www . Transpatency. Ory

٤١- Jain, ¨ Economics of corruption, ˮ p. ١٠٤

٤٢- http. ١١WWW. Carleton. Calcitpl docs ١. corruption. Htm

٤٣- پۆل هیود ، گەندەڵی سیاسی، پێشین. ل ٤٦٩

٤٤- ئادریان لێفت ویچ، دیموکراسی و گەشەسەندن، وەرگێڕانی ئەحمەد عەلی قولیان و ئەفشین خاکباز، پرۆژەی نوێ، ساڵی ١٣٧٨ (١٩٩٩ز) ل ١٨٠

٤٥- Geaige soros, “ Transporent corruption Feb. ٢٠٠٣, W. W. W. globalpolicy. Org

٤٦- رابیرت کلیتگارد ، پێشین ل ٣٥

٤٧- فەرهاد ڕەهبەرو ئەوانی تر، خوێندنەوەی دیاردەی گەندەڵی دارایی، بەرگی دووەم، پێشیین ل ٣٣٠

بۆ لێکۆڵینەوەو موتالای زۆرتر تەماشای ئەم سەرچاوەی خوارەوە بکە.

Ksey ١٩٩٦, De Melo, Ofer and
Ndler ١٩٩٥, Keefer and Knack ١٩٩٥,
Ohn ١٩٩٧, Paul ١٩٩٥. Phongpicht and
Piriyarangsan ١٩٩٤, Webster ١٩٩٣ a,
Webster and charap ١٩٩٣ and Webster and Swason ١٩٩٣.

٤٨- پۆل هیود ، گەندەڵی سیاسی، پێشین ل ٤٩١

٤٩- پتیر ئاوانز، پێشکەوتن یان تالان، پێشین. ل ١٢٠

**٥٠ـ پۆل هیود. گەندەڵی سیاسی، پێشین ل ٤٩٥ـ ٤٩٤**

**٥١ـ دۆناتیلا دیلا پۆرتا، پێشین ل ١٨**

**٥٢ـ فەرهاد ڕەهبەرو ئەوانیتر، خوێندنەوەی دیاردەی گەندەڵی دارایی. بەرگی دووەم، پێشین، ل ٢٤**

**٥٣ـ دەوڵەت، گەندەڵی و دەرفەتە کۆمەڵایەتیەکان، وەگێڕانی حسەین راغفەر، پێشین ل ٢٩١**

**٥٤ـ فەرهاد ڕەهبەرو ئەوانیتر، خوێندنەوەی دیاردەی گەندەڵی دارایی، بەرگی دووەم، پێشین ل ٣١٨**

**٥٥ـ دوناتیلا دیلا پۆرتا، پێشین ل ١٩**

**٥٦ـ فەرهاد رەهبەرو ئەوانیتر، خوێندنەی دیاردەی دارایی، بەرگی دووەم، پێشین، ل ٣١٩ـ ٣١٧ بۆ لێکۆڵینەوەو موتالای پتر تەواشای ئەم سەرچاوەی خوارەوە بکەن.**

Ber, prodeepk. ١٩٩٦. “state policy, seeking And the Electoral cess ofa Religious pavty in Algena” nal of politics ٥٨ (١): ١٢٦- ١٤٨ ١٩٩٣, ١٩٩٦, low ١٩٩٥, Mac Fey ١٩٩١, Pritchett and seti ١٩٩٤ stasavage ١٩٩٦.

**٥٧ـ پیتەر ئاواتر، پێشکەوتن یان تالآن پێشین ل ٤٠١**

**٥٨ـ فەرهاد ڕەهبەرو ئەوانیتر، خوێندنەوەی دیاردەی دارایی، بەرگی یەکەم، پێشین، ٥٨ـ ٥٥**

**٥٩ـ رۆشیل ئاندریا مەبلۆمبادانا، پێشین ل ٢٦**

**٦٠ـ دەوڵەت، گەندەڵیو دەرفەتە کۆمەڵایەتیەکان، وەرگێڕ حسەین راغفەر، پێشین ل ٣١٢.**





**٦١ـ فەرهاد رەهبەرو ئەوانیتر، خوێندنەوەی دیاردەی گەندەڵی دارایی، بەرگی دووەم، پێشین. ل ٤٧**

**٦٢ـ دەوڵەت. گەندەڵیو دەرفەتە کۆمەڵایەتیەکان، وەرگێڕانی حسەین راغفەر، پێشین ل ٣١٣**

٦٣- Arrind k. Jain Susan Rose Ackerman Demoeratie Structures, Routiedge ٢٠٠١. pp. ٣٤

**٦٤ــ کریس ولز، تیۆرێک سەبارەت گۆڕانکاری کۆمەڵانی، چاپ و بڵاوکراوەی، پرۆژە میللی وەزارەتی ئیرشاد ساڵی ١٣٨٣ (٢٠٠٣ز)**

**٦٥ـ پیتەر ویلکون، ئابووری سیاسی پەیوەندییە جیهانییەکانو ئاسایشی مرۆڤایەتی، تۆژینەوەو خوێندنەوەی ستراتژێك ساڵی ١٣٨١ (٢٠٠٢ز) ل ٣٦**

**٦٦ـ پۆل هیود، گەندەڵی سیاسی، پێشین ل ٣٨**

**٦٧ ـ پیتەر ویلکون، ئابووری سیاسی پەیوەندییە جیهانییەکان و ئاسایشی مرۆڤایەتی، پێشین ل ٣٦**

**٦٨ـ رك: فەرهاد ڕەهبەرو ئەوانیتر، پێشین**

**٦٩ـ دۆناتیلا دیلا پۆرتا، پێشین ل ٢٠**

**٧٠ـ پۆل هیۆد، گەندەڵی سیاسی، پێشین ل ٤٩٧**

**٧١ـ دۆناتیلا دیلا پۆرتا، پێشین. ل ٢١ـ ٣٠**

**٧٢ـ فەرهاد رەهبەرو ئەوانیتر، خوێندنەوەی دیاردەی گەندەڵی دارایی، بەرگی یەکەم، پێشین ل ٣٢٣**

**٧٣ـ پۆل هیود، گەندەڵی سیاسی، پێشین ل ٤٤٣ـ ٤٤٢**

**٧٤ـ دوناتیلا دیلا پۆرتا، پێشین. ل ٢١ـ ١٩**

**٧٥- بۆ خوێندنەوەی پتر بنوارە بو: قـەزاوی، حـسەین ((هەڵـسەنگاندنی ڕۆڵـی سیاسەتە پوولێییەکان لەڕەوتی بازرگانیداو ئـەنجام و کاریگـەری لەسـەر ئایـشی ئـابووری)) بریکـاری ئـابووری وەزارەتـی کاروبـاری ئـابووری و دارایـی سـاڵی ١٣٧٨ (١٩٩٩ز)**

**٧٦- هەمان ل ٤٧٩- ٤٧٨**

**٧٧- فەرهاد ڕەهبەر، فـەزلولا.. میرزاوەنـد، غولامرنـدا زالپـوور خوێندنـەوەی دیاردەی گەندەڵی دارایی، بەرگی یەکەم، پێشین، ل ٣٠٥- ٣٠٤**

**٧٨- رابێرت گلیتگارد، پێشین، ل ٣٤**

**٧٩- هەمان ل ٣٣١**

**٨٠- هەمان ل ٥٤**

٨١- Pablo Zaido and lorg chavis' intradiucation, Global Corruptionm. Report" Zoo ٤٤, p. ٢٨٠ W. W. W. global corruption Report. Org

**٨٣- پۆل هیود، گەندەڵی سیاسی، پێشین ل ٤٤٩**

**٨٣- فەرهاد ڕەهبەرو ئەوانیتر، خوێندنەوەی دیاردەی گەنـدەڵی دارایـی بـەرگی دووەم، پێشین ل ٣٢٠**

**٨٤- پول هیود، گەندەڵی سیاسی، پێشین ل ٤٧٤- ٤٧٣**

**٨٥- فەرهاد ڕەهبەرو ئەوانیتر، خوێندنەوەی دیاردەی گەنـدەڵی دارایـی بـەرگی یەکەم، پێشین ل ٦٢**

**٨٨- ئبراهیمی مەعدەنچییان، سیستەمو چالاکییە دژ بەگەندەڵییەکانی ئیـداری هونگ کونگ، مالزیا، سەنگافوور، کۆلیژی بەڕێوەبەری زانکـۆی تـاران سـاڵی ١٣٧٩ (٢٠٠٠) ل ١١٠**





**٨٩- مارك ژورژ میـنانگ، دیبار، تۆڕە ئابووریە نهێنیەکان، پەیامی یونـسکۆ پێشین ل ٢٢**

**٩٠- بۆ خوێندنەوەی زیاتر بنـوارن بـۆ: فـەرهاد ڕەهبـەر، فـەزلولا میرزاوەنـد، غـولامرەزا زالپـوور، خوێندنـەوەی دیـاردەی گەنـدەڵی دارایـی، بـەرگی یەکـەم، پێشین**

**٩١- سۆزان ئەکرمەن، گەندەڵی و دەوڵەت، هۆکارەکـان ئاکامـەو چاکـسازی، پێشین ل ٢٩٤**

**٩٢- فەرهاد ڕەهبەرو ئەوانیتر، خوێندنەوەی دیاردەی گەندەڵی دارایـی، بـەرگی یەکەم، پێشین ل٥٩**

**٩٣- پۆل هیود، گەندەڵی سیاسی، پێشین، ل ٣٩٢- ٣٩٣**

**٩٤- بۆ لێکۆڵینەوەو خوێندنەوەی زیاتر بنوارن بۆ:**

Based on Back ground materiol perparao by poro Fessor Rose Ackerman, for the World Bank pakis ٢٠١٠ Report, Econmist mtelli gence unit ١٩٩٦, mauro ١٩٩٥, Munay – Rust and Vander Velde and Sevendsen ١٩٩٤, und Websten and charap ١٩٩٣.

**٩٥- دەوڵـەت، گەنـدەڵی و دەرفەتـە کۆمەڵایەتیـەکان، وەرگێڕانـی حـسەین راغفەر، پێشین. ل ٣٠٢- ٢٩٧**

**٩٦- فەرهادڕەهبەرو ئەوانیتر، خوێندنـەوە دیـاردەی گەنـدەڵی دارایـی، بـەرگی دووەم، پێشین، ل ٢٠٦- ٢٠٤ بۆ لێکۆڵینەوەو خوێندنەوەی زیاتر بنوارن بۆ:**

Celarier ١٩٩٦, Golazmgari and Rose- Ackerman, Raufmann and siegelbum ١٩٩٧, manzetti ١٩٩٦, ١٩٩٧, manzetti and Blake ١٩٩٦, Nellis hihen ١٩٨٩. Rose – Ackerman ١٩٩٦, and yotopoulos ١٩٦٩

**٩٧- دەوڵـەت، گەنـدەڵی و دەرفەتـە کۆمەڵاتییـەکان، وەرگێڕانـی حـسەین راغفەر، پێشین، ل ٣١٨- ٤٩٩**

٩٨ـ ئیبرایم مەعدەنچییان، دەزگاو چالاکییەکانی دژ بەگەندەڵی دارایی هۆنگ کونگ، مالزیاو سەنگافوور، پێشین ل ٤٤ـ ٤٣

٩٩ـ بنوارن بۆ: قەزاوی، پێشین

١٠٠ـ بیانکاماریا، فۆنتانا، پێشین. ل ١١

١٠١ـ بیانکاماریا، فۆنتانا، ل ١٣

١٠٢ـ فەرهاد ڕەهبەرو ئەوانیتر، خوێندنەوەی دیاردەی گەندەڵی دارایی بەرگی یەکەم پێشین، ل ١٢٧

١٠٣- The Wond bank Group, Anticorruption W W W world bank oru publicsectory anticorrupti

١٠٤ـ رابێرت کلینگارد، پێشین، ل ٣٦

١٠٥ـ ئاخۆ خینو رائول سافارۆنی پێشین ل ٣٣

١٠٦ـ دەوڵەت، گەندەڵی و دەرفەتە کۆمەڵایەتییەکان، وەرگێڕانی حسەین راغفەر، پێشین، ل ٣١٩

١٠٧ـ فەرهاد ڕەهبەرو ئەوانیتر، خوێندنەوەی دیاردەی گەندەڵی دارایی، بەرگی دووەم، پێشین ل ٣٢٧ـ ٣٢٦

بۆلێکۆڵینەوەو خوێندنەوە زیاتر بنوارن بۆ:

Klitgaard ١٩٩٨, manion ١٩٩٦a, auah ١٩٨٠, ١٩٩٣, ٤ and akidmore ١٩٩٦.

١٠٨ـ ئیبرایمی مەعدەنچییان، دەزگاو چالاکییە دژ بەگەندەڵییەکانی دارایی لە: هۆنگ کونگ، مالزیا، سەنگافوور پێشین ل ٥٤

١٠٩ـ رك، قەزاوی (قفاوی) پێشین

١١٠ـ دۆناتیلا دیلا پۆرتا پێشین ل ١٩

١١١ـ دەوڵەت، گەندەڵی و دەرفەتە کۆمەڵایەتییەکان، وەگێڕانی حسەین راغفەر، پێشین ل ٣٠٥



١١٢ـ ئاۆخنیۆ رائۆلی سافارۆنی ل ٣٣

١١٣- Ray mond, fis man Roberta, Gatti, Decentra lization and corruption. Evidence aeross countries Development Research Group The Worrd Bank, October ٢٠٢, p. t.

١١٤- The world banle Group, Ibid

١١٥ـ دۆناتیلا دیلا پۆرتا، پێشین ل ١٩

١١٦ـ بیانکاماریا، فۆنتانا پێشین، ل ١٢

١١٧- The world bank Group, Ibid

١١٨ـ دەوڵەت، گەندەڵی و دەرفەتە کۆمەڵایەتیەکان، وەرگێڕانی حسەین راغفەر، پێشین، ل ٣٩٧

١١٩ـ لەساڵی ١٩٩٤، مووچەی ساڵانەی گۆچۆك تۆنگ سەرۆك وەزیری سەنگافوور ٧٨٠٠٠٠ دۆلار واتە نزیکەی چوار ئەوەندی مووچەی بیل کلینتۆن بوو، مووچەی ساڵانەی وەزیرەکانی کابینەکەشی ٤١٩٢٨٥ دۆلار واتە سێ ئەوەندەی سەرۆك وەزیرانی بریتانیا بوو کە لەساڵی ١٩٩٥ بەدواوە ٢٥٪ زیادی کردبوو. ڕاپۆرتی گۆڤاری ئۆلۆنۆمیس ژمارە ٢٦ی نەوامبەری ساڵی ١٩٩٤

١٢٠ـ رابیرت کلیتگارد، پێشین ل ٣٥

١٢١- The womd bank Group, Ibid

١٢٢ـ دەوڵەت، گەندەڵی و دەرفەتە کۆمەڵایەتیەکان، وەرگێڕانی حسەین راغفەر، پێشین، ل ٤٧١

١٢٣ـ دۆناتیلا دیلا پۆرتا، پێشین، ل ١٩ـ ١٨

١٢٤- The wond bank Group, Ibiهd

١٢٥ـ پۆل هیود، گەندەڵی سیاسی، پێشین ل ١٩٧ـ ١٩٦

١٢٦ـ رابیرت کلیتگارد، پێشین ل ٣٥

١٢٧ـ فلۆرا لۆیس، پێشین ل ١٧.